

مەحموود دەوڵەت ئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی
سیامەند شاسواری

بەرگی چوارەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
١
و. سیامەند شاسواری
٤

ناوی پەرتووک: کەلیدەر (بەرگی ئەکەم)
نووسینی: مەحموودی دەوڵەت ئابادی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سیامەند شاسواری
بابەت: ڕۆمان
تایپکار: سەرکەوت فایەق
پێداچوونەوەی زمانەوانی:
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: زنجیرەی ١٠بەرگی+ فەرهەنگۆک  دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان ــ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە(٠٠٠٠) ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

مەحموود دەوڵەتئابادی

# کەلیدەر

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

# زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

**کتێبی سەردەم ڕۆمانی دە بەرگی ژمارە (٠٠٠ ـ ٠٠٠)**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**




# بەرگی چوارەم

١٢٥١

**کەلیـــدەر**

بەرگی چوارەم

# بەشی یانزەهەم

١٢٥٤
کەیدەر
بەرگی چوارەم

## بەندی یەکەم

بڕووسکە!

ئاسمان شەق ئەبا، لێک ئەبێتەوە، ئەشکێ. زورمێک دەرئەپەڕێ. بڕووسکەیەکی توندوتیژ و ڕەمۆک. نیگای گورگێک لە شەودا. ئەبریسکێتەوە. لێک ئەبێتەوە. گەردیلەکان ئەبن بە گەرد. تریشقەیەک لە ژێر گومەزی کەلیدەردا ئەگرمێنێ و پارچە پارچە ئەبێ. تێک ئەشکێ. لێزمەی شەستە. تریشقەی ئاسمان ئەبێ بەگریان.

بانگی شادی. شیوەنی شەوانەی دەشت.

بەهار هاتووە!

کەلیدەر؛ هەواری کەلمیشی. شەو ڕەش. خێوەت ڕەش. باران ڕەش. چ خۆش ئاوازێکە! باران سەر و ملی ئەسمەرپێچ ئەشوا و ئەولاتر، پشت و ملی چوارپێکان بە نینۆک ئەڕووشێنێ، ئەخورێنێ. موچرکەیەکی بلاوێن بە لەشی ئاژەڵدا دێت. گوێ جووڵان، لووشەی لووت و، سم لە خاک کوتان. یاڵ ڕاوەشاندن و نیگای ئارام. بادی گوڵمحەمەد، شەودێزی مارال، کوێتی خانئاپۆ، بارگینی کەلمیشی، دوو ئەسپی تالانی و مینەگەکانیتری ڕەوەند، نمەی بارانیان بە گیان ئەنۆشی.

کەلمیشی، لە بەر دەرگای ڕەشماڵەکەی خۆیدا، نیگەرانی ڕۆڵەکانی، وەستابوو و ڕوومەت و برۆی دابوویە بەر باران و نیگای

بەپەرۆشی ناخی تاریکیەکەی ئەسمی.

لە ناو ڕەشماڵەکەدا، ئەوانی‌تر فەراگەردی فانۆسەکە دانیشتبوون و قسەیان ئەکرد: بەگمحەمەد و خان‌ئاپۆ و بلْقیس. ژنەکانی‌تر لە ڕەشماڵەکەی تەنیشتەوە بوون: زیوەر، هەیقۆ، ماراڵ و شێرۆ، بەچاو خەوتوو و بەگیان بێدار. هەر کامە و بە مەبەستێک و ویستێک، چاوەڕوانی گوڵمحەمەد بوو.

لای خواری هەوارگە، لە شیوی نەرمی تەپۆڵکەکەدا، لە ناو گیای نەرم و خاکەلێوەی بەهارەدا، ڕانە بچووکەکە خڕکرابوویەوە و ستاری گرتبوو. پەزی مۆڵدراو، سەریان لە بارانەکە دزیبۆوە و کردبوویان بە ژێر ورگی‌یەکدا، تێکەڵ ببوون و لێک ئالاْبوون. ئەتوت لبادێکی یەک تەختەیە. بە دەوری ڕانەکەدا، سەگێکی بەگوڕ. لە ناو ڕانەکە، لە سەر پەڵەیەک گیا، مەڕێک لە سەر زێ بوو. بە دەم هەناسەی مەڕەکەوە، خوێن و بەڵغەم زەوییە قوڕاوییەکەی سوور کردبوو. لای گوێی مەڕەکەوە، شوانی ڕانەکە، چیچکانی کردبوو و لەشی تەڕ و گەرمی بەرخە کۆرپەکەی لە سەر چارۆکەی نانەکەی وشک ئەکردەوە. سەبراو، بەرخۆلەکەی دابوویە بن کەپەنکەکەی، بۆئەوەی لە ڕەهێڵەی باران بیپارێزێ. بەرخۆلە هێشتا نەی ئەتوانی لە سەر پێ ڕاوەستێ و ورگی نەرم و بچکۆلانەی لە سەر پەنجەکانی شوانە هەستێکی خۆشی هەبوو.

مەڕ، کۆرپەی بۆ هێنابوون.

لەبن لێزمەی شەستەدا، پیاوێکی بە باڵا. چۆخەیەکی کۆن لەبەردا و لە ڕقا ڕەش هەڵگەڕاو، ددانی لە چیرەوە ئەهێنا و بە دوای کەرەکەی‌دا خۆی بە سەر قوڕ و بەردی لادێکەدا ڕاکێش ئەکرد و هەوڵی ئەدا خێزانەکەی بگەیەنێتە هەوارگە. ژنێک سواری کەرەکەی و لە بەر ڕانی ژنەکەی‌دا، کوریژگەیەک سەری نابووە سەر کەللەی کورتان و چارشێوێک لە سەر و شانی

ئالێنرابوو. کوڕە لە نەساز ئەچوو و دایک، دەستی کردبوو بە قولاپی پشتوێنی کوڕەکەی.

تا هەوارگە، ئەبێ زۆری نەمابێ؟!

ـ ئارام بە برام! لەو بارانەدا مەوەستە؛ وەرە دانیشە. وەرە! لە هەر کوێ بێ، ئەوەندەت نەزانی دەرکەوتەوە. گوڵمحەمەد من ئەیناسم. گورگێکە بۆ خۆی. لەم بارانە ناترسێ. کەلیدەر و شەویش، لە ڕۆژ باشتر ئەناسێ. وەرە دانیشە، دڵ لە دڵ مەدە. لە هەر کوێ بێ دڵنیابە خۆی داوەتە پەنایەک، تا ڕەهێڵەکە تەواو ئەبێ. وەرە!

نەء! کەلمیشی، هەروا لە سەر جێی خۆی وەستابوو. گوێ نەبیسی گوتەی خانئاپۆ. دڵ هەژاو و نائارام، نیگای خامۆش و دڕدۆنگی لە شەو و باران بوو. نیگای تەوساوی براکەی هەست پێئەکرد، بەڵام دەربایسی تەوس و توانجی چاو و زمانی براکەی نەبوو. چی پێخۆشە، با بیڵێ. کەلمیشی، نەی ئەتوانی ئاسوودە بێ و دابنیشێ. نەی ئەتوانی ئۆقرە بگرێ. گوڵمحەمەد ئەبوایە، ئەمشەو، بێتەوە! ئەوا ماوەیەکە، چەند شەو و ڕۆژە دیارنییە. نەکا تووش بووبێ؟! چۆن و لە کوێوە بزانن؟ لەکێ بپرسن؟

«گوڵمحەمەد بۆ کوێ چووە؟ چی لێهاتووە؟»

دڵی پیرەمێرد، گەورەیە. بەڵام خەمی باوک بچووک نییە. چی بکردایەت؟

کەلمیشی، ناوچاو گرژ، سەری کردەوە بە ناو ڕەشماڵەکەدا و دانیشت.

ـ بۆ وا پەرێشان بوویت، کاکە گیان؟

کەلمیشی بە براکەی وت:

ـ لای تاڵاوا، وا ڕێکەوتین تائێمە ئەگەینە هەوار، ئەویش خۆی بگەیەنێ. هەمان شەوی یەکەم. بەڵام لە تاڵاوا بەملاوە ئیتر هەواڵی نییە! ئەوا دە شەو و ڕۆژیش زیاترە. تۆ مەگەر

لەگەڵ ئەو نەبووی؟ کوڕەکەمت چی لێکرد؟
بەگاڵتەوە، خانئاپۆ وتی:
ـ بە گورگانخواردم دا!
کەلمیشی، هەڵشاخایەوە و بە توندی وتی:
ـ قۆشمەییەکانت بنێرە لاوە. بڵێ بزانم ئەوسا کە لێک هەڵبڕان، گوڵمحەمەد بەرەو کام لا ڕۆیشت؟
ـ چەند جار ئەبێ بیڵێمەوە؟! شەو لە چاخانەی سوڵتاناوا، دوا پاروومان پێکەوە خوارد. وتی ئەچێ بۆ قەڵاچیمەن شێرۆ ببینێ. منیش لەگەڵ ڕەوی ڕەوەند، شان بە شان و بە بێ دەرکەوتن لەگەڵتان هاتم! ڕەنگە ڕۆیشتبێ بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا؟! زۆر ئیمام ڕەزا، ئیمام ڕەزای بوو!
کەلمیشی سەری خزاندە ناو ملیوانی کراسەکەی و وەک لەگەڵ خۆی بێ، وتی:
ـ قەڵاچیمەن بۆ؟ ئەوە نییە شێرۆش لێرەیە!
خانئاپۆ وتی:
ـ رەنگە چووبێ حەسێبەکەی لەگەڵ بوندار ساخ بکاتەوە.
ـ تۆیش ئەڵێی چی لە خۆتەوە؟! کاتی حەسێبی لەگەڵ بوندار، پاش مەڕ بڕینەوەی بەهارە.
ـ رەنگە چووبێ کاتەکەی دوا بخات.
ـ ئیتر -تۆ بڵێی!- بۆ کوێ و بۆچی چووبێ؟ بەم جۆرە ئاخافتنەت دڵی مرۆڤ بەهەزار لادا ئەبەی.
بەگمحەمەد، کە تائێستە خەریکی توندکردنەوەی ژێکانی چگوورەکەی بوو، خستیە لاوە و وتی:
ـ بۆ لە خۆتەوە ئاوا ئوقرەت لە بەر براوە، بابە گیان؟ خۆ مناڵ نییە ڕێ و شوێن نەناسێ! گوڵمحەمەدت چۆن بینیووە؟!
کەلمیشی، چاوە خڕ و ڕوونەکانی بڕییە گەنجترین جەوانی خۆی و وتی:
ـ گوڵمحەمەد، بۆ تۆ گوڵمحەمەدە. بۆ من، هێشتا کوڕمە.

تەنها کوڕێک. شمشێری لە عەرش بدات بۆ من هەمان گزگلە باریکەلە، ڕەش و سووتاوەکەی دوێنێیە و تا منیش زیندوو بم، هەروا ئەبێ!

خانئاپۆ، پشتی قسەی برا گەورەکەی گرت و بۆ ئەوەی دڵی نەرم بکا وتی:

ـ حەق بە تۆیە کاکە. کەس ناڵێ وا نییە. بەڵام نابێ زۆریش دڵی خۆت پەرێشان بکەی. مرۆڤ بۆ ئەبێ لە خۆیەوە بکەوێتە دڵەڕاوکێ؟ گوڵمحەمەد پیاوێک نییە بەرپێی خۆی سەیر نەکات. ڕەنگیشە هەستی بە مەترسیەک کردووە و خۆی حەشارداوە. ڕەنگە هەستی بەوە کردووە، لە دەوروبەری هەوارگە داویان بۆ ناوەتەوە و ئەویش ڕاوەستاوە تا دڵنیا ببێ پاشان خۆی دەرخات. ڕاستەکەشی کێ چووزانێ تەڵەیان بۆ نەنابێتەوە؟ ڕەنگە منیش لە ناوەڕاستی تەڵەکە دام و خۆم ئاگام لێنییە! ئاخر، بڕیارمان وابوو لە نەیشاپوور یەک بگرینەوە؛ بەڵام ئەو نەهات و منیش بام دایەوە بەملادا، چارەیترم نەبوو. نەم ئەزانی بەرەو کوێ بڕۆم! بەشێکیش ئەوەبوو کە پێموابوو گوڵمحەمەد بەرەو ڕەوەند هاتۆتەوە. ئێستە هەرچی چۆن بێ وای لێهاتووە. چی پێویست بێ ئەوە ڕوو ئەدات. خۆ نابێ لە خۆوە ماتەمین بگێڕین... تۆ، بەگمحەمەد! بۆ چگوورەکەت خستە لاوە؟ ئێمە خۆ نازانین بەیانی چیمان بە سەر دێ. ئەی بۆ ئەبێ دڵی خۆمان غەمگین بکەین؟ جا کە نازانین بەیانی چی ڕووئەدات، وا باشترە چێژ لەم کاتەمان وەربگرین. دەی، چگوورەکەت دەس بەرێ مامەگیان! پەنجەیەکی پیا بهێنە و نەوایەکی لێدەربێنە، گۆرانیەک بچڕە. هۆرەیەک، لاوکێک، دەی؟ بۆ ڕاماوی؟ ئەتەوێ یارمەتی لە باوکت وەرگری؟ ئەوەتا، ئەویش ڕای لێیە. تۆ ئەو تەلانە بلەرێنەوە، باوکت بۆخۆی ئارام ئەبێ. کاتێکە ئەم ژێیانە ئەلەرێنەوە دێوانەش ئارام ئەگرێ. دەس بەرێ، چگوورەکەت دەس بەرێ، شەو تێ ئەپەڕێ!

بەگمحەمەد، دەستی دایە چگوورەکەی و کەلمیشی سەیری

براکەی کرد و وتی:

ــ بەم هەوایەی لە سەر تۆدایە، ئەترسم سەری کوڕەکانی منیش بدەی بە بادا!

ــ خەیاڵی خراپ مەکە کاکەگیان. بایش ناتوانێ کاکۆڵیان بلەرێنێتەوە. کوڕەکانی تۆ، پارەی گیانی منیشن. من کێم و تۆ کێ؟

کەلمیشی ئەیدی، براکەی ئەیەوێ مشتومڕەکە هێور بکاتەوە؛ بەڵام ئەو بێدەنگ نەبوو و شێرانەتر وتی:

ــ عەلی گیان، تۆ هەرچەندە ڕیشت سپی بووە، بەڵام هێشتاش سەر بە هەوایت! هەموو کارێک بە سەرەڕۆیی ئەکەیت، هەموو ئاژاوەیەک ساز ئەکەی بە بێ ئەوەی بیر لە دوارۆژی بکەیتەوە. کارەکانی تۆ لە جوانەگا ئەچێ. لە هی پیاوی ژیر ناکا. بە دوای هەوای دڵتەوەی. زۆر چاکە، دەسەڵاتت بە دەس خۆتە؛ فەرموو بڕۆ! بەڵام من حەزناکەم کوڕەکانم بە دوای خۆتدا ڕاکێشی. ئەوان وەکوو تۆ تەنها و سەر بە هەوا نین. ژیانیشیان نەگەیشتۆتە کۆتایی! هێشتا گەنجن. پێبەندی ڕەوەند و خانە و خێزانن. کاران. بە دەرەک وشکساڵی هاتووە و دەستیان کورت بووە. ساڵ نوێ ئەبێتەوە. نوێ بۆتەوە! چاوت لێنییە؟! باران! خوات چۆن دیووە؟ ئەم دەشتە تا بیست ڕۆژی تر یەکپارچە ئەبێ بە مێرگ و گیا؛ پەز، ئەژێتەوە. بەرخ و کار پێ ئەگەن. مەڕ، ماڵێکی بە بەرەکەتە، لا ئەکەیتەوە ئەبینی زاوزێ بووە. بوون بە دە قات. دیسانەوەش ئەگەینەوە ئەو جێگەیەی کە لێی بووین. لەو ڕادەیەش پێش ئەکەوین. ئەم کەڕەتە لێ ئەبڕێین بەڵکوو بتوانین ئالیکی زستانیان بۆ پاشەکەوت بکەین. گیری ئێمە بەس زستانە. من، سێ کوڕم هەیە. سێ پیاوی کارا. ئەگەر تەنها دەستێکیشیان هەبێ، هەر ئەتوانن چەرخی ئەم ژیانە بگەڕێنین. خۆیشم لەگەڵ پیرێژن خوار ئەبمەوە بۆ دەرزیوەر و ئاوەدانی ئەکەینەوە. تێ ئەکۆشم. بەڵکوو کارێزێک لێبدەم.

ئەو هەمووە زەوییە! تۆ ئەزانی کشتوکاڵ چ کارێکی بە پیت و ڕێژەنە؟ لە سەر خاک ڕەنج ئەدەم. گەنم و جۆ! گوێت لە منە؟ گەنمەکەی بۆ خۆمان و جۆکەشی تفاقی ئاژەڵەکانمان. وردە وردە سەرانەی پەزەکان ئەدەین و چوار گا ئەکڕین. تا نەشمان کڕیوە خۆم بەم هێسرە زەوییەکە ئەڕووشێنم. ئەو کارەی کە پارەکە کردم. ئەوەکاری چەندین ساڵە بیری لێ ئەکەمەوە. من نەخشە و گەلاڵەم بۆ ژیانی خۆم و کوڕەکانم داڕشتووە. دەستم بگا بە دەمم، نەوەکانم ئەنێرم بۆ شار بچن بۆ فێرگە! ڕێوشوێنی ژیان فێربن. ئەو کارەی کە خانەکانمان ئەیکەن. ئەوان هەموویان کوڕەکانیان ناردووە بۆ شار، زانست فێر ببن. فێریش ئەبن. دڵنیام چاویان ئەکرێتەوە و شتی وا ئەبینن، ئێمە هەر بە خەیاڵیشماندا نەهاتووە. نەشمانناسیوە! ئەوان ڕۆژ بە ڕۆژ بیناتر ئەبن و ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ کوێرتر. من بۆ خۆم خەیاڵی زۆرم لە سەردایە. بەڵام من ناهێڵم. تۆ بەرنامەی خۆت هەیە و بە لایەکیتردا ئەڕۆی. تۆ برام، چاوت لە ماڵی ئەم و ئەوە. دەستیشت بۆ دەسترەنجی ئەم و ئەوی ڕەنجدەر درێژ کردووە. پارووی حەڵاڵ، ئیتر بە دژواری لە گەرووت ئەچێتە خوارەوە! چونکە نانی ڕەوا، نانە وشکە و ژاژی ناو پێستەیە. بەڵام پارووی ناڕەوا، چەورە. پڕە لە ڕۆن، شیرینە و باش تێرت ئەکا. ئادەمیزاد ڕادێ. کارێکە جارێک کردوویەتی و ئەبێ بە خوو. ناپڕینگێتەوە! کاری خراپ، جارێک و سەد جاری بۆ ئەو جۆرە پیاوە وەکوو یەکە. ئادەمیزاد خوو بە هەموو کارێک ئەگرێ. ڕاست و ناڕاست. باش و خراپ. بەڵام کوڕەکانی من هێشتا بە تەواوی پێیان نەترازاوە، عەلیگیان! مەگەر خانمحەمەد، کە ئەویش پێی تەرک ئەکەم. بۆیە پێت ئەڵێم ئەو خەیاڵە خاوانە لە سەرت دەربکە، چونکە من ڕێگە نادەم کوڕەکانم بکەونە شوێن کلکی تۆ و خەڵک ڕووتەوە بکەن! نەء! منیش، هەم پێویستم بە سەر و کاکۆڵی کوڕەکانم هەیە و هەم بە ماڵی حەڵاڵ. خۆیشم ئەگەر بە گەنجێتی دوو سێ هەڵەم کردبێ، لای خوای خۆم تۆبەم

کردووە. بۆیە، داوات لێئەکەم ددانی تەماحی یارمەتی کوڕەکانی من هەڵکێشە و تووڕی بدە. برایەتیمان لە جێی خۆی؛ یەکێک بگرە و یەکێک بەردە. بە گوتەی کوێستانیەکانی وڵاتی خۆمان؛ جۆ بێنە و قەیسی بەرە!

ـ برام، برام... دەس ڕاگرە، زۆر توند داژووی! لەغاوەکەی ڕاکێشە با پێکەوە بڕۆین. بە تەنها خۆت بچی بۆ لای قازی، بە شادمانی ئەگەڕێتەوە. وادیارە پاش وشکەساڵیەکە زۆر لە خوا ترساوی! برسێتی و هەڕەشە و گوڕەشەی جەندەرمەکان چاو ترسێنیان کردووی؟ بەڵام چاوی منیان کردەوە. زۆریش خۆت بە پیاوی نوێژ و خوا پیشان مەدە. نەکا ترسی مەرگ ترساندوتی؟! ئا؟ نەکا پێت وایە ژیانت گەیشتۆتە کۆتایی؟ نەکا ئەم خایاڵانە خەوی لە سەر پەڕاندووی؟ یان ئەتەوێ بە ناوی خوا من بترسێنی؟ خوا، بەڵێ؟ ئەگەر ئەو خەیاڵەت هەیە، هەر لێرەدا پێت بڵێم کە من قسەی خۆمم لەگەڵ ئەو کردووە. کاری خۆیشم لە کاری ئەو جیا کردۆتەوە. ورگی داوە، ئەبێ نانیش بدات! کاتێکە ساڵە و ساڵ دڵۆپێک باران نابارێ، کاتێکە برسێتی گەرووم ئەگووشێ، کاتێکە پەزەکانم لە بەر چاومدا ئەنێردرێن بۆ دۆزەخ، منیش ناچارم و بە دوای ڕۆزی خۆمدا لە ڕەشماڵ دەرکەوم. هەوسار بە خۆمە و ئەڕۆم. تۆ چۆن بیر ئەکەیتەوە؟ دانیشم بۆ خۆم بگریم؟ یان لە بەر ئەو هەموو بەڵایەی بە سەرم هاتووە لە سووچێکا دانیشم و ئەژنۆی خۆم بگرمە باوەش؟ ها؟... ئەگەر چاوەڕێی ئەوەی، ئەوە دیارە زۆر خراپی بۆ چوویت. کە وا بوو با بوەستێ. پاشتر کە یەکدیمان دیتەوە، ئەوسا ئەیڵێین و ئەیبیسین؛ بەڵام ئەگەر تۆزێ ئاوەز لە سەرتدا مابێ لەوە تێئەگەی کە ئەو چەند گوشار بۆ من بهێنێ، منیش بەو ڕادەیە گوشار بۆ بەندە برسیەکانی ئەهێنم. ئەو چەند ژیان لە من ناخۆش بکات، منیش بەو ئەندازە لە کاڵای مفتەخۆرە خۆشخۆر و خەوەکانی دائەبڕم. منیش ئەسپی خۆم تاو ئەدەم. جوامێری لە جوامێریەوە سەرچاوە ئەگرێ، کاکە

گیان! کاتێکه زوڵم له من ئەکرێ، کێ ئەتوانێ داوای دادگەریم لێ بکات؟ نه برای شرینم من پێغەمبەرزاده نیم!

ــ خوا زوڵم له تۆ ئەکا و تۆ بەنده ئەسووتێنی؟!

قاقای بەرز و ئاوێته به تەوس و تووڕەیی خانئاپۆ، هەموو گیانی ڕاوەشاند:

ــ چی بکەین ئیتر؟ ئەو خۆیم پیشان نادا، ئەگینا! ئێستەش له ڕووی ناچارییەوه لوولەی تفەنگەکەم ئەکەمه ئەوانەی له سکی خۆیان زیاتریان هەیه. زیاتر له خۆیان، برام! غەم بۆ زاڵم مەخۆ. له کوێیان هێناوه؟ له کوێوه هاتوون؟ نەکا ئەوانه کاربەدەستی خوا بن له سەر زەوی؟! هەه!

ــ برسێتی، به جارێ کافری کردووی، عەلی گیان!

ــ مەگەر نەت بیستووه، مرۆڤی برسی، دینی نییه؟! هەرچەنده من ئەوسا که برسیش نەبووم، دینێکی ئەوتۆم نەبوو!

ــ نەتبێ! تۆ، نەتبێ! هەرچی هەی بۆخۆت به، بۆ خۆت به! مەڕ به خوریەوه، بزن به مووەوه. تۆ لەو بەر و ئێمەش لەمبەر. کارت به کوڕەکانی من نەدابێ! من ناهێڵم کوڕەکانم لەگەڵ تۆ ببن به هاودەست. ناهێڵم. ئەم ڕووداوەش به یاریدەی خوا به جۆرێک چارەسەر ئەکەین. تۆ به ڕێی خۆت و ئێمەش به ڕێی خۆمان.

ــ کوڕەکانت؟ لایەنگری کوڕەکانت ئەکەی کەلمیشی؟ ئەوەتا یەکیان هێشتاش له سەر مەڕدزین وا له زیندانە. دەستی خۆت ئەخەیته بەرەوە؟ چاکه! خەریکی وای دەرئەخەی که هەموو تاوانەکان له ئەستۆی منه؟ ئەرێ؟ باشە. ئەتەوێ وشترەکەت له بەر ڕەشماڵەکەی من بخەوێنی؟ وابکە، با وابێ! هەقی برایەتیت ڕائەپەڕێنی! زمانم لاڵ، ڕەنگە ئەتەوێ سکاڵا بۆ شار ببەی که من ئەو دوو جەندەرمەم تیا بردووە؟ قەیناکا، با وابێ، من تاوانی برازاکەشم ئەگرمه ئەستۆ و ئەچم له زیندان ئەخەوم. غەم نییە، گوڵمحەمەد ئەگەر وای بوێ به دڵ و به گیان به قسەی

ئەکەم. ناپیاوم ئەگەر نەڕۆم! با بزانین گوڵمحەمەد لە لای کێ ئازیزترە؟! لای من، یان لای تۆ؟! فەرموو بزانم تۆ چی لە پێناوی ئەودا ئەدەی؟ من گیانم ئەدەم، گیانم! گیانی قالاویش لە لای خۆی ئازیزە. وانییە؟ بەڵام... بەڵام برای شیرینم... ئەگەر خەیاڵی ئەوە بدا لە سەرت پاپۆش بۆ من بدووری، ئاگات لەخۆت بێ. ئاگات لێبێ چونکە ئەو ڕۆژە... ئیتر ئەمڕۆ نابێ! من و گوڵمحەمەد هاوسوێندین. هاو پەیمانین. ئەگەر نەتزانیوە، ئەوا بزانە! ئەگەر چاڵێک هەبێ، لە بەر پێی هەردووکمانە. چونکە، ڕێگەش لە بەر پێی هەردووکمانە. کاڵەکێکمان خواردووە و خۆمان لە بەر لەرزەکەشیدا ڕاگرتووە. جا، ئەگەر یەکێک بیەوێ بەو جۆرە ناوبژی بکات کە قورسایی بارەکە بخاتە سەر شانی یەکێک و ئەو پەیمانە هەڵوەشێنێتەوە، گلەیی خۆی لە سەر خۆی ئەبێ. ڕەنگە خێر نەبینێ!

ــ گورگە، تۆ پێت وایە ئەو جۆرە کارانە لەدەس من دێ؟!

ــ ئەی بۆ باسی ئەکەی؟

ــ شانی کوڕەکانی من تۆ ئارداویت کردووە، تۆ تووشت کردوون. من ئەمە ئەڵێم. هەر ئەوەندە.

ــ منیش بۆت ئەڵێمەوە و دیسانەوەش پێت ئەڵێمەوە، ئەوە قسەی برا نییە بۆ برا! من بۆ ئەبێ کوڕی تۆ تووش بکەم، ئاخر ئەمە چ قسەیەکە تۆ ئەیکەی؟ خۆشت لە هەمووان بە ژیرتر ئەزانی! کەچی هێشتاش نەتکردووە بە مێشکتدا کە کوڕی تۆ کوڕی منە! من گوڵمحەمەدم وەکوو خۆم خۆش ئەوێ. بە سەری ئەو سوێند ئەخۆم. ئەمەیان، بەگمحەمەد، خانمحەمەدیش هەروەها. مەگەر تۆ کوێری و نازانی کە من کوڕم نییە؟! لەحنەت... لەحنەت لە شەیتان! ئەمشەو... ئەمشەو... دەی! ئاخر من چی بە تۆ بڵێم پیاو؟ بە مووی خودی ئەو گوڵمحەمەدە قەسەم، لە کوشتنی ئەو دووجەندەرمەدا، من بێت و ئەوم هان نەداوە. من کە گەیشتمەوە ناو ڕەوەند گوڵمحەمەد نەخشەی کاری خۆی

کێشابوو. ئەو بڕیاری خۆی دابوو و بە هیچ شێوەیەکیش ئامادە نەبوو، پاشگەز ببێتەوە! ئەوەش ناڵێم کە ئەو بوو بە شەیتانی من. سوێندم بە جەوانی خودی گوڵمحەمەد، ئەو داوای لە من کرد هاوکاری بکەم.

ــ تۆیش هاوکاریت کرد! بۆچی؟ بۆ پاشگەزت نەکردەوە؟ بۆ ڕێگەت پێنەگرت؟ ئەی تۆ، بە چی گەورەی ئەوی؟ ئەم قژە سپیانەی تۆ بەکاری چی دێت؟ باوکیان نەبوو، خۆ مامیان هەبوو! بەڵام... بریسکەی برنەوی ئەڵمانی دڵی ڕفاندبووی، ئەزانم تۆ چەندین مانگ بوو بە دوای تاقم و تفەنگەوە بوویت و خوا بۆی گەیاندبووی. چی لەوە باشتر. دوو دەست تفەنگ و فیشەکدان، لەوێ بە ژوور سەری دوو جەندەرمەی خوێڕیلەوە! خۆزگە لە جێگەی یەکێک لەوانە ئەبووم. حەیفی ئەم بڕناوانە حوکمەت ئەیدا بە دەس ئەم گیانەوەرە هیچوپووچانەوە! ئەی... حەزم ئەکرد لە جێی یەکێکیان بوایەتم! ئەوسا، ئەبوا خەڵک بێنە سەیر و بزانن ئێوە چۆن ئەتوانن تفەنگەکەم لێبسێنن. حەیف! دوو پیاو بە دەستی بەتاڵ، دوو دەست تفەنگ و فیشەکدان...

ــ بەس ئێمە دووکەس نەبووین برا گیان! بۆ گوێ ڕاناگری؟ ژنەکانیش بوون. هەر کامیان کاری دوو پیاو ئەکەن. ئێمە ڕەوەندێک بووین. تۆ لەوە قەڵسی خەڵکەکەت لێهاتووە؟ حەزت ئەکرد ئێمە بشکایەتین؟ ها، بڵقیس؟ ئەم شووەی تۆ ئەڵێ چی؟

بڵقیس هەڵسا. کەلمیشی، بە تەوسەوە وتی:

ــ بۆ کوێ؟

بڵقیس، مارالی کرد بە بیانوو و چووە دەرەوە.

کەلمیشی لە بن برۆوە سەیری ڕۆیشتنی ژنەکەی کرد و لە بەر خۆیەوە وتی:

ــ دەڵە سەگ! پیاو ئەکوژێ!

خانئاپۆ وتی:

ــ دیقی دڵی خۆت ئەڕژێنی! ئەگینا، لەبنی دڵتا زۆریش حەز

ئەکەی کە ئەو ماچە پڵینگە ژنتە، ئەرێ براگیان!

نیگای کەلمیشی بە ئارامی نیشتە سەر براکەی و بە ئارامی وتی:

ــ خانئاپۆ! ناهێڵم لەوە زیاتر بنەماڵەکەم ئاوارە بکەی، تێگەیشتی؟

خانئاپۆ، لە وەڵامدا وتی:

ــ بنەماڵەی ئێمە ئاوارە بووە، برام. ئەوە بکە بە مێشکتدا. دەستی هەر هەموومان خوێناوی بووە. دان بەوەدا بنێ، تازە درەنگ بووە و ناتوانین خۆمانی لێ بدزینەوە. قسەیەک خۆ هەزار جار ناکرێ. کارێکە و کراوە و ئەبێ بە دوای چارەدا بگەڕین. ئەگەر ڕێگەیەکت پێشک دێ، پێمان بڵێ. ئەگینا، لە لایەکەوە دانیشە و لێمانگەڕێ با خۆمان ڕێگەیەک بدۆزینەوە. ئێمە تاوانمان کردووە و ناتوانین وەکوو کەو سەرمان بکەین بە ناو بەفردا و پێمان وابێ کەس نامان بینێ. نە برام! ئێمە وەشاندوومانە و ئەمڕۆ و بەیانی، ئەبێ بخۆین! هەواڵی کوژرانی ئەو دوو جەندەرمەیەی لە لێڕی شۆراو کوژراون، لە سەبزەوار و نەیشاپووریش تێپەڕیوە. ئەم کارانە، بۆ ئەوە نابن سەریان بنرێتەوە. لە هەموو لایەک گوێت لێ ئەبێ خەڵکی چیرۆکیان دەربارەی کوژرانی جەندەرمە بە دەست کوردەکان سازکردووە. ئەم چیرۆکانە دەم بە دەم ئەگەڕێ. ئەمڕۆ یان بەیانی شوێنی هەڵئەگرن. ئێمە تەنها ئەبێ چاو و گوێمان باش بکەینەوە و ئاگامان لێبێ. لەوە زیاتر ناتوانین بە نانی وشک و خەوی خۆش قانع بین. بمانەوێ و نەمانەوێ هاتووینەتە مەیدانەوە! بۆیە ئەو قسانەی تۆ ئەیکەیت سوودی نییە. وەرە با ئەوە بسەلمێنین کە لوولەی تفەنگ بە دوامانەوەیە. ئەوسا باشتر ئەتوانین ئاگامان لە خۆمان بێ. ئێمە چنارمان دزیوە و ئەبێ بیر لە جێگەکەی بکەینەوە. ئەبێ بتوانین بیشارینەوە. ئێمە، ئیتر ناتوانین پیاوی پەز و دێمەکاری بین. ئێمە ئیتر پیاوی دار و شوانی و مەزرا و پێمەڕە نین. لەمڕۆ بە دواوە بمانەوێ و

نەمانەوێ، پیاوی کێو و تفەنگین. حکوومەت لە خۆی خۆش نابێ. ئێمە خراپمان کردووە و نابێ چاوەڕێی باشە بین. نابێ چاوەڕێ بین چەپکە گوڵمان بۆ بنێرن!

پیرەمێرد، ناچار و دڵماندوو، وتی:

ـ ئێمە و لەشکری حوکمەت؟! ئەمە چ جۆرە جەنگێکە؟!

خانئاپۆ وتی:

ـ کوانێ چارە؟... کە وا بوو با بەگمحەمەد چگوورمان بۆ بژەنێ. کێ بەیانی بینیووە؟ لێدە بەگم. لێدە ئاپۆ گیان. غەم تا گەیشتە بەرەوە ئەبێ بیگێیت! لێدە!

بەگمحەمەد؛ کاتی چگوور لێدان و گۆرانی وتن، هەمیشە سەری بە لای شانی چەپیدا لار ئەکردەوە و لە سەربەندی هەر بەندێکدا، تەکانێک ئەکەوتە شان و سەر و گەردنی و، گوڵی کاکۆڵی کە لەژێر کڵاوەکەیەوە کەوتبوویە دەرەوە، ئەلەرییەوە. پەرێشان ئەبوو و ئەرژایە لاجانگ و سەر بڕۆی. گەرمی خوێندن، ناوچەوان و بن گوێکانی عارەقەی ئەکرد؛ دەنگی ئەبوو بە هاوار و، هاوارەکەی، زەلالتر و بێباکتر پەرەی ئەگرت. وات ئەزانی هیچ نابینێ و هەست پێناکا. دەنگ، پەردەی ئەدڕاند و ئەو ناوەی پڕ ئەکرد. زەنگ و ئاوازی دەنگ، زیاتر کاری لە سەر خودی بەگمحەمەد ئەکرد و توانایەکی بێ سنووری پێ ئەبەخشی. بوێریەکی مەزن و شەوقێکی بێ وێنە. کاتی خوێندن و لێدان، نە پڕکێشی لە کەس بوو نە ترس لە ناکەس. بەجۆرێک لە ئازادیی دەگمەن ئەگەیشت. ڕەها ئەبوو. لەگەڵ نەوای خۆی ئەڕۆیی. دەنگ، یەکپارچە ئاگر بوو و بۆ تێکشکانی سەرما ئەچوو. هەستی گەرما لە نیگای خۆیدا. دوو بڵێسەی بچووک لە بنی چاوەکانیدا، لە ناخی دوومانەوە، ڕائەبوون و دەرئەپەڕین. دوو بڵێسەی پێوار. هەبووە و نەبووە. گەرم دائەگیرسا. لێوەکان و گوێ و پێڵووی گڕیان ئەگرت. لەرزین و لێدانی دڵی توندتر ئەبوو. با لە کەللەیدا ئەگەڕا. دەنگ، زاڵ ئەبوو، چگوور دەرەقەت نەئەهات. لەنگ ئەبوو. دائەما.

بەگمحەمەد بە ناچاریی ئەنووشتایەوە بە سەریدا، ئەیخستە گەڕ، ئەیجوولاند و بۆ سەر و خوار، ئەیخەواند و لار و ڕاستی کردەوە، ڕای ئەوەشاند و لێی ڕائەوەشاند. هەوڵدانێک بۆ ئەوەی چگوور خۆی بگەیەنێتەوە بە دەنگەکە. بۆیە، ساتێک خامۆش ئەبوو و بە هەموو هێزی، بە پەنجەکانی گیانی ئەکرد بە بەر دوو ژێ ناسکەکەی چگووردا، بەڵکوو نەوا وناڵەی بگاتەوە بە دەنگ، بەڵام وای لێ ئەنەهات. بەگمحەمەد نەک هەر بە دەنگ، کە بە هەست و کێشەری خۆشی بە سەر چگوورەکەدا سەر بوو و سوار بوو. کوا، دوو ژێی ناسک، بارەتەقای بارستایی ئەفسوونی سەرپەنجە عاشقەکەی ئەو ئەهاتەوە. بارستاییەکی مەزنتر بۆ ئەم ئەوینە پێویست بوو.

«ئای... من شوانی بیابانم
ئەمن شوانم، ئەمن شوانم!»

دەنگ، لە سرمیچی ڕەشماڵەکە، بەرفرەتر، مەیدانێکی گەورەتری ئەویست. بۆیە لە دەرگا بۆ دەرەوە و بۆ ناو هەوای بێ سەر و بن ڕەوان ئەبوو. هەرچەند باران بە سەر پێستی نەرم و شەپۆلاوی دەنگدا ئەباری، دیسانەوەش وەک باڵندە لە ناو بارانەکەدا خۆی ڕائەدا و ئەسووڕایەوە. خۆی ڕائەوەشاند و تا دوا نووزە، تا دوا هەناسە، لە شەقەی باڵی ئەدا و ئەڕۆیشت و لەولاترەوە ئەکەوتە ناو چاڵێکەوە و، لەژێر ڕەهێڵەی شەستەدا، لە دوا لەرزەی باڵەکانیدا، تەواو ئەبوو. خامۆش ئەبوو. بەڵام دەنگ، خۆ تەنها باڵندەیەک نەبوو. پۆلێک بوو. پۆلێک باڵندە لە سینەی بەگمحەمەدەوە باڵی ئەگرتەوە. پۆل پۆل بە دوای یەکدا. پۆل پۆل. بۆیە، باران نەی ئەتوانی لەگەڵ بەردەوامیی بێکۆتایی هەناسەی بەگمحەمەد، پێشبڕکێ بکات! باران ئەیکوتا و ئاواز ئەفڕی. نەوا بە نەوا. تا کێ سەرکەوێت!

لە هەوڵدان و خۆ ڕاوەشاندنی بەگمحەمەددا، کڵاو لە سەری داکەوت و کاکۆڵە ڕەشەکەی بە جارێ پەرێشان بوو و

تاڵەکانی بە سەر چاوەکانی جەوان‌دا ڕژا.

کەلمیشی، سەیری کوڕەکەی ئەکرد. ماوەیەک بوو، بە بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ چاوی تێبڕیبوو. کوڕەکەی! زۆر بەخۆشی و هەرەوەها بە درێخەوە. بە خەفەتەوە. هەندێ جار هەیە ئادەمیزاد لە ساتەکانی خۆشی و شادی‌دا خۆف هەڵی ئەگرێ. ترسی نەبوون! ڕەمۆک ئەبێ. ئەڵێی بڕوایەکی پتەوی بە بێدەوامی‌یان هەیە. بڕوای نەمانی دەم و، ئەم بڕوایە پێشاوپێش دێ بە پێشوازییەوە. باوەڕی ترس، لە ساتەکانی شەوق‌دا لە کۆڵی نابێتەوە. ئەیڕفێنێ. ئەیدزێ و ئەیبا بۆ داهاتوو. جەخاراوی؛ دەمدەمایەکی‌تری پیشان ئەدا.

بنواڕە! غەمی کۆتایی ئارەزوو. ڕواڵەتێکی دی. ڕوخسارێکی تر. پەڕینەوەی ئەمیان بۆ ئەو. ساتێکی‌تر. بە ژاکاویی لە شەوقەوە. دۆشداماوی عەوداڵبوون. ئازارچێژی ئەوین. باڵ بڕ ناکا. دەرفەتی فڕینی تەواوەتی دەست نادا. قاچت بە پەتێکەوە بەستراوە. نەک هەر لێرەیت و لە ڕەنگێکی. نەک هەر لەوێ و ڕەنگی ئەوێی. ئەوەی، کەوا زیاتر ئاوێتەی بووی؛ بە گوێرەی ئەوەی خولیای پشکوتن بی، یان ترساوی دڵمردوویی. بە گوێرەی وەی کەلمیشی بی، یان خان‌ئاپۆ. کەلمیشی، سەرڕێژی شەوق، بۆ غەم ئەکشێ. بۆ شاڵاوی غەم و هەراس، کە خۆی لەم شەوقەوە سەرچاوەی ئەگرت؛ لە هەمان کات‌دا شەوقیش، نەی ئەتوانی ڕێگە بگرێ. بەڵام خان‌ئاپۆ وانەبوو:

ـ هەی نازی ئەو کاکۆڵە پەرێشانەت پاڵەوان! دەک لە دەوری ئەو پەنجانەت گەڕێم گوڵی مامە! قوربانی ئەو چاوانەت مامە گیان!

ئەو، خان‌ئاپۆ، ساتەکانی ئەقۆستەوە. تاڵانی ئەکرد. ئەیچەشت و، ساتی، وەکوو پیاڵەیەک ئەنا بە سەرەوە، خولیای سەرخۆش. کات و دەمی وا حەز لێبوو، ئەسپێک هەبێ. ئەسپێک لێی سوار بێ! بۆ ئاژووتن، تەنانەت ئەگەر ڕکێفیش نەدات.

ئاوەهاش بوو. بەڵام ئەم ئەسپە جار هەڵەنگووت، سەرسمی ئەدا و بەرئەبۆوە. بۆ قووڵکەیەک یان ناو دۆڵێک. خامۆشی گەورەی خانئاپۆ، پەژارەی پەرەگری، ئەم گورگە پیرەش، ئا لەم کاتەدا دەستی پێ ئەکرد. لێوی ئەبەست. ناوچاوانی لێک ئەنا و دەستەکانی لە دەور ئەژنۆی ئەبوون بە خاچ. دواندن و کارتێکردنی مەیسەر نەبوو.

«ون بە لە بەر چاوم!»

ون ئەبوون. ئەبوا گورکە، خەڵوەی خۆی تەواو بکات. چلە بە کۆتایی. پێی لە ڕەشماڵ ئەنایە دەرەوە و پێڵووە زبر و ئەستوورەکانی بەرامبەر بە خۆر هەڵ ئەهێنا. تاکوو دیسانەوە بە سەر سینەی بەرفراوانی دەشتدا باژۆێتەوە. ئای ئەی ئەسپە مارۆی سەرکێش و ڕەمیو، جارێکیکەش سوارەی نەبەز بۆ لای تۆ دێ!

وەڕینی سەگ، خامۆش! شتێک ڕووی داوە.

بەگمحەمەد، بە ئارامی چگووری خەواند. کاکۆڵی خستە بن کڵاو و سەیری کرد.

دوورتر لە بەر دەرگاکە، تارمایی ئەندامی کشاوی بڵقیس لە پاشی تیشکەکە و لێزمەی باراندا، دیار بوو. ڕیشاڵی باران، بە بریسکانەوەیەکی خێرا، بە بەر تیشکەکەدا تێپەڕ ئەبوون و لە قوڕ ئەچەقین. بڵقیس بۆ لەوێ وەستاوە؟ چاوەڕێی کێیە؟ تەنها و بێ جووڵە ڕاوەستابوو و نیگای بە هێڵێکی ڕاست، بۆ دووری دوور جەرگی تاریکی ئەسمی. ئەوە کێ بوو لە دەروونی شەوەوە ئەهات؟

پەڵەیەکی ڕەش و بزۆز، لە ناخی تاریکیەوە ئەهات و لەپەسا نزیک ئەبوویەوە. نزیک و نزیکتر. پێش و پێشتر. وردە وردە ڕواڵەتی ئاشکرا ئەکرد. قەڵافەتی وەرئەگرت. گەورەتر ئەبوو. ئاشکراتر. چوارپێیەک و کەسێک یان بارێک بە سەر پشتیەوە و کابرایەکی باڵابەرز و تۆزێ چەماوە، بە دوایدا. کابرا، تەڕ و، بار تەڕ و، پاتاڵ

تەڕ. سەگ بە خێرا و بە وەڕین چووبوو بە پیریانەوە. خاوەنەکەی ناسیبۆوە و کلکە سووتێی بۆ ئەکرد و پێ بە پێی پیاوەکە ئەهات و سەر و ملی بۆ لای ئەو بوو.

بڵقیس، بزوا و بەگمحەمەد هاتە دەرەوە. خانئاپۆ، لە ناو ڕەشماڵەکە تا بەر دەرگا هات و سەیری دەرەوەی کرد. کەلمیشی بەو ئەندازەی کە پێویست بوو سەری دانەواند. خانمحەمەد گەیشتبوو و ئەوا بڵقیس یارمەتی ئەدا مناڵەکە لە بەردەمی سەمەن دابگرێ. باران هەدای نەئەدا. بەگمحەمەد هەڵات بەرەو براکەی، خانئاپۆ هاتە دەرەوە. زیوەر و هەیقۆ لە ڕەشماڵ دەرکەوتن و هاتن بە پێشوازی سەمەنەوە. بڵقیس سەمەن و تەمووری دایە دەس ئەوان. ژنەکان چوونەوە ناو ڕەشماڵەکە. بڵقیس لای خانمحەمەد مایەوە. بەگمحەمەد هەوساری کەرەکەی گرت و بردیە لایەکەوە تا شەڵتەکەی لە پشت داگرێ. خانئاپۆ کە هاتبوویە پێشەوە، برازاکەی لە ئامێزگرت. کەلمیشی دەستی کوڕە گەورەکەی گرت و بەرەو ڕەشماڵەکەی برد.

ئاو بە سەر و گوێی خانمحەمەددا هەروا ئەهاتە خوارەوە. چۆخەی نیوداشتی، خووسابوو و ڕیشاڵی دڕاوی سەردەست و شاقەلەکانی چۆڕەیان ئەکرد. دەرەلنگی ڕانکەکەی تا سەر ئەژنۆ قوڕ و چڵپاو بوو. بڵقیس باوەشێک داری وشکی هێنا و کردیە ناو ناوگۆڕکەکە و دایگیراند. سەرەتا چۆخە تەڕەکەی لە بەر کوڕەکەی داکەند و پاشان... چارشێویکی پێدا لە خۆی بئاڵێنێ.

خانمحەمەد، کڵاوەکەی داگرت و چارشێوەکەی دا بە شانیدا و ئاو و عارەقەی سەر لووتە درێژەکەی سڕییەوە. بڵقیس کڵاوەکەی خانمحەمەدی لە سەر باوەڵەکە هەڵگرت، گووشای و هەڵیخست. هێزمی ناو چاڵەکە گرتی و پیاوەکان دانیشتن. بڵقیس چووە دەرەوە بە وشککردنەوەی بووک و نەوەکەی ڕابگات. خانمحەمەد چەمایەوە بە سەر ئاگرەکەدا. خامۆش و تووڕە بوو. لە یەکەم هەنگاودا، مام و باوک ئەمەیان لە چاک و چۆنیە

وشک و برینگەکەیەوە هەست پێکردبوو. بەڵام خانمحەمەد بۆ وا قەڵس ببوو، جارێ لایان ڕوون نەبوو.

بەگمحەمەد، شەڵتەکەی هێنایە ژوورەوە و بێدەنگیەکەی شکاند. کەلمیشی و خانئاپۆ سەیری یەکدیان کرد. پرسیارێک لە چاوەکانیاندا بوو. وەڵام، بەڵام نەبوو. خانئاپۆ شوێنی کترییەکەی لای ئاگرەکە خۆش کرد و کشایەوە و پاڵیدا بە باوەڵەکەوە. بەگمحەمەد دانیشت و کەلمیشی جارێکیتر، لە بن چاوەوە خانمحەمەدی هەڵسەنگاند. چاوە سوور و تیژەکانی خانمحەمەد لە بەر بڵێسەی ئاگرەکەدا ڕەنگی ئەگۆڕی. چاوی بڕیبوویە ئاگرەکە و پێچ و خەمی هەموو بڵێسەیەک لە گلێنەی چاوەکانیدا ئەدرەوشایەوە. ناوچەوانی هاتبوویە یەک و کەلێنی نێوان بڕۆکانی لە هەمیشە قووڵتر بوو. چەناگەی بە ئاشکرا بەرجەستەتر بوو. نەء! زیندان نابێ وای لێکردبێ. پێشتریش شتێک بوو لەهەمان مایەدا. هەروا توند و هەروا وشک.

خانئاپۆ، دەستی پێکرد:

ــ قەڵسی! چی ڕووی داوە؟!

ــ کوڕەکەم لاڵ بووە!

ــ تەموور؟!

پیاوەکان لەپڕ شەڵەژان. ئەم نیگای ئەوەی کرد و ئەو بە جووڵانێک، ڕابوونێک.

«بۆ چی؟ لە چییەوە؟ کەی؟»

بەر لەوەی پیاو دەم بکاتەوە، باڵای کشاوی دایک، ناو دەرگاکەی داگرت. خامۆشی و ماندوێتی بەو بوو. پەرێشانی و شەرم بە هەستکردن بە تاوانەوە. دانیشت و هیچی نەوت. پیاوەکان ڕابوون. بەڵام بڵقیس، دایناوە:

ــ خەوتووە. خەوتووە کوڕەکەم.

ــ باشە بۆ؟ بۆ چی؟!

خانمحەمەد، سەیرێکی خانئاپۆی کرد کە وەکوو کۆتەیەک

هەڵسابوویە سەر چۆک و وتی:

ـ لە من ئەپرسی؟! بە خۆتان بڵێ! بۆچی؟ لە بەر ئەوەی من نەبووم. لە بەر ئەوە! ئەگەر بمردایەتم ئاخوا چی ڕوویدایەت. هەرچی بێ هیوای ئەوە هەبوو دێمە دەرەوە! ئای یای یای... هەموو کەس توورەکەی پڕ بۆ سەری خۆی ئەبات!

خانئاپۆ، بە خامۆشی کشایەوە. لەو شوێنەی کەلمیشی لێیە، ئەو بۆ گۆنای بخاتە بەر زللە؟ کەلمیشی ئەبوا بڕۆیشتایەت و ژن و مناڵی کوڕەکەی بهێنایەت. بڵقیس ئەبوا بڕۆیشتایەت. ڕووی پرسیارەکە لەوان بوو و ئەوانیش ئەبوا وەڵام بدەنەوە.

کەلمیشی، زمانی هەڵبڕی:

ـ کە وا بوو بۆ ئەمە قەڵسی؟ لەوەی کە ئێمە نەچووین بە دەم ژن و مناڵەکەتەوە؟ چۆن ئەزانی نەڕۆیشتووین؟ من خۆم بە نیو مەن ڕیشەوە دووکەڕەت چووم بۆ قەڵاتی بەرەکشایی و لەگەڵ ژنەکەت قسەمکردووە، بەڵام ئەو نەهاتەوە. لەوەزیاتر چیم لێ بکردایەت؟ خۆم بخستایەت بە سەر پێیدا؟ چیم بکردایەت کە ئەو ئامادە نەبوو لە دایکی جیا ببێتەوە؟ چیم بکردایەت؟

ـ لانیکەم کوڕەکەمت بدایە بە سەر هێسرەکەتدا و بتبردایەت بۆ شار. پیشانی قوڕمساخێکت بدایە. حەکیمێک یان... چووزانم، مەلا فازیلی نووشتەنووس...

ـ نەخۆشی کوڕەکەی تۆ تازە نییە! خۆشت لە دەرەوە بووی، تەموور هەر وابوو. ئیتر بۆ بیانوو ئەگری؟

ـ نەخۆش بوو، بەڵام خۆ لاڵ نەبوو! ئێستە ئەوا لە زمان کەوتووە، تێم ئەگەی؟ زمانی ئیتر ناگەڕێ. حەپۆل بووە. وەک گوێرەکە، بەس سەیری مرۆڤ ئەکا. بە بێ وتن، بە بێ بیستن. لەو شوێنەی کە ئەخوا، هەر لەوێش... وەکوو ئاژەڵ! مەگەر من لە بەر کێ کەوتمە زیندان؟ لە بەر خۆم؟ یان بۆ هەمووومان؟ ئەی بۆ ئەبێ کوڕەکەم ئاوای بە سەر هاتبێ؟!

ـ دەست و باڵم بەند بوو، بابەگیان. خۆ من خدری زیندوو

نیم لە هەموو لایەک بم! مەگەر ژنەکەی تۆ هاتووە بۆ ئێرە و ئێمە دەسمان ناوە لە ڕوویەوە؟ منی پیرەمێرد، مەگەر بە دەستێک چەن شووتیم پێ هەڵ ئەگیرێ؟!

ـ بۆچی بەس تۆ؟ بۆچی بە تاقە دەستێک؟ چاوی پیس کوێر بێ، من دوو برام هەیە! ئاپۆم هەیە! دایکم هەیە!

ـ هەتە، کوڕەکەم! بەڵام هەر کامیان چل گرێ کوێرە لە ژیانیان دایە. سەرەتا بپرسە و بزانە چیمان بە سەر هاتووە، پاشان چاو لە من مۆر بکەرەوە. سەرەتا بپرسە بۆ ئەوەی بزانی براکانت لە چ قووڵکەیەک کەوتوون! کوڕم، پاش تۆ ئێمە تیاچووین. پەزمان لەدەس بڕا. ڕووداوی‌تر... یەک بە دوای یەک‌دا، لەم ماوەیەدا ئاوی خۆش لە گەروومان نەچووەتە خوارەوە. تا بیناقاقا کەوتووینەتە بن قەرزەوە. ئەم برایەت هەموو زستان بۆ نانە سکێک لە ماڵە ئاغە نۆکەری ئەکرد. ئەوی تریان تا بووە گیرۆدەی قڕەی خاڵۆ مەدیارتان بووە، پاشانیش... خوێن! خوێن کەوتبوویە نێوانەوە و ئێستەش لە ئارادایە! ئێمە هەزار شەڕ و قڕەمان تووش بووە. ئێستەش لە هەموو کات خراپتر!

کەلمیشی، بە بەری دەست پریشکەی ئاوی دەمی لە سەر ڕیش و سمێڵی سڕییەوە و بە تۆراوی، ڕووی لە کوڕەکەی وەرگێڕا.

خانمحەمەد، گرێی ناوچەوانی کردەوە و پرسی:

ـ کەوابێ زۆر شت ڕووی داوە. ئەی بۆ بە منتان نەوتبوو؟

خان‌ئاپۆ، خۆی لە وەڵامدانەوە پاراست و بڵقیس بە سەرکزی وەڵامی دایەوە:

ـ پێمان نەوتی، چونکە نەمان ئەویست قەفەسەکەت لێ تەنگتر بکەین. وامان دانا ئەگەر هاتیتە دەرەوە، خۆت ئەیبیسی. خۆت ئەیبینی!

خانمحەمەد، وەک بڵێی لە بیر و خەیاڵی خۆی هەراسان بووبێ، سینەی دایە پێشەوە، بە پەلە هەواڵی گوڵمحەمەدی پرسی و وتی:

ـ کوا؟ ئەی ئەو کوا؟ لە کوێیە؟
بێ وەڵام ما. پاشان شەڵەژاوتر پرسیاری کرد:
ـ خۆ هیچی بە سەر نەهاتووە؟ ها؟
نیگای سمێنەر و هار بووی، چاوی بە بەگمحەمەد داخست:
ـ شتێک بڵێ!
ـ من لەو کاتەوە هاتوومەتەوە بۆ ناو هەوار، نەمبینیوە.
نیگای خانمحەمەد، چاو و ڕووی هەمووانی ڕووشاند و ئەمجار نەڕاندی:
ـ بۆ زمانتان بڕاوە، هەمووتان؟ براکەم لە کوێیە؟!
ترس کەوتبوویە دڵانەوە. خانمحەمەد وەڵامی ئەویست، کەلمیشی، خانئاپۆی پیشان دا و وتی:
ـ وەڵامەکەی لە لای ئەوە!
خانئاپۆ، دەرفەتی وەرگرت و بە مایەیەکی خۆشزمانیەوە وتی:
ـ خۆی شاردۆتەوە!
ئاوێک بە سەر ئاگردا. ئەوەندەی کە هەیە، چ غەم نییە. ترسەکەی ڕەوییەوە. خەیاڵی مەرگ چەند زوو سەر دەرئەهێنێ! هەناسەیەکی ئاسوودە. پشتی دا بە پشتیەکەوە و ئەمجارە، نە بە هەڵچوونەوە، بەڵکوو لەسەرخۆ وتی:
ـ لەسەر چی؟
هەموو، ئارام بوون. قڕە نەبێ؛ غەم نییە. چی ئەبێ با ببێ. کوێی پێخۆشە با لەوێ بێ گوڵمحەمەد. چی کردووە با کردبێتی. گرنگ ئەوەیە؛ گوڵمحەمەد، مابێ و هەبێ. تەنانەت ئەیتوانی ئەوەش نەپرسێ: «لەسەر چی؟» لە سەر هەرچی هەیە. بەڵام بۆچی خۆی شاردۆتەوە؟ لە بەر ئەوەی ئەبێ ئاگای لە خۆی بێ. هەر ئەوەندە. جا، خانئاپۆ سەربردەکەی گێڕایەوە. مەدیار و حاجی حسێنی چارگوێشلی، کوشتاری ڕان و جەندەرمەکان. نادعەلی و ئەسپ و تفەنگ:

ـ خۆت باشتر ئەزانی، پێشهاتە ئیتر. هەندێ جار مرۆڤ بە بێ ئەوەی بیری لێکردبێتەوە، دێتە ڕێی!

ئەیزانی. خۆی ئەیزانی:

ـ ئێستە بە دوایەوەن؟

ـ هەن، بەڵام بابەتەکە هێشتا بە تەواوەتی دەرنەکەوتووە. واتە ئەوەندە ئاشکرا نەبووە. بەڵام وایە ئیتر، مرۆڤ ئەوکاتەی کارێک ئەکات، سێبەری دوژمنەکەی هەمیشە بە دوای خۆیەوە ئەبینێ!

ـ لە کەیەوە لە ڕەوەند دابڕاوە؟

ـ لە کاتی ڕەوەکەوە. لە چەمی شۆڕاو هاتین بەرەو ئێرە. ئەویش جیا بوویەوە.

خانمحەمەد، تاوێک ڕاما و چووە ناو خۆیەوە. پاشان، سەری لە ناو تان و پۆی بیر و خەیاڵ دەرهێنا و بە بێ ئەوەی سەیری کەس بکات، چاوی لە عەرزەکە، پرسیاری کرد:

ـ تەنها بوو؟

پێکەنینێکی ئەستوور، ڕوخساری بیابانی خانئاپۆی کردەوە و بە کپی وتی:

ـ نا! تەنها، نەء!

خانمحەمەد، لە گومانی خۆیدا، چیرۆکەکەی تا کۆتای لێکدایەوە:

ـ ئەی بۆ تەنها بە ناوی ئەوەوە تەواو بووە؟!

مایەیەکی بەدبینی لە پرسیارەکەی خانمحەمەد دا حەشار درابوو، لەم نێوانەدا خانئاپۆ ئەبوا ئەم دڕدۆنگیەی خانمحەمەد بڕەوێنێتەوە و بە بێ ئەوەی توورە ببێ وەڵام بداتەوە. بۆیە، وتی:

ـ نەک تەنها بەناوی ئەوەوە تەواو بووبێ، نا! کار کاری هەمووومان بووە. هەمووومان. ئەو شەوە تەنها باوکت و بەگمحەمەد لە ڕەوەند نەبوون.

خانمحەمەد پرسی:

ـ نازانن هەواڵەکە لە کوێوە چوەتە دەرەوە؟
ـ هێشتا ڕوون نییە. نازانین.
ـ گومانیان لە ئێمە کردووە؟
ـ کردوویانە.
ـ باشە ئەی بۆچی بە تەنها گوڵمحەمەد سێبەری دوژمنەکەی بە پشت سەرییەوە ئەبینیٚ؟ بۆچی بە تەنها ئەو؟!
خانئاپۆ، لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی ئەدا تووڕەییەکەی خۆی بشارێتەوە، وتی:
ـ من تیا ماومەتەوە بۆچی هەمووتان خراپ بیر ئەکەنەوە؟! وای دەرئەخەی، تۆیش پێت وایە من براکەتم بەتەنها بەجیٚ هێشتووە. نا، بەرخەکەم، نا. ئەوە تەنها گوڵمحەمەد نییە سێبەری دوژمن بە دوای خۆیەوە ئەبینی. منیش ئەیبینم. بەڵام من پێستم لەو ئەستوورترە. هەر ئەوەندە! من و گوڵمحەمەد لەم شەوانەدا ئەبوا یەکدی ببینین. لێرە هەموو نیگەران بوون. هێشتاش نیگەرانن. ئەوەبوو کە من هاتم. لە تاریکی شەودا هاتووم و لە تاریکی شەویشدا ئەڕۆم. تۆیش پێویست ناکا زمانت لەگەڵ باوکت بکەی بەیەک!
ـ من لە کویٚ باوکمم بینیوە، خانئاپۆ؟!
ـ ئاخر هەر دووکتان بە جۆرێک سەیرم ئەکەن! من حەزم لەو جۆرە توانج و ئەو جۆرە نیگایانە نییە، تێگەیشتی؟! ئا. تۆزیٚ ئاگامان لە جۆری وتووێژەکانمان بیٚ باشترە! زمانم لاڵ، ئێمە هێشتا باوک و برا و فرزەندین. بە چ ئاقارێکدا ئاراستەتان ئەکەن؟! لەوە ئەترسم بەو خەیاڵە خاوەتان وابزانن خانئاپۆ داوی بۆ گوڵمحەمەد ناوەتەوە! ئەریٚ، ئیتر. بۆچی ئەترسن ئەوەی لە مێشکتان دایە، بە ئاشکرا دەری ببڕن؟! بیڵێن ئیتر! ئا بڵقیس تۆ بۆ لاڵ بوویت و هیچ ناڵێی؟! تۆ خۆ لە سەرەتا تا کۆتایی لەگەڵی بووی و بەشدار بووی! دە دەم بکەرەوە و جارێک و بۆ هەمیشە، ڕاستی ڕووداوەکەیان بۆ بگێڕەوە! دەبیلیٚ دەی. لە کیٚ ئەترسی؟!

بڵقیس، بەس خەریکی چا تێکردنی خۆی بوو.

خانمحەمەد، بۆ ئەوەی خۆی بپەڕێنێتەوە، بە نەرمی وتی:

ــ ئەو شەوە یان بەیانی ئەو شەوە، کێ ئێوەی بینیووە؟

بڵقیس هێنایەوە بیری خۆی:

ــ شەیدای بوندار. خاڵە مەندەلوو. عەلیئەکبەری کوڕی پوورت، کوڕی حاجی پەسەند.

ــ ئەمانە بۆچی لێرەبوون؟!

ــ نەبوون، هاتن! تا براکەت و مامت جەندەرمەکانیان برد، ئەم سییانە گەیشتنە بەر ڕەشماڵ.

ــ بۆ چ کارێک هاتبوون ئاخر؟!

ــ شەیدای بوندار وشترەکانی هێنابوو بۆ دارکێشان لەگەڵ بادی یەکیان بخات. خاڵە مەندەلوو شەیدای لە قەڵاچیمەنەوە هێنابوو. عەلیئەکبەری حاجی پەسەندیش هاتبوو من ببات بۆ قەڵات، ئەیویست کچەکەی بدا بە کوڕی بوندار. پوورت وەڵامی...

خانمحەمەد، قسەکەی دایکی بڕی:

ــ پورم! پوورزام! ئەو پوورزایەی من گازی لە مەمکی دایکی گرتووە، تۆیش ڕۆیشتی؟

ــ نەء! من لە کوێوە ئەمتوانی بڕۆم؟!

خانئاپۆ وتی:

ــ ئەو شەوەیش کە لە کۆخەکەی خاڵە مەندەلوو بووین. کوڕی مەندەلوو و پینەچییەکە هاتن.

ــ ئەوان ئیتر لە کوێوە هەڵقولان؟

ــ چووزانم؟ خەڵکی لە هەموو شوێن هەن. بەرەجەژنان بوو و مووسا هاتبوو بۆ سەردانی باوکی. ئەوان وتیان عەلی ئەشکین و جەندەرمەکانی هاتوون بۆ ڕەوەند بە دوامانداد.

بڵقیس وتی:

ــ هەمان ئەو شەوە، ئەو شەوەی جەندەرمەکان هاتبوون، یەکێکی تریش هات. وتی فەرمانبەری داراییە و لە هاوکارەکانی

دابڕاوه. سەرما گۆچی کردبوو و له گۆی خستبوو. بەڵام پاشتر کە لای ئاگرەکە گەرمی بوویەوە، بۆ شەیدای بوندار و خاڵە مەندەلوو و کوڕی پوورتی باسکرد لەگەڵ جەندەرمەکان بووه و ونی کردوون.

خانمحەمەد گفتوگۆکەی کورت کردەوە. ئەوەی کە پێویست بوو، دەسگیری ببوو. پیاڵە چاکەی هێنایە بەرەوە و، وەک بڵێی لەگەڵ خۆی وتی:

ـ بیسمیلا! هێشتا دوو ڕۆژ نییە لە پشت ئەو دیوارانە هاتوومەتە دەرەوە. دڵم خۆش کردبوو، ئەموت دارەکەم هەڵئەگرم و ئەکەومە دوای پەزەکانم. پەکوو!

شوانی!

ڕێ پێوانی شوان، ڕیتم و هەوایەکی تری هەیە. بە زۆری، ئارام و قورس و لەسەرخۆیە. شوان، بە دەم لەوەڕاندنەوە ئەڕوا بەڕێدا. تەنانەت ئەو کاتەش کە ڕان بەرەو ئاو ئەبێتەوە، یان بۆ چەپەر و حەشار ئەڕوا، شوان بەس تۆزقاڵێک پێ هەڵئەگرێ. ئەگەر بڕێک لنگی درێژ بێ پێویست بەو خێراکردنەش ناکات. شوان تەنها کاتێک ناچاری پێ هەڵگرتن و بزاوتنی لەش و لاقە کە بیەوێ ڕانەکەی لە چەمێک، زێیەک یان لافاوێک دەرباز بکات. کاتی ڕەهێڵەی شەستەبارانی بەهارە بە سەر بناردا. یان بە زستان، کاتێک گەلە گورگێک بە جارێک و بە بێ هەوا پەلاماری ڕانەکە ئەدا. ئا لەم کاتانە دایە کە هەموو ساتە خاو و خەوتووەکانی ژیان، لە لەش و گیانی شواندا هەڵئەقوڵێ و ئەبێ بە بڵێسە. هەروەها لەو تەنگانەیەدایە کە شوان یەکپارچە ئەبێ بە خرۆش و ڕق و پاڵەوانی و وره. دار بە سەر دەستیەوە وەکوو مارێک ئەکەوێتە گەڕان و قاچەکانی، بەلەزتر لە قاچی ئاسک ئەکەونە گەڕ. زمانی کەم دوو و کەم بێژ، ئەو زمانە بەستراو و خامۆشە، ئەبێ بە هاوار و، نەعرەتەی تا دوا هەناسە دێ بە یارمەتیەوە. جەربەزە و شارەزایی شاراوە، ڕائەبێت، ئاشکرا ئەبێت. پەیوەندی و

خۆشەویستی بەرامبەر بە پەز، ئەبێ بە خرۆش و، هەروەها لەش و گیانی یەکپارچە ئەبێ بە شێر و شمشێر. بە بێ سڵەمینەوە لە کوشتن و مردن، داژوێ. خۆی هەڵئەدا بە سەر گورگدا و بە سووڕانێک ئامبازی گورگ ئەبێ. خۆی لە خرۆشی جەنگدا لە بیر ئەکات. خۆی ئەبێ بەگورگێکی دڕ و، زۆرجاران پاش ڕاونانی گورگ، ئارام ئەبێ و لە تەنهایی خۆیدا، سەری لە خۆی سووڕ ئەمێنێ: تۆ بڵێی ئەوە من بووبێتم؟! خۆم بووم؟ من، بەو چالاکی و دلاوەرییە؟ پیاوێک و کڵاوێک و دارێک و توورەکەیەک؟! نەء! باوەڕکردنی دژوارە!

ئێستا هەرچەند، نە گورگ لە ڕانەکەی سەبرخانی دابوو و نە ڕانەکەی لەمەترسی پەلاماری لافاودا بوو، کەچی، شوانە بەپەلە بوو و فڕکەی ئەکرد. لەشی باریک و کشاوی، لە باڵی تەڕی شەوەوە ئالاندبوو و هەنگاوی ئەنا. تەتەری شەوانە، تۆزێ بۆ پێشەوە چەمابۆوە، باران و شەوەزەنگی بە سینە و شان شەق ئەکرد و زەوی قوڕ و هەڵەمووتی بە چالاکی ئاسکێک تێئەپەڕاند و لە پێ هەڵخلیسانی جارجارەدا دەستەکانی ڕائەوەشاند و لەنگەری ئەگرت. ڕاست ئەبوویەوە و درێژەی بە ڕۆیشتن ئەدا. چ ناکات و چەند بە پەلە! ئەبێ چی ڕووی دابێ؟ نیگای تۆقاو و پرسێنەری کەلمیشیەکان، سەرتاپای خووساوی سەبراوی نەئەدی. بەس بیری لەوە ئەکردەوە:

«چی ڕووی داوە؟!»

ــ هیچ. هیچ نەبووە. گوڵمحەمەد هاتووە بۆ لای ڕان. وتی بێم هەواڵی ئێرە بزانم!

ــ تەندرووستە؟

ــ بۆچی نەبێ؟

ــ بۆ دانانیشی؟

سەبرخان ئەژنۆی چەماندەوە و دانیشت و بەرخۆلە تازە زاوەکەی لە بن باڵی چۆخەکەی هێنایە دەرەوە و لای ناوگۆرکی

ئاگرەکە، لە سەر ڕانی داینا:

ـ هی مەڕە گێژی گوڵمحەمەدە، خۆی وتی بیهێنم بۆ ئێرە.

بەرخەکە یەکپارچە ڕەش بوو. تەنها قەپۆز و گوێ کورتەکانی سپی ئەکردەوە. لەشی نەرمی بەرخەکە بە خورییەکی کورت و لوول داپۆشرابوو. بلّقیس بەرخۆلەکەی لە دەستی سەبراو وەرگرت و بە کۆشی کراسەکەی وشکی کردەوە و وتی:

ـ نەشتوتایەت، بە قەپۆز و ناوچەوانیا دیارە هی مەڕە گێژی گوڵمحەمەدە، لە دەوری گەڕێم.

هەڵسان. لە پێش هەموویانەوە خانمحەمەد. پاشان خانئاپۆ و بەگمحەمەد. بە دوایاندا کەلمیشی، لەگەڵ بلّقیس. سەبراویش هەڵسا. پرسیارێک لە ئارادا بوو:

«کێ نابێ بڕوات!»

تۆ نابێ، بابە!

بۆ؟

جەوانەکان خۆ نەمردوون! ڕان لە کوێیە سەبرخان؟

پێکەوە ئەڕۆین.

نا، سەبرخان، تۆ لێرە بە، گیانت خووساوە، دارەکەت بدە بە ئەو، نۆرەیەتی.

تۆیش خانمحەمەد، نابێ بێی! تازە گەیشتوویتە بەرەوە، گیانت شەکەتی ڕێیە. من ئەڕۆم و بەگمحەمەد.

شەو و باران، مەگەر بۆ من نۆبەرەیە؟ یان کلّۆی خۆڵم لە بەر باران بتلّیسێمەوە؟ من ئەمەوێ براکەم ببینم.

براکەت بۆ ئەهێنم بۆ ئێرە. لەوە زیاتریش لە سەری مەڕۆ، مامە گیان!

خۆم پێ ڕاناگیرێ، خانئاپۆ. دێم. شەو بەری دوورە و زەویش بەری تەنگ نییە.

تۆ لای باوکت بە، یەکتان هەمیشە ئەبێ لەبەرچاوی بێ.

بۆ ئەوەندە پێدائەگری خانئاپۆ؟ مەگەر جەنگە؟!

لاساری مەکە خانمحەمەد، جەنگ خۆ ئاگادارت ناکاتەوە!
رازێک لە زمانتدا هەیە، خانئاپۆ. بۆیەشە ئەبێ بێم!
ئاخ... لە چاوسووری تۆ، خانمحەمەد!

دار و نان و توورەکە، کڵاو و جەوەنە و لباد، پێڵاو و پووزەوانە: بەگمحەمەد لە ڕەشماڵ هاتە دەرەوە.

خەنجەر و پشتوێن، کڵاو و مەچەک پێچ ، بڕناو و لۆخەندان. خانئاپۆ، لە ڕەشماڵ هاتە دەرەوە.

چۆخە و مێزەر، قایش و گەزلک، پێڵاو و بەرەک: خانمحەمەد لە ڕەشماڵ هاتە دەرەوە.

پیاوان لە بن تاقی ئاسماندا، باران و شەوی نووتەک. بلقیس، لە بەردەمی کەلمیشی و سەبرخاندا ڕۆیشتنی پیاوەکانیان سەیرکرد. سواران. دوو ئەسپ و وشترێک، باران ئەبێ خاوی بکاتەوە، ئاسمان ئەبێ بیکاتەوە. بەتاڵ ببێ. بەهارە ئیتر. تاو تاوە. ڕەهێڵەیە، ئەبارێ و ئەبڕێ و ئاسمان، ئاسمانی کەلیدەرە. ناوچەوانی تێک ئەنێ. ئەتریشقێنێ، خامۆش ئەبێ و، ئەوسا دائەکاتەوە. سروەی شۆراو و خاوێن، بە بنار و شیو و لاپاڵدا.

بنوارە ڕانەکە، یەکپارچەییان لێک بڵاو ئەبێ. لێک دائەبڕێ. خەرمانەی گوڵێک کە ئەپشکوێ و ئەکرێتەوە. خۆیان ڕائەشەکێنن و دڵۆپاوی خوری و موویان بە سەر عەرزی تەڕا ئەپرژێنن و بەرەو گیای پاراو ئەچن. لێو و ددان بۆ گیای نەرم، لەوەڕی شەوانە.

بەڵام پیاوی پەز، شوانی ڕان کوا؟ گوڵمحەمەد، ئەبوا خۆی لە چاوان داشاردبێ! بێگومان، ئەگەر پیاوی جەنگە، ئەبێ پیاوی هۆشیش بێ. برازای خانئاپۆ، ئەبێ شتێکی لە مامی خۆی پێ‌بێ. دڵنیا خۆی لە پەنایەکدا حەشار داوە. بۆنی ئاشنا، هەنگاوی ئاشنا لە عەرز هەڵئەقوڵێ. سەیری بکە!

ـ ئەوەتانێ، لە بن پێی خۆمان بووە و نەماندیوە! بڵێ بزانم لە دوورەوە نەتناسینەوە؟

ـ بەو شەوە، چۆنتان بناسمەوە؟! ڕەشایی لە شەودا ونە.

دەنگتان ئاشنابوو. پاشانیش بادی. بەگمحەمەد ڕانەکە بڵاو نەبێتەوە!

بەگمحەمەد، ڕۆیشت بە دوای ڕانەکەدا. گوڵمحەمەد دەسکەوساری لە دارەکە کردەوە. خان‌ئاپۆ دەستی دا بە شانی گوڵمحەمەددا و وتی:

ـ ئەڵێی چاوم درۆ ناکا. جلەکانت وشکە. مەگەر لە بن باران نەبووی تۆ؟!

ـ چۆن نەبووم.

ـ ئەگەر وابێ لە بن ورگی مەڕەکاندا خۆت داشاردووە؟

ـ بەرخم یان کار؟

ـ ئەی چی مامەگیان، مووزات ئەکەی؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ چیرۆکی کوڕە کەچەڵەت نەبیستووە؟ ئەگێڕنەوە، لە ڕۆژگاری زۆر کۆندا، کەچەڵێکی عاشقی کچی پادشا بووە. یەکێک لە مەرجەکانی پاشا بۆ داواکارانی کچەکەی ئەوە بووە لە بەر باران بوەستن و تەڕ نەبن. کەچەڵ مەرجەکە پەسەند ئەکا و ئەچێتە بەر باران. بەیانی ڕۆژ شەیتانی شا -کە پێم وابێ هەمان وەزیرەکەی بووە- ئەچێتە سەری و ئەبینێ جلەکانی کوڕە کەچەلە وشکی وشکە. وەزیر زۆر لە لای سەیر ئەبێ و ڕازەکەی لە کوڕە کەچەڵ ئەپرسێ. بەڵام کەچەڵ ئەڵێ بە مەرجێک ئەیلێم کە بمبەی بۆ لای پادشا، لەوێ ڕازەکە ئاشکرا ئەکەم. وەزیر ناچار ئەبێ کوڕە کەچەڵە ببا بۆ لای پادشا.

ـ دەی؟ کەچەڵە ئەڵێ چی؟

پێکەنینێکی ئارم خزایە بن پێستی گوڵمحەمەد:

ـ خۆ بەو ئاسانیانە نییە. جارێ بمبەن بۆ بن ڕەشماڵەکان، لەوێ ڕازەکەتان لەلا ئاشکرا ئەکەم!

تا ئەم کاتە، شان بە شانی بادی، خانمحەمەد خامۆش بوو و بە دوای پێکەنینی براکەیدا، تامەزرۆی دیدار، وەکوو شێت خۆی

هەڵدا و باوەشی پیاکرد و توند گوشای بە سینەیدا و شۆخ و شەنگ وتی:

ــ کوڕی قۆز، بەردیش لە ئاسمانەوە بباریێ، گاڵتە و پێکەنینەکەی لە بیر ناکات!... دەی بڵێ بزانم، لەگەڵ ئەم ئاوارەییە چۆنی؟

ــ چۆن بم، باشە؟! باشم! دنیا خۆ یەکی ناکەوێ. هەر ئەگوزەرێ و منیش هەروەها؛ ئەگوزەرم! تۆچی؟ حەپسەکەت تەواوکرد؟

ــ خۆی تەواو بوو، کۆتایی هات.

خانئاپۆ هەم نەیتوانی پێکەنینەکەی ڕابگرێ؛ هەمیش لە بەرامبەر نیگای گوڵمحەمەددا خۆی پێ ڕانەگیرا و دای لە قاقای پێکەنین:

ــ کۆتایی هات؟!

گوڵمحەمەدیش پێکەنی و دەنگی قاقایان یەکی گرتەوە. ئاسمان پڕ بە خۆی جێگەی هەموو پێکەنینێکی تیا ئەبوویەوە. بەڵام خانمحەمەد خامۆش بوو: ئەم پێکەنینانە ئەبێ ڕازێکی تیابێ!

ــ ئا؟ پێکەنینی هەیە؟!

پێکەنینیان وردە وردە دامرکایەوە. ڕەنگە چاوەکانی خانئاپۆ، وەک هەمیشە، ئاوی تێزابوو. بەڵام خانمحەمەد، نەی ئەتوانی بەو شەوە چاوە تەڕەکانی ببینێ. گوڵمحەمەد، هەناسەی ئارام کرد و وتی:

ــ نا کاکە گیان، کۆتایی نەهاتووە. گومانم وایە تازە گەیشتۆتە سەرەتاکەی!

خانئاپۆ، قسەکەی گوڵمحەمەدی تەواو کرد:

ــ ئەویش، ڕەنگە تازە گەیشتبێتە سەرەتاکەی!

خانمحەمەد، بە بێ مەبەست سەری ڕاوەشاند و وتی:

ــ ئا... ئا... تازە خەریکم تێ ئەگەم. ئا... دەی، نەکا ئێوە

خەیاڵ داویە لە سەرتان؟
گوڵمحەمەد وتی:
ـ زۆریش بێخەیاڵ نین.
خانئاپۆ، وتی
ـ خەیاڵیان بە زۆر خنیوە بە مێشکماندا، مامەگیان.
خانمحەمەد، وتی:
ـ ئەرێ... تێ ئەگەم. ئەڵێی چی جا!
خانمحەمەد، بێدەنگ بوو. چونکە لەوە زیاتر لە واتای نیگاکانی مامە و براکەی تێ نەئەگەیشت چی بەیەک ئەڵێن. ئەمانە؟ بە لای ناخێرییەوە ئەوە شەوی دووەمە کابرا، لە ئاسمانی ئازادا هەوا هەڵئەمژێ. بەڵام... چییان لە بن سەردا بوو، ئەمانە؟ ئای... ئاخ... ئەم ژیانە بۆ دەرفەت نادات؟
ـ سواری وشترەکە ئەبی کاکە، یان شەودێز؟
خانئاپۆ، لە ئەسپە کوێتی خۆی سوار ببوو. گوڵمحەمەد، پێی لە ئاوزەنگی نا و خانمحەمەد، بە ملی وشترەکەدا هەڵگەڕا. لای ڕانەکە، بەگمحەمەد دارەکەی بە نیشانەی خواحافیزی بەرزکردەوە. گوڵمحەمەدیش دەستی بۆ براکەی ڕاوەشاند و، خانئاپۆ هاواری کرد:
ـ بەیانی لای نیوەڕۆ، ڕانەکە بهێنە بەرەو هەوار.
بەگمحەمەد بیستی و ڕووی وەرگێڕا. ڕەنگە تاوێکی تر سوارەکان، لە ناو شەودا ون ئەبوون. لە شەو و لە بیاباندا. خامۆشی و سروەی شێداری شەوانە. سروەی پاش وەشت. سمی ئەسپان لە سەر قوڕ و بەرد. هەناسەی بەگوڕی ئەسپەکان. خامۆشی پیاوەکان. سەراسێی ناو خۆ. تەنها؛ هەر کامیان. گرێی ژیان. بیر بە کام لادا پەل ئەهاوێ؟
ـ ئاخرەکەشی، سەربردەکەی کوڕە کەچەڵەت تەواو نەکرد؟!
پێ ئەچوو خانمحەمەد بێئوقرەیە. دیاربوو نائارامیەکەی لە بێئاگا بوونەوەیە. لە نەزانینەوە. لای ڕوون نەبوو لە نەبوونیدا،

چی ڕووی داوە. بۆیەش بوو، پێی لە سەر خاکێک دائەنا کە نەی ئەناسی. قووڵکەیەک، داوێک، تەنگانەیەک! ژیان، خۆ لە پێشەوە تەتەر نانێری؟ ڕەنگە هەر ئەم کاتەی کە تۆ ئەڕۆیت، تەنها تۆیت و بیابان و ئاسمان، هەندێ چاو -بە بێ ئەوەی خۆت بزانی- چاویان لێتە! داویان، ڕەنگە لە سەر ڕێت داناوەتەوە. شتێک، ڕەنگە ترس، لە دەروونتدا خۆی مەڵاس دابێ. ترسێک، کە لەپڕ سەر دەربهێنێ و بە دوای خۆیدا، سایەی دڕدۆنگی بە سەر گیانتدا زاڵ بکات. دڕدۆنگی، ڕەنگە! تاریکی بیر. نازانیێ، بۆیە ئەترسێ. هەراسێکی ئاڵۆزتر. ناڕوونی دیاردەکان، لە ناوەوە و لە دەرەوە ئازارت ئەدا. شتێک، کەسێک وەکوو خانمحەمەدی!

ــ پێم بڵێن، هیچی وا هەیە و لە منی ئەشارنەوە؟

گوڵمحەمەد بە مامی وت:

ــ بۆی بڵێ!

خانئاپۆ. سەیری خانمحەمەدی کرد و وتی:

ــ بۆم وتووە، ئەو نیگەرانی تۆ بوو و منیش پێموت ڕەنگە چووبێتی بۆ مەشهەد.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ جا هەر واش بوو. لە شۆراوەوە کەوتمە ڕێ و چووم بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا. لە گەڕانەوەشدا چووم بۆ قەڵاتی خوێناڵ، بۆ لای کوڕی پوورم. لە هەموو شوێنێک باس باسی ئەو ڕووداوەیە.

خانمحەمەد پرسی:

ــ کامە ڕووداو؟

ــ ئەو دوو جەندەرمەیەی کە شوانەکان کوشتویانن.

گوڵمحەمەد سەیری خانئاپۆی کرد. خانئاپۆ پێکەنینەکەی لە ناو سینەیدا خنکاند و وتی:

ــ ئەو چیرۆکە بە گوێی منیش ئاشنایە!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ وا دیارە پێشتر بیستووتە؟!

دووپیاو، بەجارێک، دایان لە قاقای پێکەنین.
خانمحەمەد وتی:
ــ بە شاکارەکەی خۆتان پێ ئەکەنن؟! من ئەمەوێ بزانم دواتر چی ڕووی داوە؟ بۆم بگێڕەوە گوڵمحەمەد! بۆ خۆت ئەشاریتەوە؟ ئایە، ناسراویت؟ بە دواتەوەن؟ یان...
ــ ناسراوی ناسراو، نا. بەڵام بە دوامەوەن. لە قەڵات، لە ماڵی عەلیئەکبەر، جەندەرمەکانیش لەوێ بوون و پرس و جۆیان ئەکرد. پاشان کە چووم بۆ قەڵاچیمەنیش بابقولی بوندار وتی جەندەرمەکان لە هەموو شوێنێک بە دوامدا ئەگەڕێن.
خانمحەمەد، بە سەرسووڕمان و گومانەوە، پرسیاری کرد:
ــ تۆ چووبووی بۆ ماڵی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند؟! لەوێشەوە چووی بۆ قەڵاچیمەن، بۆ لای بابقولی بوندار؟!
گوڵمحەمەد، وتی:
ــ وایە، بەڵام بۆچی؟
خانمحەمەد وتی:
ــ تۆ لە ماڵی عەلیئەکبەر بووی، ئەوکاتەی جەندەرمەکان لە قەڵات ئەگەڕان؟
ــ بەڵێ. عەلیئەکبەر بڵێی نەڵێی شاردمیەوە، بەڵام هیچی نەوت و وای دەرخست ئاگای لە کاری من نییە!
خانمحەمەد، لە بن ددانەوە وتی:
ــ ماری دوو سەر!
ــ بۆچی، ماری دوو سەر؟!
خانمحەمەد وتی:
ــ ئەو عەلیئەکبەرەی من ئەیناسم، نەیویستووە تۆ لە ناو ماڵەکەی ئەودا تووش ببی. ئەگەر لە تۆڵەی دوایی نەترسایەت، دڵنیابە تەنها ساتێکیش ڕانەئەوەستا و ئەتیدا بە دەس جەندەرمەکانەوە!
ــ تۆ بۆ ئەوەندە دڵنیایت؟

ـ من عەلیئەکبەری حاجی پەسەند باشتر ئەناسم. دەی، جاریٚ بلٚیٚ با بزانم ئەو زانی کە تۆ دێیتەوە بۆ هەوارگە؟

ـ وابزانم. وابزانم زانی، بەڵام ئاشکرای نەکرد. نەی پرسی!

ـ ئیتر بۆ چووی بۆ قەڵاچیمەن؟ بۆ لای ئەو گەووادە بۆ چووی؟!

ـ سەبارەت بە قەرزەکەمان. ڕۆیشتم بەڵکوو وادەی قەرزەکەی پێبخەمە دواوە. چارەم نەبوو. ماڵی عەلیئەکبەریش هەربۆ ئەوە چوو بووم. چونکە ئەو لە نێوانماندا بووە. شتێکی وەکوو شایەت...

خانمحەمەد، ئارام بوو.

گوڵمحەمەد، پاش ڕامانێکی کورت، وتی:

ـ بۆ خۆم بینیم. لە کونی دیوارەکەوە ڕوخساریم بینی.

ـ روخساری کێ؟

ـ سەرکار عەلی ئەشکین، جارێکیش هاتبوو بۆ لای ڕەوەند. بەڵام بەر لەوە کوڕی مەلا میعراج هەواڵی بۆ هێناین و ئێمە دامان بە بیاباندا. هەر ئەو ڕۆژە شەبڵاخەیەکی لە باوکیشم دابوو و ڕووبەندەکەی دایکیشمی داگرتبوو. وانیە خانئاپۆ؟

خانئاپۆ، وتی:

ـ بەو جۆرەبوو کە گوڵمحەمەد ئەیگێڕێتەوە. ئێمە پاشتر زانیمان.

گوڵمحەمەد، وتی:

ـ بەڵام باڵایەکی هەیە ئەم ئەشکینە! بەسوار ئەسپەکەیەوە: چ سامێکی هەبوو، ماشەڵڵا. پیاوێکی پیاوانەم هاتە پێش چاو. لە شیرەییەکان نییە، ڕەنگ و ڕوویەکی هەیە. زۆریش تۆکمە و قیت و قنج لە سەر ئەسپەکەی دانیشتبوو، پێموانییە بەس پیاوی هووشە و فیشاڵ بێ. لە پیاوێکی کارا ئەچوو. ناوشان پان و گەردنێکی ڕەختەی هەبوو، ڕەپ ڕایگرتبوو.

خانمحەمەد، کە گومانێکی لە مێشکیدا تاوتوێ ئەکرد،

پرسی:

ــ تۆ کەی لە قەڵات دەرکەوتی؟ چ کات؟

گوڵمحەمەد، وەڵامی دایەوە:

ــ بە دوای ئەواندا. ئەشکین و سوارەکانی بەرەو حەسەناوا ڕۆیشتن و من بەرەو قەڵاچیمەن. من، دام بە لاڕێدا، بەشەو گەیشتمە ماڵی بوندار. وتووێژمان تەواوکرد و من هەڵسام. ئەمویست سەرێک لە ماڵی شێرۆ بدەم، بەڵام دڵم ڕازی نەبوو. دام بە کێوەکانی باغجەردا. شەو لای سەرەوەی جولێن مامەوە و دەمە و بەیان کەوتمە ڕێ. بە لاڕێدا هاتم تا چاخانەی سوڵتاناوا. لەوێ قۆرییەک چا و سێ هێلکەم خوارد و کەوتمەوە ڕێ. لە نیوەی ڕێ باران وتی بگرە هاتم؛ کۆتای!

خانمحەمەد، وتی:

ــ ئەترسم!

ــ لە چی ئەترسی؟!

ــ لەو دوو دانە دووپشکە! لە کوڕی حاجی پەسەند و لە بابقولی بوندار. خۆزگە نەچوایەتی بۆ لایان، برام!

ــ نەئەکرا نەچم، کاکەگیان! بەڵام تۆ بۆ ئەبێ بترسی؟!

ــ کوڕی حاجی پەسەند ئەزانێ من لێیخۆش نابم، بۆیە لەوە ئەترسم ئەو پێشدەستی بکات. ئەترسم عەلیئەکبەر، پێشتر دەستی خۆیمان لێ بوەشێنێ. بونداریش پیاوێکی فێڵەبازە و ئەبێ خۆمانی لێ بپارێزین!

خانئاپۆ، کەوتە قسەکردن:

ــ تۆ هێشتاش لە سەر بابەتەکەی پردی هەورێشم لێی بە ڕقی؟

خانمحەمەد وتی:

ــ بەشێکی بابەتەکەی پردی هەورێشمە، ئەم حەپسە ئەوان دایان بە کۆڵی مندا. خۆیان کێشایەوە و پێی منیان خستە ناو تەڵەوە. بە ڕای تۆ من ئەبێ لەو جۆرە ئادەمیزادە ببوورم و دڵی

لەگەڵ پاک بکەمەوە؟ نەء! کوڕی حاجی پەسەند خۆشی ئەزانێ ئەمڕۆش نەتوانم، بەیانی هەر ئەچمە سەری و تۆڵەی خۆمی لێ ئەکەمەوە. کاتێکە من ئارام نابم و ناتوانم چاوپۆشی لێبکەم. بۆیەشە، لەوە ئەترسم کوڕی حاجی پەسەند دەسپێشخەری بکات!

خانئاپۆ کە دڕدۆنگ ببوو، وتی:

ـ زمانت مرۆڤ ئەترسێنێ. بلّێ بزانم کوڕی حاجی پەسەند چی لە دەس دێ؟

خانمحەمەد، ڕووی لە مامیکرد و وتی:

ـ لە خۆتم بیست کوڕی حاجی پەسەند لە ڕەوەند بووە.

ـ نەبوو، پاشتر هات.

ـ گریمان پاشتر هاتبێ. دوای کوشتارەکە. بەڵام عەلیئەکبەر هەستی ئەوەندە بەهێزە بۆنی کردبێ ئێوە ئەو کارەتان کردووە. من ئەیناسم. وەکوو تانجی ڕاوچی وایە!

ـ دەی، چیتر؟

ـ چیتر. کاتێکە هەستی کردبێ، واتە بەڵگەی بە دەستەوەیە و کەی بیەوێ بەکاری ئەهێنێ.

گفتوگۆکە بە وەڕینی سەگی هەوار بڕا.

بڵقیس، بۆ گوڵمحەمەدی لۆرک و کەرەی لە سەر سفرە ئامادە کردبوو. بەڵام گوڵمحەمەد بە چاک و چۆنیەک لە دایکی و باوکی تێپەڕی و ئەوانی بەجێ هێشت بۆ خانمحەمەد و یەکسەر چوو بۆ ڕەشماڵەکەی خۆی. خێوەتی نە هێڵ و هەراو کە نیوەی ساڵی پێشوو هەتا بەهار بە هاویاری ژنەکانی ڕەوەند چنرابوو. ڕەشماڵێکی تەنگەبەر، جێگەی دوو کەس.

ماراڵ، هەروا بێدار بوو. نەک خەوتبێت و ڕابووبێتەوە. نەء. تا هاتنی سەبرخان خۆی بە ئاگابوو و لە پاش ئەوەش نەیویستبوو بخەوێ. چاوەڕوانی گوڵمحەمەد نەی هێشتبوو خەو بچێتە چاوی. جگە لەمەش هۆی شەونخوونی زۆر بوو. دیدار نوێکردنەوە لەگەڵ

شێرۆ، هاتنەوەی خانمحەمەد، ژن و کوڕە لاڵەکەی خانمحەمەد و ئەو پەرێشانیە نامۆ و ئارامەی بە سەر یەک بە یەکی پیاوەکانی ڕەوەنددا زاڵ ببوو، خەوی لە هەمووان زڕاندبوو. لە بیر و خەیاڵی هەر کامیاندا ئەهاتن و ئەچوون. دوور و نزیک ئەبوونەوە. خەیاڵی تارمایی، تارمایی خەیاڵەکان ترسی ئەخستە دڵەوە و گیانەکان لە پەرێشانیدا باڵە فرتێیان بوو. لەم نێوانەدا، ماراڵ زیاتر هەستی بە پەرێشانی دڵی ئەکرد. ماراڵ ئەوسا شپزرە بوو و پەرێشانی باڵی بە سەردا کێشا، کە تێگەیشت پیاوەکەی وا خەریکە لە ژیانی ئەو هەڵئەکەنرێ! کە گوڵمحەمەدی لە سروشتی ژیانی ئەو دابڕاوە. لەو ئێوارەیەوە کە ڕەوەند بنەی لە لێڕی شۆراو بەرەو ئەملا خوارکردەوە. کە ڕەوەند ڕووی لە کەلیدەر کرد و گوڵمحەمەد بەرەو هەتاو. لەو ئێوارەیەوە، کات لە دووی کات شەڵەژانی ماراڵ پەرەی سەند؛ بە لەش و بە گیان پەرێشان بوو.

تۆوی گوڵمحەمەد لە ناو سکی ماراڵدا پێگەیشتبوو. ئەجووڵا و لەقەی ئەهاوێشت. ئەکرایەوە و گرمۆڵە ئەبوویەوە تۆپەڵە کەرەیەکی سست لە ناو مەشکەدا. هەرجارەی ماراڵ، لە پەنایەکی چۆڵدا، دەستی بە سەر ورگە نەرم و هەڵتۆقیوەکەیدا ئەهێنا، ئەیتوانی سەر و شان و ئانیشکی لە منداڵدانیدا هەست پێ بکا. ئەیتوانی بزانێ ئەوا بەلادا کەوتووە یان بە بارێکی تردا. دەنگی نەرمی پلی کۆرپەکەی هەست پێ ئەکرد. جار وەکوو جوانووە ئەسپێک لەقەی ئەخست و تاوێکیتر وەک بەرخۆڵەیەکی تێر شیرکراو، لێی ئەخەوت و لە جووڵە ئەکەوت. ئەمە، پارەیەکی لەشی گوڵمحەمەد بوو کە تاو نە تاوێک لە دەروونیدا ئەجووڵا. ژانی گوڵمحەمەد بوو. ژان، بەڵام تاڵ نەبوو. بەڵام ئەو ژانەی دڵی ئەهەژاند و پەرێشانی ئەکرد، یاد و بیری گوڵمحەمەد بوو. ترس و دڵەڕاوکەی بەردەوام. ئەو شتەی کە هەموو کاتێک ئەیگەست. دڵی ئاخنراوی دڵە لەرزێ. شەپۆل شەپۆلی خەونی هەراسانکەر: «ئەو لە کوێیە؟ چی ئەکات؟ بە چ کارێک هەڵئەسێت.

چی ئەقەومیٚ؟ نەهاتەوە! دیسانەوەش نەهاتەوە؟ ئەگەر ئەیەویٚ بێتەوە، ئەی کەی؟»

بەڵام غەمی گوڵمحەمەد، خۆ تەنها ماراڵ نەبوو تا بتوانیٚ لەگەڵ یەکێکیتر باسی بکات. غەمیگوڵمحەمەد، غەمێکیتریش بوو. غەمی ئەوانی تریش بوو. غەمی گوڵمحەمەد، غەمی هەموان بوو. غەمێکی ماراڵە، ئەوی دی زیوەر. یەک بڵقیسە و یەکێکیدی کەلمیشی. پەیوەندیەکە بەرفرەترە. پەڕەگرە. خوشکە، برایە، خاڵۆ و مام و ئامۆزایە و... هەموویانن و هەر کامەشیان بە ڕادەیەک و بە ئەندازەیەک بە گوڵمحەمەدەوە گرێدراون و بە شێوەیەک یار و کەسین. بۆیە لەمناوەدا ماراڵیش یەکێکە لە هەموان. هەرچەند یەکێک لە ئازیزترینەکان، کۆرپەی ناو منداڵدانی ماراڵ، لە گوڵمحەمەدی نزیکتر ئەکاتەوە؛ بەڵام دووری ئەوانیتریش لە گوڵمحەمەد ئەوەندە نییە کە بتوانیٚ بیانکات بە گویٚ و دەردی دڵی لیٚ ببسن:

«بۆیە، عەشق و ڕەنجت بەو ڕادەیە دەربخە کە پەڕەی ناسکی، دڵی کەسیان نەڕووشێنیٚ!»

ــ ژانت هەیە؟

ــ نا، نا، هیچی وانییە!

ماراڵ و گوڵمحەمەد، لە ناو جێگە دانیشتبوون. تیشکی فانۆس کزبوو. لەگەڵ ئەو هەموو وشیارییەشدا نیگایەکیتر ئەیتوانی ژن و شوو ببینی کە چەند میهرەبان بەڵام نە زۆر نزیک، دانیشتوون و بە دەنگێکی کپ وتووێژ ئەکەن. چاوە تیژەکانی شێرۆ ئەیتوانی ببینیٚ کە ماراڵ ئاسوودە نییە. هەر بۆیەش بوو قاچی ڕاکێشابوو و دەستەکانی لە پشتەوە کردبوو بە کۆڵەکەی لەشی و مەمکە قەڵەو و خڕەکەی بە سەر شیوی ورگیدا دابەزیبوو. ئەو مەمکانەی ئەڵێی گوانی ڕەسەنترین مانگای بەشیرە و ئەڵێی ئەیەویٚ شیر بە هەموو مناڵەکانی بیابان بدات. مەمکی دایکانە.

هەوای کەلیدەر هێشتاش کزەی مابوو، کەچی سەرەڕای

ئەمەش ماراڵ هەستی بە گەرما ئەکرد. باڵەکانی سەرپۆشەکەی، دابوو بە تەختی ناوشانی‌دا و چەپکەی قژی لە پەنای گوێی‌دا گرێ دابوو. لەشی لە هەمیشە گەرمتر و هەناسەی سواربوو. دەمی وشک و دڵی تۆزێک توندتر لێی‌ئەدا. گوڵمحەمەد، شانی ژنەی گووشا بە سینگیا و پاشان خەواندی. سەری برێک بەرزکردەوە و خۆی لە لایەوە ئانیشکی دادا و لاجانگی نایە سەر مشتە قووچاوەکەی، بە شێوەیەک کە ڕووی لە ڕوخساری ماراڵ بێ. بەو جۆرە، ئاسوودەتر بوون. ماراڵ، ئەگەر بیویستایەت ئەیتوانی لە سەر لا پاڵ بکەوێ. باشتریش، ئەیانتوانی کورتترین قسەی یەکدی ببیسن. ئەو گوتەیەی خۆ بە خۆ کورت و شیلەی بەرینترین و قووڵترین حەزی تامەزرۆ بوو. ئەو قسە و وتانەی کە کورتی و چڕییەکەی بێژەرەکەیشی ئەخستە سەرسووڕمانەوە:

ئەو هەمووە خەون و خەیاڵە، تۆ بڵێی لەم وتە کورتەدا جێگەی ببوویەوە؟ دەستی پێکرد و کۆتایی هات؟ ئەو بیر و خەیاڵانەی ڕۆژان و ڕۆژان لە تۆدا ورووژاون و هەمووسات و هەموو کاتت لەگەڵیان‌دا بردۆتە سەر، ئایە لەم چەند وشە کورت و وێکچووەدا کۆتایی هات؟ گوتە و بێژەی ترت نییە؟ ئەو هەمووە خەیاڵە بەرینە چۆن بەو جۆرە چڕ و خەست کرایەوە؟! نەء. نەئەبوایە تەواو ببن. بۆیە مرۆڤ بۆ وتنی هەموو ئەو شتانەی لە دڵیدایە، زمانی کورتە و کێماسی هەیە! ڕەنگیشە وشە ئەوەندە بە بایەخە کە هەندێجار ئەتوانێ ژیانێک لە چەند وشەدا جێ‌بکاتەوە و بیگرێتەوە. هەرچی چۆنە، لێرەدا، لەم ناوەدا شتێکی نامۆ هەیە. ئەگەر وانەبێ، ئەو هەموو خەیاڵ و گوتنانەی ناو دەروونی، ئەبوایە هەزار شەوی درێژ بە گوتار پڕبکاتەوە. ئەی چی بووە وا زمانی نایکێڵێ؟ نەکا هەوڵ بووبێ؟

شتێک لە سووچی ڕەشماڵەکەدا جووڵا. ژنێک بوو کە بەر لەوە، گوڵمحەمەد نەیدیبوو. بە ئارامی پێخەفەکەی لادا، لە ناو جێ هاتە دەرەوە و بە نەرمی خزا و لە درزی ڕەشماڵەکەوە چووە

دەرەوە!
ــ کێبوو، ئەوە؟ زیوەر بوو؟!
ــ نا! شێرۆ بوو.
ــ شێرۆ؟!
ــ دایکت لەگەڵ خۆی هێنایەوە.
ــ ئەی... شووەکەی؟!
ــ هەر لەوێیە. لە قەڵاچیمەن.
ــ بە تۆران هاتووە؟
ــ نەء، ئەڕواتەوە!

گوڵمحەمەد، لە هەمان دارەتدا، تاوێک مایەوە. ئەتوت نازانێ چی بکات؟ هەڵسێ و بە دوای شێرۆدا بڕوا و وای پیشان بدات -ئێستە کە ئەو هاتۆتەوە -ئەمیش ئیتر لێی تووڕە نییە؟ یان... تا بەیانی ڕاوەستێ؟ ئێستە ئەوا خەواڵووە و ئەچێ شوێنێک بدۆزێتەوە و لێی بخەوێ. شوێنێک ڕەنگە لە بن لێفەکەی بڵقیسدا. بۆیە، باشتر وایە بیخاتە بەیانی...

ــ ها؟
ــ تاوێ بسرەوە، پیاو!

دەستی نەرم و قورسی ماراڵ لە سەر گرێی شانی گوڵمحەمەد، دڕدۆنگیەکەی شکاند.

گوڵمحەمەد، ڕاکشا و سەری کرد بە بناگوێی مارالدا و لێوەکانی، لێوی چالاکی بەرانێک بە دوای گیای خاکەلێوەدا. تەختی نەرمی ڕوخسار و لاملی خواردەوە و نەرمەی گوێی بە ددان گرت. گەرمای هەناسە، لە سەر پێستی تەرچک و خۆر نەدیوی بناگوێی ژن. موچرکەیەک سەرتاپای لەش. تەزووی پێست. لەش، تەزی و گڕی گرت. گەرما و بەرامەی لەشی پیاوەکەی -بۆنی خاکی شێداری بەهار- مارالی مەست ئەکرد. ویستێکی بێسنوور لە ناخی گیانەوە، بەڵام... ئامێز بەرخوردار نەبوو. لەقەیەکی گچکەڵە لە لاکەلەکەی ژن، کابرای هێنایەوە بە خۆیدا. بەجێ

و دڵخواز. پێکەنینێکی نەرم و شیرین، بە ڕوخساری ژنەوە. خرکە بەردێک لە مەنداوێکدا. پێکەنینەکە بە ڕوخساری گوڵمحەمەدیشدا بڵاو بوویەوە. ماراڵ، کاکۆڵ و تەوێڵی پیاوەکەی -وەک بڵێی کاکۆڵ و تەوێڵی مێرمنداڵێک- بە سەری پەنجە نەوازش کرد. گوڵمحەمەد، بەران ئاسا. سەر و شاخی هەڵدا و قیت لە سەر جێگەکەی دانیشت. ئانیشکی نایە سەر چۆکی و هەناسەی ئازاد کرد.

ـ ئەگەر ئەتەوێ بڕۆ... بچۆ بۆ لای زیوەر!

گوڵمحەمەد وەڵامی ژنەکەی نەدایەوە و پرسی:

ـ گوارەکانت لە گوێتدا نەبوو؟

ماراڵ ناخود ئاگا، دەستی برد بۆ نەرمەی گوێی و وتی:

ـ ئالاجاقی نەیداوەتەوە. بە دایکتی وتووە کاتی نییە بە دوایاندا بگەڕێ. خەسووشم شێرۆی لە ماڵی ئەوان هەڵگرتووە و لەگەڵ خۆی هێناویێتی.

گوڵمحەمەد داچڵەکا و پرسی:

ـ لە ماڵی ئەوەوە؟ شێرۆ؟

ـ شێرۆیان بۆ جەژن ناردووە بۆ ئەوێ کاریان بۆ بکات!

ـ ئەی مێردەکەی... ماهدەروێشش بەمکارە ڕازی بووە؟!

ـ نازانم... بەڵام ئەبێ ئیتر!

گوڵمحەمەد ڕووی وەرگێڕاو ددانی لە چیڕەوە هێنا و وتی:

ـ ئاخ... لەو پیاوە! نانی گەدایی بە ڕاستی غیرەتکوژە! دەی... با وابێ!

ماراڵ، گۆنای نایە سەر ئاوێنەی ئەژنۆی گوڵمحەمەد و تکای بۆ کرد:

ـ کارت پێی نەبێ. دەس مەنێ لە ڕوویەوە! پاش ماوەیەک پێی کەوتۆتەوە ئێرە. خۆیشی شەرمەزارە. ئەڕوات، خۆی ئەڕوات. سەبارەت بە گوارەکانیش دڵت ئارام بکە. ئالاجاقی وتوویەتی ئەیداتەوە. بەڵام... کاتێکی تر. نەشی دایەوە فیدای کاکۆڵی تۆ

بێ!

ـ نەشی دایەوە؟! گوارەی ژنی من نەداتەوە؟!

گوڵمحەمەد، هەڵسابوو، ماراڵ پرسی:

ـ ئەڕۆی؟!

ـ ئەگەڕێمەوە. ئەگەڕێمەوە. بزانم پیاوەکان چی ئەڵێن؟

ـ من ناخەوم!

گوڵمحەمەد سەر و شانی دانەواندەوە و لە ڕەشماڵەکە چووە دەرەوە. تاوێک وەستا و چاوی بڕییە ئاسمانی کەلیدەر. ئاسمانی پاک و بڵێندی کەلیدەر. هەورەکان گەسک درابوون و ڕۆیشتبوون؛ مەگەر لە ئاسۆدا چەند پەڵەیەک خۆی ڕاگرتبوو. ئەستێرە، دەرکەوتبوون. کۆمەڵ کۆمەڵ. پەڵەی سپی. پەڵەی سەهۆڵ. پارچە سەهۆڵەکانی بەیانی زستان، لە بەر تیرێژی هەتاودا. زۆر و وریشاوە، دەست لە ناو دەست؛ دەست لە ملان. دابەزیوە بەرەو خوار، دڵۆپاوی، بارانی ئەستێرە. بەو ڕادەیەی پێت وابوو ئەتوانیٚ دەست بە ڕوومەتی ئاسماندا بهێنیٚ. چەند ڕووت و قووت! بە هەموو ڕازەکانیەوە، ڕووڕاست و ڕاستەقینە بوو. بە بێ فریو. مەگەر ئەوە فریوی بدایەتی!

لە کەلیدەر، بەڵام ئەستێرە تەنها ئەستێرە نین. دۆستن. ئەستێرەکان، دۆستانن، یارانن و براکانن و نیگابانن. ڕێنوێنن. چاوانی بە وریشەی شەو، هاوڕێیانی خەوزڕاوان و شوانانن. بۆ شەوگەڕانی شەوشکێن، شەپۆلی نێزەڕێژی بێ کۆتایین.

چاوی لە ئەستێرە هەڵگرت، گوڵمحەمەد. شەو خامۆش و هەوار خامۆش. مەگەر ئەوەی پیاوانی ڕەوەند کە ناو ڕەشماڵەکانیان بە دووکەڵ و هەرا پڕکردووە. گوڵمحەمەد، هەروا ڕاوەستابوو. زیوەر، بە دزیکەوە، خۆی لە چارشێو ئاڵاندبوو، لە بەر دەمیا:

ـ لانیکەم بهێڵە با ڕوخسارت ببینم، گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد، داما. زیوەر سینگی نابوو بە سینگیەوە، هەر دوو دەستی بەرز کردەوە و ڕوومەتی مێردەکەی خستە ناو

دەستەکانیەوە. لقە پڕ بەرەکەی بۆ لای خۆی چەماندەوە. ماچێکی چاوە داخراوەکەی گوڵمحەمەدی کرد و لقەکەی بەردایەوە. گوڵێکی چنیبوو:

ـ ئەمشەویش... نایەی بۆ لام؟

خامۆش و بێ وەڵام، گوڵمحەمەد ڕۆیشت.

زیوەر بەتاق کەوتەوە. خامۆش و تەنها، لە ژێر قورسایی شەودا، لە چاوی ساردی ئەو ئەستێرانەی ئەیانگەست. زمانی ماران. تەنها، لەو زەمهەریرەدا لەو ئەباری و نەئەباری. تارماییەک لە قەراخی ڕیزە ڕەشماڵدا. لە بەر پێیدا، سەگێک کلکەلەقێی بوو. پەردەیەکی لوولدراو لە بەر سرووەی شەوانەدا. قەبارەیەک لە بەرگێکی ماندوو و چرچ و لۆچ دا، بە دڵێکی دەستێوەنراو و نیگای ساردەوە. چاوەکانی پارچە پارچە. پارچە سەهۆڵی مۆر، زستانێک لە ناخی ژنەدا، بەرپا بوو. با، بە سەر سەهۆڵدا هووژەی ئەکرد. ژنە ئەلەرزی. ژنە، ئەلەرزی. چارشێوەکەی لە خۆیەوە ئاڵاند، خزایە پەنای ڕەشماڵەکە و دانیشت؛ گفتوگۆی پیاوەکان ـبەناچاریـ بەر گوێی ئەکەوت. ڕەنگە، تاوێکیتر هەڵئەسا و دوو جار غەمگینتر، ئەچوویەوە بن جێگەکەی؟!

شەو، هەروا، بێدەنگی لێ ئەباری. سەگ لە زیوەر نزیک بوویەوە و لە تەنیشتیەوە دانیشت.

گفتوگۆ لە ناو ڕەشماڵی کەلمیشیەکان خەریک بوو کۆتایی ئەهات.

کەلمیشی وتی:

ـ بۆ لەگەڵی ڕێ ناکەون؟ ئەمەش خۆی ڕێگایەکە. ئێوە لەگەڵ کوڕی حاجی پەسەند خۆ باوک کوشتە نین! خزمی یەکن بە لای ناخێرییەوە!

ئەرێ ئیتر! بۆ ئەبێ لەگەڵ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند ڕێک نەکەون؟ ئەمە خۆی باشترین ڕێیە. خزم و کەسن. لە پشتێک و لە تیرەیەکن. پێی لە کوشتارەکەی چارگویشلیشدا

گیره. هاوتاوانه. کاتێکه بزانێ تۆ ناتەوێ دەسی لێبوەشێنی، خۆ شێت نییه، دوژمن بۆ خۆی درووست بکات و خۆی بخاته مەترسیەوە. ئەو سەرەی کە نایەشێ، بۆ ئەبێ بیبەستێ؟ مەگەر بێکاره بە دوای قڕەدا بگەڕێ! ئەوەندەی هەیە ئەترسێ. ئەگەر تۆ ئەو ترسە لە دڵی لاببەی، بیری ئەوەش لە مێشکی دەرئەکەی دەسپێشخەری بکات. کە وا بوو، ئەبێ تەتەرێک بنێرن بۆ لای. پیاوێک کە زمانی نەرم و نیگای تیژ بێ. قامچی و ئالیک. کێ باشتر لە خانئاپۆ؟

«ئا، مامە؟!»

«کەی؟»

«دەمەو بەیان.»

کە وا بوو، جۆی ئەسپەکە ئەبێ زووتر بکرێتە ناو توورەکەکەی.

«زووتر!»

خانئاپۆ، ئەبوا ڕابێ. هەڵسا و قنچکی جگەرەکەی بە بنی پۆتینەکەی کوژاندەوە.

ــ من ئەڕۆم سەرێک بنێمەوە. بەڵام گوڵمحەمەد... ئاخرەکەی بۆ براکەت نەگێڕایەوە، کوڕە کەچەڵەی عاشقی کچی پادشا، چۆن لە بەر بارانەکە وەستا و تەڕیش نەبوو؟!

گوڵمحەمەد، پێکەنی و خانئاپۆ چووە دەرەوە. خانمحەمەد هەروا قەڵس بوو. بلّقیس ئەبوا جێ ڕابخات. بەڵام بەر لەوە، پارووێک بۆ گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد، نانەکەی هەڵگرت و هەڵسا.

ــ چەندین شەوە بە دوای یەکدا نەخەوتووم. تا قاوەتوون هەڵم مەسێنن. ئەوسا کە بەگمحەمەد ڕانەکەی هێنایەوە، هەڵئەسم.

ــ خەوێکی خۆش کوڕم، دایکەکەم. بەخێر چی!

گوڵمحەمەد، لە ڕەشماڵەکە هاتەدەرەوە.

ماندوێتی، تازە خەریک بوو لە ناو مۆخی ئێسکەکانیەوە

وردە وردە ئەهاتە دەر. وەکوو گیا کە ئەڕوێ. ڕەگە ڕەگە. تاڵ تاڵ، لە ناخی خاک سەر دەرئەهێنێ. ڕەگ و دەمار، گۆشت و پێست و ئیسقان، هەموو لەشی، لە کوترانێکی دڵخوازدا ئەکشانەوە. لەوەش خۆشتر ئەوەی کە، خەوێکی قورسی لە بەر بوو و ئەیتوانی کوترانی ڕێ لە لەش دەرکا و بیتەکێنێ. خەو لە سەر جێگەیەکی گەرم و نەرم. ئاسوودە، بێترس و دڵەڕاوکێ، سەر لە سەر سەرینی خۆی بەرزکاتەوە. لە لای ماراڵەوە. بە بێ شپرزەیی خەیاڵی دوور و درێژ. بە بێ ترس. بە بێ گریمانی هیچ مەترسیەک. دائەبڕێ. لە هەموو کێشەکانی دەرەوە و ناوەوە. بە قەبری باوکی دنیاوە! خۆف، چ سوودی هەیە؟ دڵە لەرزێ جگە لە مۆتەکە، چی ئەهێنێ. جێگە، جێگە و خەوی بێ خەیاڵ. کاتێکە ڕووتیت و لە ناو جێ خەوتووی، پاکی وەکوو مناڵ. خەو، دۆعای خامۆشە. ستایشی هەبوونە. چونکە لەو کاتەدا، تۆ ئەو کەسەی کە لای خوا پەسەندە. کۆڵدان، ملدانەواندن. پاک و بێ بەرگری. خودای دێرینە، ئەمەی ئەوێ. ڕووت، بێ چەک، بێ داکۆکی. بە بێ هیچ کاردانەوەیەک. لەو کاتەدا، خوا خۆشی ئەوێیت. چونکە بە بوون، نیت. خامۆشیی تۆ، ئەمان و بڕواتە. لە کەوشەنی بووندا، دوو خوا جێی نابێتەوە!

بێخۆف، بخەوە گوڵمحەمەد! خەیاڵی لەخۆڕا بۆچی؟ خەیاڵی نامۆ، خەیاڵاتی نامۆ. ئێسکی بەردەمی سەگ! تۆ ئەتوانی بخزێیتە ناو جێگە و لەشە ماندووەکەت بە گەرمای لەشی ماراڵ نەرم بکەیتەوە. ماندوێتی لە لەش دەربکەی. خۆت، ئەتوانی بدەیتە دەست ئاسوودەیی. پاداشتی هەبوونت! پاداشتی پێچ و خەم و گرێکوێرەی ژیانت، کاتێکت لە تۆڵەی چەندینساڵدا. کێ بەیانی بینیوە. کات بەڕێوەیە. بیچنەرەوە! کوانێ دەرفەت؟ کات ناناسی؟ ماراڵ، جێگەی بۆ گەرم کردووی. تاوێک خۆش بخەوە!

ـ تۆ هێشتاش بەئاگای؟!

ـ ئێستە ئیتر ئەخەوم!

دەست لەملان. خووی دێرینەی ئادەمیزاد. کردارێک بە درێژی تەمەنی مرۆڤ. کردارێک بە تازەیی گیانی ڕەوان. چەندە ڕەوان. دەست و بازوو کاری خۆیان ئەزانن. لە پێشەوە، ئەیزانن. شارەزایی سروشتی. بێزاری ڕاوئەنێن. ئازاد، لە ناو یەکدا تێکەڵ ئەبن؛ لە ڕەشایی غەم و لە گەشکەی شادیدا.

شەو، چ باشە. ماندوێتی، چەندە باشە. ئەنجامی کار گەر ئەمەیە، ململانێ چەندە باشە. ئارامی ئەگەر وایە، هەراس چەندە باشە. خۆ بە دەستەوەدان ئەگەر ئەمەیە، سەرکەشی چەند پیرۆزە. شەو ئەگەر ئەمەیە، بە خۆر بڵێ چرۆ نەکات! خزمایەتی لەش، لە ناو پۆپەشمینەی سۆزدا. بە بێ شەرم و بە بێ پەردە. ڕاستەقینە و بێگومان. تەن و تەن، بە بێ فریودان. بە بێ فێڵ و ڕانان.

مەرجی خەو لە چاوەکانی مارالدا، ئەتوت گەڕانەوەی گوڵمحەمەد بوو. ژنە، دەسبەجێ خەو بردییەوە. پاپۆڕێک لە سەر بەستێنی ئارامی ئاو. بوونی گوڵمحەمەد، بڕوای ئاسایش بوو. بیری پانتایی ئارامی ئاسمان. خەوی بێخەم. بە دڵنیایی، مردنیش بەو جۆرە ئاسانتر بوو، چ جایە خەو!

گوڵمحەمەد بەڵام هێشتا ئارام نەبوو. شتێک وەکوو دڕک لە بن لاقیدا، ئازاری ئەدا، زیوەر! چی ئەبوو ئەگەر زیوەر ڕێی لێ نەئەگرت؟ شتێک لە خەیاڵی گوڵمحەمەددا -پەیکەرێکی باڵا بەرز و خامۆش، بە دەوروبەری ڕەشماڵەکانەوە- ئەگەڕا. وەک تارمایی. ئایە هێشتاش نەخەوتووە؟ ژنەی سەر ڕەق! مەگەر نازانێ شەوی یەکەم نابێ چاوەڕوان بێ؟ بن پێی خورا. بن پێی گوڵمحەمەد خورێنرا. ئەبێ خۆی بێ. زیوەرە! خۆیەتی. تارماییەکەیە و خزاوەتە ناو ڕەشماڵەکە. سەیری بکە! وەکوو مارمێلک خۆی خپ کردووە. چی لێ بکات؟ چی پێ ئەکرا؟ وەڵامێک. خۆ ناتوانێ ئەو بوێریەی ئەو ڕەچاو نەکات کە بەو جۆرە جەربەزانە بە سەر هەموو دڕدۆنگیەکانیدا زاڵ بووە و خزاوەتە ناو ڕەشماڵەکە. گاڵتە نەبوو.

ئەبێ هێزێکی بەهێزتر لە بوێری هانی دابێ. لەم کات و ساتەدا خۆ نەی ئەتوانی لێی تووڕە ببێ، تا مارالّ پێڵووی نەشکاندووە ئەبێ زیوەر لەم ناوە دوور بکاتەوە. بەڵام ئارام.

گوڵمحەمەد، بە ئارامی هەڵسا، چۆخەی دا بە شانی‌دا و بە دوای زیوەردا چووە دەرەوە. زیوەر، پیاوەکەی بە دوای خۆی‌دا ڕاکێشا و دووری خستەوە، دوور لە هەوار ڕاوەستا. گوڵمحەمەد خۆی گەیاندە لای:

ــ چیت ئەوێ بەم نیوەشەوە؟!

زیوەر، ڕووی کردە بیابانی خامۆش؛ وتی:

ــ تۆم ئەوێ!

ــ ناتوانی تا سەیزوشەو خۆت ڕابگری؟!

ــ نەخێر ناتوانم! ڕەنگە بەیانی نەهات.

ــ کوا جێگە، ئاخر؛ هەموو ڕەشماڵەکان پڕە!

زیوەر، بەرەو پیاوەکەی هەڵگەڕایەوە و وتی:

ــ دەس مەنێ لە ڕوومەوە گوڵمحەمەد! جگە لە تۆ کەسم نییە، سەرمامە، سەرما!

هاتە بەرەوە و، شەیدا و لەدەسچوو، سەری نایە سەر سینەی پیاوەکەی. مەلیکی پەناخواز.

گوڵمحەمەد، دەستی نایە سەرشانی داتەکاوی ژنەکەی و وتی:

ــ بڕۆ لە بن جێگەکەت بخەوە!

ــ نەء! خەو لە چاوم فڕیوە، ئەمەوێ تاوێک لەلام بی!

ــ ئاخر لە کوێ؟ عەرز هەمووی قوڕ و چلّپاوە!

ــ جاجمەکەی بە کۆڵمەوەیە.

ــ سەرما لێت ئەدا، ژن؟

ــ چۆخەکەی تۆ، گوڵمحەمەد. هەوای بەهار، مەگەر نابینی؟ هەوا گوڵی لێ ئەبارێ!

زیوەر، جاجمی لە کۆڵی کردەوە، لە سەر ورگی گردەکە، لە

بن باریکە دارێک، فەرشکراو بە گیای نەورەسی بەهار، ڕایخست و هەرلەوێ چاوەڕوانی گوڵمحەمەد دانیشت. گوڵمحەمەد ئەبوا دڵی بکا بەیەک. دڵی کرد بەیەک. پێیهەڵگرت و بە ناو قوڕەکەدا چوو بۆ لای زیوەر.

ــ لاواز بوویت؟

ــ بە دەس تۆوە!

گوڵمحەمەد بە ئارامی پێکەنیی، چۆخەکەی دا بە سەریاندا و لە بن ددانەوە وتی:

ــ ئەی بێپیر!

لەگەڵ زیوەر نووستن و لێک ئالان.

زیوەر، شانەکانی پیاوەکەی، کە ئیتر خەریک بوون ئەبوون بە بێگانە، خستبوویە ناو ئاڵقەی بازووەکانیەوە و لە تۆڵەی ئەو هەموو ساردییەی پێی ڕەوابینرابوو، بەحەز و ڕقەوە، نوقورچکێکی لە گۆشەی سمێڵی گوڵمحەمەد گرت. گوڵمحەمەدیش لەوەڵامدا قەپی کرد بە بازووی ژنەکەیدا و بە توندی ڕایکێشا. بەڵام لای زیوەر ئەوە هیچ نەبوو. حەزی ئەکرد پارچە پارچە بکرێ. تاوانی سەد جارەی لە شووەکەی ئەویستەوە! تاوانی لەدەست چووەکان. بەچنگ و بە نقورچک. بە پەلامار و بە پاڕانەوە. بەتلدان و تلانەوە. بە شەڕ و بە شەوق. بە هەموو شت.

ئەوسا کە لێکبوونەوە، سەر تا پێیان لە قوڕ و چڵپاو هەڵژەنرابوو.

لە لایەکەوە؛ هەر کام لە لای ئاودڕێکەوە دانیشتبوون. عارەقە بە تەوێڵ و بناگوێیاندا، هەناسە بڕکێیان بوو. دوو ئەسپی، نێر و مێ. حیلەیەک! ئەسپەکەی خانئاپۆ بوو. وشیاریی! هەڵبلۆقانەوە. ئەم بەرەک و ئەو جاجمی. تارمایی لە ناو شەودا. خامۆش و تۆزێ شەرمەزاری جەوانسەری خۆیان. بیمێنێ بۆ ڕەشماڵەکان وەستان. زیوەر، جارێکیتر شووەکەی لە ئامێز گرت و پاش بەردانی، لە بن گوێیدا وتی:

ـ کارت بە شێرۆ نەبێ. کچە سووک و ڕیسوا بووە! کارت پێی نەبێ. وتی پێت بڵێم.

بۆ ئەوەی گوڵمحەمەد بڕوات، زیوەر وەستا.

ئیتر سارد نەبوو و ئەستێرەکان نەیان ئەگەست. نیگای بۆ ئاسمان. چەندە پاک بوو ئاسمان! هەر ئەستێرە و گوڵخەندەیەک. ڕوون! ئاسمان چەند جەوان بوو. چەندە تازە و چەند جوان و، چەند نزیک بوو. ئەکرا بە سەری پەنجە گۆنای ئەستێرەکان نەوازش بکەی. ئەکرا بە گاڵتە پەنجەیان تێوەردەی. لە ناوی‌دا و لەسەری‌دا سەما بکەی و زیوەر چەندە گەنج بوو!

شەو، ئەبێ لە نیوە دەرباز بووبێ.

ـ هێشتاش نەخەوتووی؟

شێرۆ وتی:

ـ خەوم لێ زڕاوە. توانیت گیری لێ بهێنی؟

ـ توانیم. توانیم!

ئەمەی وت و لێیکەوت. لەش ئاسوودە، لەسەرخۆ چوو. خاو و پووک و پڕووزە، بەڵام دڵخواز. سووک وەکوو هەور، بە پێستێکی نەرم و ئارامەوە. کیمێکی جەخاراوی ئەتوت لە ڕۆژنەکانی پێستیەوە دەرکێشرابوو. ڕووت و ڕەها. پەیکەری ڕووتی لە سەر ڕووبەری ئاو. قاچ و دەستی، پشت و شان و ملی، ڕووکاری سک و ژێر مەمکەکانی، بەری پێی و لێوەکانی، بناگوێی و دڵی پەنجەکانی، هەموو... هەموو شوێنێکی لەش و پێستی خۆی شانە بە شانە هەست پێ ئەکرد. ئەیناسی. هەستی ئەکرد و ئەیناسی. ئەیانی بینی. ئەیانی دۆزییەوە و دیسانەوە ئەیانی دۆزییەوە. دووبارە خۆی ئەدۆزییەوە. دەستەکانی چەندە سووک بوون! هەستی ئەکرد ئەتوانێ تا بەیانی ئاسوودە بخەوێ، یان ئاسوودە نەخەوێ. بێ قەرار بێ و بەرقەرا بێ. هەستی ئەکرد ئەتوانێ هەڵێ، بڕێسێ، بدووڕێ، بچنێ، بچێنێ، بدووڕێتەوە، بدۆشێ، گڕ تێبەردا.

ژنێکی تازە لە زیوەردا زابوو ئەمشەو، ئەیویست کراژ فڕێدا. کراژی کۆنە لە خۆی بکاتەوە، تا بەیانی، لەگەڵ کازیوە ئەویش هەڵبێ. تازەی، تازە!

پێڵووە وشکەکانی شێرۆ، بەڵام دانەخرابوون:

«خەوت؟ بەڵێ خەوت! حەسایەوە. تفاقی خۆی وەرگرت و ئاسوودە بوو. خواردی و لێی خەوت! مەڕی بەرئاخوڕ، لێرە خەریکە دەم ئەبزوێنێ. پرخەی بەرزەوە بوو. چەند بێخەیاڵ؟ بڵێ دنیا، با ئاو بیبات!»

بەڵام تۆ، شێرۆ! تۆ چی؟ خەو لە تۆ تۆراوە و شەو لە بەر چاوتدا ڕاوەستاوە. چەند شەوێکی کەڵەگەتە! چەند باڵا بەرزە. کاکۆڵی لە کاکێشان ئەدا، ئەمشەوە و تۆ بەتەنهای. یەکە و یەک تەنی. بێگانەی ڕەنگە؟ پێستێکی شل. قەتماخەی هەڵمساوی برینێکی کۆن. بەخێزانەوە نالکێی. بە ڕەوەندەوە نالکێی. بە هەوارگەوە نالکێی. بە ڕان و سەگ و پەزەوە نالکێی. بە سەر چاوە و بە لەوەڕگەوە نالکێی. برا، لە تۆ نییە. باوک، لە تۆ نییە. دایک، بە لەگەڵ بوونت ئەترسێ. ژنەکان، لەگەڵت نین. خێوەت بە سەرتەوە نییە. هێشتاش نەتوێراوە خۆت پێشانی بەگمحەمەد بدەی. هێشتا بە دڵ گوڵمحەمەدت نەبینیووە. ناتوانی بیبینی. ئەتەوێ، بەڵام ناتوانی. ناتوانی چاو ببڕیتە ناوچاوی برات! لە بەر چاوی باوک ونی و، خانئاپۆ، وەڵامی سڵاوەکەی ساردە. ماراڵ، وەکوو ڕابردوو گەرم نییە و زیوەر لە ڕابردویشدا گەرم نەبوو، هەیقۆش وەک هەمیشە کەمڕەنگ و کەم دوو. ئەوەش سەمەن، لەگەڵ تەموور و خانمحەمەدی. خانمحەمەد؟! بە ڕۆژی ڕۆشنا، زمان و ڕووی خۆش نەبوو، چ بگا بە ئێستا کە شەوی تاریکە. کە وا بوو، شێرۆ، جێت ئێرە نییە. لە خۆتەوە لە خۆت مەنەوە. ڕوو لە دیارێکیتر بکە. ئەو مەڵبەندەی هی ئەوێ نیت، بەڵام بەستە بەوێیت. کارگەکەی بابقولی بوندار، ژێرخانەکەی دەمی بۆ کردوویتەتەوە. بوندار، لێت خۆش ئەبێ، ئەو، کاری پێتە.

هەرچەندە لە دەست ئەربابەکەی هەڵاتووی، بەڵام بوندار زۆری لە سەر نارِوات. تەختە قاڵی ناتەواو، گوڵی نیوکارە، چاوەڕوانی پەنجەکانتن. پەنجە باریک و پسپۆڕ و گەوهەراوییەکانت. ڕوو لە قەڵاچیمەن بکە. ڕوو لە ماهدەروێش!

«لە ماهدەروێش؟»

لە ماهدەروێش. بەڵێ.

«نەء! ماهدەروێش، ئیتر ئەوەی کە بوو، نییە. ئەوەی لە ماهدەروێش لام ئازیز بوو، ئیتر نییە. ون بووە. کرێنراوە، سوواوە، دارِزیوە. ماهدەروێش ڕەنگی گۆڕاوە. خوّی گۆڕاوە. کوا مێزەری سەوز وماینی بۆری؟ کوا چاوی گەش و سمێڵی نەرمی؟ کوانێ سوارە قۆزەکەی من؟ کوانێ پێی ئازادی دەشت و بیابان؟ کوا ئەو قەلەندەرەی بە هیچ بەندێک بەند نەبوو، مەگەر بەندی من؟ نەء! من ئەوم ئەویست، نەک ئەمەیان؛ نەک ئەم ماوەی، داماوە! نەک ئەم بێ ڕەفتارەی، نۆکەرە. نەء! من قەلەندەرم ئەویست. نۆکەرم ناوێ!»

شەیدا، چی؟

«ئای... باسی مەکە! ئەترسم. ئەترسم. لە بیستنی ناوەکەی، ئێسکەکانم ئەزریکێنن. بەڵام، بۆچی لێی ئەترسم؟ ئەڵێی لە نێوان گرێی هەورەوە دێتە دەرەوە. پارچەیەک ئاگر، لە دڵی دوومان! وەکوو پێشەنگی خۆر کە لە باڵی هەورەوە سەر دەرئەهێنێ. لەو، لە شەیدا ئەترسم. ئەترسم لێم نزیک ببێتەوە. ئەم سووتێنێ. ئەترسم، لە خۆم، ئەترسم.»

بنی دڵیشت وا ئەڵێ؟!

«مەپرسە! مەپرسە!»

هەڵسا شێرۆ؛ بە ئاگرێک لە سینەی‌دا، هاتە دەرەوە. بۆ ژێر ئاسمان. خامۆشی هەمیشە. هەموو شتی لەگەڵ ئەوترێ. ئەتوانێ سفرەی دڵی لەلا هەڵڕێژێ. سەرما و گەرمای، تاریکی و ڕوونی یەکسان بە سەر هەموو لایەکدا بڵاو ئەبێتەوە. ڕێگەی

بۆ هەموو چاوێک ئاوەڵەیە. لە لای ئەو ئەشێ ڕووبەند لادەی بە لایەکدا. لای ئاسمان پێبکەنە، بگری، بناڵێنە، شیوەن بکە و بنەڕێنە و؛ لە ئەنجامدا هەمانی کە بووی! بێ شەرمەزاری و بێ سەرشۆڕی. ئەو تۆ ئەداتەوە بە تۆ. ڕازداری بینا و نامۆ!

بەڵام شێرۆ، ئوقرەی نەبوو. نە لە ژێر ئاسمان و نەبن ڕەشماڵ. نائارام ئەگەڕا، ئەهات و ئەچوو. دائەنیشت و هەڵئەسا. ئەوەستا و ئەڕۆیشت. وەرئەگەڕا و دیسانەوە... بێ ئوقرە و شپرزە، سات بە سات و کات بە کاتی، تێپەڕینی شەوی ئەژمارد. شتێک، هێزێک ڕایئەکێشا لە ڕەوەند دوور کەوێتەوە. بڕوا و هەمووان جێ بهێڵێ.

ئەمجارەیان، بە یەکجاری جێی بهێڵێ و، لە هەمان کاتدا، هێزێکیش بۆ مانەوە ڕای ئەکێشا:

«ئەمجارە بمێنەرەوە! بمێنەوە و خۆتیان بە سەردا بسەپێنە! جارێک ڕۆیشتی، چیت بینی؟ ئەمجارە بمێنەرەوە. ماڵی تۆیە، ئێرە، دۆزەخیش بێ، لانیکەم دیوارێک هەیە هەندێ جار بتوانی پاڵی پێوە بدەی. پشت لە پشتی خۆت مەکە. لەوە زیاتر براکانت مەشەمزێنە. لە خۆڕا سڵ ئەکەی. ئارام بگرە و بمێنەوە. بمێنەوە و خۆت بسەپێنە. ئەم دیواری ناحەزییە بڕووخێنە. جەربەزە بکە! ئەگەر کراوە فێڵیش بکەی، بمێنەوە، تا لەوە زیاتر پەرێشان نەبوویت. تا لەوە زیاتر دانەبڕاوی. بمێنەوە و خۆت بە بنەماڵەکەتەوە بلکێنە. ساردی پەیوەندییە پچڕاوەکان، تێ ئەپەڕێ. ڕۆژگار گەردی گلەیی ئەسڕێتەوە. بۆ ئەوەی جارێکی دی خۆت بدۆزییەوە، بمێنەوە شێرۆ!»

ـ خەو لە سەرت پەڕیوە، شێرۆ! چی ڕووی داوە؟

شێرۆ ئاوڕی لە دەنگەکە دایەوە. دایکی بوو. وەستا تا بێت. بلقیس هات.

شێرۆ وتی:

ـ چاوەڕێی ڕۆژم، دایە. ئەمەوێ بڕۆم!

بڵقیس، ماندوو بوو. شکابوو، دانیشت:
ــ تۆ ئیتر بۆ؟!
شێرۆ، درۆ و ڕاست، وتی:
ــ شووەکەم چاوەڕێمە. ئەگەر بزانێ لە شار دەرکەوتووم و نەچوومەتەوە بۆماڵەوە، دیق ئەکات!
خەوی شکاو، مژۆڵەکانی بڵقیسی وشک کردبوو. دڕک. پرسی:
ــ نا مێنیتەوە بە ڕۆژی ڕۆشنا، براکانت تێر ببینی؟
ــ براکانم ئەوەندە حەزیان لە بینینی من نییە؛ ئەڕۆم!
ــ بەتەنها؟
ــ ئەترسی گورگ بمخوا؟!
بڵقیس سەری خستە ناو هەر دوو دەستی:
ــ غەمی کامتان بخۆم من؟! غەمی کامتان!
ــ نامەوێ غەمی من بخۆی، دایە!
بڵقیس دەستی شێرۆی گرت بە دەستیەوە و خۆی هەڵسا:
ــ بڕۆ سەر بنێرەوە بخەوە. بڕۆ ئەگەر ئەتەوێ ئارام بگرم. بەیانی زوو لەگەڵ مامت بە ڕێت ئەکەم. ئەو ئەیەوێ بچێ بۆ قەڵاتی خوێناڵ، بۆ لای عەلیئەکبەری پوورزات.
ــ بەیانی نزیکە دایە. دەرفەتی خەوتن نییە.
بەیانی نزیک بوو. فریای ئەوە نەئەکەوت بخەوێ. تاوێکیتر، خانئاپۆ لە ڕەشماڵەکەی ئەهاتە دەرەوە.
خانئاپۆ، لە ڕەشماڵەکەی هاتە دەرەوە. پەنجەی هێنا بە سەر و ڕوویدا و قایشەکەی توند کردەوە. ئەسپ کلک و گوێی ئەلەقاند. خانئاپۆ زینی خستە سەر پشتی ئەسپەکەی، تەنگەی کێشا و لەغاوی سوار کرد. سەیرێکی ئاسمانی کراوە و ئاسۆی ڕۆژهەڵاتی کرد و پێ لە ئاوزەنگی:
ــ مەدەد!
بڵقیس گرێی دسماڵی نانەکەی دا بە دەستیەوە و وتی:

ـ شێرۆش لە گەڵت دێ. ئەویش لەگەڵ خۆت بەرە!

بە بێ کاردانەوەی پرس و جۆ، خانئاپۆ وتی:

ـ بڵێ بابێ.

شێرۆ، خۆی بەڕێوە بوو. خانئاپۆ، بوخچەکەی لە دەستی وەرگرت و وتی:

ـ سواربە، تا زەعفەرانی ئەتبەم. لەوێوە خۆت ئەبێ بە پیادە بڕۆی. چونکە من بەرەو قەڵات، ڕێگەکەم لار ئەکەمەوە.

شێرۆ، پەنجەی دا بە پەنجەی خانئاپۆوە، پێی نایە سەر پێی و سواربوو. کەوتنە ڕێ.

خانئاپۆ لەغاوی وەرگێڕا و پاژنەی لە قەبرغەی ئەسپەکە کوتا. شێرۆ سەیری دایکیکرد. بڵقیس وتی:

ـ خوات لەگەڵ، کچم!

بڵقیس سەیری پەیشوێنەکەی کردن. چەندە زوو دوور کەوتبوونەوە! شێرۆ، ئەتوت هەرگیز لەوێ نەبووە. بڵقیس ڕووی وەرگێڕا. کەلمیشی لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە و بە باوێشکێک خۆی کێشایەوە و مشتە قووچاوەکانی کێشا بە سینگیدا. پاشان سیەکانی لە هەوای دەمە و بەیان پڕکرد و وتی:

ـ شەڵتەکە لە دەرەوە دابنێ. منیش ئەبێ بچم بۆ دەرزیوەر. ئەڕۆم بزانم چیم پێ ئەکرێ. ئەبێ سەری ئەو دە مەن تۆوە بدەم کە چاندوومە. ناکرێ خۆ هەروا بە هیوای خوا بەجێی بهێڵم.

بڵقیس، لە ناو ڕەشماڵە کەبوو. لە سەر سەری بەرخۆڵەکەی گوڵمحەمەد. بەرخۆڵەکەی لە سەر لبادەکە هەڵگرت، گرتیە باوەش و هێنایە بەر ڕووناکیەکە بۆ ئەوەی جوان سەیری بکات. کەلمیشی بە دەنگێکی زەلاڵتر وتی:

ـ گوێت لێ نەبوو؟!

بڵقیس سەیری مێردەکەی کرد.

پیرەمێرد خەریکی بەستنی سەرجل و تەنگەی هێسرەکەی بوو و پشتی لە بڵقیس بوو:

ــ وتم شەڵتەکەم بۆ ئامادە بکە. خۆ کەڕ نەبووی هێشتا؟!
بڵقیس بەرخەکەی دانا و چووە ناو ڕەشماڵەکە. بەرخۆلە ئیتر ئەیتوانی لە سەر پێ ڕابوەستێ. بڵقیس شەڵتەکەی هێنا و دای بە سەر هێسرەکەدا. پاشان چوو بۆ لای بەرخەکە و بردییەوە ژوورەوە.
هەوا، ئارام ئارام لەخەو ڕائەبوو.
زیوەر، چوو بۆ ئاو. سەمەن سفرەی ڕاخست. خانمحەمەد، تەمووری هەڵگرت و هێنای بۆ بەر بیرەکە. هەیڤۆ کترییەکەی خستە سەر. کەلمیشی بەشە نانەکەی وەرگرت. دەسکەوساری ڕاکێشا و دوور کەوتەوە. خانمحەمەد لە سەر سفرە دانیشت و تەمووری لای دەستی خۆیەوە دانا. سەمەن، پیاڵەکانی هێنا. هەیڤۆ چای لێنا. بڵقیس، پیاڵەیەک کەرەی بۆ خانمحەمەد هێنا. خانمحەمەد بەشی تەمووریدا. بڵقیس هات و دانیشت. سەمەنیش دانیشت. هەیڤۆ کترییەکەی هێنا و چوو سەبرخان، شووەکەی، هەڵسێنێ. سەبرخان هاتە دەرەوە و ڕۆیشت شڵپێک ئاو بدا بە دەمووچاویدا. زیوەر لە ئاو گەڕایەوە و، خۆر هەڵهات.
خانمحەمەد پرسی:
ــ ئەی کوا گوڵمحەمەد؟
بڵقیس وتی:
ــ وتی خەبەری نەکەینەوە!
خانمحەمەد پرسی:
ــ دەی! کار چییە؟
سەبرخان وتی:
ــ من ئەبێ بچم بۆ لای ڕان.
بڵقیس وتی:
ــ ئێمەش ئەچین، زیوەر و هەیڤۆ و من.
خانمحەمەد وتی:
ــ ران لە کام ئاو مۆڵ ئەدەن؟

سەبرخان وتی:

ـ لە سەرچاوەی خوور.

خانمحەمەد وتی:

ـ منیش حەز ئەکەم بێم بۆ ڕان.

بڵقیس وتی:

ـ تۆ لە لای براکەت بمێنەرەوە. ئێمە کە گەڕاینەوە، تۆ بڕۆ.

دوا پیاڵەکانی چا خورایەوە سفرە هەڵگیرا.

سەبرخان پێڵاو و پووزەوانەی بەست و توورەکەکەی هەڵگرت و ئامادە بوو. ژنەکان -جگە لە سەمەن- مەنجەڵ و مەڕ دۆشیان دەست دایێ و کەوتنە ڕێ. سەبرخان، پێشاپێش کەوتە ڕێ. خانمحەمەد هەڵسا. سەمەن، دەستی تەمووری گرت و بردی بۆ بەر باگری ڕەشماڵەکە. ماراڵ لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی تۆزێ پیاسە بکات. قورسی قورس، لنگاولنگ ئەڕۆیشت بەڕێدا.

خانمحەمەد، کە ئەتوت جارێکیتر لە دایک بۆتەوە بە گردەکەدا هەڵگەڕا. نەرمە گیای بنارەکە، لە بن تیرێژی درەوشاوی هەتاوی بەیانیدا. گیا و بەیانی و هەوا، هەناسەی خانمحەمەد، بە مانەوە بەسترا بوو:

دەی، هەرچی چۆن بوو تەواو بوو. کۆتایی هات، دیوارەکان لەوە زیاتر نیگایان نەئەشکاندەوە. سستی لەشی زندانیەکان، گیان داناهێزێ. هەراوهوریای بێهوودەیان، مێشک ناتەقێنێ. بۆنی تێکەڵاوی عارەقە و چڵک و نم و شێ، بەرەنجامی بێ ئاوی و بێ هەتاوی، لووتی مرۆڤ ناسوڵێنێتەوە. چاوە بێ شەرمەکانی وەردیانێک لە کونێکی تەنگەوە سەیری ناکات. جێ، تەنگ نییە. هەتاو، کەم نییە. ئاسمان، داخراو نییە. لێرە با و بیابان و هەتاو، هەر هەموویان بە دڵاوایی پێت بەخشراوە. گوێت زەمزەمەی سروەی با ئەبیسێ. دەنگی ڕان و دەنگی سیسرک ئەبیسێ. نیگات ئەتوانێ تا دوورترین بەرەگەی ڕوانین بسمێ. گیانت ئازادە.

لەشت ئازادە، دەستت ئازادە.

لێرە، لەنێوان ژیانی خۆت دایت. لە ناو دەشتی خۆتدا. ئەم لات ڕەشماڵ، ئەو لاترت ڕان، لێرە سەگ و لەوێ بەرخ. ئەوەتا دایکت، ئەوە خوشکت و برات و کەسەکانت.

ران قڕ بووبێ؛ پشت ڕاست ئەکاتەوە.

پەز مردووە، با مردبێ؛ بەرخەکانی ئەمساڵ جێیان پڕ ئەکەنەوە. ڕەوەند غەمداربووە، با بووبێ؛ شەستەی بەهار غەم ئەشواتەوە. ژیان لێک هەڵبڕابوو، با هەڵبڕابێ؛ جارێکیتر لێک گرێ ئەدرێتەوە. ساڵی نوێیە، مانگی نوێیە. ڕۆژی نوێ، ڕۆژی نوێ! خانمحەمەد، چڵە گیایەکی لە خاکی گردەکە هەڵکەند و سەیری کرد. گیای جەوان. کاڵ و کرچ. گەڵاکانی بە بارانی شەو و هەتاوی بەیان گەش ببوون، ڕیشەی گیاکە، تۆزێ خۆڵی پێوە لکابوو.

گیاکەی لە بەر چاویدا خولاندەوە و بزەیەک کەوتە سەر لێوی. ئەتوت یەکەمجارە و بە سەرسووڕمانەوە سەیری گیاکەی ئەکرد:

«گیا! چیت تێدایە؟ شیلەی خاک و گەوهەری زەوی. زادەی هەتاو، ئاو و زەوی، ڕۆژی ئێمەی تۆ. ئێمە بە تۆوە بەسراوین. خۆتمان لێ بزر مەکە، هەرگیز.»

گیاکەی بۆنکرد، خانمحەمەد. پاشان تەکاندی و خستیە بن ددانی و جاوی. تاڵ نەبوو. کەوابێ ئەخورێ. جاوی و قووتیدا. چەند بەلەزەتە! سەری هەڵێنا:

ڕەشماڵەکان لە خەودا بوون، زەوی بێدار. چاوی ئاسمان، کراوە. تیشک، بەربڵاو.

«ئیتر چیت ئەوێ؟ چاوی پیس بە دوور!»

خانمحەمەد خۆی ڕاوەشاند و بە خێرایی، هەڵسایە سەرپێ. بۆ ناکرێ ئارام بین؟ بە پەنای گردەکەدا، پێنج سوار بەرەو ئەملا هاتن. بەرەو ڕەشماڵەکان. بریسکانەوەی تفەنگەکانیان، بەرگ

و ڕەخت و کڵاوەکانیان پیشانی ئەدا جەندەرمەن. خانمحەمەد لە یاڵی گردەکەوە غاریدا خوارەوە. بەڵام بەر لەوەی ئەو بگاتە ڕەشماڵەکان، جەندەرمە گەیشتبوون. یەکیان چووە لای بادی و شەودێز و لە لایان وەستا. یەکیان لە سەر بەرزاییەکە بوو بە کێشک و سیانیان کەوتنە گەڕان. خانمحەمەد، کەوتە هەڵاتن:

«داد و بێداد! تازە تەواو. براکەمیان خافڵگیر کرد!»

ـ چیتان ئەوێ... ئای!...

پرسیاری تووڕەی خانمحەمەد، وەڵامی پێ نەدرایەوە. بەس ئەوەی وا لە لای وشترەکە وەستابوو، ڕووی تفەنگەکەی کردە خانمحەمەد و لە جێی خۆیدا وشکی کرد. ڕاوەستە پیاو! وەستا. ئەوەی بۆی ئەگەڕان، دۆزیانەوە. گوڵمحەمەد، بە کاکۆڵی ئاڵۆسکاوە. لە بن چاوەدێری دوو تفەنگدا، لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە!

ـ جلەکانت لە بەر بکە!

گوڵمحەمەد سەیری سەرکار عەلی ئەشکینی کرد.

عەلی ئەشکین وتی:

ـ باشمان ناسیتەوە، بجووڵێرەوە.

گوڵمحەمەد گەڕایەوە ناو ڕەشماڵەکە و وتی:

ـ رووتان وەرگێڕن، ئێرە ژنی لێیە.

ئەشکین وتی:

ـ خەیاڵی هەڵاتن لە مێشکت بکە دەرەوە، گوڵمحەمەد بۆ خۆت و بۆ منیش کێشە سازمەکە. دەستەکانت بخەرە سەر سەرت و وەرە دەرەوە. ئەم بڕنەوە ئەڵمانیانە، مێش بە حەواوە ئەپێکن!

گوڵمحەمەد، دەستی لە سەر سەری و بزەیەکی تاڵ لە سەر لێوی، هاتە دەرەوە.

بە ئاماژەی ئەشکین، دەستەکانی گوڵمحەمەدیان لە پشتەوە بەست. ئەشکین، ئەماژەی کرد دەستی خانمحەمەدیش

ببەستن. سەمەن هەڵات، بۆ بەردەم ئەسپەکەی عەلی ئەشکین و وتی:

ـ ئەو ئیتر بۆ؟ مێردەکەی من تازە لە حەپس بەربووە؟

عەلی ئەشکین وتی:

ـ تا پرسگەی عەوڵڵا گیو لەگەڵمان بێ خراپ نییە.

دەستەکانی خانمحەمەدیشیان بەست. ئەویشیان هێنا بۆ لای گوڵمحەمەد و قۆڵی جووتە برایان بە گوریسێک لێک گرێدا. ژنەکان -ماراڵ و سەمەن- هاتن بۆ لای پیاوەکانیان. گوڵمحەمەد تەشەری لە ماراڵدا بگەڕێتەوە بۆ ناو ڕەشماڵەکە. ماراڵ کشایەوە. بەڵام سەمەن لەغاوی ئەسپەکەی عەلی ئەشکینی گرت و قیژاندی:

ـ ئەو، پیاوەکەی من بۆ کوێ ئەبەن؟ خانمحەمەد تازە لە حەپس هاتۆتە دەرەوە!

عەلیئەشکین، بە ئارامی وتی:

ـ ئەگەڕێتەوە. ئەو تا شەو ئەگەڕێتەوە، دڵنیابە.

ئەشکین، لەغاوی ڕاوەشاند و بندەستەکان سواربوون. دەستە. دوو برا لە بەردەم سینەی ئەسپەکاندا. سەمەن دەستی تەمووری گرت و تیراوێژێک بە دوای سوارەکاندا ڕۆیشت. بەڵام ماراڵ، لە شوێنی خۆی، لە بەر دەرگای ڕەشماڵەکە وەستابوو و سەیری ئەکردن. نینۆکی بە ددان ئەقرتان و لە ژێر پێستەوە ئەگریا:

«دوێشەو، خەونەکەیم بینی. خەونم بینی!»

# بەشی دوانزەهەم

## بەندی یەکەم

شێرۆ، وەکوو سێبەرەکەی خۆی خامۆش بوو و وەکوو هەناسەی ئارام و وەکوو خۆی تەنها بوو. تەنهایی و بیابان.

سێبەری بڵند و کشاوی شێرۆ، لە بەردەمیەوە ئەخزا و ئەڕۆیشت. خۆشی ونبووی ناو خامۆشی دەوروبەری بە دوای سێبەرەکەی‌دا هەنگاوی ئەنا. بەردێک لە بن چەمێک‌دا؛ نیوەی لە عەرزەکە چەقاو و نیوەی لە بن ڕەوتی بێئوقرەی ئاوەکەدا. بەرد ئارام و ئاو نائارام. شێرۆ نیشتبوویە بنی ژیان و ئەوەی لێی ڕائەبرد، شەپۆل شەپۆلی چەند جۆرە و سەد ئاواز بوو. باری قورس و گوشاری شەپۆل، نەی ئەتوانی، بیجووڵێنێ. بەڵام -ڕاستیەکەی- ئەیخواردەوە و ئەیسوو. شێرۆ ئەڕۆیی بەڕێ‌دا، بەڵام ئەتوت نارِوا بەڕێ‌دا. لەشی لە شەکەتیەکی سستدا خنکابوو. سووک و پووش، ڕێی ئەکرد. دەستێکی نەدیو، لەگەڵ خۆی ئەیبرد. لەش و قاچی هی خۆی نەبوون. پارچەیەک تەختە لە سەر سینەی ئارامی ئاو. تەنها سروە و هەتاوی ئێوارە. گیان بوو، ئەوەی هەبوو. تەنها گیان و، ژنە گیرۆدەی گیانی خۆی بوو. هیچی لە دەرەوە و بەدەر لە خۆی نەئەبینی، مەگەر ئەوەی لە یادی‌دا، لە گیانی‌دا. مەلەی ئەکرد. ڕێگەی چۆڵ و بیری بەردەوام لە خامۆشی بەرفراوانی بیابان‌دا، ڕەنگە بەو جۆرە تەرەی کردبوو. بۆیە ئەگەر ئەو، زیندوویەک بوو کە ئەڕۆیشت بەڕێ‌دا؛ بەڵام

ئەتوت لە خەوندا ڕێ ئەپێوێ.

بە درێژایی ئەو هەمووە ڕێگەیە، خانئاپۆ زیاتر لە یەک وشەی لەگەڵ نەگووتبوو:

«خۆت هەڵدە خوارەوە!»

شێرۆ، لای دیواری کاروانسەرای زەعفەرانی، لە پشت ئەسپەکەی خانئاپۆ دابەزیبوو و خامۆش لە سەر جێگەی خۆی مابوو. خانئاپۆ، بە بێ ئەوەی سەیری پشتەوەی خۆی بکا، ئەسپەکەی غاردابوو بۆ ناو گوندەکە و ڕۆیشتبوو. شێرۆ، بە بێ ئەوەی بزانێ بۆ، سەیری کردبوو. زۆر بە درێخەوە سەیری کردبوو! ناوشانی تۆکمە و پانی، قژی زیوینی لە پشت سەرەوە. لێواری چڵکنی کڵاوە لبادەکەی. سمت و کلکی ئەسپەکەی لە نیگای شێرۆ هەڵاتبوون و لە پەنای دیوارەکەدا ون ببوون، بەرەو قەڵاتی خوێناڵ.

بەڵام خانئاپۆ، بۆچی لە ڕێدا ئەوەندە کپ و خامۆش بوو؟ ئەو بێ میهرییە قورس و بێدەنگیە ئایە بۆ شێرۆ زێدە نەبوو؟

تەنهاییەکەی چەند مەزن بوو؛ چەند بەربەرین! هیچکەس نییە. هیچکەس نەبوو؟ هیچکەس لەگەڵ شێرۆ نەبوو؟ بەردەکانی بیابان، چەند بێدەنگ بوون. ئەو بەردانەی خاک نشین ببوون، وا پێ ئەچوو لەمەوبەر ئەوەندە بێدەنگ نەبووبێتن؟! بەردەکان بە سێبەرەکانیان، لەگەڵ سێبەری خزۆکی شێرۆ خامۆشیەکەیان بەڕێوە ئەبرد.

ئوللەر لای سەرەوە خامۆش بوو. دەشت لە خوارەوە خامۆش بوو و ئارام. لە دواوە، تەنها و ڕاکشاو، ڕێی زەعفەرانی بوو. پێستێکی کۆن و ڕزیوو. سیرمەیەکی چەرمین کە وردە وردە خۆی لە ژێر پێی شێرۆ دەرئەکێشا. دوورتر، لە بەرامبەریدا گردی غوڵامۆ بوو و پشت گردەکە، قەڵاچیمەن. ئەختەبوتێک بە سینەی گردەکەوە، لە سەر کلکی تاغانکێو.

زۆری نەماوە ئیتر.

زۆری نەمابوو؛ ئەگەر، شێرۆ حەزی لەوە بوایە زوو بگات. نەء! لە ماڵەوە، پزیسکەی لێ نەبوو. بۆیە شێرۆ، بە سەر سینەی ڕێگەکەدا ئەکشا. لە خۆ داشۆڕاوی بە خۆدا هەڵواسراو. پەیکەرێک کە ئەکشا، باڵای ئەکرد، بەرز ئەبوو، تەنوورەی ئەکێشا. گەردەلوولێک، کاکۆڵی لە ئاسمان؛ ئەنووشتایەوە، دائەبەزی، لار ئەبۆوە، پان ئەبۆوە، ئەکرایەوە لێک هەڵئەبڕاو. لەملایەوە تیرەشانی ئوللەر و لەولایەوە دەستی لە سەر دەشتەکە، دەستێکی بەدەستی دەشتەوە و چنگی بە کاکۆڵی ئوللەرەوە. خۆر لە ناو سەریدا ئەیقوروسکاند و تراویلکە، دای ئەهێزاند. دڕکی گەوەنەکان بە لەشیدا سەرئەکەوتن. پارچە هەورێک گەرووی ئەخنی. بارانی عارەقە لە پێستی ئەباری. هەتاو لە چاویدا هەڵئەماسی. دەستەکانی، هەر کامەیان بەقەد کۆتێک، بە شانیدا هەڵواسرابوو. چاوەکانی، دوو پارچە بەردی ڕەش و قورس بوون، لە بن کالانەدا. کۆڵێکی قورس بە سەر پشتیەوە:

ئایە، خوێنی لووتی بەربووە؟ دوو لەزگە خوێنی ڕەش، دوو زەرووی درێژ و لینج؟! ئاسمان، ئایە نەئەباری؟ ئەباری؟! دەرزی سوورەکراو و لوورەی بەردەوام. چ عارەقەیەکی خەست بە ناوچەوانیا دێتە خوارەوە! ئای... شێرۆ! ئەم پێستی بزنە چییە داوتە بە سەرتدا؟ بێرەوە بە خۆتدا جوانەمەرگ بوو! بیرەوە بەخۆتدا. ئایە نابینی؟ نابیسی؟ دەست و لاقت لێت نابیسن. بۆچی دانیشتووی. بۆ بوویت بە بەرد شێرۆ؟!

بیابان ئەسووڕێتەوە. بیابان لە ناو دوو کەڵێکی بۆردا ئەسووڕێتەوە. ئاسمان ئەسووڕێ. خۆر ئەسووڕێ. تۆز و خۆڵ ئەسووڕێ. هیچ ، لە سەر جێیخۆی بەند نییە. تینوێتی! هەموولایەک تینوێتی، هەموو تینوون. هەمووشت، تینووە، هەموو ساتەکان تینوویانە. تینوێتی لە عەرز هەڵئەقوڵێ. لێوی خارا و خاک قەڵەشاوە. دڵ، ئەجۆشێ. سەر، ئەسووڕێ. دەست،

دەستەکان بێهێزانە داشۆراون. لە هەندێ ساتدا، پیری چەندە زوو ئەگات. سەری لە سەر گرێی بوخچەکە بەرزکردەوە، شێرۆ. بیابان، ئەتوت ئوقرەی گرتووە، دووکەڵ، ئیتر نەبوو. خۆر لە جێی خۆی، دەشت و گرد و شاخ لە سەر جێی خۆیان، زەوی، شێی هەبوو. خاک تینوو نەبوو. خڕنووک و گەون لە سەر جێ بوون. ڕێ، لە بەر پێ و پێ بەڕێ بوو. بوخچە لە سەر سەر، دەست بە فەرمان:

«خۆزگە پارچە نانێکم لە تۆربێنەکەی خانئاپۆ هەڵبگرتایەت!»

«قومێک ئاوم لە ئاوەکەی زەعفەرانی بخواردایەتەوە!»

ئەگەیشت، بەر لە ئێوارە، بەر لە تاریکان ئەگەیشت، بەر لەوەی وشترەکانی شەیدا لە بیابان بگەڕێنەوە. لە پەناوە ئەڕوات. بە پشت دیواری کاروانسەرای بەردین. هەوڵئەدا، کەس نەیبینێ. بە شیوی چەمەکەدا هەڵئەگەڕێ و تاریک و ڕوون ئەگاتە لای قەڵاکۆن و وەک مشکە کوێرە، خۆی ئەکاتەوە بە کوندا.

ئا ئەوا!

ماهدەروێش، نەبوو. مریشکی چیتی لە سەر دیوارەکە قوتقوتی بوو. هەتاو ڕۆیشتبوو. سێبەری ئێوارە، دابووی لە حەوشە بچکۆلەکە. دەنگی نوێژی بابە گوڵاو بەرز ئەبوویەوە. ئەبێ نوێژی شێوان بخوێنێ. دەرگای کۆنە و لارولەوێری ژوورەکە داخرابوو. کلیل ئەبێ لە ژێر تەپاڵەی بن ئاخۆڕەکەدا بێ. کلیلی هەڵگرت و دەرگای کردەوە.

هۆدە، ڕەش و دووکەڵاوی بوو. بۆنی غەوارە. نەخشی تەنهایی. جێی بەتاڵی ژن، چووە سەر نادێنەکە، نان کەڕووی هێنابوو. ئەکرا بە نینۆک کەڕووەکەی لێبکاتەوە. کوتەنانێکی هەڵگرت و هات لە بەر دەرگا دانیشت و بە ددان قرتاندی. تامی نانەکە تاڵ بوو. هەرچی بوو، بەلەزەت بوو. بەڵام نانی وشک بە بێ ئاو لە گەروو ناچێتە خوارەوە. بن جەڕەکە، تۆزێکی تیابوو. قومێک ئاو، پارووە وشکەکە ئەباتە خوارەوە. وردە وردە هێزی ئەهاتەوە بە

بەردا. ئەژنۆی وزەی وەرئەگرت. چاوی، ڕوون ئەبوویەوە. هەناسەی، ڕێک ئەبوو. برسێتی ئەڕۆیشت. ماندوێتی بەڵام ئەما.

نان، تەواو بوو. شێرۆ لێوی لە جەڕەکە بەردا و لە سەر جێگەکەی پاڵی دایەوە بە دیوارەکەوە. چەند دڵۆپێک ئاو لە قەراخی لێویەوە تکایە سەر مەمکەکانی. جارێکیتر، لەشی خۆی هەست پێکرد. چەناکە و بن لێوی، بە پشتی دەست سڕییەوە. دەرزی ژێر چەناگەی لە سەرپۆشەکەی کردەوە و دەرفەتی بە مل و بناگوێی دا، هەوا لێی بدات. ئەبوا چرا هەڵبکات. وای دانا تا پشوویەک بدات، ماهدەروێش دێتەوە.

«دێتەوە؟»

«نەهاتەوە! دیسانەوەش نەهاتەوە. چی بە سەر هاتووە؟ بۆ کوێیان بردووە؟ لە کوێ بێ سەروشوێنیان کردەووە؟ قوڕ بە سەری من! بۆ بە دوایدا نەکەوتمە ڕێ؟ بۆ لانیکەم نەموت: نا! زمانم بە بڕین چووبوو؟ زمانم لاڵ ببوو؟ ئەگەر نەم ئەتوانی بڵێم «نا!»، شتێکی تریشم نەئەتوانی بڵێم؟ ئێستەش ناتوانم لە بابقولی بوندار بپرسم؟ لەگەڵ هیچ کەسیش ناتوانم دەردە دڵ بکەم؟ ئەم غەوارەییە... ئەم بێگانە بوونە! ئەڵێن لە ماڵی ئالاجاقیش هەڵاتووە و ڕۆیشتووە. ئەڵێن ڕۆیشتووە! بەڵام بۆ کوێ چووە؟ بۆچی ڕۆیشتووە؟ ئەڵێن تۆراوە و هەڵاتووە، بەڵام لەبەرچی؟ چی بە سەر هاتووە؟ ئەگەر تۆراوە و هەڵاتووە، بۆ کوێ چووە؟ پەنای بۆ کێ بردووە؟ قوڕ بە سەری من! ئەو پەنا بۆ کێ ئەبات؟ جگە لە ڕەوەندی ماڵی باوکی کوێی هەیە؟ بەڵام ئەو خۆ ناگەڕێتەوە بۆ ڕەوەندی کەلمیشیەکان. ناتوانێ بگەڕێتەوە! ڕێگەی گەڕانەوەی نییە. ناچارە بێتەوە بۆ ئێرە. ناچارە! ئەی بۆچی هەتا ئێستا نەهاتۆتەوە؟ بۆ نەهاتۆتەوە. خۆ من خەریکم شێت و هار ئەبم!»

قەدیر، بەرامبەر بە ماهدەروێش، لە سەر سەکۆکەی ژێر تاقی کاروانسەرا دانیشتبوو و تەزبێحی ئەگێڕا. نیگای لە

ماهدەروێش بوو و بزەیەکی لە بن لێویدا شاردبۆوە. ماهدەروێش، بە بێ هەستکردن بە نیگای خوێڕیانەی کوڕی کەلایی‌خواداد، چاوی بڕیبوویە ڕێگەکە و وردە وردە خەریک بوو ئەوەی کە بیری لێ‌ئەکردەوە، بە دەنگی بەرز ئەیوتەوە.

قەدیر، نەشتەری زمانی کرد بە کوانەکەی مێشکی ماهدەروێش‌دا:

ـ تاکەی ئەتەوێ هەروا دابنیشی، ئەژنۆ لەباوەش بگری و غەم کاوێژ بکەیتەوە، پیاو؟ کارێک بکە، جووڵەیەک! ئەمە نەبوو بەژیان کە تۆ بۆ خۆتت درووست کردووە!

ماهدەروێش، لێی پرسیەوە:

ـ وتت دایکی لەگەڵ بوو؟

ـ چەند جار بیڵێمەوە؟ تازە ئەپرسی لەیلێ پیاو بوو؟! ماڵکاول، خۆ پێموتی! ئەو ڕۆژەی بۆ کاری سەربازییەکەم چوو بووم بۆ ماڵی ئەرباب ئالاجاقی، شێرۆم بینی لەگەڵ دایکی لە ماڵی ئالاجاقی هاتنە دەرەوە و پێکەوە ڕۆیشتن!

ـ بۆ کوێ؟

ـ جا من چووزانم!

ـ رنگە چووبێتنەوە بۆ ڕەوەندی خۆیان، وانییە؟

قەدیر هیچی نەوت، ماهدەروێش، زەلیلانەتر پرسی:

ـ تۆ ئەڵێی من چ قوڕێک بکەم بە سەری خۆمدا، کوڕی خواداد؛ ها؟

قەدیر بە نەرمە زمانی وتی:

ـ چ ڕێگەیەکت بخەمە بەر پێ سەیدگیان؟ مەگەر جەددت یارمەتیت بدات و ژنەکەت بگەڕێنێتەوە بۆ لات!

ماهدەروێش، دۆش داما. قەدیر لەو خامۆشیەی بەدی هێنابوو، ئاورودووی پێوەنا تا ئاگرەکە نەکوژێتەوە و ماهدەروێش لە سەر چز ڕاگرێ:

ـ بەڵام خۆ ناشکرێ هەروا دانیشی و بەهیوای خوا و جەددی

گەورەت بی، ئاخرەکەی ئەبێ شتێک هەربکەی!
ـ ئاخر چی ئەتوانم بکەم، قەدیر گیان؟ چیم لەدەس دێ؟
ـ من نازانم تۆ چیت لەدەس دێ. بەڵام دڵنیام کارێکت هەر لە دەس دێ... من ئەگەر لە جێی تۆ بوایەتم، ئەڕۆیشتم و ژنەکەم لە بابقولی ئەویستەوە! یەخەم ئەگرت و ئەموت ژنەکەم بدەرەوە!... هەروا خۆ نابێ ئاخر. پیاو کەرەکەی بە ئەمانەت ئەداتە دەس یەکێک، ئەبێ بەساخ و سەلامەتی بۆی بگێڕێتەوە؛ وانییە؟!
ماهدەروێش سەری داخست و وتی:
ـ چ قسەیەک ئەکەی تۆیش قەدیر! مەگەر بابقولی بوندار ژنەکەی منی لە ناو گیرفانی شاردۆتەوە، کە من داوای بکەم و ئەویش بیداتەوە پێم؟!
قەدیر وتی:
ـ ساویلکەی سەید! ڕەنگیشە خۆت ئەدەی لە کەریەتی. یان نەکا من بە کەر ئەزانی؟ من خەریکم پێت ئەڵێم ئەوە بابقولی بوندار بوو کە ژنەکەی تۆی ئاوارە کردووە، ئەویش ئەبێ بیهێنێتەوە. ئەگەر وا نییە، بڵێ!
ـ نە برام، قسەکەت زۆریش بێجێ نییە.
ـ کە وا بوو جگەرەیەک داگیرێنە با بیکێشین!
ماهدەروێش، جگەرەیەکی داگیراند و دای بە قەدیر. قەدیر، جگەرەکەی بە پەنجە درێژ و لارەکانی وەرگرت و کەوتە کێشانی. ئیتر هیچی نەئەوت. بەو ئەندازەی کە پێویست بوو دڵی ماهدەروێشی شەڵەژاندبوو. بۆیە لە سەر سەکۆکە هەڵسا، ماندوێتی ئەژنۆی دەرکرد و وتی:
ـ من ئیتر ئەڕۆم.
ـ خوات لەگەڵ برا!
قەدیر، لە تاریکی ئێوارەدا ون بوو و ماهدەروێش نەبزوا. وەکوو خۆی مایەوە. ئەژنۆ لە باوەش و چاوی مۆڵەقی تاریکیەکە.

سەگێک بە بەردەمیا تێپەڕی. سەگی کێ بوو؟ نەیناسیەوە. بە دوای قەدیردا سەیری کرد. ڕۆیشتبوو:

«بۆ کوێ چوو؟ خۆزگە نەڕۆیشتایەت. هەرچی بێ هاودەمێک بوو. بەڵام ڕۆیشت. بۆ کوێ؟ نازانم. بە دوای داماویی خۆیدا ڕۆیشت. بەڵام بۆ هەر کوێ بچێ لای نیوەشەو هەر ئەگەڕێتەوە، بۆماڵی میمکە سەنەما. جگە لە چاڵە قووتەکەی ماڵی سەنەما. کوێیتر هەیە هی وەک من و قەدیر شەوگاریان ببەنە سەر؟ بەڵام هێشتا سەری شەوە!»

ماهدەروێش، هەڵسا.

وشتر ئەگەر زەنگۆڵەی لەملدا نەبێ، سامێک لە هەنگاوەکانیدا هەیە. هەنگاونانی خامۆش لە لێڵایی شەوی کەویردا، پەیکەری زەبەلاح، خامۆش و بە جووڵە، کاکۆڵی گردێک لە شەودا، لە ناو تەم و مژدا، کەوتۆتە جووڵە. دوو کاکۆڵی دوو گرد، دوو وشتر. شەیدا، لەتەک وشترەکانەوە ئەهات. وشترەکان بەر لەوەی پێ بخەنە ماڵەوە، لای ئاوەکە وەستان. شەو لە ئاودا. ئاوی ڕەوان، شەوی ئەبرد. شەیدا دەست و دەمووچاوی شۆرد.

ـ خوا قەوت با، ئەرباب!

شەیدا ئاوەڕی لە دەنگەکە دایەوە، ماهدەروێش بوو. بە سەر وەڵامی دایەوە. لە دوای ڕۆیشتنی شێرۆ، شەیدا ڕووی لەگەڵ ماهدەروێش خۆش نەبوو. شەرمی شەیدا لە ماهدەروێش و ڕقی شەیدا لە ماهدەروێش، ڕێگەی لەوە ئەگرت کە شەیدا بتوانێ سەیری ناوچاوانی سەید بکات. شەرمی شەیدا لەوە بوو خۆی چاوی بڕیبوویە شێرۆ و تووڕەییەکەی لەو ڕووداوە کە سەید ناتوانێ پارێزگاری لە ژنەکەی بکات. هەڵبەت ئەمە ڕێگەیەکی بیانوو گرتنی تێدا بوو. بەڵام شەیدا، نەی ئەویست ئەو بیانووگرتنەی خۆی بە هێند بگرێ. حەزی ئەکرد خۆی بە بەرهەق بزانێ. بۆیەش بوو شێرۆی بۆ ماهدەروێش بە حەیف ئەزانی. بە گومانی شەیدا، شێرۆ بۆ ماهدەروێش زیاد بوو:

«کاڵەکی گەیشتوو، لە بەر قەپۆزی کەمتیاردا!»
پرسی:
ـ باوکم لە قەڵات نەگەڕاوەتەوە؟
ماهدەرویش، وەڵامی دایەوە:
ـ ئەسڵانیش نەهاتۆتەوە!
شەیدا وتی:
ـ بڕۆ بە دایکم بڵێ پیاڵەیەک چا لێ بنێ.
ماهدەرویش، ڕۆیشت. وشترەکانی کردە حەوشە، داردەستەکەی هەڵدایە بن دیوارەکە و لە سەر کۆرتانە کۆنی بن دیوارەکە دانیشت. ماهدەرویش کاری خۆی ئەزانی. ئێوارەی درێژ، کا و پەمووی وشترەکانی ئامادە کردبوو و سفرەی هێنابوو بۆیان ڕابخات. شەیدا وتی:
ـ تێرن. داینێ بۆ دوایی.
ماهدەرویش، سفرەی گرێدراوی هەر لەوێ، لە بن دیوارەکە دانایەوە.
نوورجیهان، بە ماهدەرویشی وت:
ـ بە شەیدا بڵێ چا ئامادەیە.
شەیدا بە ماهدەرویشی وت کترییەکە بهێنێ بۆ حەوشە. دیاربوو کوڕە تاقەتی بیستنی ناڵە و هاواری دایکی نییە. ماهدەرویش کتری و پیاڵە و خورمای هێنا و لە بەردەمی دانا. شەیدا، پیاڵەی لە چا پڕکرد و، بە بێ ئەوەی سەیری سەید بکات. لێی پرسی:
ـ ئەمڕۆش مناڵ نەهاتبوون بۆسەر کار؟
ماهدەرویش وتی:
مناڵ هاتبوون، بەڵام وەستاکارەکانیان نەبوون؛ ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان.
شەیدا پرسی:
ـ مووسایش هەواڵی نییە؟
ـ نە جارێ.

ـ ئەو ئیتر بۆ کوێ چووە؟... شێرۆش هەواڵی نییە؟

ـ هێشتا هیچ، ئەرباب.

شەیدا لە بەر خۆیەوە بۆڵاندی:

ـ چ ئاژاوەیەک ساز بووە! ئەسڵانیش هەمووانی بە دەزگیرانبازی خۆیەوە خەریک کردووە. مانگاکەت لە کۆڵ کردەوە؟

ماهدەروێش وتی کە لەگەڵ دایکی شەیدا چووە و شیرەکەی دۆشیوە و ئالیکیشی کردۆتە ناو ئاخوڕەکەی:

ـ چاوەڕێی تۆ بووم بزانم کارێکی ترت نییە؟

شەیدا وتی:

ـ تۆ بڕۆ. کاریشم هەبێ خۆم ئەیکەم. بڕۆ... بەڵام ئاگات لە پەزەکانی ئەرباب هەیە؟

ماهدەروێش وەڵامی دایەوە:

ـ پەزی ئەرباب وان لە ئەستۆی بەرات و باوکی سالار ڕەزاق!

ـ ئەمزانی. باشە، بڕۆ!

ماهدەروێش بەرەو ژووری دایکی شەیدا، بە دەم ڕێوە پرسی:

ـ من خەریکم ئەڕۆم ژنی بوندار، خۆ کارت نییە؟

دەنگی نوورجیهان لە ژوورەوە هات:

ـ خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ!

ماهدەروێش، لە دەرگای حەوشە چووە دەرەوە.

شەو. دەر و بان شەوی لێ نیشتبوو. ئاو، لە شەودا ئەخزا. ڕاستە بیەکانی قەراخ جۆگەکە لە شەودا ئەلەرینەوە. دەنگی هەنگاوەکانی ماهدەروێش، لە شەودا ئەشکا و ئاقارێکی دیاریکراوی نەئەدۆزییەوە. لە سەر پێچی کۆڵانەکە، بابە گوڵاو لەبەردەم ماهدەروێشدا قیت بوویەوە. سڵاو و دۆعا. ماهدەروێش بە لایدا تێپەڕی. بابە گوڵاو سەری وەرگێڕاو بانگی کرد:

ـ تۆی ماهدەروێش؟! خۆتی؟

ماهدەروێش، گەڕایەوە و وەستا:

ـ بەڵێ بابە گوڵاو؛ خۆمم، خۆ سڵاوم لێکردی!

بابە گولاو، وتی:

ــ هەر ئەوە ئەڵێم منیش. بە دەنگەکەتدا ناسیتمەوە، ئەگینا بەچاو نەمناسیت. دەی ئیشەڵلا خۆ چاکی، حاڵت چۆنە، بە کەیفی؟

ــ ئەی... جارێ زیندووین.

ــ دەی، شوکری خوا. هەمیشە لە سەر کەیف بی سەیدگیان. هەمیشە زیندوو بی. خوا هەمیشە سەرت سەوز ڕاگرێ و لەبەرچاوی دۆست و دووژمن سەرت دانەخات. ئیشەڵلا. چاوەکانی من لە تاریکی‌دا هیچ نابینن، ئیتر! خوا سۆمای چاو بە ئێوە بدات. من ژیانی خۆمم کردووە، سەیدگیان. خۆری ژیانی من خەریکە دائەچێ. ئەبێ لە بیری ماڵی ئەو دنیامدا بم، سەیدگیان. خوا چارەی هەموو کەس بەخێر بکات، ئیشەڵلا.

ماهدەروێش بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات، وتی:

ــ خوا چاکمان بۆ بکات، بابە...

ــ خەریکی ئەڕۆیت؟ ئەمویست هەواڵی ژنەکەت بپرسم. چۆنە؟ ئاخرەکەی لە شار گەڕایەوە یان نا؟ هەواڵی ئەزانی، نازانی؟

ــ بێ ئاگانیم، بابە گولاو، بێ ئاگانیم.

بابە گولاو، گۆچانەکەی دایە ئەو دەستی و وتی:

ــ دەی شوکری خوا. لە هەرکوێ هەیە خوا بیپارێزێ. خوا جەوانیەکەی بە تۆ ببەخشێ. خوا بەپای یەکدی پیرتان بکات. ژنێکی باشت دەستکەوتووە ماهدەروێش! ڕەنجدەر، گوێڕایەڵ، پاک و خاوێن و بێوەی... خوا تەمەنی درێژ بە هەموو بەندەکانی بدات. ئیشەڵلا. من خۆ هەمیشە دۆعای خێر بۆ بەندەکانی خوا ئەکەم. هەمیشە و کات و ناکات. لە سەر بەرماڵ، بەیانی و ئێوارە و شەو و نیوەشەو، من دۆعا ئەکەم. بۆ هەموو بەندەکانی خوا، بۆ هەموو موسڵمانان، خوا، تەمەنی درێژ و ڕێز و...

گۆدەرزی بەڵخی، ماهدەروێشی لە دەس دۆعا و ستایشی بابە گولاو ڕزگار کرد:

ـ دیسانەوەش خەریکی زیکر ئەکەی بابە گوڵاو!
بابە گوڵاو، وەرگەڕا بۆ لای دەنگەکە و وتی:
ـ تۆی پاڵەوان؟! خۆتی؟ خوا هێزت بداتێ! خوا هێزت پتر بکات. لە کوێوە دێی؟ من خۆ چاوم باش نابینێ. لە کوێوە دێی؟
ـ لە بیابانەوە، بابە...
گۆدەرزی بەڵخی، کۆڵێک گەونی بە کۆڵەوە بوو. بابە گوڵاو چوو بۆ لای. بەڵخی کۆڵەکەی پاڵدا بە دیوارەکەوە و پەتەکەی سەر سینەی تۆزێ شل کردەوە، بابە گوڵاو وتی:
ـ خوا تەمەن و ڕێزت پتر بکات، پاڵەوان. چیت هێناوە؟
ـ گەون، بابە. گەون.
ـ ڕەنگە بۆ تەنوور؟
ـ ئەی بۆچییە؟ بۆ ئاژەڵ و پاتاڵم؟
ـ بە کۆڵ؟!
ـ ئا بەڵێ، بابە گوڵاو.
ـ چوار پێیەکەت ببردایەت، پاڵەوان! لە یەکێکت قەرز ئەکرد.
پاڵەوان بەڵخی بە پێکەنینەوە وتی:
ـ خەڵکی وەکوو من، خۆی چوارپێیە، بابە گوڵاو!
ـ دوور لە گیانی تۆ، پاڵەوان.
گۆدەرزی بەڵخی، قسەکەی گۆڕی:
ـ دیارە یان لە مزگەوت دێیتەوە، یان ئەچی بۆ مزگەوت؛ بابە گوڵاو؟
ـ نە پاڵەوان. مزگەوت چرا و مجێوری لێ نییە. نوێژەکەم لە ماڵەوە ئەخوێنم. ئەچووم بۆ دووکانی بوندار چوار مسقاڵ چا بکڕم. خوا ڕسقتان بدات. خوات لەگەڵ بێ. خوات لەگەڵ بێ!
بابە گوڵاو، بە گۆچان ڕاوەشاندن دوورکەوتەوە، بەڵام دەنگی دۆعا کردنی هەر ئەهات.
ماهدەروێش بە بێ ئەوەی بزانێ بۆ، بەرەو پاڵەوان بەڵخی چوو. بەڵخی بەدەمیەوە پێکەنی و وتی:

ـ پیاوێکی دڵپاکە ئەم بابە گوڵاوە. لەوەتی لە بیرم بێ هەروا بووە. دەروونێکی پاکی هەیە... تۆ چۆنی؟

ماهدەرویش، سەری ڕاوەشاند:

ـ خراپ نیم!

بەڵخی وتی:

کارگەی بوندار هێشتا نەکەوتۆتەوە کار؟ مناڵ دیسانەوە هاتنەوە و وتیان وەستاکان لەوێ نین. کەی بڕیارە ژنەکەت بێتەوە؟

ـ دێتەوە، دێتەوە!

بەڵخی، هیچی نەوت. پەتی کۆڵەکەی توند کرد. بارەکەی لە دیوارەکە کردەوە و پشت لە ماهدەرویش، چووەوە بۆ ماڵەوە:

ـ خواحافیز!

ماهدەرویش، لە سەر جێی خۆی ما. تەنها و بێ تەکان. شتێک وەکوو سێبەری خۆی.

ـ بۆ وا لێرە وشک بوویت، سەید؟ چیتە؟

بەلووچ بوو. قوربان بەلووچ. بە هەورازی چاڵەکەدا هاتە سەر، هات بۆ ئەملا و لای شانی ماهدەرویشەوە وەستا:

ـ ها؟ بۆ والێرە مات بوویت؟!

ـ پاڵەوان بوو؛ ڕۆیشت!

ـ گوێم لە دەنگیبوو.

ـ بابە گوڵاویش بوو.

ـ فرەوێژیەکەی ئەویشم بیست.

ـ بیستت؟

ـ بیستم!

ماهدەرویش ڕووی کردە بەلووچ و وتی:

ـ قوربان! ئاشناگیان، خەریکم بەر ئەبمەوە. بە جۆرێک یارمەتیم بکە!

ـ برۆ با بڕۆین.

کەوتنە ڕێ. بەلووچ، ماهدەرویشی ئەبرد، نەک بن باڵی

بگرێ. بە هەناسەی خۆی، ماهدەروێشی ئەبرد. ماڵی سەنەما. ڕۆچوون. قووڵکە. ماڵی میمکە سەنەما. ڕەشە و عەباسجان، عەباسجان جگەرەی ئەکێشا. ڕەشە بە چۆلەکەکەی یاری ئەکرد و، سەنەما خەریکی چاخکردن بوو.

بەر لەوەی ماهدەروێش دابنیشێ، سەنەما پێی وت:

ـ چاوت ڕوون، سەید! بیستم ژنەکەت هاتۆتەوە؟

ـ ژنەکەم هاتۆتەوە؟! لە کێت بیست؟

ـ بیستم. چووزانم لە کێم بیست.

دانەنیشتبوو، ماهدەروێش هەڵسا. قژی چڵکن و ئاڵۆزکاوی خستە بن کڵاوەکەی و، بە قوربان بەلووچ، کە چاوی تێبڕیبوو، وتی:

ـ ئەگەر نەهاتبۆوە، ئەگەڕێمەوە!

بە بێ چاوەڕێکردنی وەڵام، خۆی دانەواندەوە و لە دەرگاکە چووە دەرەوە.

شێرۆ، دەرگای لە سەر خۆی داخستبوو.

ـ چی؟! منم! ماهدەروێشم، گوێت لێنییە؟ شێرۆ، شێرۆ! ئەوە کەڕ بوویت؟ ها؟ بۆ دەرگاکە ناکەیتەوە؟ چی؟ نەکا شێت بوویت؟! شێرۆ! بۆ قڕ و قەپت کردووە؟ مردووی؟ دەرگاکە بکەرەوە زۆڵەزا! دەرگاکە بکەرەوە. من ناناسی؟ سوێندت ئەدەم بە جەددم بیکەرەوە، دە بیکەرەوە ئەو دەرگایە! بێ پیر، بیکەرەوە. بە جەددم فاتمەی زەهرا من ئێستا بیستم تۆ هاتوویتەوە. بیکەرەوە، شێرۆ. من شووی تۆم بێ پیر!... زۆڵی بێ باوک، من شووی تۆم. من چاوی خۆمم لە دووی تۆ سپی کرد. بە جەددم سەیدەلئەلشوهەدا نەیکەیتەوە، ئەیشکێنم. لە قەبری باوکی من و تۆ و ئەم ژیانە کوولەمەرگیە!

ماهدەروێش غاریدا بۆ سووچی حەوشە، دەسکی پێمەڕەکەی دەست دایە و هەڵاتەوە بۆ پشت دەرگاکە. سەید، قوشقی ببوو و ئەیویست دەمی پێمەڕەکە لە درزی دەرگاکە بگیرێنێ؛ بەڵام

بەر لەوە ، دەرگا کرایەوە و شێرۆ لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەدا وەستا.

چەندە لاواز ببوو، شێرۆ!

دەستەکانی ماهدەرویش سست بوون، لەرزین و پێمەڕەکەی بەردایەوە و بەرەو ژنەکەی هەنگاوی نا.

ــ تۆ ئیتر مێردی من نیت، مەیە بەرەوە!

ــ چی؟!

ــ بڕۆ، لەم ماڵە بڕۆ!

ــ بڕۆم؟!

ــ بڕۆ! یا تۆ، یان من.

ــ ها؟

ــ من ئەڕۆم!

شێرۆ، پێی نایە ناو حەوشە و بەرەو دەرگای حەوشە چوو.

ــ بۆ کوێ؟!

ماهدەرویش، مەچەکی دەستی ژنەکەی گرت. بەڵام شێرۆ توانی دەستی لە ناو دەستی پیاوەکەی دەربهێنێ و لە دەرگاکە بچێتە دەرەوە. لە کۆڵان، شێرۆ پێی هەڵگرت. ماهدەرویشیش کەوتە هەڵاتن. شێرۆش هەڵات. هەردووکیان، بە بێدەنگ هەڵئەهاتن. شێرۆ، داڵان و کۆڵانی تەواوکرد، خۆی گەیاندە بەر دەرگای ماڵی بابقولی بوندار و خۆی کرد بە ژووردا. ماهدەرویشیش، بە دوایدا، خۆی هەڵدایە حەوشە. شێرۆ پەنای برد بۆ ژوورەکەی ژنی بوندار. نوورجیهان هەراسان ڕابوو. ماهدەرویش، قایشی کردەوە و بەر لەوەی شێرۆ پەنا بگرێ، هێرشی بۆ برد. کار لەکارترازابوو و ژنەی دەردەدار توانای ئەوەی نەبوو نێوبژییان بکات. جا، ژن و شوو؛ دوو پشیلەی تووڕە، ئامبازی یەکدی بوون. شێرۆ، بۆ ئەوەی مەیدان بە قایشەکەی سەید ببەستێ، باوەشی پیاکرد و نینۆکەکانی لە سەر و ڕوومەت و گەردن و گەرووی سەید خستە گەڕ. گوڵی کەمەرەکەی ماهدەرویشی گرت و لە دەوری دەستی ئالاند. چنگی

گیرکرد لە قورقوڕاگەی و ددانی لە قۆڵی شووەکەی چەقاند. تەنها دەستی چەپ و زمانی سەید ئازاد بوو. ئەیتوانی بە مشت بدات لە شان و قۆڵی ژنەکەی و جنێو بدات. هیچکامیان لەوی دی کەمی نەئەهێنا. بەزمان و دەست و ددان، یەکدیان ئەپچڕی. ژنی بوندار بە ناچار هەڵاتە دەرەوە و هاواری کرد:

ــ ئەی هاوار یەکدیان کوشت، ئەی موسڵمانان!

شەیدا، لە بانیجە بوو. هەڵاتە خوارەوە و خۆی هاوێشتە ناو هۆدەکە و ئەربابانە ژن و پیاوەکەی دایە بەر توانج و وتی:

ــ ئەوە چیتانە؟ بۆ وائەکەن؟

دەسبەجێش، لایەنی شێرۆی گرت:

ــ ئەوە شێت بووی، پیاو؟! دەس لە ژن بەرز ئەکەیتەوە؟ بەری دە، بەری دە وتم!

دەستەکانی ژن و پیاو، یەکتریان بەر نەئەدا. زمانیشیان ئارام نەئەبوو. بە بێ ماندوو بوون، یەکبەند باوک و دایکی یەکتریان دەر ئەهێنا.

دایکی شەیدا، بە قەڵسیەوە وتی:

ــ ئەو ئەسیرانە، ئەو قوڕ بە سەرانە چییان کردووە، بۆ ناهێڵن لە قەبرەکانیاندا ئارام بن؟ چ گوناهێکیان کردووە، ئەوان؟ ئەو ڕەبەنانەی دەست لە دنیا دابڕاوە!

بە قسە نەئەبوو. ئەنجامی نەبوو. شەیدا، خۆی دا بە سەر دەستەکانی ژن و مێردا و لێکیانی جیاکردەوە. شێرۆی لە لایەکەوە ڕاگرت و ماهدەرویێشی بردە دەرەوە و لای کورتانی وشترەکە دای نیشاند. ماهدەرویێش قۆڵی ڕاستی، جێی قەپەکەی شێرۆی بە دەستی چەپ گرت و گووشای. تفی کردەوە و لێوی بنەوەی بە ڕەقەوە کرۆشت. شێرۆ لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و لە بن دیوارەکەوە چوو بۆ لای تەنوورەکە و دانیشت. هەوڵیدا نەگری. ژنی بوندار قاپێک ئاوی بۆ ماهدەرویێش هێنا و دای بە دەستیەوە. شەیدا، لە ناو دەرگای دالانەکە، پشتیدا بە دیوارەوە و وەستا.

شوێنێک لە نێوانیاندا. ژن لەم سووچ و پیاو لەو سووچ. بە لەش شەکەت ببوون، بەڵام بە زمان بەردەوام بوون. ئەم یەکێکی ئەوت و ئەو بۆی ئەسەندەوە. جار جار ماهدەروێش تەکانی ئەدا لەخۆی و شەیدا دایئەنایەوە و ئەنجا شێرۆ دەستەکانی لەعەرز دائەنا و وەکوو پشیلەیەک سەر و سینەی ئەدایە پێشەوە و بۆ شووەکەی دائەگرت. ماهدەروێش ژنەکەی بە دڕندەی کێوی و ماکەر و مار ناو ئەبرد. شێرۆش، شووەکەی بە؛ ناڕەسەن، بێکەسوکار، گەدای گەڕۆک و نۆکەری بێ مز ناو ئەبرد:

ــ کەس نازانێ دایک و باوکت کێ بووە، ناسەید!

ــ باوک ودایکی تۆ کێن، پێت وایە کێن؟!

ــ هەر کەس هەن، ئەوەندەی منیان خستۆتەوە تۆ لە سەر خەرمانەکان کۆ بکەمەوە، خۆی زۆرە!

ــ تۆ من لە سەر خەرمان کۆ بکەیتەوە؟ ئەوە نەبوو وەکوو کاژیلەی نۆددان بە دوای مندا باعەباعت بوو!

ــ من بە دوای تۆدا باعەباعم بوو؟! من کچی کەلمیشی میشکاڵی، بە دوای گەدایەکی بێ دەرپێدا باعەباع بکەم؟!

ــ ئەی ئەوە کێ بوو بە فیکەیەکی من حەوت فرسەق بە دوامدا ڕای ئەکرد؟ ئەی ئەوە تۆ نەبووی، کچی خانی میشکاڵی؟!

ــ من بووم! باشە، من بووم! باشە، من بووم! تۆ وای دانێ، باشە! بەڵام لەمەولا پیشانت ئەدەم، سەیدی سواڵکەر. تا ئێستەش نانی ڕەنجی دەستی من ئەخۆی، تۆی بێ شەرم و ڕوو! کوڕی بنە بنچک، من دڵم بۆت سووتابوو. دڵم بۆت ئەسووتێ هەتیوی بێ باوک! چاو و دڵ برسی! تا من نەبووم، ژەمێک نانت لە سەر سفرەی خۆت نەدیبوو، مشەخۆر. کوا سفرەت هەبوو! کەی زانیبووت سفرە چییە تۆ؟ بە من بڵێ، منی بەخت ڕەش کە تا ئێستە لەگەڵ ناپیاوێکی وا لە ژێر بنمیچێکدا ژیاوم! دەم ئەنێمە دەمی کێ. براکەی من نافەکتی بڕی، ناسەید! هەر کەسیتر لە جێی تۆ بوایەت خوێنێکی ئەکرد. یان ئەگەر نەشی توانیایەت

خوێن بکات، لانیکەم خۆی ئەکوشت؛ گۆڕ بە گۆڕ! بەڵام تۆ... بەڵام تۆ... خۆ غیرەتت نەبوو! نانی مفتە پیاو بێغیرەت ئەکا، کە تۆ... ئاخ... خۆزگە هەمان ڕۆژ خۆم دەرمان خوارد بکردایەت!

ڕێز، ئیتر نەمابوو. هەمووی پێشێلکرا. ئەوەش -ئەگەر مابوو- خرایە بن پێ. هەر کەس هەرچی لە دزێوی و کرێتی هەبوو، باراندی بە سەر ئەویتردا. پیاو و ژن ئاخێنراوی چڵک، کیم و زمانی پیس بوون. وەک بڵێی توێژێکی لینج و گەرمی چڵکاویان بە سەروڕووی خۆیانەوە هەست پێئەکرد. کینەیەکی قێزەون. ڕقێکی تێکەڵاو بە چڵکی زمان. ماری کینە، لە پەسا، زیاتر سەری لە دڵیان ڕائەژەند. هەموو قسەیەک، تۆپەڵێک خوێنی مەیوو و ژەهراوی بوو لە دەمی ئەم دەرئەپەڕی یان لە بن ددانی ئەوی ترەوە حەوا ئەدرا.

رق و قینەکە وەها نەبوو کە تیاچوونی یەکیان بوێ. نەء! هەر کامیان لە هەڵچوونی ئاگراوی ڕقیخۆیدا، سەرکزی و سووکایەتی ئەوی تری ئەویست. هەر کام نەگبەتی و زەلیلی ئەوی تری ئەویست. دڵ و زمان، یەکپارچە کیم و چڵک بوو. فڕێ ئەدرا، سەری یەکیان نەئەشکان، سەرشۆڕییان بۆ یەکدی بەدی ئەهێنا. لەمەودوا، ڕوون نەبوو چۆن ئەتوانن سەیری ناوچاوی یەکدی بکەن؟! پەردەی ژن و مێردایەتی، لە بەر چاوی غەیرەش دڕێنرابوو. پاشماوەی ڕێز و خۆشەویستی لە چوارچێوەی زمان پیسیدا دائەڕێژرا و ئەکرایە ناو چاڵێکی بۆگەنیووەوە. هێڵێکی دزێو شوێنی لە سەر کارنامەی هەموو ژیانیان بەجێئەهێشت و بۆ ئەوەی چەپەڵی خۆیان بشۆنەوە، چەپەڵیان بە سەر ئەوی تردا ئەباراند. بە چنگ و دەنووک برینی کۆنیان هەڵئەکۆڵی و لە بەر چاوی بێگانە، هەڵیانئەڕێژایە سەر سفرەی خاک. چەند زیاتر هەڵیکۆڵن، بۆ گەنیوی نەگبەتی گیانی نەخۆش بە ئازارتر. لە بەردەوامی ڕیسواییدا، خۆشیان زیاتر موچرکەیان پێدائەهات و تووشی پەشیمانی و کینە ئەبوون. بەهەر جنێوێک دەردێکی

کۆنیان پەرە پێئەدا. هەوڵێکی شێتگیرانە بۆ شۆردنەوەی دزێوی بە دزێوی، ئەنجام ئەوە بوو کە لە پەسا زیاتر و زیاتر لە کرێتی هەڵئەژنران و لەو خۆڵە پووتەی لە سەری وەستابوون زیاتر و زیاتر ڕۆ ئەچوون و گرنگتر ئەوەی هەوڵیان ئەدا یەکدیش لەو گەنداوە لیخنەدا بخنکێنن.

قڕەکە، بەرینتر و قووڵتر ئەبوو. ژن و شوو زۆرتر لە داماوی و سەرشۆڕی نزیک ئەبوونەوە و زیاتر بە بڕوای لێنەهاتوویی و بێشەرمی خۆیان ئەگەیشتن و زیاتر هەستیان بە زەلیلی و کلۆڵی ئەکرد. ئەیان بینی تاو لە دوای تاو زیاتر تیائەچن. سەرەڕای ئەوەش ئەتوت ئەڕۆن بە نابووتی تەواوەتی بگەن، تا زۆنگاوی لێکهەڵپچڕانی دوا تان و پۆیان. بە لەچەری هەوڵیان ئەدا بچووکترین داوەکانی پەیوەندی نێوانیان بپچڕێنن. پەردەکان بە تەواوەتی بدڕن. کەمترین پاشماوەی ڕێز و حورمەت لەژێر پێیاندا، پێشێل بکەن. بەو ڕادەیەی کە لە سنووری دزێویدا، هیچ یادێکی خاوێن نەمێنێتەوە. ڕیسوایی لە سەر ڕیسوایی. هەبوو و نەبوو با بەرباد بێ:

ناپیاو! تۆ غیرەتت نییە. ئابڕووت نییە. ژن ڕاگر نیت. تۆ سەگی ڕان نیت، سەگی بەرەڵڵایت. تۆ نەئەبوا بە دوای مندا بهاتایەتی. تۆ ئەبوایە جووتێکی وەکوو خۆت بدۆزیتەوە.

من هەموو کەسوکاری خۆم بۆ تۆ فڕێ دا! وامزانی تۆ پیاوێکی ئەتوانی ڕامبگری. نەمزانی ئەوەندە بێ ڕەگ و بێ غیرەتی. تۆ خەریکی خەفەتکوژم ئەکەی. من خەریکە دیق ئەکەم. تۆ بوویت بە مایەی نەنگ و سەرشۆڕیم! براکانم، ئیترسەیریشم ناکەن. باوکم، مامم... وەڵامی سڵاوەکەم نادەنەوە. هەموو ئەم ئازارانە ئەچێژم، دڵم خۆشە سایەی پیاو بە سەرمەوەیە، شووم هەیە! کەچی ئەبینم... شووم نییە، تۆم هەیە! مایەی شەرمەزاری! مایەی گۆنگڵ نانەوە! بڕۆ، بڕۆ خۆت لەگەڵ کەری قەرەچی بگۆڕەوە!

ماهدەروێش هەڵسا و هاتە لای دەرگاکەوە. لای شانی شەیداوە وەستا و بە توندی هاواری کرد:

ـ خۆت کۆکەوە با بچینەوە بۆ ماڵەوە!

شێرۆ ڕووی تێکرد و وتی:

ـ بێمەوە بۆ ماڵەوە؟! کامە ماڵ؟ من ئەگەر پێم خستەوە ئەویَ، لە تۆ کەمترم!

ماهدەروێش کولا. خۆی پێ ڕانەگیرا. شەیدای لادایە ئەولاوە و خۆی حەوا دایە ژوورەوە و بەر لەوەی شەیدا بێتەوە بە خۆیدا، خۆی دا بە سەر ژنەدا و وەکوو سەگی هار، شان و قۆڵ و هەموو گیانی شێرۆی بە قەپ پچڕی. وای لێهات کە شیوەنی شێرۆ گەیشتە ئاسمان.

شەیدا، دەسبەجێ خۆی هاوێشتە ناو ژوورەکەوە و ناوقەدی ماهدەروێشی گرت و کێشایەوە. بەڵام شێرۆش لە بن قەپی ماهدەروێشدا لەگەڵیان کشا و لە بەر ئازار ئەی نەڕاند. شەیدا، بۆ ئەوەی پیاوەکە لە ژنە جیابکاتەوە، خۆی خستە نێوانیانەوە؛ بەڵام نەی ئەتوانی ماهدەروێش لە شێرۆ جیابکاتەوە، ماهدەروێش قەپی لە بن ملی شێرۆ گرتبوو و بە هیچ کلۆجێک بەری نەئەدا.

شێرۆ، هەروا ئەیقریشکاند. دەنگی شێوەنی ئاسایی خۆی لەدەس دابوو و ببوو بە قورووسکانەوەی جانەوەر.

شەیدا، هاودەردی ئەو ژنەی خولیای بوو، بە جنێو و دەست ئەیویست جیایان بکاتەوە؛ بەڵام سەید هەژابوو و نە گوێی ڕائەگرت و نە خۆی ئەدا بە دەستەوە.

شەیدا هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی تێوە بچێ و دەستێک بوەشێنێ. مشتی قوچاند و یەک دانەی کێشا بە چەناگەی سەیددا. قفڵی دەمی سەید کرایەوە. کراوە؟ نا! ددانەکانی سەید هێشتا قفڵ بوون و خوێن بە لەوسیدا ئەهاتە خوارەوە. شێرۆ هەردوو دەستی گرت بە گوێیەوە و بەربوویەوە. گوارەی ژنە و لەتێکی نەرمەی گوێی هەروا لەدەمی ماهدەروێشدا بوو.

تفیکردەوە و بەر لەوەی لە بن نیگای حەپەساوی ئەم و ئەودا بکەوێتە گیر و دارِزیّ، شانی دانەواند و لە دەرگا چووە دەرەوە. حەوشەی بە هەڵاتن تەواو کرد و دای بە کۆڵاندا و بە باریّ خەفەتەوە چووە ناو شەوەوە:

«خوا لێم خۆش نەبیّ! خوا لێم خۆش نەبیّ! بۆچی، بۆچی وامکرد؟! بۆچی ڕێزم شکاند؟ بۆ دەستم لیّ بەرز کردەوە؟ شێرۆ لە لای من زۆر ئازیز بوو، زۆر. ڕووناکی ژیانم بوو. خوایە، خوایە! ئەویشت لیّ سەندم! ئەویشت لیّ سەندمەوە! خوایە، خوایە! حەز ئەکەم وەکوو پیرێژن بگریم. بۆ وای لێهات، خوای گەورە؟ ئەو ڕۆژەی هاتین بۆ ئێرە، ڕۆژگارمان جۆرێکیتر بوو. تەندروست بووین. دوو ئادەمێزاد بووین. وەک دوو سپیندار بووین. ئەم دارانە بۆچی شکان، خوایە؟ بۆ ئێمەت شکاند، بۆ ئێمەت شکاند، خوایە؟ بۆ لە ڕیشەمان ئەدەی؟ ڕیشەکێش ئەبین. نەء، جا چیتر ماوە، ڕیشەکێش بووین و بڕاینەوە! تیاچووین. من خەریکم ئەڕووخێم، ڕووخاوم. چیم ماوەتەوە؟ دڵم کرمیّ بووە. سەرم شۆڕ بووە. ئابڕووم چووە. بووم بە هیچ. غەوارەیی ئەکەم. شەرم لە خۆم ئەکەم. لە خۆم بێزارم. دڵم لە خۆم ڕەشە. خوایە، مەگەر تا ئێستە درۆم لەگەڵ خۆم کردووە؟ ها؟ درۆم کردووە؟ نەء. من ژنەکەمم خۆش ئەویست. زۆر! نەم ئەویست؟ چۆنم نەئەویست. بە جەددم عاشقی بووم. عاشقیم! خوایە ژنەکەم پیّبەرەوە. من چ گوناهێکم نەکردووە. بیّ تاوانم، خوایە! خراپم کرد. هەڵەم کرد. ژنەکەم پیّبدەوە. ژنەکەم پیّبەرەوە. خوایە!... خەریکم ئەگریم؟! خوایە، من خەریکم ئەگریم. بەزەییت پێمدا بێتەوە. بەزەییت پێمدا بێتەوە، خوایە! بۆچی... بۆچی... وامکرد؟ بۆ لەگەڵ ژنەکەم، هاوسەرەکەم وامکرد؟! زمان، زمانم خۆزگە لاڵ ئەبوو. دەستم، دەستم خۆزگە ئەشکا. گەردنم، گەردنت بشکیّ سەید! بۆ ئەوکارەت کرد!»

ــ بۆ سەید؟!

ــ نازانم برام، نازانم بۆ!

ماهدەروێش و قوربان بەلووچ، لای خوارووی قەڵاچیمەن، لە سەر ئاوەکە دانیشتبوون. ماهدەروێش نەی ئەتوانی قسە بکات و، وشەیەکیشی ئەگەر ئەوت، وشەی شکابوو. وشەکان لە گەرووی‌دا ئەگووشرا. پیتەکان لە بن ددانی‌دا ئەخورا؛ بێ ناوەرۆک ئەبوو. دڵی ئەلەرزی. لەشی ئەلەرزی چاوەکانی، بە بێ ئەوەی هەست پێ‌بکا، تەڕ بوون. زمانی وشک ببوو. خەیاڵی ئەفڕی.

بچووک ببۆوە، ماهدەروێش. بچووک و بچووکتر. سەری خستبوویە ناو شانیەوە و لەشی گرمۆڵە ببوو. گرمۆڵە و بچکۆڵە. ناچار و ناچارتر:

ــ قوربان‌گیان، ئاشنا گیان، خەریکم ئەمرم! هەڵسە کارێکم بۆ بکە. هەڵسە. هەڵسە بڕۆ ژنەکەم بۆ وەربگرەوە. من لەو ماڵە ئەترسم، قوربان‌گیان. دڵم بەرایی نادا شەو لەو ماڵە بێ. لەو شەیدا زۆڵە، لەو شەیتانەی بابقولی ئەترسم. ئەمشەو، بوندار و ئەسلانیش لە ماڵەوە نین، قوربان! بڕۆ. تکات لێ ئەکەم هەر چۆن بووە ژنەکەم لەو ماڵە بهێنە دەرەوە. هەر چۆن بووە مەهێڵە لەوێ بێ. بڕۆ شێرۆ بهێنە دەرەوە، قوربان گیان. قوربان، ئاشنا گیان...

ماهدەروێش، قوربان بەلووچی هەڵساند. شێت و شپرزە، بە هەردوو دەست قۆڵی بەلووچی گرتبوو و لێی‌ئەپاڕایەوە. بەلووچ خۆی بەڕێوە بوو. بەڵام پێش ئەوەی بەلووچ بڕوات، قەدیر لە پەنای دیوارە ڕووخاوەکەوە، وەک تارمایی هاتە پێشەوە. بەلووچ، گوێی نەدایە ئەو. ڕۆیشت و، ماهدەروێش هاتنی ئەوی هەست پێ‌نەکرد. سەید، لە سەر جێی خۆی مابوو. ڕامابوو.

چەند ساتێک ـتا کەی؟ـ هەروا مایەوە و پاشان، لە لای جۆگەکە دانیشت و بە شپرزەیی، وەک بڵێی ئەیەوێ خەیاڵێکی مڵۆزم و بە ئازار لە خۆی دوور بکاتەوە، قۆڵی هەڵکرد و کەوتە دەستنوێژگرتن. ڕەنگیشە ئەیویست ئارەقە و خوێن لە دەم و

فڵچی بشواتەوە. هەرچی و بە هەر مەبەست دەستی شۆرد و نەشۆرد، سەری هەڵێنا و ڕووی کردە ئاسمان.

قەدیر، لە لای خۆی وتی:

«لێیگەڕێ با زیکری خوا بکات. دڵی پڕە سەیدۆکە!»

ماهدەروێش هەڵسا، مەسحی سەروپێی کێشا و دەستی برد بۆ گیرفانی -رەنگە- بەردەمۆرە بچکۆڵەکەی دەربهێنێ و لە تەنهایی تەنهادا، لەژێر ئاسمانی بڵیندی شەودا، نوێژ و ستایش بکات. بۆ شوێنێکی ڕێکایی ئەگەڕا و گەڕایەوە بیبینێتەوە. قەدیر! دیسانەوەش قەدیر!

«خوایە! من ڕوو لە تۆ ئەکەم و تۆش شەیتان لە بەردەممدا قیت ئەکەیتەوە! لەحنەت لە شەیتان!»

ـ لەگەڵ بەلووچ دەردە دڵتان ئەکرد، ئەرێ سەید!

ـ ئا، دانیشتبووین. ئەی تۆ لە کوێوە هەڵقوڵای؟

ـ شەوانی پادشایی من خەریکە ئەگات، ماهدەروێش. زستان ڕۆیشت و من ئەتوانم تاکەی پێم خۆش بێ لە دەرەوە بم و بۆ خۆم بگەڕێم. یان لە هەر کوێ حەزم لێ بێ، لێی ڕاکێشم. شەو تا بەیانی ئەتوانم لە بن تاقی ئاسمان بخەوم و... ئەڵێی ئەتویست نوێژ بخوێنی؟

ـ بەڵێ، ئەمویست نوێژ بخوێنم. قەرزی هەق ئەبێ بدرێتەوە!

ـ نیازمەندی دۆعا!

ماهدەروێش بەردەمۆرەکەی لە گیرفانی دەرهێنابوو. چەمایەوە و مۆرەکەی لە سەر عەرزەکە دانا و کەوتە نوێژ خوێندن. بەڵام بەرلەوەی نیەت بهێنێ، قەدیر وتی:

ـ لەگەڵ بەلووچ دەردە دڵت ئەکرد، با دەنگی هێنای!

بۆ وەڵامدانەوە درەنگ ببوو.

سەید دەستی پێکرد. بەڵکوو نەتوانێ نوێژەکەی پێبڕێ و ناچاری وەڵامدانەوە نەبێ:

ـ الله اکبر!

قەدیر، خامۆش بوو و چاوی بڕیبوویە باڵای ماهدەرویش. کەوتبوو بە پشت دا و ئانیشکەکانی کردبوو بە کۆڵەکە. ماهدەرویش وەکوو پەیکەری دووکەڵ، لە پانتایی پڕ ئەستێرەی شەودا وەستابوو و نوێژی ئەکرد. چۆڵ بوو ئەگەر قەدیر نەبوایەت. بیابان خامۆش بوو ئەگەر قەدیر نەبوایە و هەناسەی مڵۆزمی لە کونە لووتیەوە لووشە لووشی نەکردایەت. ئەگەر قەدیر نەبوایەت، ماهدەرویش بوو و شەو و ئاوی ڕەوان، ئەیتوانی دڵی بکا بە یەک، ئەگەر قەدیر نەبوایەت. بە بێ دڕک لە چاوانیدا ئەیتوانی لەگەڵ خوای خۆی گفتوگۆ بکات. ئەیتوانی سفرەی دڵی بکاتەوە و ئەوەی لە ناخیدا کەڵەکە بووە هەڵیڕێژێ. ئەیتوانی بگری، شیوەن بکا و ئەگەر بووە، بقیژێنێ. پرس و جۆیەکی لە خوا هەبوو، ئەگەر قەدیر نەبوایەت. پرسیاری ئەوەی کە بۆچی ژیانی باریکی بەردەوام گرێکوێرەی تێ ئەکەوێ؟! ئەیتوانی -تەنانەت- لە خوا تووڕە ببێ، ئەگەر قەدیر نەبوایەت. بەڵام قەدیر، شەیتانی خوا، بە ئەندازەی سێبەرەکەی لەولاترەوە، لەوێ ڕاکشابوو و بزەیەکی وشک لە سەر لێوی بوو.

ماهدەرویش، قەدیری نەئەبینی، نەئەبوا ببینێ. بەڵام قەدیری هەست پێئەکرد. خوا وتبووی کاتی نوێژ نابێ بیری لە لای کەسیتر، لە لای قەدیر بێت؛ بەڵام بوو. بڕوای وابوو لە نوێژدا، جگە لەخوا بیرکردنەوە لەکەسیتر ناڕەوایە، بەڵام ئەو بیری لە لای قەدیر بوو. بەس لە لای ئەو! ئەوە ڕاست بوو کە زمانی ماهدەرویش وەک ڕاهاتبوو، زنجیرەیەک وشەی گرێ ئەدا بە یەکەوە، بەڵام بیری، مێشکی، گیانی هەمووی بەرەو لای قەدیر بوو:

شەیتان! هەموو بیری داگیرکردبوو. شەیتان لەبری خوا لە مێشکیدا هێلانەی کرد بوو. قەدیر، خوای لە ماهدەرویش ڕەماندبوو. ماهدەرویش لە قەدیر ئەترسا. بە بوونی ئەو هەستی بە خۆف و گوناح ئەکرد. نیگای ڕەشی کوڕەکەی کەلایی خوادادی

وەکوو گوڵمێخێک بە ناوچەوانی خۆیەوە هەست پێئەکرد. ئەتوت ئەم نیگایەی قەدیر، هەموو شتێکی ماهەدەرۆیش ئەبینێ. ڕووتی ئەکاتەوە. بێ بەزەییانە و دڕ و بێشەرم. قەرزی بە لایەوە بوو.

«خوایە، چی لە من گەرەکە ئەو کابرایە؟!»

ــ ئەزانی سەید، نوێژەکەت لێ هەڵە نەبێ، نامەوێ بیرت پەڕەوازە بکەم. بەڵام شتێک هەیە ناتوانم لە ناو دڵمدا ڕای بگرم! هەرچەندە زمانت لەگەڵ خوایە، گوێت لە من بێ!

«الله اکبر! -سەیری بکە، گوێ بگرە. وشەکانی ژەهری لێ ئەتکێ!- اشهد ان لا اله الاالله!»

ــ هەندێ شت هەیە باش نییە هەروا سەری بنرێتەوە. خۆ تێ ئەگەی؟!

«لاحول ولا... -پیرت بسووتێ کوڕی کەلایی خواداد!- قوّت الا باللّـه... پیرت بسووتێ!»

ــ چونکە پەژیوان بوونەوەی دواتر سوودی نییە، سەید. کاتێکە کار لە کار ترازا، ئیتر ئەڵێی چی؟

«لە کۆڵم نابێتەوە ئەم دووپشکە!... الله الصمد... لم یلد و لم... -ئەزانم چ ژەهرێکی پێیە- ...یولد.»

ــ پیاو ئەتوانێ چاوی لێ بپۆشێ، بەڵام تاکەی؟ زۆر بتوانێ. شەوێک! زۆرتر لە شەوێک خۆ ناتوانێ، ئەتوانێ؟!

«سبحان ڕبی العظیم و بحمده. سبحان ڕبی العظیم!»

ــ ئەی پاشتر چی ئەکات؟ خۆ ئەبێ بتوانێ سەری لە ناو دۆست و دوژمن بەرز بکاتەوە؟ وایە یان نا؟

«اشهد ان لا اله الاالله. اشهد ان لا اله الاالله!»

ــ هەوڵ مەبە سەید گیان، نوێژەکەت جوان بخوێنە. کات زۆرە. ئەگەر ناتوانم بەر بە زمانم بگرم بۆ ئەوەیە کە تۆزێکی‌تر قوربان بەلووچ دێتەوە. من نامەوێ لە لای بەلووچ ئەم قسانەت پێ بڵێم. هەرچی چۆن بێ بەلووچ غەوارەیە!

«دووپشک. دووپشک! -سبحان ڕبی الاعلی و بحمده.

سبحان ربی الاعلی و بحمده.ـ نەحلەت لە شیرت!»
ــ بەڵام من هەر ئەیلێم، سەیدگیان! چی ئەبێ با ببێ، پیاو خۆ ناتوانێ هەموو قسەکان لە ناو دڵیدا کەڵەکە بکات. ئەیلێم!
ــ چی ئەڵێی تۆ، قەدیر؟ ئەتەوێ بڵێی چی؟
ماهدەروێش هەرچەند نوێژەکەی نەبڕی، بەڵام کۆتاییەکەی بە پەلە تەواو کرد. ڕەنگە ڕکاتێکیشی لێ خواردبوو؟ نەء. پاش سڵاودانەوەی کۆتایی، لە سەر چۆک وەرگەڕا و بە تووڕەییەوە وتی:
ــ دەبڵێ ئیتر، کرمی جگەرخۆر!
قەدیر، بە ئارامی وتی:
ــ لە جێی خوشکم بێ، شێرۆ، نامەوێ باسی ئەو بکەم. بەڵام خۆشناوی ناهێنێ ژنی تۆ بە شەو لە ماڵی بوندار بخەوێ! ئەویش کاتێکە ماڵی بوندار بەو جۆرە چۆڵە. ئەگەر شەیدا لەماڵەوە نەبوایە، دیسان شتێک بوو. بەڵام... من ئەو ئەناسم و ئەزانم چ گیانەوەرێکە!
ماهدەروێش بە بێ ئەڤان ڕابوو و بەرەو قەدیر ڕۆیشت:
ــ تۆ کارت بە من چییە کوڕی کەلایی‌خواداد؟! بۆ لە کۆڵم نابیتەوە؟ ئاخر بەزەیی و پیاوەتی بۆ ئادەمیزاد شتێکی باشە. تۆ بۆ ئەوەندە زوڵم لە من ئەکەی؟
ــ قسەیەکی خراپم کرد؟ گوێتم زرنگانەوە، خراپم کردووە؟ ها؟
ماهدەروێش خەریک بوو ئەتەقی:
ــ نامەوێ گوێم بزرنگێنیەوە تۆ! مەگەر من کەڕم؟
ــ ئێستە بۆ وا خۆت گیڤ ئەکەیتەوە؟! سەیدی نەشۆراو! بۆچی لە سەر ئەوەی قسەیەکی هەقت پێ ئەڵێن شەرواڵەکەت داناکەنی و نافەکەکەی بکەیتە سەرت؟
ــ چیم پێخۆش بێ ئەیکەم. دەسەڵاتی خۆم بە خۆمە، مەگەر من هاتووم بۆ بەر ماڵی تۆ ڕاوێژت لەگەڵ بکەم، کە تۆ

ڕێگەم ئەخەیتە بەر پێ؟ ئاخر تۆ لە کوێوە ئەمدۆزیتەوە؟ بۆن ئەکەی؟!

قەدیر پێکەنی. نەوەک زۆر بەرز، بەڵام ڕەگ سوتێن. ماهدەروێش نەیتوانی لە سەر پێ ڕاوەستێ. ویستی بە ڕقەوە خۆی بدا بە سەر لەشی پانەوە بووی قەدیردا. بەڵام لەپڕ هەستیکرد، جەربەزەی ئەو کارەی نییە. پاشان، شێتانە مشتی قووچاند، بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان و کۆتای بە سەری خۆیدا:

ــ خوایە... خوای گەورە...

نەک هەر جارێک، چەندین جار بە مشت کۆتای بە سەری خۆیدا و لەوە زیاتر تاوی نەهێنا و هەڵات بۆ ناو قەڵاکە.

ــ ئەوە بۆ وا لەخۆت ئەکەی، ماهدەروێش؟! بۆ کوێ ڕائەکەی؟ چی؟! گریان! بۆ ئەگری پیاو؟!

ماهدەروێش خۆی هەڵدایە باوەشی بەلووچ. تەوێڵی نایە سەر شانی ئەو و گریانەکەی بڕییەوە:

ــ سەرشۆڕی، برام؛ سەرشۆڕی!

بەلووچ، ماهدەروێشی برد بۆ لای جۆگەکە و داینا:

ــ شڵپێک ئاو بدە بە دەموچاوتدا. ئارام بگرە. ئارام!

ماهدەروێش، بە بێ ئەوەی دەست بکا بە ئاوەکەدا، چاوە تەڕ و تۆقاوەکەی، لە بەلووچ مۆرکردەوە و پرسیاری کرد:

ــ ژنەکەم وتی چی؟ ها؟!

بەلووچ ، بە دژواری، بەڵام لە ئەنجامدا وتی کە شێرۆ لە ماڵ نایەتە دەرەوە:

ــ زۆرت خراپە دەرهەق کردووە، سەیدگیان. حەیف!

ماهدەروێش باوەڕی نەئەکرد. پاشان، بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

ــ نایەتە دەرەوە؟! ئەو لەو ماڵە نایەتە دەرەوە؟! ژنی من، شێرۆ؟! تۆ شێرۆت بینی؟ خۆی ئەمەی وت؟!

ــ مەپرسە ئیتر!

ـ نەء! پێم بڵێ، پێم بڵێ. خۆیت بینی؟ ئەرێ، خۆیت بینی؟ ها، خۆیت دی؟!

قوربان بەلووچ خامۆش ما. سێبەری قەدیر، خزایە پێشەوە:

ـ خودی ماهدەروێش بچێ بە دوایدا باشتر نییە قوربان؟ ها؟

قوربان، ئاوڕی لە قەدیر دایەوە. قەدیر، شوێن قسەکەی گرت:

ـ تۆ ئەڵێی چی بەلووچ ؟ ماهدەروێش خۆی بچێ باشتر نییە؟ من کە ئەڵێم خۆی بڕوا و ژنەکەی لە شەیدا وەربگرێتەوە، زۆر باشتر و بەجێترە. جا ئیتر خۆی ئەزانێ!

کەس وەڵامی قەدیری نەدایەوە.

بەلووچ سەری داخست و سەیری ماهدەروێشی کرد.

سەید لە ناو خۆیدا گرمۆڵە ببوو. پەڕۆ کۆنەیەکی گرێدراو. بەلووچ -رەنگە- گوێی لێ ڕاگرتبوو بەڵکوو شتێکی لێ‌ببیسێ. بەڵام نەء! ماهدەروێش بێگیان و بێدەنگ، چەمابۆوە و دانیشتبوو و -ئەتوت- وشک بووە.

بەلووچ نەیویست خامۆشیەکە بشکێنێ. قەدیریش ڕۆیشت. جێگەی مانەوەی نەمابوو، لێیدا و ڕۆیشت.

بەلووچ ، کشایەوە و لە بن دیواری کەلاوەکە لە سەر عەرز دانیشت:

«با ئارام بگرێ، سەیدۆکە. با تاوێک بسرەوێ. بیر لە چی ئەکاتەوە؟ سەیری بکە! گرمۆڵە بووە. ئەڵێی ناتوانێ بجووڵێ و ببزوێ. ناتوانێ. بووە بە بەرد! ئادەمیزاد نییە ئیتر، سەیدۆکە. چەند بێکەسە. سەیری بکە. سیساڵە ئەڵێی مردووە. ئەڵێی هەر نەبووە. نییە! هەیە؟ ئایە هەیە؟!»

ـ بۆ کوێ سەید؟!

سەید بە ڕێوە بوو:

ـ وەڵام بدەرەوە، بۆ کوێ ئەڕۆی؟

ـ ژنەکەم. ژنەکەم، برا!

سەید ئەڕۆیشت. ئەڕۆیشت و توندی ئەکرد. سات بە سات

هەنگاوەکانی توندتر و پتەوتر ئەکرد. بەلووچ بە باشی زانی هەڤاڵەکەی بەجێ نەهێڵێ. ئەبوا بچێ بە دوایدا. کەوتە دوای، بەر لە ماڵی بوندار پێیگەیشتەوە. لەپشت دەرگاکە ماهدەروێش وەستا. بەلووچیش لە تەکیەوە وەستا:

ــ ئەتەوێ چی بکەی؟

ــ ژنەکەم! ئەمەوێ ژنەکەم لەو ماڵە وەربگرمەوە!

چەکوشی دەرگاکە، لە ناو پەنجە لەرزۆکەکانی ماهدەروێشدا بوو. بەلووچ هیچ ڕێگەیەکیتری نەئەناسی بیخاتە بەر پێی. چەکوشەکە خێراتر لە خەیاڵی بەلووچ دەنگی لێبەرزەوە بوو. چەکوشەکە، نەک وەکوو هەمیشە، بەڵکوو بەهێزی تووڕەییەکی ئاگراوییەوە تەقەی لێهێنرا. دەنگی چەکوشەکە، بە ڕاشکاوی هاواری ئەکرد دەرگا بکەنەوە.

دەرگا، کرایەوە. شەیدا، لە ناو تای دەرگاکەدا، لە بەر چاوی ماهدەروێش وەستا. بە بێ قسە، بەڵام پرسێنەر. قژی ڕەش و کراسە سپیەکەی ڕوخساری ڕوون کردبۆوە. ئەگەر دەرفەتی بەراوردکردن هەبوایە، لەچاو و ڕوخساریدا شوێنەواری نیگەرانی بەدی ئەکرا. سەرەڕای ئەوەش تۆکمە و خۆگر ڕاوەستابوو هیچ، خەریک بوو ماهدەروێش لە بن نیگا ساردەکەی خۆیدا تێک بشکێنێ. هەم ئەوەی لە دەرفەتی نیگادا، ڕادەی هەڵچوون و تووڕەیی ماهدەروێش هەڵسەنگێنێ:

ــ ئا؟!

نەء! ماهدەروێش، لە دەروونەوە پتەو نەبوو. تەنانەت زمانیشی هەڵ نەئەپچڕا. تاوێکیتر. نەء! ئەتوت لاڵ بووە. خۆی لە بەرامبەر نیگای کوڕی بونداردا پێ ڕانەگیرا. سەری داخست. ڕووخاو! شەیدا چالاکانە لە ڕووخاوییەکەی سەید تێگەیشت. بۆیە هەقدارانە لێی مۆڕ بوویەوە و دەنگی قورسترکرد:

ــ چیت ئەوێ، بەم نیوەشەوە؟!

ماهدەروێش، دیسانیش خامۆش بوو. چی ئەویست؟ ئەتوت،

تەنانەت نازانیٚ چی ئەویٚ؟

ــ ئا؟ دەقسە بکە؟ ئەوەتانیٚ لە خەوت هەڵسانداووم، کەوایە قسە بکە!

ــ هاتووم ئالیک بدەم بە وشترەکان، ئەرباب!

دەرگا بە ڕووی ماهدەروێشدا داخرایەوە.

ماهدەروێش سەیری بەلووچی کرد. بەلووچ، نەبوو! ماهدەروێش سەیری ناو کۆڵانی کرد، جگە لە خۆی کەسی لیٚنەبوو. کۆڵان خامۆش و ماهدەروێش خامۆش. ئەی بەلووچ بۆ کویٚ چووبوو؟ چۆن لەپڕ، ون بوو؟ بۆچی؟ ڕۆیشتبوو، نەک لە بەر ئەوەی نەی ئەویست، بەڵکوو لە بەر ئەوەی کە نەیویستبوو ناوچەوانی شەرمەزاری ماهدەروێش ببینیٚ. هەر ئەمەبوو و جگە لەمە نەبوو. بەلووچ نەیویستبوو ماهدەروێش بە تەنها بەجیٚ بهێڵیٚ. نەء. بەلووچ لەو پیاوانە نەبوو.

ئەژنۆکانی ماهدەروێش سست بوون. هەستی کرد ناتوانیٚ پیٚ ببزێویٚ. بە دژواری خۆی کشاندە لای دیوارەکە. لە سەر خاک دانیشت و پشتیدا بە دیوارەکەوە و -وەک بڵێی- نیگای لە سەر شەرمەزاری خۆی ببەستیٚ، چاوەکانی بەست. شەو و دنیاشی نەئەویست ببینیٚ. بەرگی شەرم، لە بەریدا و ژەهری بێزاری لە بن ددانیدا. هەندیٚ لە ساتەکان چەند کوشندەن. خۆزگە ئەیانکوشت. نەء، ناکوژن، بەڵام بکوژن. بە خەنجەرێک ئاسوودەت ناکەن. بە دووکەڵی ئەشکەنجە ناتخنکێنن. تا خنکاندن، تا سنووری خەفەخان ئەتبەن و لەویٚ ڕات ئەگرن. وا هەست ئەکەی لە نێوان ئاگر و دووکەڵدا هەڵواسراوی. سینەت پڕ بووە لە دووکەڵی گەرم و چاوەکانت -دوو دەڵەمەی خوێن- لە ئازاری ئاگردا ئەسووتێن:

«ئەی بۆ نامری؟ بۆ لە شوێنی خۆت چەقیویت؟ تاکەی ئەتەویٚ لەم ئازار و ئەشکەنجەیەدا بمێنی؟»

شەوێکی درێژ لەبەردەمتە. شەوێکی قورس و خەست و

قووڵ. شەو، بۆنی خەفەخانی گرتووە. هەناسەی سوار. بەڵام تۆ ئەبێ شەو تێپەڕێنی. شەو شەق بکەی. شەو لە سەر شانتەوە تێ ئەپەڕێ. بەڵام تا تەواو ئەبێ تۆ چی ئەکەی؟

«من چی ئەکەم؟!»

خەیاڵ، بەس بیر و خەیاڵ:

«لە ئێوارەوە هەتا ئێستە لە ماڵی بوندار چی ڕووی داوە؟ شێرۆ لە کوێ بووە. چیکردووە، چی وتووە و چی بیستووە؟ شەیدا، چی؟ بلێی وەکوو هەموو شەوێک لە سەر جێگەی خۆی خەوتبێ؟ ژنی بوندار چی؟ نوورجیهان شەوانە ئاسوودە و ئارام ناخەوێ. تا بەیانی چەندین جار هەڵئەسێ، ئاو ئەخواتەوە و پیاسە ئەکات. پێڵووەکانی وشک ئەبن. بەند بە بەندی ئێسقانەکانی ژان ئەکات. وەڕەز ئەبێ. خەوتووە و بێدارە. هەموو شت هەست پێ ئەکا. وەکوو ڕۆژی ڕۆشنا هەموو شت ئەبینێ!»

بەڵام ماهدەروێش، لەپڕ بینیت خەوی قورس بوو!

«نەء، نا! دڵنیام. ئا، دڵنیام. نوورجیهان بە چاوی ئاوەڵەوە ئەخەوێ!»

ئارەزوومەندی ئەوەی کە نوورجیهان، شێرۆی لە لای خۆیەوە خەواندبێ؟ ئەرێ، ماهدەروێش؟

«ئارەزوومەندم و ئەشزانم. دڵنیام. دڵنیام نوورجیهان ناهێڵێ شێرۆ بە تەنها بێ!»

شەیدا چی، ماهدەروێش؟ ئەو کەسەی کە قەدیر بە شەیتانی ناو ئەبرد. ئەو چی ئەکات؟ تا ئێستە چی کردووە؟ لەمەودوا چی ئەکات؟ کوێر بووی ببینی چۆن ناو دەرگاکەی بە سینەی خۆی پڕکردبوو؟

«شەیدا، ئەو سەر ڕووتە بێشەرمە. زمانم بە برین بچێ وا لاڵ بووم. خۆزگە قسەم ئەکرد، خۆزگە! بۆ نەمتوانی؟ کێ زمانی بەستم. خوێڕی! خوا زەلیلترم بکات بەم دڵ و جەربەزەیەمەوە! جەددم لێم خۆش نەبێ ئیشەڵڵا. من چووبووم چی بێژم و چیم

وت. ڕووم ڕەش، چاوم کوێر، زمانم لاڵ. ترسام! بە ڕاستی ترسام؟! لە چی ترسام؟ مەگەر ئەو پیاوخۆرە؟ خوایە، بۆ وام لێهاتووە؟ بەنی دڵم پچڕاوە! لە ناو سینەمدا، ئیتر دڵی تیا نییە؟ ئەی داد و بێداد! داد و بێداد! نەفرین کراوم. پاکان نەفرەتیان لێکردووم. بزانە چیم بە سەر هاتووە؟ ئەو لە کوێیە ئێستە؟ شەیدا، شەیدا لە کوێیە؟ چی ئەکات؟ چی لەسەردایە؟ لە کوێوە بزانم خوایە؟ لە کوێوە بزانم چی لەسەردایە و چی ئەکات؟»

یەکێک. تارماییەک دێ، ماهدەروێش. ئەبێ قەدیر یان بەلووچ بێ:

«شەیدا، پێم بڵێ شەیدا چی ئەکات؟»

شەیدا، لە تاریکی شەودا، لە سەر لێواری خوارترین پلیکان دانیشتووە و ئانیشکەکانی ناوەتە سەر ئەژنۆی. کراسە سپیەکەی شەیدا، لەو شەوەدا دیاربوو. هەرچەند پەرێشان و شپرزە بوو و لە سەرەتای شەوەوە لە ناو جێگەکەیدا تلابۆوە و نەیتوانیبوو بخەوێ، بەڵام هەستی ئەکرد لە دەرگا دانی ماهدەروێش خەوی زڕاندووە. بیانوو! دڵی پێوە بوو وابێ. بیانوویەک بۆ دوژمنیایەتی لەگەڵ ماهدەروێش. مەیدانی خەیاڵی شەیدا، بۆ هەموو بیر و خەیاڵێک کە چەکەرەی دووژمنایەتی لەگەڵ ماهدەروێشی تیا بوایەت، ئاوەڵە بوو. هەموو چرۆ و چەکەرەیەکی دوژمنایەتی، لە کۆتایی‌دا ئەیتوانی لەگەڵ بیر و خەیاڵی کوڕی بوندار بگونجێ. بە هەر نرخ و بەهایەک ماهدەروێش ئەبوا لە بەر چاوی شەیدادا بە دوژمن بژمێردرێ! دوژمنێک کە خراپە و دزێوی لێ ئەڕوێ. کە خراپە و دزێوی لێ ڕوواوە. بیانوویەک بۆ ئەوەی شەیدا بتوانێ لە خەیاڵی خۆیدا شەپڵاخەی لێ بدا. هێرش بکاتە سەری. نیشانەیەک تا زیاتر شەیدا قەڵس بکات. ڕیشەیەک، ڕێگەیەک تا بتوانێ ڕقی لە ماهدەروێش ببێتەوە. لێی بێزاربێ. تا ئەو ڕادەیەی کە هیچ دلۆڤانی و بەزەییەکی لە دڵدا نەمێنێ. ئەوەندە بێزار کە بتوانێ بە دڵی ئاسوودەوە تالانی بکات. کە بتوانێ گیانی -ئەو تەنها

شتەی کە ماوە- تێک بشکێنێ. بەو ڕادەیەی کە بتوانێ بیکوژێ. کە بتوانێ ماهدەرویش لە خەیاڵی خۆیدا بکوژێ:

«سەگبابی گەواد! ئەڵێی ژنەی بە یەخسێری گرتووە! ئەگەر پێی نەڵێی خۆی بە چەپەڵ نازانێ! ناسەیدی خوێڕی. جارێکیتر دەستی لە ژنە بەرز بکردایەتەوە، وام ئەسرەواندە بناگوێی وەک مس گوێی بزرینگایەتەوە. خۆی ئەزانێ من کوڕی شمرم، کوڕی بابقولی بوندار! خەیاڵی کردووە. ئەوسا بە بیانووی تفاقی وشترەکانەوە دێت و دەرگام پێئەگرێ و لە بن جێگە ئەمکێشتە دەرەوە، نارەسەن! ئەوجا، کارەکانی تری چی؟ ئەوە کەی بەستنە ئەو قاچی وشتر ئەبەستێ؟! ئەوەش بوو بە تفاق پێدان؟ لە تێری کار ئەکات. یان پڕیان کردۆتەوە لەگەڵ ئێمە ببێ بە دوژمن. بە چ ڕقێکەوە تای گیوەکەی هەڵدا بۆ ئەو مریشکە بۆرە؟ مەگەر ئەو مریشکە چ گوناحێکی کردبوو؟ بەس تۆزێ دەنووکی لە کاکە وەردابوو. هەر ئەوەندە! ئەگەر تەختی گیوەکەی بیدایەت لە سەری مریشکەکە، دەسبەجێ مردبوو! ئەوەش شیر دۆشێنەکەیەتی، گوانی مانگاکان هێشتاش پڕن لە شیر، سەیدی خوانەناس گوێرەکەیان تێ بەرئەدا. خۆ دڵی ناسووتێ. دایکیشم تاقەتی نەماوە. هەر بۆیەشە ڕۆژ بە ڕۆژ شیری مانگاکە کەم ئەکات. کاتێکیش بە دڵسۆزییەوە دەست بە گوانی مانگادا نەهێنی خۆ شیری لێ نایەتە خوارەوە! پاتاڵ، ئەبێ لەگەڵی میهرەبان بی. بەڵام سەیدی بێ بەزەیی، کەی دڵی بۆ پاتاڵ ئەسووتێ؟ بەس بیری لە لای کاروباری خۆیەتی. چەندەش ئەدەی بە گوێیدا، خۆ نابیسێ. تازەیی وا لە خۆی دەرچووە. تێر بووە و لەقە ئەهاوێت! باشە با وابێ، تا ئەمڕۆ ئاگام لێی بووە و نەم ئەهێشت باوکم دەستی لێ بەرزبکاتەوە؛ بەڵام لەمەولا ئەزانم چی ئەکەم! ئەم سەیدە سواڵکەرە شیاوی ئەوە نییە. بۆ ئەوە باشە جنێوی پێبدەیت و لیێ تووڕە ببی. خۆی حەزی لە زوڵمە! گەووادی قورمساخ. منیش چیم لەدەس بێ، بە سەری

ئەهێنم. نمەک نەناسی وا ئەبێ بەزەییت پێیدا نەیەتەوە. نا سەید!»

هەرچەند نە زۆر بە بەڵگەوە، بەڵام شەیدا بە خۆی سەلماند.

هەڵسا و چوو بۆ لای ژوورەکەی دایکی و گوێی نا بە دەرگاکەوە. دەنگ، دەنگی بێداری نەبوو. گەڕایەوە. وشترەکان کاوێژیان ئەکرد. بە بێدەنگ چوو بۆ لای دەرگای حەوشە و گوێی هەڵخست:

«ماهدەروێش ڕۆیشتووە؟ نەڕۆیشتوە؟ ماوە یان چووە؟ بە قەبری بابیەوە! لەوێ بێ یان نەبێ، گووی کێی پێئەخورێ. گەوواد! خۆ ژنە دیلی ئەو نییە!»

ماوەیەکی نە زۆر درێژخایەن. گەڕایەوە:

«ئەگەر شێرۆ دەرگای کارگەکەی بەستبێ چی؟»

نا، نەبەسترابوو. شەیدا بە ئەسپایی دەستی نا لە دەرگاکەوە و چووە ناو چاڵی کارگەکەوە. بۆنی خوری و شێ و ڕەنگ دای بەلووتیدا. پەردەی تاریکی لە بەر چاویدا. تاوێک وەستا. نەء، شێرۆ نەخەوتبوو. لە سەر دۆشەکڵەیەک، لە بن داری قاڵیەکەدا دانیشتبوو و سەر و قژی لە ژێر سەرپۆش پەخشان ببوو و دەستی گرتبوو بە گوێیەوە.

شەیدا دەرگای لە پشت خۆیەوە پێوەدا و تاوێک، بەوپەڕی بێ ئوقرەییەوە، لە شوێنی خۆی ڕاوەستا. شێرۆ سەیرشی نەکرد. نیگا، ئەگەر نیگایەک هەبێ دڕ بە تاریکیەکە ئەدا. بەڵام شێرۆ، سەر و ڕووی لە ناو پرچی پەرێشانیدا ون کردبوو. شەیدا ویستی قسەیەک بکات، بەڵام زمان و دەمی وەکوو کا وشک ببوون. هەروا وەستا، بەو هیوایەی شێرۆ سەیری بکات. بەڵام نەء، شێرۆ گرفتاری خۆی بوو. داماو و گیرۆدەی تان و پۆی خۆی بوو. ئەتوت کەس لەو ناوە نییە. هیچکەس. هیچکەسی نەئەبینی، یان نەی ئەویست ببینێ.

شەیدا وتی:

ــ هاتم!

شێرۆ بە بێ ئەوەی نیگای لە سەر عەرزەکە بەرز بکاتەوە، وتی:

ــ ئەمزانی!

شەیدا بە خۆی وت:

«بزەیەکیشی نەکرد! نەء. بۆ پێناکەنێ؟»

ــ خەبەرم کردیتەوە؟

ــ نەء.

ــ ئازاری گوێت باشتر بووە؟

ــ نەء.

ــ خۆت چی؟

شێرۆ سەیری شەیدای کرد و وتی:

ــ دڵم تۆی ئەوێ، بەڵام نەک ئێستە. نەک بەم جۆرە!

شەیدا بە خۆی وت:

«بزەیەکیش ناکات! بزەیەکی وشک و برینگ!»

«پێ ئەکەنی. پێشتر بە دەمەوە پێئەکەنی و بە پەنجەکانی یاری بە قژە قەلەندەرییەکەم ئەکرد. ئەو ڕۆژانە قژم بریقەی ئەدایەوە، خاوێن بوو. شێرۆ خۆی چنگی تێئەخستن و ئەیشۆردن. چەند میهرەبان بوو، شێرۆ! بۆچی ئەوم لە دەست خۆم کردەوە؟ لەمەودوا بە دەم کێوە پێئەکەنێ؟ قژی کێ ئەشوا؟ من چی ئەکەم؟ بەیانی من چیئەکەم؟ تۆ بڵێی بتوانم لە قەڵاچیمەن بڕۆم؟»

ــ ئا ئاشنا، بەلووچ؟

بەلووچ وتی:

ــ هەڵسە بڕۆین بخەوین، برام. شەو بە سەر چوو!

ماهدەرویێش وەڵامی بەلووچی نەدایەوە:

«شەو؟ شەوی ئەمشەو بەو ئاسانیە ناڕوات. نا براکەم،

شەو ناڕوات. ناڕوات، لێمگەڕێ با دانیشم، ئاشناگیان. ئەمشەو، من زەمینگیرم، ئاشنا گیان. لێمگەڕێ با بە دەردی خۆمەوە بتلێمەوە، بەلووچ گیان!»

بەلووچ ، دیسانەوە وتی:

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە ماهدەروێش؟ ناتەوێ هەڵسین بڕۆین؟ ئاخر، لێرە دانیشتن سوودی چییە؟ کاتێکە ناتوانی قسە بکەی، چ سوودی هەیە لێرە دابنیشی؟!

ماهدەروێش بە خۆی وت:

«چ سوود! چ سوود! بەڵام دڵ لە شێرۆ بەرنادەم. ناتوانم.»

«شێرۆ! ئەمە شێرۆیە، شێرۆ و من! من و شێرۆ و، بەس!»

شێرۆ دەستی دایە کێردی تەوەنەکە و وتی:

ــ مەیە بەرەوە کوڕی بوندار! هەر لەوێ ڕاوەستە!

شەیدا، لە سەر جێی خۆی ڕاوەستا و وتی:

ــ پێموابوو حەزت لێمە؟

شێرۆ وتی:

ــ حەزم لێتە. ئەوەندەم حەز لێتە کە ئەتوانم بتکوژم!

شەیدا وتی:

ــ من هەموو جۆرە سەرکەشێکم ڕام کردووە، شێرۆ!

شێرۆ وتی:

ــ کارێک مەکە لێت بێزار بم! لێمگەڕێ بە دەردی خۆمەوە بتلێمەوە.

ــ بڕۆم، مەبەستت؟

ــ نا، وەرە. وەرە لەلام دابنیشە!

شەیدا، وەک جادوو کرابێ، چووە پێشەوە و دانیشت.

«ئەمجارە چی؟ ئیتر ئەیەوێ چی بکات شێرۆ؟»

شێرۆ، وتی:

ــ با کاکۆڵت نەوازش کەم. کاکۆڵت!

شەیدا، سەری دایە دەستی شێرۆ و، شێرۆ چنگی کرد بە ناو قژیا:

ــ حەزم لێتە شەیدا. زۆرم حەز لێتە!

شەیدا، کە خەریک بوو هەناسەی قفڵ ئەبوو، بە دژواری وتی:

ــ ئەی بۆچی ڕێم لێ ئەگری، شێرۆ؟

ــ بەم جۆرە، نا. بەم جۆرە نامەوێ. بەم شێوەیە، سەرکزانە. من ئەوینم بە سەرشۆڕی ناوێ.

ــ بەڵام من خەریکە سوێم ئەبێتەوە!

ــ نەء! نەء! ئەم چەقۆیە هێشتا بەدەست منەوەیە، شەیدا.

ــ تۆ، بە ڕاستی ئەتوانی من بکوژی؟!

ــ ئەشتوانم و ئەشتکوژم، بە مووی براکەم گاڵتە ناکەم!

شێرۆ، پەنجەی لە ناو قژی شەیدا دەرهێنا. دوورکەوتنەوەی ژن و پیاو لە ناو تاریکیەکەدا.

شەیدا، ئەو جەوانەی کە خۆی بە کوڕی شمر ئەزانی. نەی ئەتوانی ڕکێفی کچی بلقیس بە دەستەوە بگرێ و ببوو بە بەرخێکی بێ ئازار و وای لێهاتبوو بۆ بچووکترین جووڵانەوەی خۆی دەرفەت وەربگرێ.

ــ ئێستە چیبکەم؟!

«چی بکەم، خوایە؟!»

دەنگی ماهدەروێش؟ دەنگەکە نا، قرووسکەی لەپڕی ماهدەروێش بێباکانە گەیشتە ئاسمان:

ــ بۆ ئازارم ئەدەن، خوا نەناسانە. بۆ سووژن لە دڵم ئەچەقێنن، کافرینە! بۆ لە کۆڵی منی غەوارە نابنەوە، ئێوە؟! ئەی خوا... دەستی من بگرە!

سەید، مێزەری لە سەر هەڵگرت و بە عەرزیدا دا و بە لەقەوە چووە سەری و دەستی کرد بە جنێودان بە خۆی: کڵاوی

گەوادیان کردۆتە سەرم، خوایە! سەری منی قورمساخ بخەرە گۆڕەوە خوایە! خوا... خوا... خوا...!

پاڵەوان بەڵخی هاتەپێشەوە، قۆڵی سەیدی گرت و وتی:

ــ بەم نیوەشەوە بۆ ئەنەڕێنی، سەید گیان؟ ئەتەوێ ئەو تۆزە ئابڕووەشت بڕوات؟ بەر بە خۆت بگرە، پیاو!

قەدیریش شوێن قسەکەی گۆدەرزی بەڵخی گرت و وتی:

ــ قسەی منیش هەر ئەمەیە. هەراوهوریا خۆ سوودی نییە! ئەویش کاتێکە خودی بابقولی بوندار لە ئاوایی نییە!

ماهدەروێش قیژاندی بە سەر قەدیردا:

ــ تۆ هیچ بە من مەڵێ، کوڕی خواداد! نامەوێ تۆ هیچم پێ بڵێی. نامەوێ تۆ ڕێگەم پیشان بدەی. تێگەیشتی؟ تۆ ڕقی وشترەکانت لە دڵدایە، وا ئەزانی من بە فێڵ لە دەس باوکتم دەرهێنا. بەڵام بە هەموو ئیمامەکان، باوکت خۆی فرۆشتی بە بوندار. ئەگەر موسڵمانی باوەڕ بکە و لە کۆڵم بەرەوە!

ماهدەروێش ئەتوت کەوتووە بە سەر ئاگردا. قوربان بەلووچ باوەشی پیاکرد و بۆ ئەوەی هێوری بکاتەوە، وتی:

ــ نیوەشەوە پیاو، خەڵکی خەوتوون!

ماهدەروێش کە ئیتر گەیشتبوویە تینی، هاواری کرد:

ــ خەوتبێتن! با لە خەو ڕابن. با بزانن، ئەهای... خەڵکینە، لە خەو ڕابن و بێنە دەرەوە. هەمووتان بێنە دەرەوە و ببینن ژنەکەمیان داگیر کردووە! ئەهای... خەڵکینە، من ژنەکەم ئەوێتەوە! من ژنەکەم ئەوێتەوە. ئەوە ژنی شەرعی منە. شێرۆی کچی کەلمیشی میشکاڵی. ئەرێ برا، خۆ هۆزێکی بێ ناو و نیشان نین. ژنی من نابێ لە ماڵی بێگانە بخەوێ. ئەمە حوکمی پێغەمبەری خوایە! من ژنەکەم ئەوێتەوە، ئەی خەڵکینە. من ژنەکەم ئەوێتەوە!

تاک و تەرا و بەر لە هەمووان سەیدی تەلەفوونچی و پاشان بابە گوڵاو هاتن. قوربان بەلووچ، سەیدی پەت پچڕاوی هەروا

گرتبوو و ماهدەروێشیش یەکبەند ئەیقیژاند و هاواری ئەکرد و ئەیویست خۆی لە ناو بازووەکانی بەلووچ ڕزگار بکات. بەلووچ ، نە زۆر بە دژواری، ئەیتوانی هەروا ماهدەروێش ڕابگرێ. بەڵام لە لای هەندێ کەس بۆ ئەوەی ئەو ئاگرەی بڵێسەی سەندووە دانەمرکێتەوە، ئەبوا چارەیەک بکەن. بۆیە پاڵەوان بەڵخی و قەدیر خۆیان تێهاوێشت و ماهدەروێشیان لە دەست بەلووچ ڕزگار کرد. ماهدەروێش بەربوو، بە غار ڕۆیشت و خۆی کوتا بە دەرگاکەی ماڵی بونداردا. نە جارێک، چەندین و چەند جارە:

ــ ژنەکەم بدەنەوە، ئەی هاوار! ژنەکەم بدەنەوە. ژنەکەم!

قوربان بەلووچ پەلاماری دا بیگرێ؛ بەڵام بەڵخی و قەدیر قۆڵی بەلووچیان گرت و ڕایانکێشایە دوواوە:

ــ چیت لێداوە پیاو؟ لێی گەڕێ با ژنەکەی لە ماڵی بێگانە بهێنێتە دەرەوە!

لە ناو قیژە و هەرای بێ بڕانەوەی ماهدەروێشدا، دەرگا کرایەوە و شەیدا، لە بەر دەمی دایکیەوە، لە ناو دەرگاکەدا وەستا. ماهدەروێش، لە بەر چاوی ئەو خەڵکەی کۆڵان و سەربانیان پڕکردبوو، بەرامبەر شەیدا بوویەوە. بەرەنجامی ئەو ترسەی هەمیشە لە دڵیدا بوو، تاوێک بێدەنگ ما. بەڵام ڕێگەی بە ترسنۆکی خۆی نەدا و بەر لەوەی شەرم و خۆف بە سەریدا زاڵ ببێ، بێباکانە خۆی حەوا دایە ناو حەوشە و بۆ ئەوەی شێرۆ بدۆزێتەوە، خۆی بە هەموو لایەکدا کوتا.

قەدیر، کە بەئەسپایی خزابوویە لای شەیداوە، لە بن گوێیدا وتی:

ــ ئەگەر بوندار لەماڵەوە بوایە، سەد ساڵی ڕەش سەید نەی ئەوێرا ئا بەو جۆرە ڕیسوایی بەرپا بکات! بۆ ئەی وێرا؟

شەیدا، بەر لەوەی قەدیر دەم داخات، هەڵات بۆ لای ماهدەروێش و لەبەردەم دەرگای کارگەکەدا بەری پێگرت:

ــ ئا، سەید! بۆ وائەکەی؟ هار بوویت؟!

سەید قیژاندی:
ــ بۆچی ژنەکەی منتان بە زۆر لێرە ڕاگرتووە؟!
خەڵکی و، لە پێشیانەوە، سەیدی تەلەفوونچی خۆیان کرد بە ژووردا و ئەوەندەی پێنەچوو، ماهدەرویێش و شەیدا کەوتنە ناو حەشاماتەکەوە. دەمە دەمی شەیدا و ماهدەرویێش بەردەوام بوو و، لەپەسا پەرەی ئەسەند:
ــ دەنگت دابەزێنە، سەید!
ــ دەنگم دابەزێنم؟! واتە لاڵ ببم؟ من ژنەکەم ئەوێتەوە. شێرۆ، کرێکاری ئێوەیە، بەڵام ژنی منە! شەرم و حەیا چووە بۆ کوێ؟ تۆ، هەتیوە...
دەنگی سەید، خورایەوە. چونکە دەستی جەوان و بەهێزی شەیدا، بەرز بوویوە و لە دەمی سەیدی کوتا:
ــ گەووادی قورمساخ، فەرتەنە ئەنێیتەوە! بۆدەرەوە، دەی، سەگ سەید! بۆ دەرەوە!
سەید دەستی گرت بە دەمە خوێناویەکەیەوە، ئەژنۆکانی تۆزێ سست بوون و بە دەم لالانەوەوە وتی:
ــ بۆ لێم ئەدەی ئەرباب؟! من ژنەکەم ئەوێتەوە و تۆ شەپلاخەم لێئەدەی؟
شەیدا ڕوو لەو خەڵکەی لە ناوەوە، لای کورتان و وشترەکان وەستابوون و سەیریان ئەکرد، نەڕاندی:
ــ ئەتانویست ئەوە ببینن؟ فەرموو، ئەوە بینیتان. بڕۆن ئیتر، فەرموون بڕۆن.
خەڵکەکە، تاقە تاقەیەک چوونە دەرەوە. بەڵام هەندێک، هەروا وەستابوون. شەیدا، لەو پەلامارەی بەرەو خەڵکەکەیدا، سینەی تەقی بە سینەی گۆدەرزی بەڵخیەوە و نەیتوانی تێپەڕێ:
ــ تۆ بۆ وەستاوی؟ بەزمە؟!
گۆدەرزی بەڵخی، بە بزەیەکی وشکەوە لە سەر لێوی، وتی:
ــ منیش ئەڕۆم، کوڕی بوندار. بەڵام هیچ لێدانێک بە بێ

وەڵام نامێنیٚ!

هەرچەندە مشتومڕ کردن لەگەڵ گۆدەرز بە قازانج نەبوو، بەڵام شەیدا -ئەگەر نیگای لە سەر ڕوخساری لالا وشک نەبوایەت- ڕەنگە وەڵامی بەڵخی هەر ئەدایەوە. قەدیر، لای لالاوە وەستابوو و خەندەیەکی بە دەمەوە بوو. شەیدا، بۆ ساتێک نەیتوانی ببزویٚ. وشک بوو. لالا، وەرگەڕا و ڕۆیشت. قەدیریش. پاڵەوان بەڵخی و بابە گوڵاویش. سەیدی تەلەفوونچیش ڕۆیشت. ئەوانی تریش یەکە یەکە ڕۆیشتن.

تەنها شەیدا مایەوە و ماهدەروێش و قوربان بەلووچ، کە بە سەر سەری ماهدەروێشەوە وەستابوو.

شەیدا، بە بەلووچی وت:

ـ ببیە ئیتر، بۆچی ڕاوەستاوی؟!

بەلووچ ، قۆڵی ماهدەروێشی گرت. بەرزی کردەوە و بەرەو دەرگاکە بردی. ماهدەروێش، بەر لەوەی لە دەرگاکە بچێتە دەرەوە، ئاوڕی دایەوە و وتی:

ـ شێرۆ، ئەرباب! شێرۆ لە کوێیە؟!

بەلووچ، ماهدەروێشی ڕاکێش کرد بۆ کۆڵان و شەیدا دەرگای بە سەر کۆڵان‌دا داخست:

ـ کە شەوێکی شووم بوو!

دایک، لای شەیدا بوو:

ـ نەموت؟ لە سەرەتاوە پێم نەوتی مەهێڵە لێرە بیٚ؟ وتم! هاوارم لێکردی، پێموتی...

شەیدا، وەڵامی دایکی نەدایەوە. دایکی چووەوە ژوورەکەی خۆی و شەیدا، ئوقرە لە بەر براو هەڵات بۆ کارگە. شێرۆ، هەروا دانیشتبوو. شەیدا وتی:

ـ هەڵسە بتبەمەوە بۆ ماڵی خۆتان!

شێرۆ، سەری هەڵێنا و سەیری کرد:

ـ ئێستە؟!

شەیدا، وەک بڕابێ، هەر لەوێ لە سەر پلیکانەکە دانیشت. کاتێکی درێژ، هەر دووکیان بێدەنگ بوون. پاشان، شەیدا وتی:

ــ چی بکەم، من؟

شێرۆ وتی:

ــ بڕۆ! بڕۆ و لێمگەڕێ با بە دەردی خۆمەوە داکەوم.

شەیدا هەڵسا و پیرانە لە پلیکانەکان چووە سەر و لە حەوشە وەستا. ئیتر نەی ئەزانی ئەبێ چی بکات؟ نەی ئەزانی بەرەو کام لا بڕوات. وشترەکان بە بێ خەیاڵ کاوێژیان ئەکرد!

«ماهدەروێش و بەلووچ بڵێی بۆ کوێ چووبێتن.»

شەیدا، بە بێ ئەوەی خۆی بزانێ بۆ، لە دەرگا چووە دەرەوە و بە قەراخ جۆگەکەدا کەوتە ڕێ. لەولاتر، بەلووچ و ماهدەروێش بە سینەی چاڵی توونی گەرماودا ئەچوونە خوارەوە. شەیدا لە لێواری چاڵەکە وەستا و سەیری دوو پیاوەکەی کرد کە لوول ببوون و بە شیوی چاڵەکەدا ئەخزانە خوارەوە. شەیدا بە دوایاندا خۆی بەردایەوە. لای دەرگا کورتەکەی توونەکە، قۆڵی ماهدەروێشی گرت و وەری گێڕا بۆ لای خۆی. ماهدەروێش حەپەساو و تۆقاو سەیری شەیدای کرد. قوربان بەلووچ لەپڕ خۆی ئامادە کرد، ببێ بە ناوبژی ئەو شتەی ئێستە ڕوو ئەدا. هەڵوەستەی شەیدا، بەڵام زۆری خایاند. ئەتوت ئەیەوێ شتێک بڵێ، بەڵام لە گەرووی‌دا گیری کردبوو. ماهدەروێشیش لە لای خۆی بۆ وشەیەک ئەگەڕا، بەڵام گیربوو. ئەوەی کە زۆر ماهدەروێشی حەپەساندبوو، پەیدابوونی لەپڕی شەیدا بوو:

«ئیتر چی لێم ئەوێ؟»

ــ ژنەکەت چووەتە ناو کارگەکە و دەرگای لە سەر خۆی داخستووە، سەید! من ئەوم بە زۆر لە ماڵی خۆمان ڕانەگرتووە... یەکیش... ئەوەی کە دەستم لێ بەرزکردیتەوە، بە دەستی خۆم نەبوو. بە جەدت... مەبەستم ئەوە نەبوو. نەم ئەویست بترەنجێنم. نفرینم مەکە. نامەوێ ڕۆڵەی پێغەمبەر نزام لێبکات.

نفرینم مەکە. من هێشتا جەوانم. من...
شەیدا، تەواوی کرد و نەکرد، قسەکەی بڕی و بە هەورازی چاڵەکەدا سەرکەوت. ماهدەروێش ئەبڵەق ببوو و سەیری ئەکرد. شەیدا، کە گەیشتە سەر، ئاوڕی دایەوە و سەیری ناو چاڵەکەی کرد. ماهدەروێش و بە دوایدا قوربان بەلووچ ، سەرکەوتنە سەر.
شەیدا، ڕەتی نەدا و بەرلەوەی ماهدەروێش و بەلووچ بگەنە سەر، خۆی لە شەوی کۆڵاندا ون کرد:
«ئەمشەو چەپاو لە لای ڕانە! کە وا بوو، لالا ئەبێ بە تەنها بێ.»
بوو. لالا لە ماڵ بوو. بەڵام دەرگای داخستبوو.
شەیدا، بە گوێرەی هەمیشە، دەستی کرد بە درزی دەرگاکەدا و ئەڵقەڕێزی لە قوڵفەکەی ترازاند. دەرگاکەی، بە ئەسپایی کردەوە و چووە ژوورەوە. بە دەنگی دەرگای حەوشە لالا لە هۆدەکە هاتە دەرەوە و لە بن تاقی ناو داڵان ڕاوەستا. ئەوەندە سەرەڕۆ، کێیتر هەیە جگە لە شەیدا؟!
«با بێت! لە ژێر ئاسمان خۆ ناکرێ قڕەی لەگەڵ بکەم، دەرودراوسێ ئاگادار ئەبن. جارێ با بێتە ژوورەوە.»
تا شەیدا بگاتە بن تاقەکە، لالا خزابوویە ژوورەوە و لای لامپاکە وەستابوو. شەیدا، بزەیەکی سووتاو لە سەر لێوی بوو، بەڵام لالا بە بێ نیشانەی ڕەزامەندی وشک و چاوەڕوان ڕاوەستابوو. یەکدیان باش ئەناسی، شەیدا هاتە ژوورەوە. لالا بەرەو ڕووی -وەک بڵێی- هەنگاوی نا. بەڵام نەک وەکوو هەمیشە بچێ بە پێشوازیەوە؛ بەڵکو بە لای شەیدادا بە ساردی تێپەڕی و دەرگاکەی داخست. کورسیەکەی لالا لای دیوارەکە بوو. شەیدا لە سەر کورسی دانیشت و پێی خستە سەر پێی. بێگومان چاوەڕێ بوو لالا قسە بکات. بەڵام لالا لەپڕ وەک پشیلە، قەڵمبازی دا و خۆی هاوێشت بە سەر شەیدادا، چنگی لە یەخە و شانی گیردا و کوتای بە دیوارەکەدا:

ـ تووخمە زۆڵی کوز دز، وات لێهاتووە لە پێناو هەموو سۆزانیەکدا قیت ئەبیتەوە؟ پێت وایە لەم قەڵاتەدا ئەتوانی بە خشکەیی و بە دزییەوە هەموو کارێک بکەی؟ پێت وایە بە خوت و خۆڕایی ئەتوانی سواری ژنی خەڵکی ببی؟ گریمان توانیشت، ئەی من لێرە مردووم؟! نافەکی دەرپێی ئەو کچەتیوە خێڵەکیە ئەکەم بە سەریدا، من! ئێستە ئیتر لە بەر گوڵی ڕووی ئەو دەس لە مێردەکەشی بەرز ئەکیتەوە؟! پێت وایە ڕێگە ئەدەم شێرۆ قاچی بخاتە سەر بەڕەی من و منیش هەروا ڕابوەستم و سەیر بکەم؟! نەخێر گیانە، ئەو پێی لە سەر پێستی کاڵەکێکی خراپ داناوە. من ئاگر ئەکەمەوە! من ئیتر ئاو لەسەرم لایداوە، چ بستێک و چ سەد بست! خەیاڵتان کردووە! ڕیسواتان ئەکەم. ئەو شێرۆ گیانەت بەرەو پشت سواری کەری ڕەش ئەکەم و لەم قەڵاچیمەنە دەری ئەکەم. ئەگەر وام نەکرد، لە جێی ئەو بم. کچەتیوەی جرپنە! تۆی بێ غیرەتیش دەسی دەسی بە من ئەکەی؟

شەیدا، مەچەکە قەڵەوەکانی لالای گرتبوو و ئەیویست بە پێکەنین و قسەی خۆش، ژنە خاو بکاتەوە. بەڵام لالا چنگی کرد بە کاکۆڵیدا و سەری دانەواند. شەیدا، بە دەم نیوە هاوارێکەوە ویستی لالا گوێ لە قسەی بگرێ؛ بەڵام لالا کۆڵی نەئەدا.

ـ راوەستە بۆت بگێڕمەوە، تووکت بە سەرمەوە نەهێشت بێ پیر!

ـ نامەوێ بۆم بگێڕیتەوە، بێغیرەت!

ـ راستیەکەیت پێئەڵێم، بە گیانی باوکم.

ـ نامەوێ ڕاستی بە من بڵێی، گوو بە ڕیشی باوکت! دەست لە من مەدە! قاچم بەردە. ئیتر بە تەمای هیچ مەبە، هەتیوە حیزە! ئیتر ناهێڵم دەستت لە من بکەوێ. برۆ بۆ لای ئەو کچەتیوە خێڵەکیە. ئیتر چاوت بە لایەکیشی ناکەوێ. با دڵت بتوقێ و چاوت دەربێ و سوێت بێتەوە. برۆ بۆ لای ئەو سۆزانیە!

لالا لە پەسا ئەیوت و بە مشت و چەپۆک ئەیدا بە سەری

شەیدادا. شەیدا هێشتاش هەر بە گاڵتە و پێکەنین وەڵامی ئەدایەوە و ئەمە زیاتر لالای ئەورووژاند. تا وای لێهات پەنجەی لە قژی شەیدا گیر دا و بە کۆمە کۆم تا لای دەرگاکە ڕاکێشی کرد، تای دەرگاکەی کردەوە و حەوای دایە دەرەوە:

ــ دەبڕۆ دەی! بڕۆ ئیتر نامەوێ سەر و سەکوتت ببینم!

شەیدا، تازە بڕوای بەوە کرد کە لالا گاڵتەی لەگەڵ نەکردووە. بۆیەش بوو، کاتێکە خۆی لەپشت دەرگای داخراودا بینیەوە، لەپڕ تەزی. تاوێ ڕاما و پاشان کەوتە ڕێ. کە گەیشتە دەرگای حەوشە، دەنگی دەرگای هۆدەکە هات. لالا هاتبوویەوە دەرەوە:

ــ بگەڕێوە! شەیدا، بگەڕێوە. شەیدا!

شەیدا، ئەڵقە ڕێزەکەی لە قوڵفەکە دەرهێنا.

ــ شەیدا، شەیدا بگەڕێوە.

شەیدا، لە دەرگاکە چووە دەرەوە و پێی نایە ناو کۆڵان.

ــ شەیدا... شەیدا!

شەیدا، دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخست.

لالا ئیتر دەنگی بڕا. چووە ژوورەکەی و دەرگای لە خۆی بەست و ژێوانی ئەو زێدەڕەوییەی خۆی، پەیکەری بێ کەڵک بووی دا بە سەر لێفەکەدا و ڕوومەتی چەقاندە سەرینەکە بۆ ئەوەی وڕێنە و -رەنگیشە- گریانی خۆی گوێ لێ نەبێ.

شەیدا، شەکەت و شکاو، لە ناو کۆڵان پەڕەوازە بوو. لە دەروونەوە داڕووخابوو. نەی ئەزانی چی بکات و بۆ کوێ بچێ. دڵی بۆ هیچ کوێی ڕانەئەکێشا. بێزار بوو. بەر لە هەموو شتێک لە خۆی بێزار بوو. چاوەڕێی هەموو شتێکی کردبوو، جگە لەمە. وزەی لە بەر بڕابوو، ئەگینا ڕق و نەفرەتێکی وەها دایگرتبوو کە بیەوێ سەری بدا بە دیواردا.

تارمایی قەدیر، تارماییە خامۆشەکەی قەدیر، لە بن دیوارەکەوە خزایە پێشەوە. بێگومان، قەدیر، هەوای لالا کەوتبوویە سەری و بەرەو ماڵی چەپاو ئەچوو. بەڵام شەیدا، لەوە زیاتر لە خۆی

ئالاّبوو کە بتوانێ سەر هەڵبێنێ و لەگەڵ کوڕی خواداد ڕووبەڕوو ببێتەوە. ئەویش لە کاتێکدا کە قەدیر، پێی خۆشترە بە بێ وشە بە لای شەیدادا تێپەڕێ.

«با بڕوات. با بڕوات. ئەزانم. ئەزانم.»

نەفرەت. سەر تا پێی یەکپارچە نەفرەت بوو. ئەو شتەی کە بە سەر ناخیدا قورسایی ئەکرد. گەنجێتی:

دنیا ئەگەر بەکام نەبێ، بلێ با سەرەونگووم بێ!

سەرەنجام، شەیدا خۆی لە بەر دەرگای ماڵەوەیان بینیەوە. شەکەتیی لەڕادەبەدەر، بەرەو جێگە ڕاکێشی ئەکرد؛ نەک غەمی کاری بەیانی. ئەبوا بڕوا و لێی بکەوێ. شەیدا، هەرگیز ئەوەندە هەستی بە ماندوێتی نەکردبوو.

ـ سلاّم، ئەرباب!

قوربان بەلووچ بوو، بە لای سەری ماهدەروێشەوە، لای دەرگای ماڵی بوندار دانیشتبوو. ماهدەروێش وەکوو سەگی دەسەمۆ، سەری نابوو بە درزی دەرگاکەوە و خەوتبوو. بەلووچیش وەکوو تیمارداری نەخۆش، لای هەڤاڵەکەیەوە دانیشتبوو و جگەرەی ئەکێشا. شەیدا بە بێ ئەوەی وەلاّمی سلاّوەکەی بەلووچ بداتەوە سەیریانی کرد و چووە ناو حەوشە:

وشترەکان، چەندە ئارام کاوێژیان ئەکرد!

شەیداخان، شەیداخان. ئەرباب، خۆر هەلاّتووە. ناتەوێ وشترەکان ببەی بۆ دەشت؟

ماهدەروێش بوو.

شەیدا، ماندوو و کوتراو، بێزار و خەواڵوو، هات بۆ بانیجە و سەیری کرد. ماهدەروێش، سفرەی نان و جەڕەی ئاوەکەی لای دار و توربێنەکەی شەیدا ئامادە کردبوو و خۆی لە حەوشە بە دوای کاری وردەدا ئەهات و ئەچوو. ماهدەروێش نەی ئەتوانی سەیری شەیدا بکات. شەیدایش ئاسوودەتر بوو بە بێ نیگای ماهدەروێش

وشترەکان بکات بە بیانوو و زووتر لە ماڵ بچێتە دەرەوە.

بۆیە هاتە خوارەوە و ئەوەندەی ماهدەروێش لە هەمار خۆی بە کارێکەوە -رەنگە هیچکارێکیش- خەریک کردبوو، دەست و چاوی شۆرد. پێڵاو و کڵاوی کرد، قایشی لە پشت بەست. دار و توربێنەکەی هەڵگرت و وشتری بردە دەرەوە.

ماهدەروێش، دەرگای حەوشەی بە دوای شەیدادا بەست و گەڕایەوە ڕیخ و پشقلی شەوانەی وشترەکان کۆ بکاتەوە و لە سەربان هەڵیانبخات. ئەم کارەی هەموو ڕۆژەی، زۆری نەبرد. بەڵام ئێستە کە بوندار نەبوو، ماهدەروێش ئەیتوانی دوور لە چاوی ئەو، بە ئیشتیای خۆی کار بکات و چەند پێی خۆش بێ، لەنگەر بخات. نوورجیهانی ژنی بوندار، نەرمە نەرمە لە ژوورەکەی ئەهاتە دەرەوە، بۆ ئەوەی بچێ بۆ کارگە و وردە وردە تۆز و خۆڵی شتەکان بسڕێتەوە. ئێستە کە شێرۆ هاتبۆوە، وا باشتر بوو بەر لەوەی بە تەوس و تەشەری بابقولی بوندار بکەونەوە کار، خۆیان کارگەکە بخەنەوە ڕێ. نوورجیهان بەرەو کارگە خۆی ڕاکێش کرد و پێی نایە سەر پێپلیکانەکە.

ماهدەروێش، ڕیخەکانی هاوێشتە ناو سەبەتەکە و خستیە لایەکەوە، پاشتر بیبات بۆ سەربان. پاش ئەمکارە بە باشی زانی کاری هەموو ڕۆژەی شێرۆ بکات. مەسینەی لای دیوارەکەی هەڵگرت، لە جۆگەکە پڕی کرد و هێنای. حەوشەی ئاو پڕژێن کرد و چوو گەسکەکە لە هەمار بهێنێ:

«چی تێ ئەچێ؟ با چەند ڕۆژێک، تا گوێی چاکتر ئەبێتەوە، من لە جیاتی ئەو کار بکەم. بەڵام ئەگەر بتوانم بیبەمەوە ئەوە ئیتر زۆر باش ئەبێ. لە ماڵەوە بێ، ماڵ بۆنی ژیان وەر ئەگرێ. ئاوا، وەکوو مزگەوتە. ژنیش ئەگەر پێی لە ماڵی خۆی ببڕێ، وردە وردە دڵیشی لێی دائەبڕێ. لە بیری ئەچێتەوە خۆشی ماڵ و هێلانەیەکی هەیە. وەکوو مەڕی قسری لێدێ. بە تایبەت ئەگەر منالیشی نەبێ.»

ماهدەروێش، گەسکدانی حەوشەی تەواو کرد. گەسکەکەی پاڵ دا بە دیوارەکەوە و سەبەتەی ڕیخەکەی هەڵگرت و چوو بۆ گەوڕی مانگاکە. شیاکەی مانگاکەشی کردە سەر ڕیخەکان، سەبەتەی دایە بن باڵی و لای تەنوورەکە داینا.

باری تەڕ، سەبەتەکەی قورس کردبوو. بۆیە ماهدەروێش ئەبوایە لە سەر تەنوورەکە بوەستێ، سەبەتەکە بەرزبکاتەوە و بیخاتە سەربان. پاشان خۆی هەڵکێشێتە سەر و لە نێوان شیوی دوو گومەزەکەی بانی گەوڕەکەدا، لە بەر خۆرەکە هەڵیڕێژێ و بکەوێتە تێکەڵکردنی ڕیخ و شیاکە و بیانپێژێ.

ماهدەروێش، شیاکەکەی بەتاڵ کرد. هاتە لێواری بانەکە، سەبەتەکەی دایە دەس ژنی بوندار و سەتڵی ئاوەکەی لێوەرگرت و هاتەوە سەر کارەکەی. قۆڵی هەڵکرد و کا و ئاو و شیاکەی تێکەڵکرد و زۆر بەوردی پێژانی و کردنی بە تەپاڵە و لە لای یەکەوە بە ڕیز وەکوو بالووکە بە سینەی گومەزەکەوەی لکاند تا لە بەر خۆر وشک ببنەوە: ئاورودووی زستان.

ماهدەروێش بەوردی و ڕێکوپێکی ئەو کارەی ئەنجام دا. بەو شێوەیەی کە تەنها تۆزقالێکیش خەسار نەبێ. سەرەتا باش ئەیشێلا و باری ئەهێنا بۆ ئەوەی پاش وشک بوونەوە نەقەڵەشێ. بڵاو نەبێتەوە و ئەگەر ڕژانە بەر دەست و پێ، نەرم نەبن. ئەمەش، زیاتر کاری ژنان بوو کە ئەو فێری ببوو. ئەمەش دوا تەپاڵە.

ماهدەروێش، سەتڵە بەتاڵەکەی هەڵگرت و لە سەر بەرزایی بانەکە تاوێک سەیری دیمەنەکەی کرد. هەتاو، بان و دەشت و کێو و کەویری پڕ کردبوو. لای کەویر، شەیدا دیار بوو کە بە وشترەکانیەوە ئەڕۆیشت. لە ناو دەشت، جووتیارەکانی ئەرباب خەریکی جووت بوون. لەملا، لە پشتی ئوللەرەوە دوو پیاو ـسوار و پیادەـ بەرەو قەڵاچیمەن ئەهاتن. بوندار و ئەسڵان. ئەبێ بەر لە هەتاو کەوتن قەڵاتی خوێناڵیان جێ هێشتبێ. لەملا تریشەوە، لای سەرەوە، لای ملەی تاغانکێوەوە تۆز و خۆڵێک ئەچوو بە

حەوادا. تۆزی سمی ئەسپ. تەنوورەی دێو.

نەک لەشکرێک، بەڵام هەندێ سوار بە غار ئەهاتن. تاوێکیتر گەیشتبوونە بن دیواری کۆنە قەڵا. شاشەقامی قەڵا چیمەن، بەردەرگای خانووی بابقولی بوندار، بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەو خەڵکەی لە بن تاقە شکاوی کاروانسەراکەدا دانیشتبوون:

تۆ بڵێی کێ بن ئەم سوارانە؟ لە کوێوە هاتوون؟ لە ڕێی شۆڕاوەوە، لە دڵی تاغانکێوەوە؟ چییان ئەوێ؟

لە پشت دیواری ماڵی بوندار، لەغاویان ڕاکێشا. پێنج پیاو، بە سواری پێنج ئەسپ، ئەسپەکان سەرکەش و بێ ئوقرە. پیاوەکان قنج و حەساوە. بوومی نین. هەموویان ڕەشتاڵە و مێزەر بە سەر. دوو جەوان، یەکی پیر و دووی ناونجی. ناونجییەکە لە هەمووان بەخۆتر. بە قەڵافەتتر لە هەموو ئەو پیاوانەی تا ئەمڕۆ دیبوونی. چوار شانە، باڵا بەرز و ڕەشتاڵە. ڕوخساری وەکوو خشتی سوور بە چاوی کل کێشراوەوە.

دەرگای ماڵی بونداریان، بە بێ ئەوەی لە دەرگا بدەن، کردەوە. دوو پیاو، تفەنگ بە دەستەوە، هاتنە ژوورەوە. ماهدەروێش تازە تفەنگەکانیانی ئەبینی. بەلووچ بوون.

بیرێک وەکوو تریشقە بە خەیاڵی ماهدەروێشدا تێپەڕی. جیهەن خانی بەلووچ! ئەبێ کاریان بە بوندار بێ؟

ــ لە کوێیە بوندار؟

روویان لە بانەکە بوو، لە ماهدەروێش. دژبەرانە سەیریان ئەکرد. لە چاوەکانی جیهەن خاندا ئەتوت دوو پارچە ئەڵماس ئەدرەوشێتەوە. ماهدەروێش لە بن نیگای جیهەن خاندا لە زمان کەوتبوو. چۆلەکەیەک لە نیگای کوڵەماردا. هەروا لە سەر گوێسەوانەی بانەکە وەستابوو و سێبەرە درێژەکەی کەوتبوویە تەختی حەوشە.

ــ بە تۆ ئێژم! زمانی ئادەمیزاد نازانی؟!

ماهدەروێش، لە ترسی جیهەن خان و بوندار، لاڵ ببوو. لە

هەمان کاتدا هەم لە بابقولی بوندار ئەترسا و هەم تۆقی لە کابرای بەلووچ چووبوو.

دایکی شەیدا، یارمەتیەک بۆ ماهدەرویش، لە کارگەوە سەری دەرهێنا و وتی:

ــ سەردار، سەردار!

جیهەن خان وتی:

ــ تۆ خۆت تێکەڵ مەکە خوشکێ! من نمەکی دەستی تۆم خواردووە. تۆ مەیەرە مەیدان. من کارم بە بوندار هەیە. پیاوی درۆزن تۆ پیشانی من بدە.

ژنی بوندار، سەرەڕای ئەوەش هاتە حەوشە و بە زمانی خۆش داوای لە جیهەن خان کرد ئەمجارەش دەرفەت بە بوندار بدات. بەڵام قسە لە بەرد کاریگەر نەبوو. جیهەن خان بێ ئۆقرە و بێ ئەمان پەلاماری بۆ هەموو لایەک ئەبرد و سەری ئەکرد بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا و شەقەی لە دەرگای ژوورەکانەوە ئەهێنا. نەخێر! لێی مسۆگەر بوو کە بوندار لەماڵەوە نییە. جارێکیتر، جیهەن خان لە ماهدەرویش ـکە هەروا لە سەربان بووـ پرسی:

ــ کوڕەکانی لە کوێن؟

ماهدەرویش، دیسانەوەش وڕ و لاڵ بوو. لە مشکێک ئەچوو لە ناو تەڵەدا گیری کردبێ. نە ئەمرد و نە ئازاد ئەبوو. ئەیتوانی نیشانەی شەیدا، شوێنی شەیدای پیشان بدا و خۆی لە شەڕی جیهەن خانی بەلووچ ڕزگار بکات. بەڵام لە دوارۆژ ئەترسا. ڕەنگیشە ئەمشەو. وەڵامی بونداری چۆن بدایەتەوە؟ چۆن لەدەستی ئەو خۆی ڕزگار بکردایەت؟ شەیدا، چاوی بوندار بوو و تاڵەموویەک لە سەری کەم بوایەتەوە، بابقولی بوندار پێستی سەری ماهدەرویشی ئەگروو.

جیهەن خان، سەرەڕای ئەوەی کراسێکی درێژی، لەژێر جاکەتەکەیەوە لە بەر بوو و، مێزەرێکیشی بە سەرەوە بوو و، شەرواڵە هەراوە بەلووچیەکەی بە دەور قاچیدا شەکەی ئەهات؛

وەک پڵینگێک بە دیوارەکەدا هەڵگەڕا و لای تەنوورەکەوە خۆی گەیاندە سەربان و بەر لەوەی ماهدەروێش بتوانێ هەڵێ، وەکوو کەروێشک خستیە ناو چنگی و ڕوومەتی دەروێشی هێنایە بەر چاو و ددانی خۆی و بە شێوەیەکی زۆر توند و بە تێکەڵەی دەری و بەلووچی، وتی:

ــ ئەتەوێ زمانت لە گەروت دەربکێشم بۆ ئەوەی قسە بکەی؟!

گەڕانێکی بە ئەسپایی، بۆ زمان، کارێکی ئاسانە. ئەیتوانی بڵێ:

«شەیدا، کەویر.»

ئەشی توانی بڵێ:

«بوندار، زەعفەرانی.»

بەڵام ترسی بوندار لە دەروونی ماهدەروێش‌دا ئەوەندە بەهێز بوو، هەموو وشەیەک ئەتوت لە گیانی ئەکرێتەوە. هەم لە ئێستا ئەترسا، هەم لە دوایی. ئەشکەنجە لە ناو تەوقی ترس و دڕدۆنگی‌دا. هیچ ڕێگەیەکی شک نەئەبرد. مەگەر ئارەزووی ئەوەی کە لەم کاتەدا، بابقولی بوندار لە دەرگاوە خۆی بکات بە ژووردا. چی ئەبوو ئەگەر خوا تەنها بۆ یەکجاریش بووە، ڕووی خۆش بە ماهدەروێش پیشان بدات؟ ئەوە نەبوو تۆزێک بەر لەمە، ماهدەروێش، بابقولی و ئەسلانی لە سەر ڕێگەی زەعفەرانی بینیبوو؟ ئەی بۆ دەر ناکەون؟ بۆ لەپڕ مردن؟ بۆ بوون بە ئاو و چوون بە عەرزدا؟ بوون بە دووکەڵ و چوون بە حەوادا؟ بوون بە تۆز یان بوون بە دێو، تەنوورە بکێشن بۆ ئاسمان؟!

ــ دەم ناکەیتەوە تۆ، سەگی نۆکەر؟!

ماهدەروێش هەرگیز باوەڕی نەئەکرد کە دەستەکانی جیهەن خانی بەلووچ هەڵی بگرێ و لە بانەوە هەڵیداتە حەوشە. سەیدۆکە، بە حەواوە بەس توانی چاو ببەستێ و بڵێ:

«یا پێغەمبەر!»

هەر ئەوەندە و ئازارێکی ڕەش لە چواربەندی کەمەریدا. ناڵەیەک کە شکا و، ئیتر، بێهۆش.

خەڵکی، وردە وردە لە بەر دەرگای ماڵی بوندار کۆ بوونەوە.

ژنی بوندار، لە ناو چاڵی خۆڵەمێشەکەدا، بە لای سەری ماهدەروێشەوە چۆکی دادا و دەستی کرد بە شیوەن.

تفەنگچیەکانی جیهەن خان. خەڵکیان پاڵ پێوە نا و ڕێگەیان پێگرتن خۆیان بکەن بە ژووردا. خەڵکیش -ماران گەستوو- لە تفەنگ و فیشەک ترساو، کشانەوە. لەو ناوەدا، چوار کەس توانیان خۆیان بکەن بە ژووردا: گۆدەرزی بەڵخی، عەلی خاکی، قەدیر و قوربان بەلووچ. قەدیر، ئەماژەی بە قوربان بەلووچ کرد بچێتە بەرەوە و لەگەڵ جیهەن خانی هاوزمانی قسە بکات. جیهەن خان لە دیوارەکە خزایە خوارەوە و هەروا وەستابوو. قوربان، چوو بۆ لای. گۆدەرزی بەڵخی پاڵتاوی لە شانی داگرت، چووە ناو چاڵەکە و بن باڵی ماهدەروێشی گرد. لە ناو خۆڵەپووتەکە بەرزی کردەوە و بردی بۆ بن دیوارەکە و خەواندی. ماهدەروێش بە دژواری هەناسەی ئەدا. پێستی ڕوخساری عارەقەی لێ نیشتبوو و هاتبۆوە یەک. لەشی، گرمۆڵە ببوو. لاجانگی شکابوو و قژی لە خۆڵ و خوێن هەڵژەنرابوو. ئازارەکەی، ئەتوت ئەوەندە زۆربوو کە سەید، نەی ئەتوانی ئاخیش هەڵبکێشێ.

عەلی خاکی، چوو زەرکێک ئاو بهێنێ.

قەدیر و قوربان بەلووچ لە نزیکی جیهەن خان وەستابوون. زمان ئاشنا، قوربان بەلووچ هەندێ شتی ئەوت و دەستی بۆ ماهدەروێش ڕائەکێشا. وا دیاربوو خەریکە بار و ڕۆژی ماهدەروێشی بۆ باس ئەکات. لەم کاتەدا گۆدەرزی بەڵخی، هیوا بڕاو لە چاکبوونەوەی ماهدەروێش، تاڵ و هەڵچوو بەرەو سینەی جیهەن خان چوو ولەگەڵ ئەوەی کە هەوڵی ئەدا بە سەر زمانی خۆیدا زاڵ بێت، کەچی نەی ئەتوانی لەرزینی شەویلکە و پەڕەی لووتی ڕابگرێ. بەڵام بێباک. تووڕە و شەڕانی وتی:

ـ خەڵکی وەکوو مەڕ ئەکوژی و سمێڵی پیاوانەش با ئەدەی؟ لەو سەیدە لێدراوترت دەست نەکەوت؟ تۆ لەگەڵ خاوەن ماڵ دژایەتیت هەیە یان لەگەڵ نۆکەرەکەی؟ ئەو هەژارە ئەگەر هەناسەی نەهاتەوە سەر، چی؟ کێ وەڵامی ئەداتەوە؟ ئەوە دیارە کە ئەسپەکانتان تیژ غار ئەکەن، بەڵام تۆ چی؟ تۆ کە کابرایەکی بێتاوانت کوشتووە، شەو چۆن سەر ئەنێیتەوە؟ تۆ لە کوێ و ئێرە لە کوێ؟ ئەمە وڵاتی ئێمەیە و تۆ هێرشت هێناوەتە سەرمان! ئەبێ شیش لە ئێسقانی قاچی ئەو جەندەرمە خاکبەخشانە ڕۆبکەن کە قاچی ئێوە بۆ ئەم وڵاتە ئەکەنەوە.

جیهەن خانی بەلووچ ، وەک بڵێی لە پەیدا بوونی خەنیمێکی بە قەڵافەت و بوێر، گیان هاتۆتەوە بە بەریدا و تووڕە بوونەکەی ئەو، ئازاری گیانی لە ئازاردانی ماهدەرویش، دائەمرکێنێتەوە، شێرتر لە پێش سەیری یەکێک لە تفەنگچیەکانی ـبەلووچی ناوەنجی بەریشی زیوین و تۆزاوی و ڕوخساری تاو سووتەوەـ کرد و بزەیەکی تەوساوی کەوتەە سەر لێوی.

کابرای ئەفغان، تفەنگ بەدەست، لە گۆدەرز چووە پێشەوە و وتی:

ـ سەردار لە تۆ پرسا ئەبێ: بابقولی بوندار لە کامە جێیە؟

بەڵخی، بە تووڕەییەکی زیاترەوە وتی:

ـ لە گیرفانی من دایە! فەرموو دەری بهێنە!

ئەوەندەی کابرای ئەفغانی شتێک ئامادە بکات بۆ وتن. پاڵەوان بەڵخی دەمی هەڵپچڕی و دەستی کرد بە جنێو دانی بوندار:

ـ بڕۆن لەهەر جەهەننەمێکە بیدۆزنەوە، ئەو قورمساخە! بۆچی ئازاری خەڵکی ئەدەن؟! ئێوە مەگەر مەغوولن! دزانەی دزێوانە! پێتان وایە ئێمە پیاو نین؟ بۆچی بەو جۆرە سەیرم ئەکەن؟!

بەلووچی ئەفغانی، زۆر بە چالاکی، بە ڕادەیەک کە لێی چاوەڕوان نەئەکرا، قۆناخی تفەنگی بە جنێوێکەوە کوتا بە سینەی پاڵەوان بەڵخیدا. پاڵەوان هەنگاوێک فڕێ درا بۆ پاشەوە و

خۆی گرتەوە. بەلووچ جارێکی تر تفەنگەکەی بەرزکردەوە. بەڵخی قۆناخی تفەنگەکەی بە حەواوە گرت و بە گورجی بایدا و لە دەس کابرای ئەفغانی دەرهێنا و حەوای دایە لایەکەوە و ئەوەندەی کابرای بەلووچ بەرەو تفەنگەکەی بڕوات، باوەشی پیاکرد و توند ڕایگرت:

ــ من نازانم وەکوو دزەکان شەڕ بکەم. ئەگەر ئازای وەکوو پیاو بیوەشێنە!

دووان لە تفەنگچیەکانی جیهەن خانی بەلووچ هەڵاتن بۆ یارمەتیدانی کابرای ئەفغان؛ بەڵام جیهەن خان بە ئەماژەی دەست ڕایگرتن. کابرای ئەفغان و پاڵەوان بەڵخی، لێک ئاڵابوون. ئەوانەی وەستابوون، کشانەوە و ڕێگەیان بۆ بەڵخی و کابرای ئەفغان کردەوە کە شاخیان لێک گیراندبوو و ئەسووڕان.

بەلووچی ئەفغان، جەنگاوەری تفەنگ و بیابان، ناشیانە شانەکانی پاڵەوان بەڵخی گرتبوو و پاڵەوان پیاوی زۆران و شەڕی دەستەو یەخە، شارەزایانە پەنجەی لە پزووی ڕانکی خەنیمەکەی گیر دابوو، خستبوویە بن ڕکێفی و ڕای ئەکێشا. گۆدەرز پاڵەوان خەنیمەکەی هەڵئەسەنگاند. لە بەر ئەوە خاوە خاوی ئەکرد. بەڵام کاتێکە بۆی دەرکەوت کابرای ئەفغان پسپۆڕی زۆران نییە و پیاوی مەیدانی کراوە و تیر و تفەنگە، بە زەبرێک کێشای بۆ لای خۆی و قاچی لە قاچی ئاڵاند و ناو قەدی کابرای لە ناو کەمانی هەر دوو دەستیدا وەها گووشای کە ئازارێکی ڕەش لە ناوچاوانی بەلووچ دا کۆبوویەوە و دەسبەجێ سستی کرد. ئەوسا بە زەبرێکی لەپڕ پاڵی بە سینەی کابراوە نا و بە پاشقولێک، وەکوو خستنی سپینداریێک، خەنیمەکەی دا بەعەرزدا و تلاندییەوە بۆ ناو چاڵی خۆڵەمێشەکە. لە چاوی گۆدەرزدا، کار تەواو بوو. بۆیە، خۆی تەکاند و لەلاوە وەستا. بەڵام کابرای ئەفغان، بە شەرم و داماوییەوە، لە ناو خۆڵەپووتەکە هەڵسایەوە و بە شەرم و ڕقێک لە ناوچەوانیدا، پەلاماری تفەنگەکەیدا کە بەدەستی جیهەن

خانەوە پارێزراوبوو. تفەنگی فڕاند، مەیدانی گرت و لە چاو لێک نانێکدا، چۆکی دادا و سیلەی لە سینەی پاڵەوان گرت. شیوەنی ژنی بوندار و نیگای حەپەساوی بەڵخی و قەڵەمبازی قەدیر، بوو بە یەک و قەدیر، خۆی خستە نێوانی کابرای ئەفغان و گۆدرزی و بەڵخیەوە و وتی:

ــ تەقە مەکە، سەردار! من شوێنی بوندارتان پیشان ئەدەم.

شێرۆ، بە نەرمی پشیلەیەک، بە پلیکانەکانی کارگەدا هاتە سەر و وەستا.

جیهەن خانی بەلووچ، لوولەی تفەنگی پیاوەکەی خەواند و بەرامبەر بە قەدیر وتی:

ــ بڵێ!

قەدیر، وتی:

ــ بوندار، لەگەڵ کوڕە گەورەکەی چوون بۆ زەعفەرانی، واتە بۆ قەڵاتی خوێناڵ.

جیهان پرسی:

ــ کوڕەکەی تری، پرچنەکە؟ شەیدا؟!

قەدیر، بۆ ئەوەی پیشانی بدا کە شوێنی شەیداش ئەزانێ، تاوێک ڕاما.

دایکی شەیدا، قۆڵی جیهەن خانی گرت و لێی پاڕایەوە:

ــ کارت بەو نەبێ، سەردار. کوڕی من، جەوانەکەم!

جیهەن خان، دایکی شەیدای لادا و جارێکیتر لە قەدیری پرسی:

ــ شوێنەکەم پێ بڵێ. زمان هەڵبڕە!

قەدیر، کە خۆی بێحەز نەبوو کوڕی بوندار تووش ببێ، بۆ ئەوەی ڕاستیەکە بشارێتەوە، تۆزێ منجەمنجی کرد. ئەیویست لە دایکی شەیدا تێ بگەیەنێ ئەوەی کە ئەیڵێ لە ژێر گوشار و لە ناچاریدایە. هەروەها ئەوەشی ئەزانی کە جیهەن خانی بەلووچ ئیتر تاقەتی ئەوەی نەماوە گوێ لە منجەمنجی ئەو ڕابگرێ.

بۆیە، قەدیر بە وشیارییەوە چاوەڕوانی نیشانەیەکی توندوتیژی لە لایەن جیهەن خانەوە بوو. دیار بوو باش بەوەی زانیبوو. چونکە جیهەن خان دەسبەجێ بە پەنجە ئەستوور و مۆرەکانی یەخەی جاکەتەکەی قەدیری گرت، بۆ لای خۆی ڕایکێشا و نەڕاندی بە سەر ڕوخسارە لەڕ و لاوازەکەی قەدیردا و وتی:

ـ مایی[1] کۆت لە شانەکانت ببەستم تا ئەو لێوە قەیتانیانەت ببزێوی؟! دە قسە بکە ئیتر، عەنتەر!

قەدیر سەیرێکی ژنی بونداری کرد و وتی:

ـ لە کەویرە، سەردار. شەیدا وشترەکان ئەبا بۆ کەویر!

جیهەن خان ئەوەی بە دوایدا ئەگەڕا، دەستی کەوتبوو. فڕکەی کرد و خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکە و بە دەم غاردانەوە نەڕاندی وەدووی کەون. سوارەکان بە دوای سەرداردا جووڵان و هەر کەس تاوی دایێ تا خۆی هەڵداتە سەر ئەسپەکەی. بەڵام یەکێک لە ژنەکان ئەسپی تەراندبوو. ئەفغانەکان هەر کامە و بە دوای ئەسپی خۆیدا هەڵات. دواین کەس، ئەوەی لەگەڵ پاڵەوان بەڵخی زۆرانی گرتبوو، لە کاتێکا ئەیویست پێ بخاتە ناو کۆڵان، بە زەبری دارێک، بەربوویەوە. دارەکە -پسپۆڕانە- لە شوێنی مەبەست، لە قولاپەی پێی کابرای بەلووچ درابوو. بۆیە کابرای بەلووچ، ڕاست لە ناو دەرگاکەدا، درا بە عەرزدا و بەر لەوەی بتوانێ دەنگ هەڵێنێ و داوای یارمەتی بکات، داری دووەمیش داهاتەوە و دای لە تەختی تەوێڵی و نیوەی ڕوخساری ڕەشتاڵە و ڕیشی بۆری خڵتانی خوێن کرد.

کابرای ئەفغان، دابڕاوی دەستەکەی جیهەن خان، دەستی گرت بە بەر تەوێڵیەوە و سەری هەڵێنا تا بەو چاوەی کە خوێن دای نەپۆشابوو خەنیمەکەی ببینێ:

«ئەوەی کە بەو شارەزایی و لێزانیە دارەکەی لێدابوو، هەمان گۆدەرزی بەڵخی نەبوو؟»

١ـ مایی: بەلووچی واتە: ئەتەوێ.

نەء! ژنێک بوو. ژنی ماهدەروێش. شێرۆ. بە هەر دوو دەست دار قەیسیەکەی گرتبوو و بەو جۆرەی کە مەڵۆی گەنم ئەکوتن، لە کابرای بێگانەی ڕائەوەشاند و پچڕپچڕ جنێوی پێ ئەدا.

لالا، هەڵاتە بەرەوە و ئامبازی شێرۆ بوو. ڕایکێشا بۆ ئەو لاوە و هەوڵی دا دارەکەی لەدەس وەربگرێ:

ــ ئەوە شێت بوویت کچێ! خوێنی کابرا ئەکەوێتە ئەستۆت.

ــ ئەی ئەوان کە پیاوەکەی من، ماهدەروێشیان کوشت، چی؟!

دەرفەتی مشتومڕ نەبوو. لالا دارەکەی لە شێرۆ وەرگرت و شێرۆش، بە بێ ئەوەی لە تووڕەییەکەی خۆیدا سست بووبێت، خۆی حەوادا بە سەر کابرای ئەفغان‌دا و بە چنگ و ددان نیشتە سەر سەر و بەچکی. لەم گێرە و کێشەیەدا، کابرای ئەفغان بەس تفەنگەکەی خۆی بەهەر دوو دەست گرتبوو و خۆی دابوو بە سەریدا.

خەڵکی، هەرچەند نەهاتبوونە مەیدان و بە شدارییان نەکردبوو، بەڵام لە سەیرکردنی پەلاماری سەرکەوتووانەی شێرۆ، تیشکی شەوق لە چاوەکانیان‌دا ئەبریسکایەوە. تەنها بابە گوڵاو بوو کە بە لەقە لەقی زمانی ئەیویست کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێ. پاڵەوان بەڵخی هەروا خامۆش بوو و سەیری ئەکرد. قەدیر، چاوی جیهەن خانی بە دوور بینیبوو، بە زمان خەڵکی هان ئەدا:

ــ خۆ نەمردوون! ئەو سەردەمەی تورکمەنەکان ئەهاتن و ماڵ و ناموستانیان تالان ئەکرد، ئیتر تەواو بووە! بۆ هەروا ڕاوەستاون و سەیر ئەکەن؟! ڕەنگە ئەگەر لە بەر چاوتان مناڵەکانیشتان سەر ببڕن، دیسانەوەش هەروا بێدەنگ ئەبن و سەیر ئەکەن! ئاخر غیرەتتان چووە بۆ کوێ؟ چوار تفەنگچی لە وڵاتێکی ترەوە هێرش ئەهێنن و چییان پێخۆش بێ ئەیکەن؛ بەڵام ئێوە هەروا ئەوەستن و تەماشا ئەکەن! تف لە هەرچی مرۆڤی بێغیرەتە!

تف!

سەیدی تەلەفوونچی کە لەسەربانی ماڵی خۆیانەوە تەماشای ئەکرد، وتی:

ــ تەلەفوونم کرد بۆ شار؛ تەلەفوونم کرد. ئاغە هەر ئێستە بیرێکی لێ ئەکاتەوە.

عەلی خاکی، سەری ماهدەرویێشی نابوویە سەر ئەژنۆی و هەوڵی ئەدا، هەر چۆن بووە، بیهێنێتەوە سەر هۆش. عەباسجان، بە دوای دەرفەتێکدا، تفەنگەکەی کابرای بەلووچی نیشانە کردبوو. ماهدەرویێش ئەیناڵاند.

عەباسجان، لە پەسا بە ژنەکانی ئەوت:

ــ شێرۆ بگرن. ئەو ژنە بگرن. خەریکە قوڕقوڕاگەی کابرا بە قەپ ئەپچڕێ! ئەیخنکێنێ. کچێ بیگرن، مەگەر ئێوە موسڵمان نین؟!

عەباسجان، لە ئەنجامدا خۆی تێوەچوو و بە بیانووی جیاکردنەوەی شێرۆ لە کابرای ئەفغان، خۆیدا بە سەر کابرادا و چنگی لە تفەنگەکە گیرکرد. ژنەکان هێرشیان کرد. قەدیر و تاجعەلی کۆڵکێشیش تێکەڵ بوون. بەڵام نە شێرۆ کابرای ئەفغانی بەر ئەدا و نە کابرای ئەفغان تفەنگەکەی.

ژنی بوندار هەڵاتبوو بۆ کۆڵان و شێتانە، داوای یارمەتی ئەکرد:

ــ کورە، بۆ خاتری خوا کارێک بکەن خەڵکینە! کوڕەکەم ئەبەن. شەیدام ئەبەن. خەڵکینە، کارێک بکەن!

سەیدی تەلەفوونچی لەبان هاتە خوارەوە و بۆ لای ژنی بوندار چوو:

ــ تەلەفوونم کرد بۆ ئاغە ئالاجاقی، نوورجیهان! ئەوەندە خۆت ناڕەحەت مەکە. کارەکان خۆی دروست ئەبێ.

نوورجیهان هەروا بە شیوەن و ڕۆ داوای یارمەتی ئەکرد:

ــ خەڵکینە... گۆدەرز گیان خۆمن خراپەم لە گەڵ تۆ

نەکردووە. کوڕەکەم ڕزگار بکە. کوڕەکەم، گۆدەرز!

گۆدەرز، لە وەڵامی شپرزەیی ژنەدا، هیچی نەبوو بیڵێ. تەنها -ئەویش ڕەنگە لەگەڵ خۆی- وتی:

ـ شووەکەی تۆ هیچی بۆ نەهێشتینەتەوە تا لە کاتی وەهادا، کارێکمان لەدەس بێ. بە دەستی بەتاڵ بەس ئەتوانین بکوتین بە سەری خۆماندا، نوورجیهان!

ـ ئەی من چ قوڕێک بکەم بە سەمدا، گۆدەرز! قەدیر، ڕەزاق، تاجعەلی، سەید... ئۆف، قوڕ چووە بە سەرمدا!

ژنان و پیاوان، شێرۆیان، لە کابرای ئەفغان جیا کردبۆوە. بەڵام عەباسجان لە کابرا نەئەبوویەوە و لە پەسا نەڕەی بەرزتر ئەبوویەوە. قەدیر بن باخەڵی براکەی گرت بۆ ئەوەی لە ناو کێشەکە دەربازی بکات؛ بەڵام عەباسجان ئەتوت لکاوە بە کابرای ئەفغانەوە و قیژەشی نەئەبڕا. گۆدەرز چووە بەرەوە، خەڵکەکەی لادا. ژنەکان شێرۆیان برد بۆ لای ماهدەروێش.

عەلی خاکی ماهدەروێشی بەجێ هێشت بۆ شێرۆ و ژنەکانیتر و چوو بۆ لای عەباسجان و کابرای ئەفغان کە لێک ئاڵابوون.

دەستەکانی عەباسجان، هێشتاش قۆناغی تفەنگەکەی گرتبوو و، ددانی کابرای بەلووچیش قەپی کردبوو بە مەچەکی عەباسجاندا، ناوچەوانی عەباسجان بە هۆی ئازارەوە ئارەقەی کردبوو؛ بەڵام دەست و دڵی لە تفەنگەکە نەئەبوویەوە. گۆدەرزی بەڵخی، گرێکەی کردەوە. عەباسجان، مەچەکی دەستی خستە بن باخەڵی و لەقەیەکی لە ملی کابرا دا:

ـ خۆزگە بمهێشتایەت بتکوژن، سەگ!

کابرای ئەفغان بە دژواری لە ناو خۆڵی کۆڵانەکە خۆی خڕکردەوە و بە شەلە شەل چوو بۆ لای دیوارەکە و چاوە بێتامەکەی بە سەر ئەم و ئەودا گەڕاند. بابە گوڵاو، بە گۆچان ڕاوەشاندن هاتە بەرەوە و وتی:

ــ ئاوی پێبدەن! پاڵەوان، بڵێ زەرکێک ئاو بهێنن بۆ ئەو کابرا ڕەبەنە. زەرکێک ئاو، بابە گیان!

پاڵەوان بەلْخی، ژێر باڵی کابرای گرت و بەرزی کردەوە. حەشاماتەکە مەیدانی پێدا و پاڵەوان بەلْخی، کابرای ئەفغانی بۆ لای ماڵی خۆیان برد. کابرای ئەفغان نەی ئەتوانی بە ئاسانی پێ هەڵگرێ. ئەشەلا و خۆی بە شانی پاڵەواندا هەڵواسیبوو. خەڵکەکە، هێشتا بڵاوەیان نەکردبوو. ژنەکان ماهدەروێشیان هەڵسانده سەر پێ. بەڵام ئەو ئیتر نەی ئەتوانی لە سەر پێ ڕاوەستێ. چوار بەندی کەمەری لێک پچرابوو. جارێکی‌تر دایاننایەوە. عەلی خاکی و قوربان بەلووچ هاتن بە یارمەتیەوە و ماهدەروێشیان لە سەر دەست بەرزکردەوە. بردیان بۆ هۆدەی ژنی بوندار و خەواندیان. شێرۆ بە لای سەری ماهدەروێشەوە دانیشت و، قوربان بەلووچ و عەلی خاکی هاتنە دەرەوە. لە ناو کۆڵان، بەر لەوەی حەشاماتەکە بڵاوە بکات، بابقولی بوندار و ئەسڵان گەیشتبوون. عەلی خاکی، لاری کردەوە و تێپەڕی و قوربان بەلووچ چوو بۆ لای بابقولی بوندار. نوورجیهان خۆی بە بازووی بونداردا هەڵواسیبوو و شیوەنی ئەکرد. ڕەنگی بوندار ببوو بە خاکی دیوار. بۆ ئەوەی بتوانێ بە سەر پێوە خۆی ڕابگرێ پاڵی‌دا بە شانی هێسرەکەیەوە و ئاوی دەمی قووت دا:

ــ کەویر؟!

ــ هێرشیان برد بۆ کەویر!

بوندار، هەوساری هێسرەکەی بەردا و کەوتە ڕێ. ئەسڵانیش ڕازی و ناڕازی، بە دوای باوکی‌دا کەوتە ڕێ. تاک و تەرایەک تا دەرەوەی قەڵاچیمەن بە دوای بۆنداردا ڕۆیشتن و لەوێ وەستان بۆ تەماشا.

بوندار و کوڕەکەی لە قەڵاچیمەن و لە خەڵکەکە دوور کەوتنەوە و بەرەو کەویر چوون. قوربان بەلووچ، بەو هەنگاوانەی کە نەی ئەکێشا بە ناچاری بە دوای بونداردا ڕۆیشت. عەلی خاکی

بۆ دڵنیایی، جارێکی‌تر بە بیانووی ماهدەرویش گەڕایەوە و قەدیر، بەرەو ماڵی پاڵەوان بەڵخی بوویەوە.

پاڵەوان بەڵخی، لبادێکی گەرمی خستە سەر برینەکەی سەری کابرای ئەفغان و بە پارچە پەڕۆیەک بەستی و ئەیویست بەڵکوو کارێک بۆ قولاپە شکاوەکەی کابرای ئەفغان بکات. ژنی پاڵەوان کتری چا و پیاڵە کانی پڕکرد. کابرای ئەفغان، بە هاتنی قەدیر، درێژەی بە قسەکەی‌دا:

ـ ئەو گەنجەی کە تەقیلەی لە سەر بوو، ئەوە برازامە. کچەکەی من دەزگیرانی ئەوە. بەڵام ئەرباب بازخان کچەکەمی گرتووە بە بارمتە، تا ئێمە بێین و پارەی ئەو تریاکەی داومانە بە بوندار وەری بگرین و بۆی ببەینەوە. تا پارەکەی بۆ نەبەینەوە، بازخان کچەکەم لای خۆی ڕائەگرێ. هەڵبەت تا کاتێکی دیاریکراو دەستدرێژی لێ ناکات. بەڵام ئەوسا کە کات بەسەرچوو و ئێمە نەمانتوانی پارەکەی بۆ ببەینەوە، چی پێخۆش بێ ئەتوانێ بە ماڵ و نامووسی ئێمە بکات. خۆیشمان ئەگەر بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە، نەک هەر ناتوانین هیچ قسەیەک بکەین بەڵکوو خۆیشمان لە مەترسی داین. بازخان ئەتوانێ ورگمان پڕ بکات لە گوللە. ئەوەیە بەزەییمان بەو کەسەدا نایەتەوە کە پارەی ئەربابەکەمانی خواردووە، ناچارین ڕەحم و بەزەیی لە دڵی خۆمان‌دا بکوژین!

پاڵەوان، پیاڵەی چاکەی خستە بەردەستی میوان و کابرای ئەفغان، چاوی لە دەرگاکە، شانی دا بە دیوارەوە و ئاخێکی ئازار و نائومێدی، لە بن ددانی‌دا خواردەوە و وتی:

ـ ئەسپەکەم هەڵات! بێ پێ بووم. ئەسپەکەمیان تەراند!

رەگی باریکی خوێنی وشکەڵاتوو لە سەر گۆنا و ڕیشی لەباری کابرای ئەفغان هێشتا مابوو. چاوێکی لەژێر ئەو پەڕۆیەی بەسترابوو بە سەرییەوە، ون بوو. لێوی قەتماغەی بەستبوو و وشک بوو. پەنجە مۆر و لەرەکانی، هەروا ناوقەدی تفەنگەکەی

گرتبوو.

قەدیر، سەرنجی لە سەر قەڵافەتی پیاوی ئەفغان گواستەوە و بە پاڵەوان بەڵخی وت:

ــ بابقولی بوندار، لە کەویر بگەڕێتەوە، ئەم کابرایە بە دەس بەسراوی ئەدا بە دەس جەندەرمەوە!

بەڵخی وتی:

ــ ناهێڵم! خۆم بە شەو دەربازی ئەکەم، بۆ خۆی بڕوات.

ــ بە کامە قاچ؟ لێی بپرسە بزانە ئەتوانێ بڕوا بە ڕێدا؟

پاڵەوان بەڵخی و قەدیر سەیری کابرای ئەفغانیان کرد. کابرا، سەری ڕاوەشاند و وتی:

ــ نەء! نەبرام! مەگەر تا شەو چاکتر ببێ. خۆزگە ئەسپەکەم نەڕۆیشتایەت!

ژنی پاڵەوان، قاپێ خۆڵەمێش-خوێی هێنا. گۆدەرز قولاپەی کابرای گرتە خۆڵەمێش-خوێ و بەستی.

کابرا، پرسی:

ــ واتە ئێوە خەیاڵتان نییە من بدەنە دەس جەندەرمە؟

بەلخی وتی:

ــ بۆ ئەبێ تۆ بدەینە دەس جەندەرمە؟! شەڕی ئێمە لەگەڵ ئێوە خۆ لە سەر بابقولی بوندار نەبووە کە تۆ بدەینە دەس جەندرمە. ئێمە لە سەر پیاوەکەی بوندارهەڵماندابوو. لە بەر ئەو سەیدە. خۆت بینیت. دەستەی ئێوە کە غاریاندا بەرەو کەویر، تاقە یەک کەسیش دڵی دانەچڵەکا! بەڵام ئێوە کاتێکە هێرش ئەکەنە سەر قەڵاتێک، سەیر ناکەن بزانن کێ بە کێیە. بەهەر کەس ئەگەن زوڵمی لێ ئەکەن. بۆیەشە هەندێ کەس ناچار ئەبن بەرەنگارتان ببنەوە. کاتێکە ئێوە لەگەڵ بوندار شەڕتانە، ماڵەکەی ئاگر بدەن. یەک کەسیش چاو ناتروکێنێ.

کابرای ئەفغانی پرسی:

ــ ئەی ئێستە چیم لێ ئەکەن؟

ــ چیت لێ‌ئەکەین! چا و نانەکەت ئەخۆیت و ئەخەوی تا ئێوارە و ئێوارەش ناتدەمە دەس کەس. شەو کە داهات لە بن قەڵاوە شۆڕ ئەبیتەوە و ئەڕۆی بە هیوای خوا. کارێکی‌تر هەیە ئێمە بتوانین بیکەین؟

ــ هیچ ، هیچ برام. منیش لەوە زیاتر چیم گەرەکە. ئەگەر نەمدەنە دەس جەندەرمە، هەتا ماوم دۆعای خێرتان بۆ ئەکەم. شەو بە هەر شێوەیەک بووە خۆم ئەپەڕێنمەوە. جارێ شوێنێکم بدەنێ با سەرم بنێمەوە.

ــ کادێن!

لە کادێن، کابرای ئەفغانیان لە سەر کا خەواند. ژنی بەڵخی نان و ئاوی هێنا و دای بە قەدیر. قەدیر، نان و ئاوەکەی لە بەردەست کابرادا دانا و لەگەڵ بەڵخی چووە دەرەوە. بەڵخی ئەڵقەڕێزی دەرگای کادێنەکەی هەڵپێکا و چیلکەیەکی کرد بە قوڵفەکەی‌دا. قەدیر وتی:

ــ من بڕۆم بزانم ڕووداوەکە گەیشتە کوێ.

بەڵخی بەرەو هۆدە و قەدیر بەرەو کۆڵان ڕۆیشتن. لەم کاتەدا، لالا و عەباسجان خۆیان کرد بە حەوشەی بێ دەروازەی ماڵی پاڵەواندا. لالا لە کاتێکا قسەی لە زمانی عەباسجان ئەفڕاند، بە شپرزەییەوە وتی:

ــ ئەوە لە کوێن ئێوە! هەڵێن، هەڵێن. بونداریان خستۆتە سەر ئاگر. هەڵێن!

پاڵەوان بەڵخی گەڕایەوە و بە دوای قەدیردا کە پاژنەی گیوەکەی هەڵئەکێشا لە ماڵ دەرکەوت.

لە مەیدانی بەرگەرماو، لای دیواری کۆنە قەڵا، شیوەن بەرپا بوو. حەشامات بە ژن و پیاوەوە مەیدانەکەیان پڕ کردبوو. بابقولی بوندار، یەخەی خۆی دادڕاندبوو و بە نینۆک ڕوومەتی خۆی ڕنیبوو. ئەسلان، لە سووچێک دانیشتبوو و ئەگریا. دایکی شەیدا، وەکوو مریشکی سەر هەڵکەنراو بە ناو خەڵکەکەدا

فرتە فرتی ئەهات و بە دەنگێک کە ئیتر گیرابوو و کپ بوو، شیوەنی ئەکرد و مشتی ئەکوتا بە چاڵی سینەیدا و بە چەپۆک ئەیدا بە سەریدا. لالا، بە بێ پڕکێشی سەرکۆنەی ئەم و ئەو، بە ئاشکرا قووڕە قووڕ ئەگریا. سالار ڕەزاق مەچەکی بابقولی گرتبوو و ئەهات بە سەریدا. عەلی خاکی، بە ئارامی سەیری ئەو شەڕ و شۆڕەی ئەکرد کە بەرپا ببوو. بابە گوڵاو نەرمە نەرمە فرمێسکی ئەڕژاند و لێوی ئەبزواند. سەیدی تەلەفوونچی، لە بەردەم بونداردا، زمانی گرتبوو و جنێوی بە جیهەن خان و دار و دەستەکەی ئەدا. ژنەکان چپەچپیان ئەکرد. سەمەدی توونچی بە دەست و ڕووی دووکەڵاوییەوە، زەرکێک ئاوی بۆ بابقولی ئەهێنا. جووتیارەکانی ئالاجاقی، هەر کامە و لە لایەکەوە وەستابوون و ئەو پەژارەی بە سەر بوندار هاتبوو، هەر کەس و بە جۆرێک لێکی ئەدایەوە. عەباسجان چووە لای ئەسڵان و دانیشت. قەدیر، خۆی گەیاندە لای شانی لالا و بابقولی بوندار، لەپڕ وەکوو شێت چاوی لە خەڵکەکە مۆرکردەوە و وتی:

ـ کوڕەکەم، شەیدایان بردم! لاوەکەیان بە یەخسیری بردم، خەڵکە! ئەفغانەکان، لە بەر چاوی ئێوە کوڕەکەمیان دزی و بردیان!

کەس هیچی نەوت. بوندار وەها لە سەر ئاگر بوو، هیچ وشەیەک نەی ئەتوانی بۆی ببێ بە زەرکێک ئاو. هەرچەند، خەڵکیش -مەگەر تاک و تەرایەک- دڵیان یارای ئەوەی نەئەدا تا بە وشەیەک، ئاو بکەن بە سەر ئەو ئاگرەدا، تەنانەت سالار ڕەزاقیش، کە خۆی لەگەڵ بوندار لە سفرەیەکیان ئەخوارد، هاودەردییەکەی زیاتر ڕووکەش بوو تا لە ناخەوە. بەڵام بوندار، هەر ئەیوت و وا پێ ئەچوو ئەم وتنە، باری دڵی سووکتر ئەکات:

ـ کوڕەکەم هەڵات. بینیم کە هەڵات. لە بن هەتاو، لە سەر خاکی گەرمی کەویر هەڵات. بەڵام ئەفغانەکان ئەسپیان پێبوو. غاریان دایە سەری. یەکیان کەمەنکێشی پێ بوو. کەمەندی بۆ هەڵدا و لە ملی شەیدای ئاڵاند. کوڕەکەم سەرسمی دا.

ئاسکەکەم درا بە عەرزا. خۆم بینیم. لە پەنای دەوەنەکەوە بینیم. ئەو جەللادانە، کوڕەکەم، ئاسکەکەمیان هەڵدایە سەر ئەسپ و لە بەر چاوەکانی خۆم، بردیان. من بینیم کە کوڕەکەمیان برد. هەڵاتم بە دوایاندا، هاوارم کرد، هۆی... بێ پیرانە، من لێرەم، بەڵام ئەوان... ئاسکەکەمیان خستە داوەوە و بردیان. شەیدامیان یەخسیر کرد و بردیان. شەیداکەم... ئاسکەکەم... ڕۆڵەکەم...

سەردۆلکە خوێنی بوندار کۆتایی نەهاتبوو، کە خەڵکی بینییان ژنی بوندار لەپڕ بەراوەژوو بوو، ئەو ژنە نەخۆشەی هەتا ئێستا، هەمووی هەر گریان و ئازار بوو. باڵەکانی چارشێوەکەی لە ملی گرێ دابوو، گوڵمێخی گرتبوو بە دەستەوە، بەرەو ماڵی بەڵخی کەوتە ڕێ و وتی:

ــ ئەیکوژم! خۆم ئەیکوژم! چاوەکانی ئەو سەگە ئەفغانیە خۆم لە کالانە دەری ئەهێنم. خۆم... خۆم...

قەدیر خۆی گەیاندە بن شانی بەڵخی و پاڵەوان بەرەو ماڵەوە پێی هەڵگرت. حەشامات، بە دوای پاڵەوان و ژنی بونداردا، کشان. بابقولی بوندار، تازە بۆی دەرئەکەوت یەکێک لە ئەفغانەکان لە قەڵاچیمەن بەجێ ماوە. دەستی لە سالار ڕەزاق بەردا و بەرەو ئەسڵان هێرشی برد:

ــ بۆ دانیشتووی؟! ڕابە!

ئەسڵان و بابقولی بوندار بەرەو ماڵەوە تاویاندا. بوندار پێمەڕەی هەڵگرت و ئەسڵان داری دەست دایێ. ئەو خەڵکەش کە بە دوای بەڵخی و ژنی بونداردا نەڕۆیشتبوون، بە دوای بوندار و کوڕەکەیدا ڕێگەی ماڵی بەڵخیان گرتە بەر. جەماوەر، ناو کۆڵانەکەی پڕکردبوو. بەڵخی، لە ناو دیوارە بێ دەرگاکەی ماڵەکەیدا هەر دوو دەستی نابوو بە دیوارەوە، سینەی دابوویە پێشەوە و توند ڕاوەستابوو.

ژنی بوندار، هەوڵی ئەدا خۆی بکا بە حەوشەدا. بەڵام نەئەگەیشتە ئەنجام. بوندار و ئەسڵان بە ناو کۆڵانی خەڵکدا

ڕێگەیان بەرەو پاڵەوان بەڵخی دەربازکرد. بەڵام پاڵەوان بەڵخی، هەروا لە سەر کردە و گوتەی خۆی سوور بوو:

ــ ئەو کابرایە میوانی منە. من ناتوانم میوانەکەم بدەمە دەس ئێوە!

ــ میوانی تۆ؟! ئەو یەخسیری منە!

ــ یەخسیری تۆ نییە بوندار. من ئەوم گرتووە!

ــ ئەو لە بارمتەی کوڕەکەم دایە، بەڵخی! لە قسە تێ ناگەیت، تۆ؟!

ــ بارمتەی کوڕەکەت ئەبوا خۆت بیگری، بوندار! ئەم کابرایە من لە ماڵەکەمدا داڵدەم داوە.

ــ ئەو لە قەڵاچیمەن، لە گوندی من بە دیل گیراوە، گۆدەرز، ئەو هی منە، من یەخسیرەکەم ئەوێتەوە!

ــ قەڵاچیمەن هی تۆ نییە، بوندار. لە خۆشتەوە لە قەڵاچیمەن ئاگر مەکەوە. خەڵکی قەڵاچیمەنیش کەنیز و نۆکەری تۆ نین کە ئاگر بەردەیتە گیان و ماڵیان. تۆ خەریکە یاری بە هەموو شتێکی ئەم خەڵکە ئەکەی. لەمسەری دنیاوە تا ئەو سەری دنیا کڵاو لە کڵاو ئەگێڕێنی، ئەوسا ئەبێ داخەکەی بە ئێمە بڕێژن! بۆچی؟ تۆ پێی ئەفغانەکانت کردەوە بۆ قەڵاچیمەن، بەڵام خەڵکی ئێمە ئەبێ تاوانەکەی بدەن! پارەی ئەفغانەکان تۆ و ئەربابت خواردووتانە، بەڵام هی وەکوو ماهدەروێش ئەبێ تاوانەکەی بداتەوە. هەموو ئەم دەوروبەرە تۆ و ئەربابت وەکوو ئەنگوستیلە لە قامکتاندا ئەسووڕێنن، کەچی ئەبێ ئاگرەکەی بەربێتە گیانی ئێمە! تۆ خەریکی ئاگر بەر ئەدەیتە قەڵاچیمەن، بوندار! ئێستەش ئەتەوێ لە ماڵەکەی مندا پیاو بکوژی. نەخێر، من ناهێڵم.

ــ من قەڵاچیمەن ئەسووتێنم؟! باشە، گریمان هەموو ئەم گوندە لە ئاگردا بسووتێ، پاڵەوان. لە تۆ چی ئەسووتێ؟! تۆ چیت هەیە کە بسووتێ؟! نەکا لە بابەتی فەروەی سمۆرەت(!)

دڵنیگەرانی؟ یان ئەترسی نەکا قاڵیچە تورکمانیەکانت لە ئاگردا بسووتێ؟! ها؟

ــ من فەروەی سمۆرەم نییە، بوندار. بەڵام ژن و مناڵم هەیە، ئەوانی تریش هەروەها. خەڵکی کەرەسەی دەستی تۆ نین. هەن؟!

بابقولی بوندار، لەوە زیاتر تینی مشتومڕی نەبوو. لەپڕ هاواری کرد:

ــ من ئەو یەخسیرەم ئەوێ! کابرای ئەفغانم ئەوێ. ئەو کابرایە بدە بە من، پاڵەوان! ئەمەوێ هەر لێرە لووت و گوێی بکەم و بیخەمە ناو دەستی!

بەڵخی وتی:

ــ نایدەم، بوندار! من میوانەکەم نادەم بە دەس جەللادەوە!

بوندار، هێرشی برد. ئەسڵانیش شان بە شانی باوکی، هێرشی بۆ گۆدەرز برد. دایکی شەیداش پێی خستە پێشەوە. پاڵەوان بەڵخی، دەستی لە دیوارەکە بەردا، دەستی گرت بە چوارچێوەی شکاوی سووچی دیوارەکەوە و لە لێواری چاڵەکە سینە بە سینەی بوندار وەستا:

ــ بگەڕێوە بوندار! کارێک مەکە خوێن بەرپا بێ!

قەدیریش، لای گۆدەرزی بەڵخیەوە وەستا و وتی:

ــ بگەڕێوە بوندار!

بوندار، بۆ ئەوەی خاو بوونەوەکەی خۆی، کە لە ترسە نهێنیەکەیەوە سەرچاوەی ئەگرت، بشارێتەوە؛ ڕووی لە قەدیر کرد و وتی:

ــ تۆ شەیدات خستە داوی جیهەن خانی بەلووچەوە، کوڕی خواداد. من ئەزانم! تۆیش بزانە ژیانت لێ تاڵ ئەکەم!

عەلی خاکیش، بەر لەوەی قەدیر وەڵامێک بدۆزێتەوە، لەملای گۆدەرزی بەڵخیەوە وەستا و وتی:

ــ بگەڕێوە، بوندار. ئەمکارە ئەنجامێکی باشی نابێ!

نیگای داماوی بابقولی، لە سەر ڕوخساری عەلی خاکی

وشک بوو. وادیاربوو، چارەیەکی نییە جگە لە پاشە کشێ. بەڵام بەو جۆرە لەپڕیش نەئەکرا. بەو جۆرە کشانەوە، شکست بوو. ئەبوا بیانوویەک بدۆزێتەوە. ڕووی لە خەڵکەکە کرد و وتی:

ــ سەیرکەن خەڵکینە! ئەمانە لە بەر ئەفغانیەکی دز لە بەرامبەر مندا ئەوەستن!

سالار ڕەزاق، بوو بە نێوبژیوان:

ــ وەرە با بڕۆین، بوندار. ئێستە تووڕەیت. وا باش نییە. ئەو کابرا ئەفغانیە ئێستە کەسی نییە. بەڵام ئەگەر سەری خوێناوی بێ، هەزار خاوەنی بۆ پەیدا ئەبێ. با بڕۆین تۆزێ ئارام بگرە و ڕێگەیەکی ژیرانەی بۆ بدۆزەرەوە!

سەیدی تەلەفوونچی هاتە پێشەوە و بن باڵی بونداری گرت:

ــ با بڕۆین بوندار. بە قازانج نییە دەستت لە خوێنی بابایەکی ئەفغانی وەردەی کە شەرواڵی لە پێدا نییە. من تەلەفوونم کرد بۆ ئاغە ئالاجاقی. خۆی جەندەرمە ئەنێرێ. وەرە با بڕۆین!

قوربان بەلووچ، بەر لەوەی بوندار لە ماڵەکە ببەنە دەرەوە، لە کۆڵانەوە خۆی کرد بە حەوشەدا و چووە لای شانی بوندار و وتی:

ــ هەناسەی ماهدەروێش خەریکە ئەبڕێ بوندار. ئەوەندەت نەزانی مرد. کارێکی بۆ بکە!

بوندار، کە بە ناو حەشاماتەکەدا ئەبرا بۆ کۆڵان، هاواری کرد:

ــ چی لێ بکەم من؟! بە دەرەک هەناسەی ئەبڕێ. ئەم سەیدە بەد پێوقەدەمە وەکوو ڕیخۆڵە لەدەست و پێی من ئالاوە!

بونداریان برد بۆ کۆڵان. خەڵکەکە ماڵی بەڵخیان چۆڵکرد. تاک و تەرایەکیش کە ئەیویست بمێنێتەوە، قەدیر دەری کردن. بەڵخی، لای دیوارەکە لە سەر عەرز دانیشت:

ــ پەرداخێک ئاو!

کۆڵان، دەنگی دامرکایەوە. حەوشەی ماڵەکە، وردە وردە

سێبەری بە سەردا دائەهات. کچەکانی پاڵەوان، یەک و دوو، بەملاولادا ئەهاتن و ئەچوون. قەدیر گەڕایەوە و لای دەستی پاڵەوانەوە دانیشت. ژنی پاڵەوان، ئاوی هێنا. پاڵەوان، زەرکی ئاوەکەی گرت و نای بە سەریەوە. ژنە زەرکە بەتاڵەکەی لە شووەکەی وەرگرت و وتی:

ــ هەڵسە وەرە ژوورەوە!

گۆدەرز هەڵسا و بەرەو هۆدەکە چوو. قەدیریش، بەرەو کۆڵان ڕۆیشت و وتی:

ــ بڕۆم بزانم کار ئەگاتە کوێ!

گۆدەرز، لە ناو ژوورەکە، لە سەر دۆشەکڵەکە دانیشت و وتی:

ــ تۆزێ ئاوی ترم بۆ بهێنە.

ژنی پاڵەوان، زەرکەکەی بردە لای جەڕەی ئاوەکە و وتی:

ــ کەوای لێهات، کابرای ئەفغانی چۆن دەرباز ئەکەی؟

پاڵەوان، زەرکی ئاوی لەدەس ژنەکەی وەرگرت و وتی:

ــ ڕێگەیەک هەر پەیدا ئەبێ. جارێ دەرگای کادێن قفڵ بکە!

کچی پاڵەوان، قفڵەکەی هێنا و لەبەردەمی باوکی ڕایگرت. ژنە، قفڵەکەی وەرگرت و چووە دەرەوە. دەرگای کادێنی قفڵدا و گەڕایەوە. پاڵەوان بە ژنەی وت:

ــ بڕۆ ئەو کچانە خڕکەرەوە و بیانهێنەوە بۆ ماڵەوە!

ژنە، بە دوای کچەکانیدا لە ژوورەکە چووە دەرەوە و تاوێکی تر لەگەڵ مووسا گەڕایەوە.

ــ چی؟! کاکە مووسا! بەخێر بێیتەوە!

مووسا هات و لای پاڵەوان بەڵخیەوە دانیشت.

ــ تۆ، کەی هاتیتەوە؟

ــ وچان بە وچان هاتم تا ئێرە.

ــ دەی، دەنگو باس؟!

کچەکانی پاڵەوان، یەکە یەکە ئەهاتن و لە سووچێکەوە،

بە دەور یەکدا دائەنیشتن.

مووسا وتی:

ـ گەڕاومەتەوە سەر کار. هاتم بڵێم لە بەیانیەوە کچەکان بنێرە بۆ سەرکار.

ـ سەری ماڵی بوندارت دا؟

ـ لەوێ بووم. ماهدەروێش کەوتۆتە ڕشانەوە. نەمرێ، باشە.

بەڵخی پرسی:

ـ ئیتر، دەنگوباسیتر؟ هی شار؟ ستار چۆنە؟

مووسا وتی:

ـ ستاریان برد!

**بەندی دووەم**

ــ شەو کە داهات، پاڵەوان بەڵخی لە کادێنەکە هێنامیە دەرەوە و بەرەو بیابان بەڕێی کردم. بەزەیی پێمدا هاتەوە، پاڵەوان. لە هەر کویّ هەیە خوا سەرفرازی بکا. سەد هەزار جار شوکری خوا ئەکەم کە پەنجەم لە سەر پیلکە نەترازان. کاتێکە لوولەی تفەنگەکەم تێکرد، لە کات وساتدا بوو کە پەنجەی پیا بهێنم. یەک ساتی مابوو. چرکەیەک! بەڵام بابقولی بوندار چەندە هەڵی خستەوە، پاڵەوان منی نەدا بە دەستەوە. لەوانە بوو لەت و کوتم بکەن. بوندار کە بینیبووی دەستەی ئێمە، کوڕەکەیان فڕاندووە، خوێن بەرچاوی گرتبوو. ئاگای لە خۆی نەمابوو، ئەی نەڕاند و ئەیویست داخی دڵی بە سەر مندا بڕژێنێ. بەڵام پاڵەوان خوێنی منی کڕیەوە. من جارێک گیانم لە خوا وەرگرتووە و جارێکیش لە پاڵەوان بەڵخی! پاڵەوان، دەستی نا لە ڕووی بابقولی بوندارەوە و تا شەو منی ڕاگرت. شەو، بە پێی پیادە و بە شەلەشەل دام بە بیابان‌دا. خافڵ لەوەی کە بابقولی بوندار، ئەو ڕۆژە بە بێکار دانەنیشتبوو. تەلەفوونەکەی سەید مووسا، سەرانسەری ئەو ڕۆژە درینگی کردووە. بەم تەلەفوونە پیاوی حکوومەت ئاگادار کرابوون و هاتبوون. خافڵ لەوەی بۆسەیان بۆ ناومەتەوە. لەپڕ بە خۆمم زانی گەمارۆ درابووم. بەر لەوەی بگەم بە کێوەکە، دەوروبەریان دابێژام. مانگەشەو! تا شەو دەرەنگێک، یاریم پێکردن.

بەڵام دڵنیاش بووم بەم قاچە شەلەوە ناتوانم خۆم ڕزگار بکەم. ئەگەر بکەوتایەتینە کازیوەش، فیشەکم پێ نەئەما و بۆی هەبوو لە تاریک و ڕوونی بەیانی‌دا، گوللەیەک تەپڵی سەرم هەڵگرێ. بە خۆمم وت. دەس ڕابگرم باشترە. تفەنگەکەم فڕێدا و چاوەڕێم کرد تا هاتن و کەلەپچەیان کردم و هەر بەو شەوە هێنامیان بۆ شار. ئەوە دوو-سێ ڕۆژێکە بەملا و ئەولادا ئەمهێنن و ئەمبەن. دوێشەو دایانم بێرە. ئەمە زیندانی شارە؟ وایە؟

ـ ئا... ئێرە زیندانی شارە، دەی، جیهەن خان ئیتر چ شاکارێکی لێدا؟!

بەلووچی ئەفغان وتی:

ـ کابرایەکی دڵپاک نییە، جیهەن خان، بێ بەزەیی و خوێنخۆرە. دڵی بۆ هەژار ناسووتێ. بە دوای هەرکارێکەوە بێ، چی لە سەر ڕێگەی‌دا ببینێ، پێشێلی ئەکا و وردوخاشی ئەکا و ئەچێتە پێشەوە. سەیری پیر و جەوان و تاوانبار و بێتاوان ناکا. چەنگیز ئاسایە، تۆزێکی‌تر شوێنی کوڕەکەی بونداریان پیشان نەدایەتماڵەکەی ئاگر تێبەر ئەدا. ئێستەش کارێکی جوامێرانەی نەکرد. سەیدی بێچارە مەگەر چ گوناحێکی کردبوو کە لەو بانەوە هەڵیدایە خوارەوە و ناکاری کرد؟! بەڵام پەکوو چ ژنێکی هەبوو ئەو سەیدە! شێرە ژن بوو. چی ئەکرد، مەپرسە! ئەو ژنە ئاوای بە سەر من هێنا. تاکو لام کردەوە، چل داری تێسرەواندم. ژنی وا چالاکم بە ژیانی خۆم نەدیوە. ژنی وا بۆ لەشکر باشە تا لە ماڵەوە جلی پێ بشۆی!

عەبدۆس سەیری دلاوەری کرد و وتی:

ـ شێرۆ ئەڵێ. خوشکەزای منە، کچی بڵقیس!

شەوق و پشکووتنی لەپڕی ڕوخساری شین و وشکەڵاتووی عەبدۆس، بەڕادەیەک بوو ئەتوت گوڵێک لە پانتایی کەویردا ڕوواوە. ئەم دارەتە، بۆ ئەوانەی لە دەوروبەری عەبدۆس بوون و بۆ ئەو زیندانیانەی لە بەردەرگاکەدا وەستابوون و گوێیان لە

قسەکانی بەلووچی ئەفغانی ڕاگرتبوو، ڕواڵەتێکی تازە بوو. چونکە عەبدۆس، زۆر کەم شاد ئەبوو. هەواڵەکانی دەرەوە، هەتا ئەمڕۆ کابرای شوانی، نەخستبوویە سەر شەوق. عەبدۆس هەرچەندە کڕنۆشگەر نەبوو، بەڵام زۆر بە کەمی ئاوەها شانازی و سەرفرازی خۆی دەر ئەبڕی.

کابرای ئەفغان درێژەی بە سەربردەکەی دا. لەت و کوتەکانی لێک دووری، سووچ و قەراخەکانی هێنایەوە یەک و هەوڵی دا تام و چێژێکی تایبەتی بدا بە چیرۆکەکەی. بێگانەبوونی کابرا لەگەڵ زیندانیەکان و ڕۆژگاری تازەی، ئەوی وا لێ ئەکرد بە قسە و بەسەرهاتەکەی، خۆی لە زیندانیەکان نزیک بکاتەوە و جێی خۆی بکاتەوە. هەروەها، حەزی زیندانیەکان بۆ بیستنی هەواڵە تازەکان، کابرای بەلووچی ئەهێنایە سەر شەوق کە ڕەنگ و ڕواڵەتێکی دڵڕفێنتر بدا بە قسەکانی. وای لێ ئەکرد، ڕووداوەکە قەڵەوتر بکات و بە یارمەتی خەیاڵ پەرەیان پێبدا تا سنووری ئەفسانە باڵیان لێ بڕوێنێ و هەڵیانفڕێنێ. تازە بوونی میوان، غەوارە بوونی و گێڕانەوەی سەربردەکەی کە خەیاڵی ئەفڕاند و گیانی ئەخستە گەڕی گەڕان، نەک هەر ڕێگەی لەوە ئەگرت هەندێ، ڕەخنەگری و وردبینی کەم جیقەڵدان بەری پێ نەگرن، بەڵکوو، بەڵێ بەڵێ و دەی دەی زیندانیەکان وای لە کابرا ئەکرد بچێ بۆ دوورتر و باسی ئەفغانستان و خەڵکی ئەوێش بکات. باسی خۆی بکات. باسی ئەوەی بۆچی لە سنوور پەڕیوەتەوە؟ بۆچی و بە چ نرخێک خۆی خستۆتە مەترسیەوە؟ چی بووەتە هۆی ئەوەی خۆی بدا بە ئاو و ئاگردا؟ سەرەنجام، نرخی خوێن. نرخی خوێنی پیاوێک لە ئەفغانستان، چەندە؟

ستاری پینەچی پرسیارەکەی کرد بە خۆیی‌تر، ئاشکراتر:

ـ دەی بابە گیان؟ شەرم و شاردنەوەی پێ ناوێ. هەمووومان لە قوماشێکین. بە واتایەکی تر، هاوزنجیرین. قسە ئەکەین بۆ ئەوەی کاتێک تێپەڕێنین. کاتێکە چوار پیاو ئەگەنە سەرچەمێک

و بۆ پەڕینەوە ئەبێ خۆیان ڕووت بکەنەوە، ئیتر ئەبێ پڕکێشی چییان لە یەکدی هەبێ؟ چاک و خراپ، هەرچی هەیە. لە هەموویان ڕووی داوە!

کابرای ئەفغان، سەیری ستاری کرد و وتی:

ـ مز و بەهای هەر پیاوێک،ساڵی سەد مەن دانەوێڵەیە، برام!

ـ سەد مەن لە ساڵێکدا؟ ئەی پارەی خواردن چی؟

ـ لەسەر خۆمانە. ئەویش ئەگەر پارەی ئەرباب بگاتەوە دەستی و لێی نەسووتێ. ئەگەر وەکوو ئەمجارەش بکەوێتە گیرەوە ئەوە ئیتر هیچ. من کە ئیدی هیوام بە ژیانی خۆم نییە. بەڵام شوکری خوا برازاکەم -واتە زاواکەم- توانیی خۆی دەرباز بکا و بگەڕێتەوە بۆ ئەفغانستان. ئەگینا کچەکەم، دەزگیرانی برازاکەم کە لە لای بازخان بە بارمتە ڕاگیراوە، ئیتر هی ئێمە نەبوو!

شەمەل کە تا ئێستە دووری حەشاماتەکە، لە سەر سەتڵێکی سەرەوبن کراوی تەنەکە دانیشتبوو، هەناسەیەکی خەستی دایە دەرەوە و هەڵسا. سەرە زل و قەڵەوەکەی داخست، دەستە چاخ و کوڵکنەکەی لە پشتەوە قفڵ کرد و لە بەر هەیوان لە بەردەمی ژوورەکاندا کەوتە پیاسەکردن. وادیاربوو نایەوێ لەوە زیاتر گوێ لە قسەکانی کابرای ئەفغانی بگرێ. شەمەل لە هەیوانەکەوە بازی دایە خوارەوە و بەرەو سووچی حەوشە کە چەند کەسێک خەریکی قومارکردن بوون، چوو. سەرەڕای ئەوەش دەوروبەری کابرای ئەفغان هێشتاش قەرەباڵخ بوو. زۆربەی ئەو جووتیارانەی بە کۆمەڵ ئاغەکەی خۆیان کوشتبوو و، هەندێ لەو شارییانەی بە تاوانی جۆراوجۆر گیرابوون، گوێیان لە چیرۆکەکانی کابرا ڕاگرتبوو. هەروەها پیاوەکانی بیابان، چێوەدارەکان و دەشتەکیەکان. دلاوەر و عەبدۆس.

دلاوەر، ڕوخساری پان و جەوانی خۆی بە نیگایەکی سادە

و پرسێنەر بڕیبوویە کابرای ئەفغان و دڵۆپ دڵۆپ قسەکانی ئەچەشت. وا دیاربوو، ئەوەی کابرای ئەفغان ئەیگێڕێتەوە، دلاوەر بە چاوی خۆی ئەیبینێ. بەڵام دلاوەر ژاکابوو و ئەمە لە چاوی هیچ هاوبەندێک شاراوە نەبوو. دوا بە دوای بیستنی هەواڵی مارالْ و گوڵمحەمەد، کەمدوو ببوو و ڕاهاتبوو نینۆکی بجاوێ. بە کزی لە سووچێک دائەنیشت و خامۆش ئەبوو. یان ئەگەر دەمیشی بکردایەتەوە، بۆ بیانووگرتن بوو.

لە دەرفەتێکدا کە دەستی کەوت و توانی شاخ لە شاخی گوڵمحەمەد بگیرێنێ. لە گوڵمحەمەدی بیست:

«کۆرپەی من هەر ئێستاکە وا لە منالْدانی مارالْدا هەناسە ئەکێشێ!»

دلاوەری جەوان بەم قسەیە پیر بوو. کابرا، لەپێ کەوت. بەڵامیش، لە ناو زیندانیەکاندا، دلاوەر و گوڵمحەمەد لەکۆڵ یەکدی نەئەبوونەوە. ئەوانەش کە حەزیان لەوە بوو زیندانەکەیان بە ئارامی تێپەڕبکەن، لەو هەڵچوونە ناو بە ناوە، ئاسوودە نەبوون. هەموو ساتێک بۆی هەبوو دلاوەر و گوڵمحەمەد، وەکوو دوو بزنە کێوی شاخ لە شاخی یەک بگیرێنن و ئارامی ئەو ناوە تێک بدەن.

تا خان محەمەد لە زیندان بوو، دلاوەر زۆر خۆی گیڤ نەئەکردەوە لە تووڕەیی و یەکدەندەیی خانمحەمەد سڵی ئەکردەوە، ترسێکی ناوەکی. بەڵام بە ڕۆیشتنی خانمحەمەد دلاوەر تووشی پەشیمانی بوو. ژێوانی ئەوەی بۆ بێدەنگ بوو. لە لای خۆی سەری کز ببوو. سەرشۆڕی ترس و دان بەخۆدا گرتن. بە هاتنی گوڵمحەمەد، تووڕەییەکەی پەرەی سەند و ئارامیە بە ئەدەبەکەی گوڵمحەمەد وای لێکرد لەخۆی دەربچێ و جەربەزەی ئەوە پەیدا بکات، بکەوێتە ئازاردانی گوڵمحەمەد و کردارێکی دوژمنانە و تۆڵە سەندنەوە بگرێتە بەر. بۆیە بۆ بیانوو ئەگەڕا، توانجێکی تێبگرێ. تەوسێکی بۆ حەوادا و لەمناوەدا دان بەخۆدا

گرتنی گوڵمحەمەد، لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا کە ئەوی داگرتبوو، لە پەسا دلاوەری شێرتر ئەکرد و؛ زیاتر ئەهاتە سەر ئەو بڕوایەی زاڵبووە بە سەر گوڵمحەمەد دا و خەنیمەکەی لێی ترساوە. ئەم ڕەفتارەی دلاوەر لە لایەکەوە کاری ئەکردە سەر خۆلادانی گوڵمحەمەد و ئارامی کابرای بۆ شەڕ و ئاژاوە هان ئەدا و ئەو بێ ئوقرەییە بە ئازارەی لە دەروونیدا قەتیسمابوو، ئەورووژاند. ئەمانە هەمووی ئەبوو -یان ببوو- بە لێژنە دارێکی ئامادەی گڕگرتن بە پزیسکەیەک و کەی ئەو پزیسکەیەی بەر بکەوێ؟

ئەمەش گوڵمحەمەد! تێخت لێبدایەت خوێنی لێ نەئەهات.

وەردیانێک کردیە ژوورەوە و دەرگا کۆن و ئەستوورەکەی بە دوایدا داخست و بە بێ ئەوەی سەیری ئەم و ئەو بکات، چووە دەرەوە. عەبدۆس بە بینینی خوشکەزا، هەڵسا و چوو بە پیریەوە. بەڵام گوڵمحەمەد سەری قورس بوو، بە جۆرێک کە نە سەیری خاڵۆی کرد و نە ئاڵقەی ئەو پیاوانەی لە دەوری کابرای ئەفغان دانیشتبوون. هاتە پێشەوە، لە پلیکانە کورتەکەی هەیوانەوە سەرکەوت و یەکسەر چووە سەر جێگاکەی خۆی. لە بن دیوارەکەدا دانیشت و ئانیشکی دانایە سەر ئەژنۆی و ناوچەوانی خەواند بە سەر مەچەکیدا.

عەبدۆس نەیزانی خوشکەزا بۆچی نیگای لێ ئەشارێتەوە:

«پیاوە ئیتر. هەندێ جار نایەوێ کەس لەرزینی خۆفگرتووی چاوەکانی ببینێ. نایەوێ دەنگی وشکی تێکشکانی خۆی پیشانی کەس بدات، نایەوێ سەر بۆ شکانی نیگای خۆی دانەوێنێ. پیاوە ئیتر. ئەیەوێ دۆڕانی خۆی لە چاوان بشارێتەوە. ناچاری خۆ پیشاندانی نییە! ئەیەوێ خۆی بشارێتەوە. ونی بکات. داخ و درێخ لە تەنگانەی قەفەس بە دەوری پڵینگانەوە! دیوار، دژبەر و سەرفراز، گوشاری بۆ پەیکەری گوڵمحەمەد ئەهێنا. هەوا حەیفە. دووکەڵێکی خەست، ئەڵێی ڕێگەی هەناسەکێشانی لە گوڵمحەمەد گرتووە. بنمیچی گومەزیی زیندان، هەناسە

ئەخنکێنێ. سستی، سستی. ماندوێتی و سستی تێکەڵ بوون. دەست و بازوو هی تۆ نییە. قاچی، ڕۆینت نییە. لەش، بێکار کەوتووە. سستی و بێوازی وەک پلاسێکی چڵک خۆی داوە بە سەرتدا. ڕاماوی بە داماوی. ڕۆژگار بەو ئاقارەدا ئەڕوا کە ژیانەوەی بەردەوامی گیان لە تۆدا بمرێ و، ئەمە شیاوی تۆ نییە کەڵە ئاسکە نەجیبەکەی کەلیدەر. ئەوە ڕاستە پاشقول دراوی. دەستێک بە نارەوا بە شانی خۆتەوە هەست پێ ئەکەی. سێبەری دەستێکی سواڵکەر. تۆیان داوە بە عەرزدا. خاک! نەک بەرەوڕوو، بەڵکوو بە نهێنی و سیخوڕانە. ئەیانەوێ بڕزێیت، بژاکێیت. بۆ ئەوان ئەوەندە بەسە تۆ بژاکێی! مراد و مەبەستیان. ئەمەیە. دڕکی تۆ، لە ناو گلێنەی چاویاندا. تۆ، بە بێ ئەوەی خۆت بزانی، ترست خستۆتە دڵی هەندێکەوە. خستبووت. ئێستەش تەنها لێرەی. هەموو لایەکت دیوارە. دەرگا و پەنجەرەی قفڵە. بیرێک پێویستە. کوڕی بڵقیس، بیرێک!

عەبدۆس، نەی ئەتوانی لە غەمی گوڵمحەمەددا غەمگین نەبێ. پاشان بۆ ئەوەی بەڵکوو توێژێک لە پەژارەی خوشکەزاکەی کەم بکاتەوە، بەرامبەری دانیشت و پرسیارێکی نامۆی لە چاوەکانیدا دووپاتکردەوە:

ــ ئەیانەوێ بمنێرن بۆ مەشهەد خالۆ!

ــ باشە لە بەر چی؟

ــ لەوێ ئەیانەوێ حەپسم بۆ ببڕنەوە. ڕەنگیشە ئەیانەوێ بمنێرن بۆ سەر پەتی قەنارە!

ــ ئەوە ئەڵێی چی تۆ؟!

گوڵمحەمەد ددانی بە سەر دداندا لە چیرەوە هێنا و بە جنێوەوە وتی:

ــ خوشکەزاکەت، عەلیئەکبەر خانی حاجی پەسەند! ئاخرەکەی ژەهری خۆی پێ ڕشتم، باشە!

ــ بۆچی، عەلیئەکبەر؟!

ــ تای پۆستاڵی جەندەرمەکەیان پیشانم دا. تای ئەو پۆستاڵەی لە ڕەشماڵەکە بەجێ مابوو. عەلیئەکبەری نمەک بە حەرامیش هەڵیگرتووە و هێناویێتی و داویە بە جەندەرمەکان. داویە بە عەلی ئەشکین. جا بۆ شایەتی دان خۆشی ئەهێنن بۆ مەشهەد. هەڵبەت ئەگەر خانئاپۆ و خانمحەمەد بیهێڵن!

شەمەل هاتە ژوورەوە. پزووی شەرواڵە ناسکە ڕێڕێکەی هەڵکێشا و لە سەر جێگەی دانیشت. عەبدۆس ئەبوا، بەسەرهاتەکە بۆ شەمەل بگێڕێتەوە. بەڵام بەر لەوە ستار، هاوسفرەی چوارەمیان هاتە ژوورەوە و لای دەرگاکە لە سەر جێی خۆی دانیشت.

گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد. ستار نەیتوانی خۆی لەبەرامبەر نیگای گوڵمحەمەددا ڕابگرێ. نیگای سوور بوو. ئەتوت لە دڵی خوێنەوە بڵێسەی ئەکێشا. بۆیەش بوو چاوی ئەسمی. ستار تا ئەمڕۆ چاوەکانی کوڕی بڵقیسی بەو جۆرە نەبینیبوو. نیگای گوڵمحەمەد لە سەر ڕوخساری ستار، هەر جارە شەوی زستان بوو و ئەم کەڕەتە، دوو کوانووی ئاگر! لە ناو کالانەدا ئەتوت بەرد ئەسووتێ. ستار ئەگەر کەمتر لەمە بە سەر بەردەڵاندا تێپەر بووایەت، ڕەنگە لە هاتنە ژوورەوە پەشیمان ئەبوویەوە. بەڵام ستار تاڵی زۆری دیبوو و ئەوەندەی پێ نەچوو بە سەر دوودڵیەکەیدا کە خۆی بەرەنجامی لاوازییەکی دەسبەجێ بوو، زاڵ بوو و قورس و قوڵ لە سەر جێگەکەی خۆی دانیشت.

ئەنجام، ئەوەی ڕووی دابوو، لە زمانی عەبدۆسەوە گێڕدرایەوە و؛ ستار، ئەگەر بە هەڵدان نەبێ، زیاتر لە خودی گوڵمحەمەد شپرزە بوو:

«نەء! نەئەبوا. نەئەبوا ئەو ڕازەی گوڵمحەمەد ئاشکرا ببوایە. نەئەبوا. نەئەبوا ئاشکرا ببوایە!»

بەڵام وای لێهاتبوو و ستار، نەی ئەتوانی هیچ بڵێ تەنها بێدەنگی کوشندە!

گوڵمحەمەد، لەپڕ قنجەپێ ڕابوو:

ـ خوێنت ئەکەمە شووشە و ئەیخۆمەوە، کوڕی حاجی پەسەند!

گوڵمحەمەد، ئارام و لە بنی ددانەوە ئەمەی وت و لە هۆدەکە چووە دەرەوە.

زیندانیەکان لە حەوشەی زیندان، لێرە و لەوێ بڵاو بوون.

گوڵمحەمەد لە بن دیوار ـئەو دیوارەی حەوشەی زیندانی لە کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا جیا ئەکردەوەـ کەوتە پیاسە کردن. تەنها و بە بێ ئەوەی سەیری کەس بکات.

لەودیوو دیوارەکەوە، لە حەوشەی کاروانسەرا، دەنگە دەنگ ئەبیسرا. ئەو دەنگانەی ئەپچڕان و یەکیان ئەگرتەوە. چەند چوارپێ ئەتوت لێک بەر بوون و پیرەخاڵۆ بە دەم جنێودانەوە داری لە کورتانەکەیان ئەکوتا. مریشک و کەڵەشێر بە قوتقوتکردن، باڵیان ڕائەوەشاند. سەرێنی کەرێک بڕا. پیرەخاڵۆ، ڕەنگە لە شەڕی کەرەکان دایبڕی. ئەمە، تەنها ڕێگە بوو. تەنها ڕێگە. کاروانسەرا، لای بەری ڕۆژ ئاوا. ئەگینا لای ڕۆژهەڵاتی حەوشە، پاش ڕیزە ژوورەکەی زیندان، دیواری ژووری چاوپێکەوتن و شوێن خەوی کارمەندەکان بوو، پاشانیش حەوشەی پۆلیس و ژووری کێشک و دیسان خەوگە و داڵان و لە سەر هەموو ئەمانەش باڵەخانە بوو. بارەگای سەرۆکی پۆلیس. پشت دیواری باشووریش، دووکان و باڵەخانە بوو ڕوو بە شەقام. بەری باکوور، بانە و بان خانووی بە دەم یەکەوە.

گوڵمحەمەد، سەری هەڵێنا و جارێکیتر سەیری دیواری کاروانسەرای کرد. بەرز بوو. وەکوو قەڵات. تا ئێستە وا لێی وردەوە نەببوو. ئەم دیوارە چەندەها ئێسقانی بە نیگای خۆی پووکاندبێتەوە. چەند پێست ئەستوور و چەند لە مێژینە بوو. پاشماوەی دامودەزگای قەجەرەکان. لەو ژێر زەمینانەی کە ئێستە کوێر بوونەتەوە و ون بوون، چەندەها قاچ لەو پێوندا سوابوون!

خاڵۆ عەبدۆسی لای خۆیەوە بینی، گوڵمحەمەد. ئاوڕی لێدایەوە و بە بێ ترس وتی:

ـ من لێرە نامێنمەوە، خاڵۆ. ڕائەکەم!

عەبدۆس، بە بێ ئەوەی کاردانەوەی خۆی ئاشکرا بکات، سەیری دەوروبەرەکەی کرد، سەری داخست و بە دەنگێکی نیوەگیان وتی:

ـ خەیاڵی خاو ئەکەی، خاڵۆ گیان!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەبینی!

عەبدۆس بە هەمان بێ باوەڕی لە گوتەکەیدا، پرسی:

ـ لە دیوارەکەوە؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ جارێ نازانم!

ـ نیوەڕۆ... نانی نیوەڕۆ...

عەبدۆس وتووێژەکەی بڕی و ڕوانیە ئاقاری دەنگەکە؛ قازانی خواردنەکەیان هێنابوو. عەبدۆس ڕۆیشت قاپەکەی هەڵگرێ و بچێ بۆ لای قازانەکە. ئەوانی تریش قاپ بە دەس بۆ خواردن وەرگرتن ئەچوون. تەنها گوڵمحەمەد، هەروا لە حەوشە بوو و سەیری ئەکرد. ستار بن باڵی کابرای ئەفغانی گرتبوو و ئەیبرد بۆ قاوڵتی.

وەردیانێک، سەری کێشایە ناو دەربیجەکە و هاواری کرد:

ـ خواردنی شەمەل خان! یەکێک بێت خواردنەکەی شەمەل وەربگرێ. ئەهای!

یەکێک، ئەو کەسەی کە لە هەموو زیندانێکی گشتیدا هەیە و، هیچ ناوێکی ڕوونیشی نییە بەرەو دەربیجەکە چوو. ئەو جۆرە کەسە بە زۆری ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە. گەنەدز بووە یان بەردەسی کاری قاچاخ؛ قومارباز یان هیچکارە. هەندێ جاریش ڕێ ئەکەوێ، بە مەبەست یان بە ڕێکەوت، مشتێکی داوە لە

لاکەلەکە یان ناوچاوی یەکێک؛ ئەوەتا لێرە، خزمەتی زیندانیەکان ئەکات.

بەڵام ئەم یەکەیان، بەسەرهاتێکی تری هەبوو. منداڵکاربوو، نەشیاوی زیندان. غەوارە بوو و وا دیار بوو هیچ دڵخۆشیەکی نیە. کەمدوو و بە فەرمان بوو و وەکوو تانجی هەڵئەسوورا. بۆ پارووە نانێک، دراوێک، کلکە سووتێی بوو. بۆ خۆی ئازاد بوو و ئەچووە دەریشەوە. فرمانی زیندانی و وەردیانی بە یەک ڕادە جێ بەجێ ئەکرد. بۆ کڕینی پێداویستی زیندانیەکان ئەچوو بۆ بازاڕ. لە بەر چاخانەکەی پۆلیس‌دا دائەنیشت و لەگەڵ فەرمانبەران و ئەوانی‌تر، چا و نانی سەنگەکی و شووتی ئەخوارد. بەو ئاسانیەی ئاو بخواتەوە، بە بێ ئەوەی جیاوازی بۆی هەبێ، هەواڵی ئەبرد و هەواڵی ئەهێنا. هەواڵەکانی ناو زیندانی ئەبرد بۆ ئەفسەری نیگابان و هەواڵی دەرەوەی ئەهێنا بۆ ناو زیندان. پیاڵە و قاپ و کەوچکی ئەشۆرد. سفرەی ئەوانەی کە دەسیان بە دەمیان ئەگەیشت، خاوێن ئەکردەوە. توێکڵەکانی ئەکڕاندەوە و ئێسقانی بن مەنجەڵی ئەلستەوە و جارجارەش بۆ هەندێ کەس چیرۆکی درۆی -نەبەتامی- ئەگێڕایەوە. ڕاوێژی بە ڕواڵەت، تارانی بوو، بەڵام لەوەدا کە کەس نەی ئەزانی خەڵکی کام مەڵبەندە، هەموو یەک ڕایان هەبوو. هەرچی چۆن بوو ناوێکیان بۆ تاشیبوو: "قاپووز". ڕەنگیشە، ئەوکەسەی یەکەمجار ئەو ناتۆریەی لێ نابوو، واتایەکی لەبەرچاو بووە. بەڵام ئەوانی‌تر واتایەکی یەکگرتوویان لەلا نەبوو. هەر کەسە و بە دڵی خۆی و بە شێوازی خۆی ئەو ناوەی بێژە ئەکرد.

نانی سەنگەکی برژاو. قاپێ ماست، پیتی ئاوگۆشت و دەوری سەوزی و پەنیر، قاپووز لە وەردیانەکەی وەرگرت و بردی بۆ ژووری شەمەل.

شەمەل، خواردنی زیندانی نەئەخوارد و ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکی شەمەلی یاخووت بوو کە باشترین قۆزی شەک و

پشتەمازەی گوێرەکەیان لە دووکانەکە ئەبردەوە بۆ ماڵەوە و لێیان ئەناو و نیوەڕۆ بە نیوەڕۆ، خودی یاخووت بە قۆڵی هەڵکراو و چەکمەی زستانە، بە گەردنی شەق و ڕەقەوە، بۆ ئازیزترین کوڕی -شەمەل- ئەیهێنا بۆ زیندان. قاپووز لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و ناوی چوارکەسی هەڵدا:

ـ خاڵۆ عەبدۆس و ستار و گوڵمحەمەد و دلاوەر! فەرموون بۆ نان خواردن. فەرموون. شەمەل خان ئەڵێ بفەرموون، بفەرموون. شەرمی ناوێ.

ستار لای دەستی کابرای ئەفغانەوە دانیشتبوو و برنجی هەویری ئەکرد بە پاروو و ئەیخوارد. بە بیستنی ناوی خۆی بەناچار و نابەدڵی هەڵسا. قاپی خواردنەکەی خۆی دا بە کابرای ئەفغانی و بەرەو ژوور کەوتە ڕێ. کابرای ئەفغانی قاپی پڵاوەکەی ڕاکێشایە بەردەمی خۆی و هەقناسانە سەیری کرد. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوە بوو کە برنجی نەکوڵاو بەگیانی ستار سازگارتر بوو تا گۆشتی سفرەی شەمەلی یاخووت. ئەم ژەمە چەور و بەپێزانە بە واتایەک، ناچاریی بوو. هەرچەند بۆ زۆربەی زیندانیەکان، هاوسفرە بوون لەگەڵ شەمەل مایەی شانازی بوو.

بەڵام ستار بێزی لەم پەیکەرە بە شان و باهۆیە ئەبوویەوە کە لە لایەکەوە، خۆی بە لاینگری جەماوەر دائەنا و لە لایەکی ترە -لای ستار مسۆگەر بوو- قاپووز لە باخەڵی خۆیدا ئەخەوێنێ. بۆیە، هەرچەند نەی ئەخستە خۆی، بەڵام هیچ حەزی لەوە نەبوو شەمەل چاکەی لەگەڵ بکات. زۆرتر حەزی ئەکرد هاوخەرج و هاودەمی ئەو جووتیارانە بێ کە ئاغەکەی خۆیان کوشتبوو. بەڵام شەمەل، ئەو دەرفەتەی لەوێش و لەوانیتریش ئەستاندبوو. چونکە شەمەل، هاوژوورەکانی خۆی بە ڕەزامەندی وەردیان هەڵبژاردبوو. هەمان ڕۆژی یەکەم کە هاتە حەوشەی زیندان، خودی پاسەبانەکان باشترین ژووریان بۆ بەتاڵکرد و خاوێنیان کردەوە. شەمەلیش هەمان یەک دوو ڕۆژی یەکەم هاوژوورەکانی

لە نێوان زیندانیەکاندا گوڵبژێر کرد. تەنها عەلیمحەمەد، ئامادە نەبوو ببێ بە هاوژووری شەمەل و وتی کە ناتوانێ لە هاوپەروەندەکانی خۆی، دەستەی جووتیارەکان، جیا ببێتەوە.

بۆیە شەمەل، سەرەڕای بەخشندە بوونی، جگە لە بارێکی قورس بە کۆڵ و دەست و پێی ستارەوە، هیچیتر نەبوو.

بە دوای ستاردا، عەبدۆسیش دلاوەری هێنا.

ستار، لای شانی گوڵمحەمەدەوە کە هەروا لە ناو خۆیدا بوو، پێی خاو کردەوە و وتی:

ـ داگیراوی؟ غەم میوانت نەبێ، گوڵمحەمەد خان!

گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی ستار لە کۆڵ بکاتەوە، وتی:

ـ هیچ نییە؛ هیچ نییە!

ستار وتی:

ـ هەر کات لە سەر کەیف بووی پێم بڵێ. هەندێ هەواڵم بۆت هەیە!

ـ چ جۆرە هەواڵێک؟!

ـ پاشتر. پاشتر.

ستار، گوڵمحەمەدی بەجێ هێشت و چووە ژوورەوە. دلاوەر و عەبدۆس لە سەر سفرەکە دانیشتبوون و شەمەل، لە کاتێکدا بە پەنجە قەڵەو و سپیەکانی نان سەنگەکیە برژاوەکەی نەرم ئەکرد، هەواڵی گوڵمحەمەدی پرسی:

ـ هێشتاش لە خەمی قسەکانی دادیار دایە؟ بڵێ بابێ. ئەمەوێ لەگەڵ دلاوەر ئاشتیان بکەمەوە.

دلاوەر، نەک بە زمان، بەڵام شانی هەڵتەکاند. شەمەل، چاوپۆشی کرد و ستار سەری بردە دەرەوە و گوڵمحەمەدی بانگ کرد.

گوڵمحەمەد لە وەڵامی ستاردا وتی:

ـ نۆشی گیانتان بێ. من ئیشتیام نییە.

دەنگی شەمەل، لە ناو هۆدەکەوە هات:

ــ وەرە ئیتر ورک مەگرە. وەرە کارم پێتە. بڕۆ بیهێنە ستار!

ستار چووە دەرەوە و بن باڵی گوڵمحەمەدی گرت:

ــ خۆت ئەیناسی قیرسیچمەیە؟ وەرە پارووەیەک نان و ماست بخۆ. وەرە!

بەهاتنی گوڵمحەمەد، دلاوەر کشایەوە و هەڵسا. شەمەل چاوە زل و شینەکانی تێبڕی و وتی:

ــ بۆ هەڵسای؟

دلاوەر، وەک بڵێی پێشتر وەڵامەکەی ئامادە کردبێ، وتی:

ــ من لەگەڵ نامەرد هاوسفرە نابم! ئێرە، یان جێگەی منە یان ئەو.

گوڵمحەمەد گڕی گرت، بەڵام هێشتاش نەیخستە خۆی و هەروا سەری داخستبوو و خامۆش بوو. دلاوەر گیوەکانی لەپێ کرد. بەڵام شەمەل، بە شێوە و گوتەیەکی گەورانە و هەڕەشەئامێز، لە ناو دەرگاکەدا ڕایگرت:

ــ تۆ ئیتر بۆ خۆت پیاوێکی، دلاوەر. وەرە دانیشە!

عەبدۆس، بۆ ئەوەی دلاوەر وەڵامی شەمەل نەداتەوە، خۆی تێ هاوێشت و وتی:

ــ دانیشە دلاوەر. شوورەییە قسەی شەمەل خان بخەیتە عەرز! وەرە دانیشە!

دلاوەر تینووی خوێنی گوڵمحەمەد بوو، بەڵام لە شەمەلیش ئەپرینگایەوە. هەرچی بوو، شەمەل لایەنی گوڵمحەمەدی گرتبوو.

ــ وەرە دانیشە!

دلاوەر نەیتوانی دانەنیشێ. بەڵام ڕوخساری مسی سوور بوو و دیار بوو لە ناوەوە ئەکوڵی. ئەژنۆی گرتە باوەش و چاوی بڕییە سفرەکە.

ــ بخۆ! تۆیش بخۆ گوڵمحەمەد. دەستتان بخەنە ناو قاپێک. پێکەوە. پێکەوە. بێنە دەستت گوڵمحەمەد. تۆیش دلاوەر...

شەمەل بە دەستێک مەچەکی گوڵمحەمەد و بە دەستەکەی

تری، مەچەکی دلاوەری گرت و لە سەر قاپەکە؛ بەر لەوەی شەمەل دەستی دوو خەنیمەکە بخاتە ناو قاپەکەوە، دلاوەر دەستی کێشایەوە و قنجەپێ ڕابوو و لە بن دیوارەکە ڕاوەستا و بە دەنگێک کە بە هۆی هەڵچوون و تووڕەییەوە ئەلەرزێ، وتی:

ـ نەء! نامەوێ دڵم بکەم بە دوو کوتەوە. نەء! نەشەڕ-نەئاشتی نابێ. من دڵم لە گوڵمحەمەد پاک نییە کە دەستم لەگەڵ دەستی بخەمە قاپێکەوە. بۆچی درۆ بکەم؟ نەء. ناتوانم. ناتوانم. سەرەتا ئەبێ ناهەقیەکە هاوسەنگ بکەین، ئەوسا ڕەنگە لەگەڵی ئاشت بکەمەوە. ئێوە نازانن. لە کاری من ئاگادار نین. ئەم ناجوامێرە، ناموسی منی دزیوە. داگیری کردووە. بە ناپیاوی! من ئەگەر لە زینداندا نەبوایەتم ئەمتوانی کارێک بکەم. بەڵام من... لێرە بووم. دەست و پێم بەسترابوو. دەنگم بە هیچ کوێیەک نەئەگەیشت. ئێستەش خوا ئەوی هێناوەتە سەر ڕێگەی من. دادگەریی خوا لەمەدایە! من و ئەو، لێرە ئەبێ کارمان بخەین بە لایەکدا. بۆیە من نامەوێ لەگەڵی ببم بە هاو سفرە. نەء! من لەگەڵ دوژمنی خۆم نابم بە هاونمەک. نەء! ئێوە نابێ من ناچاربکەن ئەو کارە بکەم. من دڵم لێی کرمێیە! ئەوە ناشارمەوە. لەگەڵی دژم و بەشەڕم. جا خۆی ئەزانێ چۆن لەگەڵ من تێ ئەکەوێ. بیەوێ، مێر و مێرانە. ئەگینا لە پشتیشەوە بووە، تۆڵەی خۆمی هەر لێ ئەکەمەوە. وەڵامی ئەو برینەی لە منی داوە، ئەبێ بە بریندار کردنی بدەمەوە، ڕابە گوڵمحەمەد!

گوڵمحەمەد، هەر ئەیویست بە خامۆشی بە سەر خۆیدا زاڵ ببێ. پۆپکەی کردبوو و لە ناو خۆیدا گرمۆڵە ببوو. وەک بڵێی توانج و تەوسی دلاوەر نەی شەمزاندووە. ئەوەی کە گوڵمحەمەدی بە خۆوە خەریک کردبوو ئەو هێڵە ئاڵۆسکاوە بوو کە ئەم کابرا، ئەم جەوانە هارە، هیچی لێ نەئەزانی و گوڵمحەمەدیش نەی ئەویست ئەو هیچی لێ بزانێ. لەم کاتەدا، گوڵمحەمەد تەنها شتێک کە بیری لێ ئەکردەوە، ئەوەبوو کە خۆی دەرباز بکات بۆ ئەوبەری

دیوارەکە. خۆی ڕزگار بکات. بیری لە هەرچیەک ئەکردەوە، لە پشت دیوارە بەرزەکەدا قەتیس ئەبوو. بیر و خەیاڵی کابرا، هەڵاتن بوو و هیچیتر. ئەگەر بیتوانیایەت ئەبوو بە مار و سەری ئەکرد بە کونی دیوارەکەدا. ئەبوو بە مارمێلکە و بە دیوارەکەدا هەڵئەگەڕا. بە چۆلەکە یان بە دەعبایەک... ئاخ، ئەفسانەکان چەندە باشن. قاڵیچەی حەزرەتی سلێمان، پەڕی سیمرخ، ئاگردانی مووی دێو! بەڵام لێرە هیچ نیشانە و شوێنەواری ئەفسانە نەبوو. دیواری بەرز و داڵان و چەند ژووری بەڕیز و ژوورێکی وەک ژێرزەمین بە چەند کۆڵەکەوە؛ ژوورێکی تریش وەکوو نوێژگە؛ هەمان ئەو ژوورەی شەمەل داگیری کردبوو. ئەو ژوورەی ئێستە گوڵمحەمەدی لێبوو. تەنگەبەر و میوان زۆر! حەوشە و هۆدە زیادی نەئەکرد، بەڵام میوان بەرەکەتی تێکەوتبوو. خەڵکی جۆراوجۆر، بە خوو و ڕەوشتی جۆراوجۆرەوە، ئەیانوەشاند، ئەیانکوشت، ئەیاندزی و ئەهاتن بۆ زیندان. زیندانیش هەر ئەوەبوو کە بوو؛ ئەم دیوارانە! بەڵام... ئەم لاوە، ئەم دلاوەرە کە حەپسەکەی خەریک بوو تەواو ئەبوو، ئەتوت خەمی حەپس و بەندی نییە. لێرە و لەم کاتەدا کە گوڵمحەمەد گیرۆدەی پرس و جۆی ئەو تاوانە بوو کە کردبووی، دلاوەر سێ سووچی لێگرتبوو و گیری لێهێنابوو و ئەیویست تۆڵەی لێ بکاتەوە. ئەو خۆی بە بەرپرس نەئەزانی بیر لەوەبکاتەوە گوڵمحەمەد خولی دژواری پرس و جۆ تێپەڕ ئەکات.

دلاوەر بیری لەوە نەئەکردەوە گوڵمحەمەد لە چ دارەتێکدایە و چی بە سەر دێ. مەترسی سێدارە! بەڵام دلاوەر لای گرنگ نەبوو. جەوان تەنانەت ئەوەندە بێوژدان بوو، هەوڵی ئەدا بە پەیشۆنگرتنی تاوان و ڕەوتی ڕووداوەکە، ترس و خۆف و شەڵەژاوی گوڵمحەمەد پەرە پێبدات. ئەتوت ڕۆژان و شەوانی درێژخایەن، ئەو ڕقە بەهێزەی خۆی کەڵەکە کردووە بۆ ئەوەی بەجارێک بیداتەوە بە ڕوخساری گوڵمحەمەددا.

بەڵام گیانی گوڵمحەمەد هاواری ئەکرد:

«ئای جەوانی بێ پیر، ویژدانت چی لێهاتووە؟! منی گوڵمحەمەد دەرفەتی شەڕ و قڕەم لەگەڵ تۆ نییە!»

لەپڕ و وەک بڵێی نەک بەحەزی خۆی، گوڵمحەمەد، ڕابوو و بەرامبەر بە جەوان وەستا:

ــ دەی فەرموو! ئەتەوێ بڵێی چی؟!

بە بێ دەرفەتی قسەکردن لێک ئاڵان. شاخ بەشاخ و شان بە شان.

گوڵمحەمەد، لە کاتێکدا سەری چەقاندبوویە بن گەردنی دلاوەر، وتی:

ــ هیچکەس نێوبژی نەکات! من ئەمەوێ ئەم دڕکە لە پێی خۆم دەربهێنم!

دلاوەر وتی:

ــ کەم خۆت گێف بکەرەوە. کەس نایەتە بەرەوە، مەترسە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ لەخۆت بنەوە دەی!

دلاوەر وتی:

ــ تۆ پیاوەتیەکەت لێرە پیشان بدە!

ــ بگەڕێ ئیتر!

ــ بگەڕێ.

ستار و عەبدۆس، سینی خواردن و پارچی ئاوەکەیان لابرد. شەمەل پاڵی دا بە جێوبانەکەیەوە. سەر و کەللەی چەند کەس لە بەر دەرگاکەدا سەوز بوو. سەر و گەردن لە زیاد بووندا بوو. بەشێوەیەک کە بەر ڕووناکیان گرت. دلاوەر و گوڵمحەمەد هەروا لێک ئاڵابوون. دلاوەر، ناوقەدی گوڵمحەمەدی گرتبوو و پەنجەکانی لێک هەڵپێکابوو. گوڵمحەمەدیش یەخەی ڕاستی دلاوەری گرتبوو و توند ڕای ئەکێشا. چەناگەی دلاوەر لە دەفەی شانی گوڵمحەمەد چەقیبوو و گوشاری بۆ ئەهێنا و گۆنای چەپی گوڵمحەمەد کەوتبوویە سەر ڕەقێنەی ئەژنۆی دلاوەر.

دلاوەر هەوڵی ئەدا ناوقەدی گوڵمحەمەد بنووشتێنێتەوە و بۆ لای خۆی ڕای بکێشێ و؛ ئەگەر وای لێ بهاتایەت، گووشاری سینە و بازوو، ئازاری کەمەری گوڵمحەمەدی ئەدا و سستی ئەکرد. ئەوسا پاشقولێکی ئەویست بۆ ئەوەی کابرا بکوتێ بە عەرزدا. گوڵمحەمەد بەڵام، شارەزای ئەو شێوەیە بوو و ڕێگەی پێ نەئەدا هیچ، بەر لەوەی بهێڵێ ئازاری کەمەر زۆری بۆ بهێنێ، بە زەبرێکی توند ئەژنۆی دلاوەری لە قولاپی هەردوو دەستیدا گرت و جەوانەکەی لە سەر لنگێک سووڕاند. گوڵمحەمەد ئەبوا ڕاست نەبێتەوە. بۆی دەرکەوتبوو نابێ تەختایی پشت و شانی بدا بە دەس بازووە بەهێزەکانی دلاوەرەوە. هەموو هەوڵی ئەوە بوو یەک خەمی دلاوەر توندتر ڕابگرێ و لەپڕ، خەنیمەکەی لە عەرز ببڕێ.

دلاوەر، هەڵکەنرا. بە زەبرێکی گوڵمحەمەد لاقی لە عەرز بڕا و پشتی چەقی بە دیوارەکەوە. بۆ ئەوەی جارێکیتر قاچی عەرز نەگرێتەوە، گوڵمحەمەد ڕەقاندی بە دیوارەکەدا، بەرزتری کردەوە و تاوێک ڕایگرت. پاشان، نەرم و زاڵ، قاچی لە قاچی دلاوەر ئالاند و بە پاشقولێک پشتی دلاوەر لە دیوارەکە جیابوویەوە، تاوێک بە حەواوە باڵەفرتەی کرد و پاشان... خاک!

گوڵمحەمەد لە سەر سینەی خەنیم هەڵسا. حەیا و ئابڕو بە خۆیی گوڵمحەمەد و ئازار و شەرمی دلاوەر، هەرای زیندانیەکانی خەواند.

سەر و کەفەڵی وەردیان دەرکەوت. شەمەل، وتی:

ــ کارت پێیان نەبێ!

زیندانیەکان، بە ئەماژەی شەمەل، بڵاوەیان لێکرد. وەردیانیش ڕۆیشت. شەمەل هەڵسا، دەستی دلاوەری گرت و، دەستەکەی تری ڕاکێشا بۆ لای گوڵمحەمەد و وتی:

ــ ئێستە ئیتر ڕووی یەکتر ماچ بکەن!

گوڵمحەمەد هاتە بەرەوە و دەستی خستە ناو دەستی

دلاوەر. دلاوەر بە نابەدڵی ڕووی گوڵمحەمەدی ماچ کرد.

ــ ئێستە فەرموون دابنیشن!

دانیشتن. دلاوەر خۆی پێ ڕانەگیرا. چووە دەرەوە. هەواڵیان هێنا؛ ئەگری.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ من نەم ئەویست ئامبازی ببم. بە مووی برام قەسەم. بەڵام ئەو... خۆتان بینیتان جەوانی کرد. بوو بە شەیتان و چووە بن پێستم! خۆزگە بە دەستی ئەو خۆم بدایەت بە عەرزدا، خۆزگە. بەڵام نا! پێم وانییە دڵ و دەروونی ئەوەی هەبوایە. ئەوسا ئەبوو بە شێر و سواری سەرم ئەبوو. وا باشترە! شەڕ لە لایەک و شیوەنیش لە لایەک. من خۆ پێغەمبەر نیم خەمی ئومەت بخۆم! چ بگات بەوەی دوژمنیشم بێ.

ستار وتی:

ــ بەڵام بە ئاخافتنتدا پەشیمانی، گوڵمحەمەد خان! هەم ڕازیت و هەم ناڕازی.

گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد و وتی:

ــ تۆ چۆن ئاگات لە دڵی من هەیە؟!

ستار وتی:

ــ لە ڕێگەی زمانتەوە!

سینیەکەیان جارێکیتر هێنایە پێشەوە. گوڵمحەمەد، پێی نەخورا.

کشایەوە و پاڵیدا بە دیوارەکەوە و ئەژنۆی لە باوەش گرت. ئەوانیتر هیچیان نەوت. ئەو جۆرە دارەتە بۆ زۆر کەس، ڕوون و ناسراو بوو:

«لێیگەڕێ با لە ناو خۆی دابێ. بەڵکوو خۆی گرێی دەروونی خۆی بکاتەوە. قسەکردن لەگەڵی لەو دۆخەدا، زیاتر نەشتەر لە برین ڕۆکردنە.»

خۆیشی ئەوەندە دەوامی نەهێنا، دەستی لە ئەژنۆی بەردا،

هەڵسا و بێدەنگ لە دەرگاکە چووە دەرەوە و لە سووچی تەنگەبەری حەوشە وەستا. دیسانەوە خەڵکی لەملا و ئەولا... دیسانەوە دیوارەکان، لە هەموو لایەکەوە. بەڵام دلاوەر نەبوو. تاک و تەرایەک، لە بنی ئەم یان ئەو دیواردا، قامکیان ئەلستەوە و جارجارە بە وتن یان بیستنی قسەیەک -کە زیاتر باسی زۆرانە کەبوو- سەریان بەرز ئەکردەوە و دیسانەوە، پەنجەیان ئەهێنا بە بن قاپەکەدا؛ پشیلە شۆر.

گوڵمحەمەد، هەروا سەیری ئەکرد. حەزێکی بەهێز بە دوای دلاوەردا ڕاکێشی ئەکرد. حەزی ئەکرد بیبینێ و بۆی ڕوون بکاتەوە، لە ڕق و لە داخدا نەیداوە بە عەرزدا. ناچار بووە. بەڵام ئایە گوڵمحەمەد نەی ئەزانی وتنی ئەو قسەیە، برینی دلاوەر قووڵتر ئەکات؟ با. ئەمەی ئەزانی، بەڵام نەی ئەتوانی ڕێگە بە سۆز و میهری خۆی بگرێ. ئەمەی ئەزانی هەموو قسەیەک لەو بابەتەوە، شەرم و سەرکزی دلاوەر ئەبووژێنێتەوە. بەڵام چی پێ ئەکرا؟ هەرچەند ئەگەر دلاوەریشی بدۆزیایەتەوە و بیتوانیایەت لێی نزیک ببێتەوە. نەی ئەتوانی هیچی پێ بڵێ.

کە باش بیری لێ ئەکردەوە، دڵنیابوو ناتوانێ سەیری دلاوەر بکات و قسەی لەگەڵ بکات. نەی ئەتوانی هیچی پێ بڵێ. بەڵام خۆ نەشی ئەتوانی لاری کەرەوە و مەیرێژە ڕای بگرێ. ئەبوا بیخات بە لایەکدا. یان ئەبوو ڕقی لێی بێ و بە تەواوی لێی داببڕێ. یان ئەبوایە میهری هەبێ، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی دڵی خۆی و باری دڵ و گیانی خۆی پێ ببەخشێ. یان هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵی -بە ڕق یان بە میهرەوە- نەمێنێ. بێگانەی بێگانە نەئەکرا. واتە بە دوور لە تان و پۆی هەست و سۆزی خۆی. کە دلاوەر ئەو جێگەیەی لە دەروونی ئەودا نەبوو.

جێگەی دلاوەر، لە دەروونی گوڵمحەمەددا، ڕوون و ئاشکرا و دیار نەبوو. نێزەیەکی شکاو، دوژمنێکی بریندار کە ڕقی لێی نەبوو، نەی ئەویست ئەو بە دوژمنی خۆی بزانێ. کە وا بوو نەشی ئەتوانی

لەگەڵی نەدیو و نەناس بێ. دلاوەر لە هەر ڕواڵەتێکی خۆیدا، کەسێک بوو کە گوڵمحەمەد نەی ئەتوانی بەرامبەریان بێلایەن بێ. پەیوەندی دوو ئادەمیزاد هەندێجار ناتوانێ نیوکارە ببڕێتەوە. ئەمبەر یان ئەوبەر. دووڕووییش لە گیانی گوڵمحەمەددا جێگەی نەبوو. نەی ئەتوانی فێڵەباز بێ. لە کڕین و فرۆشدا و لە دۆستی و دووژمنیشدا هەروا بوو. یان ڕۆمی ڕۆم بوو، یان زەنگی زەنگ. ئەگەر وا نەبوە ئەی لەگەڵ کێ ئەیتوانی شەڕی هەبێ؟ جەنگ و عەشق، لە کامە سروشت لە دایک ئەبوون؟ بە سەر کامە سروشتدا ئەبارین؟ مەگەر نەئەوە بوو کە جەنگی بە بێ سازش لە گیانی بە بڕوا -تەنانەت بڕوای کوێرەوە- ئەڕوا؟ مەگەر عەشق وا نەبوو کە تێکڕای ئادەمیزادی ئەوێ؟ کە وا بوو گوڵمحەمەد نەی ئەتوانی فێڵ بکات. لە کێشەی بێ حەسێبی خۆیدا ڕەنگە هەر لەم ڕووەوە گرفتار ببوو و لە عەشقی بێ پەروای خۆشیدا، هەر لەم ڕووەوە گیرۆدە ببوو. ڕنگیشە هێشتا بە باشی لە یارییەکانی جەنگ و عەشق شارەزا نەببوو؟! ڕەنگیشە، ناچار نەببوو هونەری فێڵکردن، کە هونەری جەنگە، بەکار بهێنێ. بۆیەش بوو کە، سینەی ئەدایە بەر خەنجەر و خەنجەری لە سینە ئەچەقاند. بۆیەش بوو کە فێڵەبازیی بەرامبەرەکەی بێزاری ئەکرد. یان ڕۆمی ڕۆم و یان زەنگی زەنگ. ئەگەر وا نەبوایەت، جەنگی لەگەڵ کێ هەبوو؟ دوژمنی بۆچی بوو؟ کوشتن و کوژران بۆچی بوو؟ ئەگەر بێ لایەنی لە ئارادا بێ، ئەی پشت لە خاکدانی دلاوەر یان پشت لە خاکدران بە دەست و بازووی دلاوەر بۆچی بوو؟ جەنگ لە چاوی جەنگاوەرەوە مەگەر بۆ لە ناوبردنی خراپە نییە؟! مەگەر بڕواکردن بە خودی «چاکە» نەبوو؟

بەڵام ئەگەر وابووە ئەگەر تیاچوونی خەنیم بە واتای تیاچوونی خراپە و، ئەگەر شکستی دلاوەر بە واتای شکانی خراپە بوو، ئەی ئەم پەرێشانیەی گوڵمحەمەد لە چیەوە بوو و لە بەر چیبوو؟ دڵکرمێ بوونەکەی لە چی بوو؟ ئەم دڵە ڕاوکە و نا ئارامیەی لە

بەر چییە؟ ئەی بۆ لە دلاوەر بێزار نییە، گوڵمحەمەد؟ بۆ نابێ لێی بێزار بێ؟ بۆ ئەبێ حەزی لە بینینی بێ؟ بۆ وا پەرێشانە؟ بۆ وا داماوە؟!

«دلاوەر دوژمنی منە یان من دۆستی ئەوم؟ دلاوەر دۆستی منە یان من دوژمنی ئەوم؟ کامیان ڕاستە؟ ئەو لە من بێزارە و نایشارێتەوە. من بە بێ ئەوەی دەری بخەم، ئایە لەو بێزار نیم؟ من ئایە لەگەڵ خۆم و ئەویش درۆ ناکەم؟ ئایە نامەوێ بە دەربڕینی سۆزی خۆم، کینەم بەرامبەر بەو بشارمەوە؟ ئایە لە دەروونی مندا شەڕێک لەنێوان میهر و کینەدا بەرپا نەبووە کە من لەم کاتەدا، بە درۆ یان ڕاست لایەنی میهربانی و سۆزداری خۆمم گرتووە؟ ئەمە چ دۆخێکە منی تێدام؟ ئەو چییە لەپەسا سوخورمەم لێئەدا؟ ئەم «شتە» بۆ لێم ناگەڕێ؟ ئەگەر لەوەی کە لێم داوە پەشیمان نیم، بۆچی پەشیمان نیم؟ ئەگەر حەزم کردووە لێی بدەم، بۆچی دڵم پێوەیە پەشیمان بم؟ بۆ ناتوانم ئەم شتانە بۆ خۆم ڕوون بکەمەوە؟ ڕۆشن؟ بەڵام یەک شتم لە لا مسۆگەرە: هەرگیز حەزم نەئەکرد و حەز ناکەم دلاوەر بمدا بە زەویدا! هەرگیز ئەو ئارەزووەم نییە. نەء! بەڕاست... چی ئەبوو ئەگەر من بدرایەتم بە عەرزدا؟ چیم بە سەر ئەهات؟ دلاوەر. ئیتر دەمی نەدا لە خواردنەکە. ئەبێ تینووی بووبێ. جەوانی کرد، ئەو!»

«بەڵام ئەم پینەچییە؟ ئەو کەسەی کە تەنها یەکجاریش نەبووە خۆشم لێی بێ، چ کارێکی بە من هەیە؟ ئەویش ڕاست لەو کاتەدا لە لێکۆڵینەوە گەڕامەوە! بۆ تا ئەمڕۆ نەی وتبوو کاری بە من هەیە؟ بڵێی چ کارێکی هەبێ؟ بۆچی ئەچم بۆ هەر کوێ، هەر کوێیەک، ئەو لەوێیە؟ ڕێکەوتە؟ ئەوەی کە ئەڵێن چارەنووسی ئادەمیزاد، هەر ئەمەیە؟ بووە بە سێبەرم. بۆە بە هەمزاد! هەرگیز خۆشم لێی نەهاتووە. بەڵام، پێموابێ ڕقم لێی نییە! بۆ وام لێهاتووە؟ لەوکاتەوە کە گیراوم ڕەوشتم گۆڕاوە! بۆ

ئەوەندە ڕاڕام لێدەرچووە؟ ڕەنگە لە بەر ئەوەی هێشتا بە زیندان ڕانەهاتووم. ڕەنگیشە لە ترسی مەرگ؟ بەڵێ، خۆیەتی! مرۆڤ کاتێکە دەرفەتی ئەوە پەیدا ئەکات بیر لە مردن بکاتەوە، لێی ئەترسێ!»

«...من ئەکوژن، ئەزانم! کوشتنی دوو فەرمانبەری حکوومەتیان لە پێی مندا نووسیووە. دەی، ئەمکوژن! بەڵام ئەمانە تا پیاو ئەکوژن، دیقی پێ ئەکەن. ئەویش چ کوشتنێک، قەنارە! بە گوللەیەک ئەگەر ساردیان بکردایەتمەوە خۆی شتێک بوو. بەڵام لە دارم ئەدەن. پاشانیش کە بیر ئەکەیتەوە، ئەتەوێ بڕشێیتەوە. بیری لێ بکەرەوە، وەکوو مەڕێک کە بۆ کەوڵکردن لە سێ پێچکەی هەڵئەواسن، ئەتبەنە سەر دار. کاتێکیش کە خەریکی ئەمری، لاقە فرتێ ئەکەی، خۆت ڕائەوەشێنی، بەڵام هەر ئەخنکێی. دەی، پاشان تازە سووکایەتی دەس پێ ئەکا. ئەخولێتەوە. ئەپەنەمێی. شەرواڵەکەت دائەکەوێ. کڵاشت ئەگەر لە پێدا بێ هەر کامیان بە لایەکدا خوار ئەبێت. قۆڵی کراسەکەت بە سەر ورگە ئاوساوەکەتدا هەڵئەکشێ. جاکەتەکەت لەبەرتدا ئەتەقێ. لە ڕواڵەتی ئادەمیزاد دەر ئەچیت و پاشان، پاش ئەوەی فەرمانبەرەکان نان و چایان خوارد، بە خاوەخاو دێن و تۆ ـتۆ نا، خیگێکی ئاوساو- لەو سەرە دائەگرتە خوارەوە. کێ هەیە ڕقی لەو جۆرە مردن و مەرگە دزێوە نەبێتەوە؟ ئەوەی سەیرت ئەکا، ئەڵێی تاوانی کردووە، ڕوو وەرئەگێڕێ. بینینت کە فارەی هەیە! تف لەو مردنە. قوربانی گوللە! ئەو خوێنەی لێت ئەڕژێ. ناهێڵێ زەلیل ببێ. ڕەنگ و ڕوخسارێک ئەدا بە تەرمەکەت.»

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە گوڵمحەمەد؟!

ــ هیچ!

گوڵمحەمەد، لەپڕ بەو دەنگەی هێنابوویەوە بە خۆیدا، داچڵەکا. ستار، لای شانیەوە بوو و بن ددانی بە چیلکە شەمچەیەک خاوێن ئەکردەوە.

گوڵمحەمەد، تووڕەی قیت بوونەوەی لەپڕ و ناکاتی ستار و هەمیش نارەحەتی ئەوەی بە دەنگەکەی ئەو ڕاچڵکابوو، دەسبەجێ لێی پرسی:

ـ کارت چیبوو، کە پێشتر باست کرد؟

ستار، جیا لە گوڵمحەمەد، چووە سێبەری دیوارەکەوە و لە سووچێک خامۆش دانیشت. گوڵمحەمەد، لەو شوێنەی کە وەستابوو، بە نەفرەتێکەوە، سەیری ستاری کرد. ڕەفتار و کرداری ئاڵۆزی پینەچی هێشتا ئاشنای گوڵمحەمەد نەبوو. بۆیە، تووڕەی ئەکرد. لە لایەکەوە هەر ئەم ڕەفتارە بێگانە و نەشیاوەی ستار، ڕێگەی لەوە ئەگرت گوڵمحەمەد بۆ ئاشنایی لەگەڵ ئەو هان بدرێ. گوڵمحەمەد، هۆیەکی ڕوونی بەدی نەئەکرد کە ئادەمیزاد ڕەفتاری ئاڵۆسکاو و بە پێچ و پەنای هەبێ. بەڵام لەوە خافڵ بوو کە هەموو ئادەمیزادێک ناچار نییە بە دڵخوازی ئەو هەڵسوکەوت بکات. ئێستەش، سەرەڕای ئەوەی هیچ وازی لە دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ ستاردا نەبوو، بەڵام هێزێکی نامۆ گوڵمحەمەدی بۆ لای ئەو ڕائەکێشا؛ بە ڕادەیەک کە هەستی ئەکرد بە ناچاری بۆ لای ڕائەکێشێ و تاوێک پاشتر خۆی بینیەوە شان بە شانی ستار، لە بن دیواری حەوشە دانیشتووە و گوێی لێڕاگرتووە.

ستار، زیخێکی لە درزی خشتە سوورەکەی تەختی حەوشە هەڵگرت، بە سەری پەنجەی یاری پێکرد و هەڵیدا. پاشان سەری داخست و بە هێوری وتی:

ـ لەو کاتەوە کە هاتووی، زۆرجار ویستوومە پێت بڵێم...

ـ چیم پێ بڵێی؟!

ـ راوەستە!

ـ دەی؟!

ـ بۆت باس بکەم کە من بۆچی لێرەم.

ـ باشە، چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە کە تۆ...

ــ تاقەتت هەبێ، پیاو! پەیوەندی بە تۆوە هەیە. بە ڕواڵەت منیان لە بەر تۆ نەگرتووە. بەڵام پاشان کە هێنامیان بۆ ئێرە، بۆم دەرکەوت مەبەست لە گرتنی من تۆیت!

ــ چۆن گوایە؟

ستار وتی:

ــ شوێنی تۆیان لە من ئەویست. ڕەنگیشە خستوومیانەتە ژێر چاودێری تا لە ماڵی ئاتەش بە بیانوویەک بمگرن. چونکە تا تۆیان نە هێنابوو، شوێنی تۆیان لە من ئەویست. جگە لەوەش ئەیانویست شایەتی بدەم کە تۆ لە کوشتنی جەندەرمەکاندا بەشدار بوویت!

گوڵمحەمەد، واقی وڕما:

ــ بۆچی لەتۆ، ئیتر؟

ــ لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژانە، ئەو ڕۆژانەی ئێمە هاتین بۆ تاغی و ئێوە لە کۆخەکەی خاڵە مەندەلوو بوون. جەندەرمەکان من و مووسایان لە سەر ڕەشماڵەکانی ئێوە دیبوو. هەرئەو ڕۆژە لە بەر چاوی ئێمە دایان لە باوکت. کابرا خۆی وتی ناوی ئوستوار عەلی ئەشکینە.

ــ دەی، پاشان؟ پاشان؟!

ــ هەمان عەلی ئەشکین ڕاپۆرتی دابوو کە من و مووسای لە سەر ڕەشماڵەکانی ئێوە بینیووە. ئەمانەش چەند جار بانگیان کردم بۆ زاڵگە و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردم.

ــ دەی؟ تۆ چیت وت؟

ــ من ئەمتوانی چی بڵێم؟ هیچم نەوت!

ــ ئازاریان خۆ نەدای؟ ها؟

ستار وتی:

ــ لێت شاراوە نەبێ، با! ئەم شتانە ئاساییە.

ــ دەی، تۆ چ وەڵامێکت دایەوە؟ شتێکت هەر وتووە!

ــ من وتم ئەوکەسەی ئێوە ئەیڵێن نایناسم. بە ڕاستیش

نایناسم! من کابرایەکی پینەچی گەڕۆکم. ڕۆژی واهەیە پێڵاوی دە کەس ئەدوورمەوە بە بێ ئەوەی بزانم خاوەنەکانیان کێ بوون!

ـ دوایی؟

ـ هەر ئەوەندە! لە کۆڵم بوونەوە. تۆیان کە هێنا، زانیم کە ئازادم ئەکەن. بەڵام... هیچ پێم خۆش نەبوو، باوەڕم پێ ئەکەی؟

گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد و پرسی:

ـ بۆچی؟ پێت خۆش نەبوو؟

ـ خۆیشم بە تەواوی نازانم بۆچی؟! بەس حەزم نەئەکرد تووش لێرە بی. حەزم نە ئەکرد و ئێستەش حەز ناکەم تۆ لێرە گرفتار بی. خۆزگە تووش لێرە نەبوایەتی.

ـ ئێستە جارێ تووش بووم؟!

ستار پرسی:

ـ را و بۆچوونیان چۆن بوو ئەمڕۆ؟ دادیار ئەڵێم؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ بڕیارێکی بەو جۆرە نەدرا، خەریکن ئەم نێرن بۆ مەشهەد. دادگایی سەرەکی لەوێ ئەکرێ.

ـ تۆ، چی ئەکەی؟

گوڵمحەمەد سەیری ستاری کرد. ڕەگی گومانی وشیارانە لە بن چاوەکانی ستاردا بە ئاشکرا ئەبینرا. گوڵمحەمەد لەبری وەڵام، پرسی:

ـ تۆ چ خەیاڵێکت لە مێشکت دایە؟

ستار، سەری داخست و وتی:

ـ چاوم لێبوو سەیری دیواری کاروانسەرات ئەکرد!

گوڵمحەمەد، وتی:

ـ لێرە مەگەر سەیرکردنی دیوار قەدەغەیە؟! ها، قەدەغەیە؟

ستار هەڵسا و وتی:

ـ قەدەغە نییە. بەڵام لە لای هەندێ کەس گومان دروست ئەکا!

ـ چ گومانێک؟!

گوڵمحەمەد، قنج ببوویەوە. ستار وتی:

ـ پیاسە ناکەی؟

گوڵمحەمەد، هەڵسا و لەتەک ستارەوە کەوتە ڕێ:

ـ ئا؟ نەتوت چ جۆرە گومانێک؟

لە دوا هەنگاودا کە گەیشتنە بەر تەوێڵی دیوارەکە، ستار وتی:

ـ هەروا... شتێکم وت!

نیگای ستار، کەوتە سەر مەنجەڵی بەتاڵی ئاوگۆشتەکەی شەمەل کە بە سەر دەستی قاپووزەوە ئەبرا بۆ لای دەربیجەکە و ڕێگەی لە قسەکردنی گوڵمحەمەد گرت. ستار نیگای بۆ لای گوڵمحەمەد وەرگێڕایەوە و وتی:

ـ چ مەنجەڵێکی گەورەیە؟! ئێسقانێکی گەورەی قەڵەمەی ڕان تیایدا جێگەی ببوویەوە. ئێسقان بە ئەندازەی کێردێکی باش ئەبوو!

قاپووز تێپەڕی. گوڵمحەمەد، وتی:

ـ شتێکی‌ترت ئەوت، تۆ؟

ستار وتی:

ـ لە کابرایەکی بەدڵ و دایەن ئەچێ ئەم شەمەل خانە! حەز ئەکا کاری جوامێرانە ئەنجام بدات. خۆ ئەزانی پشتی بە کێ گەرمە؟ ئالاجاقی!

ـ تۆ وتەکان ئەئاڵۆزێنی، پیاو!

ستار وتی:

ـ لەم هەلومەرجەدا لە بەرژەوەندی نەبوو دەستەویەخەی دلاوەر ببیتەوە. تۆ نابێ دوژمن بۆ خۆت دروستبکەی.

ـ من کەی ویستوومە دوژمن بۆ خۆم دروست بکەم؟! ئەو ددانی لە من چیرەوە کرد. خۆت خۆ چاوت لێ بوو!

ـ من بینیم. ڕاستە وابوو! بەڵام ئێستە ئەبێ چارەیەکی بۆ

بکرێ. ئەبێ بە جۆرێک ئاشت ببنەوە. من ئاشتتان ئەکەمەوە!

ستار، لە گوڵمحەمەد جیابوویەوە. بەڵام دوو هەنگاو لەولاترەوە وەستا و گەڕایەوە. گوڵمحەمەد، هەروا لە سەر جێگەی خۆی وەستابوو. ستار لێی نزیک بوویەوە و وتی:

ــ متمانە بە من بکە! ئەگەر خەیاڵێک دای لە سەرت ئاگادارم بکە. ڕەنگە بتوانم یارمەتی بدەم!

ئەمجارەیان چاوەڕوانی کاردانەوەی گوڵمحەمەدی نەکرد و ڕۆیشت.

گوڵمحەمەد، هەروا کە نیگای لە سەر ستار بوو لە خۆی پرسی:

«کێیە، ئەم کابرا؟!»

دلاوەر، سەیری ستاری کرد کە لە بەر دالانەکە وەستابوو و وتی:

ــ ئا، کارت چی بوو؟

ستار وتی:

ــ زۆر گرنگ نییە. ئەمویست تۆزێ قسە بکەین.

دلاوەر سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. کەسی لێ نەبوو. تێکڕای حەڤدە هەژدە کەسەکە، ڕاکشا بوون یان پاڵیان دابوویەوە و چاویان قورس ببوو. تا هەمووان بە ئاگابوون، دلاوەر سەری چەقاندبوویە سەرینەکە و ئێستەش کە خەوی قورس و سستی پاش نیوەڕۆ، خۆی بە سەر پێڵووەکاندا ڕاخستبوو، دلاوەر سەری لە سەر سەرینەکە هەڵگرتبوو، پاڵی دابوو بە دیوارەکەوە و دانیشتبوو.

ستار، وتی:

ــ نایەی بۆ دەرەوە؟

دلاوەر هەڵسا و هاتە دەرەوە. ستار، قۆڵی دلاوەری گرت و بردی بۆ سووچی حەوشە:

ــ ئەتوانین لێرە دانیشین. پێ ئەچێ هەموو خەوتوون.

دانیشتن. دلاوەر وتی:

ــ گوێم لێتە. ئەتویست چی بڵێی؟

ستار، بۆ ئەوەی لە ڕادەی ڕق و ئازاری دلاوەر تێبگات، سەیری کرد و وتی:

ــ قسەی خۆمان بێ، ئەم گوڵمحەمەدە... کابرایەکی نیازپیس نییە. ئەمویست دەربارەی ئەو قسەت لەگەڵ بکەم.

دلاوەر وتی:

ــ کاتێکە هاتی، زانیم. بەڵام من خۆ ئیتر کارم بە سەر ئەوەوە نییە. تۆیش کاتی خۆت لە خۆڕا خەسار مەکە!

ستار، بە پێکەنینێکەوە، بە نەرمی وتی:

ــ کات؟! کامە کات؟ ئێمە لێرە لە بەرە شەڕەیەک ئەچین لە بەر خۆر هەڵی ئەخەن بۆ ئەوەی وشکەوە ببێتەوە؟ بەڵام بەرە لە بەر هەتاو هەڵئەخەن و ئێمەیان لە بەر سێبەر هەڵخستووە بۆ ئەوەی بڕزین. ئەم قسانە بەجێی خۆی... من وا بیر ئەکەمەوە لەم چوار دیوارەییەدا، بە سوود و قازانجی هیچکامتان نییە پێکەوە دوژمنی بکەن. لە سەرەتاشەوە نەئەبوا ئامبازی یەکدی ببن. دانی پیا بنێ ئەمەیان سووچی تۆ بوو. لەپڕ، گوڕی جەوانی دای لە سەرت!

دلاوەر وتی:

ــ یاری بە وشە ئەکەی! من خۆم ئەزانم ئەو تۆی ناردووە، بێیت و لە دڵی منی دەربێنی. من دڵم لەم کابرایە پاک نابێتەوە. برینداری کردووم و ئەبێ برینداری بکەم! بڕۆ پێی بڵێ شیری دایکم لێم حەرام بێ ئەگەر تۆڵەی لێ نەکەمەوە! پێی بڵێ ئەم ڕێوی بازییە دادی نادا. نەء! من پیاوی ئاشتکردنەوە لەگەڵ ئەو نیم. نامەوێ سەر شۆڕییەکەم دووقات بکەم. نامەوێ!

ستار وتی:

ــ ئەو هەوایە لە سەرت دەرکە پیاو! بۆ کەللەڕەقی ئەکەی؟ ئاخر تۆ چ قرەیەکت لەگەڵ ئەو هەیە؟ ئەو چ دووژمنیەکی لەگەڵ

تۆ هەیە؟ ئەم دیوارانە سینەتان ئەگووشن، هەناسەتان ئازاد نییە. بۆیەشە بە دوای بیانوودا ئەگەڕێن، دڵی پڕتان بەتاڵ بکەنەوە. ئەم شەڕانە چ سوودێکی بۆ تۆ یان ئەو هەیە؟ بەو شەڕکردنە بەس یەکدی لاواز ئەکەن. ئەمکارە بە زیانی هەردووکتانە. من لەگەڵ ئەویش قسەم کردووە. بۆ هەردووکتان باشترە دەست لەم شەڕە هەڵبگرن و یەکدی ماچ بکەن. ئەگینا دوژمنەکانتان بە خوت و خۆڕایی شاد ئەکەن. ئاخر ئێوە چ ئاو و زەوییەک، چ کاروانە وشترێکتان لە ناو ماڵی یەکدیدا لێ ون بووە؟

ـ تۆ نازانی، تۆ تێناگەی. ئەم کابرایە ژنەکەمی دزیوە! تێئەگەی ئەمە واتای چیە؟!

ستار، دیسانەوەش دانەما و وتی:

ـ پێت ناخۆش نەبێ ئەگەر وا ئەڵێم! ئەو ژنەی کە تۆی بەجێ هێشتووە و چووە بۆ لای ئەو، ئەوە باشتر، کە ئەو کارەی زووتر کردووە. ئەو ڕێگەی خۆی هەڵبژاردووە و تۆش بە ڕێگەی خۆتدا ئەڕۆی. جگە لەمەش ژن تۆوی دووبەرەکیە. نابێ خۆت بکەی بە بەرد لە سەر سەهۆڵی ژن! حەیف نییە؟ ئەویش لەم خول و کاتەدا؟ لە دەرەوەی زیندان زۆر شت لە ئارادایە. جووتیارەکان لە پاش سەدان ساڵ لە بەرامبەر ئاغەکانیاندا ڕاست ئەبنەوە. بەڵام ئێوە، هەردووکتان، لە سەر ژنێک هەموو شتێکتان لە بیر کردووە؟! چاوی خۆتان بەستووە و گوێتان ئاخنیووە. نە هیچ ئەبینن و نە هیچ ئەبیسن. بیبڕنەوە ئیتر. ئەم ڕۆژانە خەڵکی بە دوای مافێکی گەورەترەوەن. ئەو کاتە ئێوە... ڕازی ببە، دڵت ڕازی بکە با بچین و ئاشت ببنەوە. هەڵسە. ئەویش حەز ئەکا لەگەڵ تۆ ئاشت ببێتەوە. هەڵسە دەی!

دلاوەر سەیری ستاری کرد و وتی:

ـ زمانێکی چەور و نەرمت هەیە، هەڤاڵ. کێ هانی داوی بێی من خاو بکەیتەوە؟

ستار وتی:

ــ ئەگەر مەبەستت گوڵمحەمەدە، ئەو منی نەناردووە. من خۆم هاتووم، بڕوا ئەکەی یان نایکەی خۆت ئەزانی. بەڵام... من ئەمەوێ شتێک لە تۆ بپرسم.

ــ چی بێت ئەو شتە؟

ــ بەڵێنم پێ ئەدەی ڕاستگۆیانە وەڵامم بدەیتەوە؟

ــ بپرسە، جارێ!

ستار، پرسیاری کرد:

ــ تۆ لەگەڵ گوڵمحەمەد دوژمنی؟

دلاوەر، وەڵامی نەدایەوە. ستار. وتی:

ــ دوژمنی، یان ئەتەوێ خۆت بە دوژمنی پیشان بدەی؟ ڕاستەکەی، کەوتوویتەتە ناو ڕووەدەربایسی. ئەزانی ئەڵێم چی؟ جاری وا هەیە ئادەمیزاد بەر لەوەی گوێ لە دڵی خۆی ڕابگرێ، چاو لە دەمی ئەم و ئەو ئەکات. جا بۆیە لە تۆ ئەپرسم، دوژمنایەتی تۆ لەگەڵ گوڵمحەمەد، لە بەر چاو و دەمی خەڵکەکەی دەوروبەرت نییە؟

ستار چاوەڕێی وەڵامی نەکرد. هەڵسا و گوتی

ــ من ئەڕۆم. تۆیش ئیتر خۆت ئەزانی!

دلاوەر هەروا لکابوو بە سووچی دیوارەکەوە، ملی چەقاندبوویە ناو شانی و بە چاوی ـئەتوت ئەبڵەقەوەـ سەیری ڕۆیشتنی کابرای پینەچی ئەکرد:

«بۆ کوێ ئەچێ؟ ڕەنگە بۆ لای گوڵمحەمەد. چی بەو ئەڵێ؟ نازانم. من نازانم ئەم پینەچییە لەم ناوەدا چی ئەوێ؟ ئەو خۆ خەڵکی ئەم مەڵبەندە نییە. قازانج و زەرەیشی نییە. ئەی چی ئەوێ؟ ئەبێ چی تیا بێ بۆ ئەو؟ پیاوی بار و هەمار نییە. ڕیشی لە گرێوی گوڵمحەمەددا نییە. باشە بۆ بەم خەیاڵانە خەریکم مێشکی خۆم ئەبەم؟ هەر کەس هەرچی ئەکا و هەر حەسێب و کتێبێکی هەیە با هەیبێ، بە قیروسیا!»

زیندانیەکان، وردە وردە لە خەو ڕائەبوون و تاک و تەرا ئەهاتن

بۆ حەوشە لە بەر حەوزەکە شپلێک ئاو بدەن بە سەروچاویاندا و لە هەوای ئازاددا باوێشکێک بدەن و خۆیان بۆ چای ئێوارە -کە تام و بۆنی چای خستەخانەی هەبوو- ئامادە بکەن. دلاوەریش هەڵسا و چوو بۆ لای حەوزەکە، دەموچاوی شۆرد و بە بێ ئەوەی سەیری کەس بکات خزایە ژوورەوە و خۆی لە چاوان ونکرد. حەزی نەئەکرد کەس بیبینێ. عارەقەی شەرم هێشتاش بە لەشیەوە بوو. هەستی ئەکرد گۆزەیەکی درزدارە کە هەموو ساتێک بۆی هەیە لێک ببێتەوە. بۆیەش بوو خۆی لەتەوس و تەشەر و نیگای ملۆزم، لە ئازاری هەموو وردە بەردێک ئەدزیەوە. بەڵام نەی ئەزانی بۆ کوێ بچێ و چی بکات؟ لە هیچ شوێنێک ئاسوودە نەبوو. نیگاکان -رەنگە- نەیان ئەگەست. بەڵام خەیاڵی ڕەنگە ڕاستی لەگەڵ نەئەکرد. چونکە پڕبوون لە بزەی تەوساوی، تەشەر، توانج و دڵ پێسووتان. ڕوخسارە جیاجیاکان لە خەیاڵی دلاوەردا، تێکەڵ ئەبوون؛ ئەم لەو و ئەو لەم وەرئەگەڕایەوە، ئەکەوتنە سەر یەک، ئەبوون بە یەک، جیا ئەبوونەوە، ئەبوون بە دوو، ئەبوون بە چوار، ئەبوون بە چل. لێک هەڵئەبڕان. بیچم و قەڵافەتیان تێک ئەچوو، شەمەل، عەبدۆس، ستار. لە بەر دەرگای ژوورەکەی شەمەل، چل سەری بێ ناونیشان. پاشان، وەردیان و پاشتر زێی شەرم.

دانیشت. چەمایەوە و دانیشت. ئەتوت، قاچی ئازاری هەیە. ئەژنۆی تۆخی چووبوو. لاکەلەکەی لە دیوارەکە خشابوو و داماڵرابوو. هاو سفرەکان هاتن. چایان هێنا. چایان خوارد. باسی زۆران نەهاتە پێشەوە، گفتوگۆکان کرابوون، گفتوگۆی تریش نەکرا. جۆرێک خامۆشی خۆی داسەپاندبوو. ڕەنگە لە بەر ئەوەی دڵی دلاوەری جەوان نەشکێ؟! یان، لەوە زیاتر نەشکێ. بەڵام ئەمە، خۆی خراپتر. ئەوەندەی کە هەست بکەی ئەوانیتر دڵیان بۆت ئەسووتێ، ئەوەندەی هەست بکەی وات لێهاتووە بە پڵتۆکێک ئەشکێی و خەڵکی ئاگایان لێتە، کرمی سووکایەتی دەروونت ئەخوات. ئیتر لە بیرت ئەچێتەوە لە بەرامبەر ئەو سەرکزییەدا

چۆن خۆت بپارێزی. ئەو ئازارە گێژت ئەکا. وات لێدێ ئەوەی بۆت ماوەتەوە بیدۆڕێنی. جنێوت پێنادەن، تا تۆیش بە جنێوێک داخی دڵت برژێنی. سووکایەتیت پێ ناکەن، تا تۆیش وەڵامیان بدەیتەوە. شەپڵاخەت لێ نادەن تا هەست بە ئازار بکەی. کە هەستکردن بە ئازار خۆی جۆرێک ڕزگاربوونە. بەڵام بەو جۆرەی کە دەردی سووکایەتی لە ناختدا ئاخنراوە، ئەنجامەکەی خەفەخانی دەروو لێداخراوی گیانە و ئەمە، دژوارترین تەنگانەی گیانی پیاوە.

نەء! ناتوانێ خۆی لە بەرامبەر ئەو خامۆشیەدا ڕابگرێ. بە ئاشکرا دیاربوو بابەتی بیرکردنەوەی یەک بە یەکەکی مرۆڤەکانی دەوروبەری، ئەوە. چۆن تاوی بهێنایەت؟ بەڵام، ئەی چارە چییە؟ هەڵاتن، هەڵاتن!

هەڵسان و چوون بۆ حەوشە. شان بە شان، ستار و گوڵمحەمەد لە سێبەری بن دیوارەکە پیاسەیان ئەکرد. لە ژێر تاقی بەر هەیوانەکە، شەمەل خان، بە ژێر کراس و ژێرشەرواڵێکی ڕێڕێوە وەستابوو و دەستە قەڵەو و سپیەکانی خستبوویە سەر بازووە ساف و قەڵەوەکەی. چاڵی تەختی ناوشان و سەرشان و بەلەکی شەمەل خان، بە کوڵکەی نەرم و بۆر داپۆشرابوو و لە بەر خۆری دوای نیوەڕۆ، زەردتر ئەینواند.

شەمەل خان، لە کاتێکا چاوە شینەکانی بڕیبوویە گوڵمحەمەد لە ستاری پرسی:

ــ هێشتاش نەهاتۆتەوە سەرخۆ؟

ستار، لە وەڵامی شەمەلدا بێدەنگ بوو. گوڵمحەمەد بە بێ ئەوەی سەیری کوڕی مەشتی یاخووت بکات، لە پلیکانەکان سەرکەوت و خۆی کرد بە ژووردا. ستار لەگەڵ گوڵمحەمەد نەرۆیشت و هەروا لەبەرامبەر نیگای پرسێنەری شەمەلدا وەستا. شەمەل پرسی:

ــ توانیت ڕێکیان بخەیتەوە؟

ستار وتی:

ــ نەء. نە هێشتا!

شەمەل، وتی:

ــ ئەم خێڵاتیانە کەللەڕەق و یەکدەندەن. خووی پاتاڵیان هەیە. بەڵام هەر چۆن بووە ئەبێ ئاشتیان بکەینەوە. لێرە دەست و پێمان گیراوە. شوێنی شەڕ نییە. هەر چۆن بووە ڕازییان بکە ئاشت بکەنەوە.

ستار وتی:

ــ گوڵمحەمەد حەز ئەکا. بەڵام دلاوەر کەوتووە بە ڕەقا و مل با ئەدا.

دلاوەر، ڕووی لە نیگای شەمەل وەرگیرا و ویستی جارێکیتر خۆی ون بکات. بەڵام هۆدەکە قەرەباڵخ بوو. زیندانیەکان بە تاک و کۆمەڵ دانیشتوون. لە سەر عەرزەکە هێڵیان کێشابوو و بە دەنکە خورما، لوبیا، نۆک و زیخ خەریکی ڕیزێن و نۆڕیسکان و دامە و کەلاتی نادری[٢] بوون. بێکارەکانیش، دەستە دەستە بە سەر سەری یاریزانەکانەوە وەستابوو، خۆیان پێڕانەئەگیرا و خۆیان تێهەڵئەقورتاند.

دلاوەر، کشایەوە. چونکە لە حەوشەش نەی ئەویست بوەستێ. وردە وردە خۆر لە حەوشە ئەکشایەوە و لەم کاتەدا، گەر هەموو، وەکوو مێرووولەی ئاو کرابێتە هێلانەکەیان لە کون ئەهاتنە دەرەوە و لە ناو حەوشە بڵاو ئەبوونەوە، دلاوەر، وای بە باش زانی لە دالان تێپەڕێ و بچێتەوە بۆ هۆدەکە.

لای سەرەوەی ژوورەکە چۆڵتر بوو. هەندێ لە جووتیارەکان بە دەور یەکەوە دانیشتبوون و سەبیلەیان ئەکێشا و دەمەتەقێیان بوو. دلاوەر، لە سووچێکەوە دانیشت و کڵاوەکەی هێنایە سەر برۆی. وتووێژی جووتیارەکان -کە زۆربەیان تەمەن ناونجی بوون- بەر گوێی ئەکەوت. بەڵام گوێی لێ نەئەگرتن. وشەکان لای دلاوەر لە بڵق ئەچوون و لەپەسا ئەتەقین و بڵاو ئەبوونەوە. دلاوەر، بەس

٢ ـ جۆرە یاریەکە وەکوو شەترەنج بەڵام ساکارتر.

تەقینی بڵقەکانی ئەبینی:

«بلا هەر کەس سەری بە کاری خۆیەوە خەریک بێ!»

دلاوەر تا ئێستەش تەنها شتێکە بیری لێ ئەکردەوە گوڵمحەمەد بوو. هەستی ئەکرد بە خەنجەری گوڵمحەمەد دڵی هەڵدڕاوە. چی بکات؟ بەڵام بیری ئەو لە سەر ڕێگەیەک ساخ نابێتەوە! جگە لە گوشار و ئازار و سەرشۆڕی و قین کە خۆیان لە ئەشکەنجەی سووکایەتیەوە ئەڕوێن، شتێک لە دەروونیدا کلکی ئەبزواند. شتێک لە بنی ناخی دلاوەردا کلکەفرتێی بوو.

چیبوو ئەم شتە؟

هەستێکی نامۆ! شتێک وەکوو چەکەرەی گیایەکی تازە کە هەوڵی ئەدا سەر لە خاک دەربهێنێ. ئەویش، حەزی دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنی سەرکەوتوو بوو! ئەم چەکەرەیە، خاک، ناخی ئەوی ختووکە ئەدا. ئەیەوێ قەد بکێشێ، خۆی دەربخات. ئەم چرۆ زۆڵەزایە کە ڕیشەی لە ناو ڕق و قین دایە، هەمیشە حەز ئەکات بەرەو ئاشتی بڕوات. ئەیەوێ ڕێ بۆ ئاشتی بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە لە خاکی نەفرەت ئەڕوێ، بەڵام لە پێکەنینی ژنێک ئەچێ. هەڵپەیەتی. کاریگەریەکی توند و تیژی هەیە. بە ڕادەیەک کە شکست خواردوو، لەپڕ هەست ئەکات حەزی لێیە دوژمنی سەرکەوتووی شێتانە لە ئامێز بگرێت و سەر و چاوی ماچ باران بکات. حەز ئەکات دڵخوازترین قسە، بە سۆزترین وشەی پێشکەش بکات. ئارەزوومەندی خزمەتێکە. کارێکی گرنگ و بەبایەخی بۆ ئەنجام بدات. حەز ئەکات دەسبەجێ بەنرخترین شتەکانی خۆی بەو ببەخشێ. ئەم هەستە، یەکێک لە بەچێژترین و لە هەمانکاتدا مەترسیدارترین هەستەکانی مرۆڤە. بۆی هەیە لە هەمان کاتدا کە ئادەمیزاد ئەگەیەنێت بە ئەوپەڕی گەشەی دەروونی، بیشی ڕووخێنێ. زەلیلی بکات. بە هەمان ڕادەی پێکەنینێک، فریودەر و مەترسیداریشە، ئەم هەستە! خۆ لێ لادانیش، نالوێ. مەگەر ئەوەی کە زۆر گیانسەخت بێ. گیانێکی

پۆلاینت هەبێ. سەرهەڵدانی لەپری ئەو هەستە، ساتێکی وەها دڵخواز لە بەردەمتدا خۆی ڕائەخات کە خۆ لێ لادانی زۆر دژوارە. ساتێکی پڕ لە ئاسایش. ئاسایش فریوت ئەدا. ئەتدزێت. ئەتکا بە عاشقی دوژمنەکەت. بە ڕادەیەک کە خۆ بەختکردن ئەبێ بە بەهێزترین هەست. ئەتەوێ خۆت نەبیت، بەڵام دوژمنەکەت، دڵبەرەکەت لێت ڕازی بێ. ئەڵێی ئەو ستەمە، ئەو سووکایەتیەی بە تۆی ڕەوا بینیووە، ئەتەوێ بە میهر و سۆزی تەواوەتی وەڵام بدەیتەوە!

بەڵام بۆچی و لە چییەوە ئەم هەستە لە تۆدا ئەڕوێ؟ نە لە بەر ئەوەیە کە لە پەنایەکی هێمن ئەگەڕێی؟ نە لە بەر ئەوەیە کە پێش تیاچوونی تەواوەتی خۆت ڕزگار بکەی؟ نە لە بەر ئەوەیە کە بۆ پاراستنی خۆت ئەتەوێ داماوێک بە بەهێزێکەوە موتوربە بکەی؟ تۆ کە بە دەستی ئەو تێکشکاوی. ئەوە نییە کە ئەتەوێ بە دەستی ئەو -کە لەناخی خۆتدا بڕوات بە بەهێزی ئەو هەیە- هەڵسیتەوە؟ ئەمە، خۆ بە دەستەوەدان نییە؟ ئەم خۆ بە دەستەوەدانە ئایە ئاشتکردنەوەی خود لەگەڵ خود نییە؟

هەر چۆن و بەهەر هۆیەک، کاتێکە ئەم هەستە نامۆیە، ئەم خۆرکەیە لە گیانی مرۆڤدا چەکەرەی کرد، بە دژوارییی ئەتوانێ ڕێی لێبگرێ. زۆر بە دژواری. ئەوسایە کە شەڕی تۆ لەگەڵ «ئەو» دەست پێ ئەکا. شەڕی تۆ لەگەڵ «ئەو»! شەڕ لەگەڵ خۆت -تۆ- ئەو شتەی کە -هەبوویت- ئەتەوێ یەکپارچە و یەک تەختە ڕق و تووڕەیی بی. بەڵام ئەو -ئەو شتەی کە هەیە- ئەیەوێ کە تۆ یەکپارچە و یەک تەختە سۆز و بەخشندەیی بی. تۆ بوویت بە دووان، دووگیان و لە هەمان کاتدا یەکی، یەک تەن، یەک گیانی. ئەوسا ململانێ و ئەم ململانێیە شەوان و ڕۆژان لە تۆدا پاتە ئەبێتەوە.

دلاوەر بەڵام ڕێگەی بە گەشەکردنی ئەم چرۆ مڵۆزمە نەئەدا و دەرفەتی پێ نەئەدا و بە خەنجەری دووژمنی، لە پەسا ئەیبڕی،

لێی ئەکردەوە، درەوی ئەکرد.

ئەم خوازە -ئەم حەزە سۆزاوییە- لەو ڕووەوە لە ناخی دلاوەردا چەکەرەی کرد و سەری هەڵدا کە گوڵمحەمەد لە بەر چاوی ئەودا لە پلیکانەکانەوە بۆ هەیوان و لە هەیوانەوە چووە ژوورەوە. کە خامۆش و مل بە کوێن، بە شەرمێک لە ناوچەوانی‌دا بە هێوری بە بەردەمی‌دا تێپەڕی و ڕۆیشت. هیچ نیشانەیەکی خۆ بەزلزانی لە گوڵمحەمەددا نەبوو. یان دلاوەر ئەیویست وای ببینێ...

کاتێکە تۆ لەگەڵ خەنیمێک لە ململانێ دای. هەموو هەڵسوکەوت و دارەتێکی چەمک وەرئەگرێ. چەمکی تایبەت، جۆراوجۆر. چەمکی هەر دارەت و جووڵەیەکیش بەستراوە بەو شوێن و کاتەوە کە تۆ لە ململانێ‌کەدا هەتە. لای سەرەوە وەستابێتی، مل بەکوێنی خەنیم بە ترس و کڕنۆشی ئەو دائەنێی. لای خوارەوە بی، خاکەڕایی خەنیم، بە گەورەیی و خۆ بەزل نەزانێ ئەو لێک ئەدەیتەوە. لە ڕیزی ئەو دابێ. هەموو کار و کردارێکی ئەو بەترس و دڕدۆنگی و خۆ بەزلزانیەوە سەیر ئەکەی. جا ئەو کێ بێ و تۆ کێ بی؟! ئەگەر تۆ دلاوەری، کە وا بوو تەنهایت و ماندووی و بریندار و بێ پەنایت و لە عەرز دراویت و یەخسیری و جگە لە با، هیچت بە دەستەوە نییە.

واتە ئەی دلاوەر! هەرچەند سینەت ئاخنراوە، بەڵام لە کزی دای!

تۆیش ئەگەر گوڵمحەمەدی، کە وا بوو کارەکەت، تاوان و تووش بوونەکەت چەمک و واتایەکی ڕاستەقینە و بەرجەستەی پێ بەخشیوی، هەرچەند سینەت پڕە لە غەم. هەرچەند خۆفی مەرگ ئەتلەرزێنێ. هەرچەند ساتەکانت هیوای بەردەوامییان نییە. هەرچەند لە ناو خۆتدای و لەخۆتدا گرمۆڵە بوویت، بەڵام سەرفەرازی. چونکە ئەوە تۆ نیت کە خۆت لە قەبارە ئەدەیت، ئەوە کار و کرداری تۆیە کە نیشانەت ئەکات. نیشانەت لێ‌ئەدا.

خەڵکی لە ڕوانگەی کار و کردارتەوە، سەیرت ئەکەن، هەرچەند لە هیچ پیاوێکی‌تری خوراسانی سەرفرازتر نەبی. هەرچەند لە ڕۆژێکدا لە ڕستەیەک زیاتر نەڵێی. هەرچەند لە شەرمی خۆتدا، عارەقە لە ناوچەوانت بنیشێ. تۆ بەو کارەی کە کردووتە یان بەو شاکارەی کە لێت داوە، بە دلێری بە ناو و ناوبانگی. لە چاوی ئەم و ئەودا تۆ پیاوانە داکۆکیت لە ئابڕو و کەوشەنی خۆت کردووە. بۆیە نەک هەر لە زیندان، لەمەودوا بە هەر لایەکدا ڕابری، چاو و نیگا بۆ لای تۆیە. پێت خۆش بێ یان پێت ناخۆش بێ، ناتوانی خۆت لە نیگای دوژمن و دۆست بشاریەوە. ناتوانی دەست باوێژییە سازەی مێشکی خەڵک. ناتوانی خۆت لە سەر تەختی خەیاڵی خەڵکی دابگری. مەگەر ئەوەی کە کار و کرداریکی تازە، کردارێکی بە مەبەست لە تۆ ڕووبدات و لەو تەختە داتبگرێ. بۆیە، سینەی دیوار ئامێزی بۆ شانەکانی تۆ کردۆتەوە و گوللەیەکی گەرم -بەو جۆرەی کە تۆ ئارەزووت کردووە- نیشانەی لە دڵت گرتووە، بەڵام هێشتایش هەر لە سەر سەکۆی بڵیند ڕاوەستاوی. تۆ، گوڵمحەمەدی! بۆیەشە دلاوەر خۆی لە خوار دەستی تۆوە ئەبینێتەوە. بۆیەشە خامۆشی دڵگیری تۆ، بە گەورەیی و خاکەڕایی تۆ، لێک ئەداتەوە. تۆ بە نرخی گیانی خۆت، ئەو جێگە بەرزەت بۆ خۆت کڕیوە؛ گوڵمحەمەد!

ستار پرسی:

ـ دەی، تفەنگەکانت چی لێکرد؟

گوڵمحەمەد سەیری کرد و وتی:

ـ مسۆگەر فرێم نەداون! دەی، چارەیەکت بۆ دۆزیمەوە؟

ستار سەیرێکی دەرەوەی کرد و وتی:

ـ خەریکم بیری لێ ئەکەمەوە! جارێ ئەبێ ئەم دڕکەی بەر پێت لابەرین.

ـ کێ؟ دلاوەر؟

ـ ئەیچۆن... دلاوەر!

گوڵمحەمەد چەند ساتێکی قورس بێدەنگ بوو، پاشان پرسی:

ــ ئەمەوێ شتێکت لێ بپرسم. حەزیش ئەکەم مەرد و مەردانە وەڵامم بدەیتەوە!

ستار بە پێکەنینێکی گوماناوییەوە وتی:

ــ ئەتەوێ چیم لێ بپرسی؟!

ــ من چیم بۆ تۆ کردووە، چ کارێکی خێرم دەرهەق بە تۆ کردووە کە لە هەرشوێنێک کە بۆت بلوێ، یارمەتی من ئەدەی؟

ستار بە گاڵتەوە وتی:

ــ جارێ خۆ هێشتا نەمتوانیوە یارمەتیت بدەم!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ ئەزانم نەتتوانیوە، بەڵام هەمیشە دەسبەکار و ئامادەی، یارمەتیم بدەی!

ستار، خەریک بوو بۆ وەڵام دابمێنێ؛ بەڵام شتێک -هەرچەند زۆر بەهێزیش نەبوو- هات بە مێشکیدا. جا وتی:

ــ من نان و نمەکی ئێوەم خواردووە. دایکی تۆ، نانی سفرەی خۆی داوە بە من. مرۆڤ ئەبێ نمەکی لەبەرچاو بێ. بۆ دانەوەی ئەو قەرزە، چ کاتێک لە ئێستە باشترە؟ وانییە؟ تۆ تووش بوویت و ئەبێ هاوکاریت بکرێ. جگە لەمەیە؟

گوڵمحەمەد، وتی:

ــ لە لێکۆڵینەوەکاندا، بۆ شوێنی منت پیشان نەدان؟ تۆ خۆ دڵنیابووی کە من ئەو تاوانەم کردووە. من خۆم دڵنیابووم تۆ ئەتزانی من ئەو کارەم کردووە. هەمان شەو کە عەلی ئەشکین هاتبوو بۆ ڕەوەند بە دوای مندا، تۆ منت بینی. ئەتزانی من ڕام کردووە و خۆم ئەشارمەوە. هەمان شەو لە چاوەکانتەوە ئەوەم زانی. ئەی بۆچی دوو وشە شایەتیت نەدا و خۆت لەم کێشەیە ڕزگار نەکرد کە تێی کەوتووی؟

ــ ترسام. لە تۆ ترسام!

ـ گاڵتەمان نەبوو! ڕاستەکەیم پێ بڵێ.

ـ تۆ قەت حەزت کردووە بەرانێکی بەوەج لەگەڵ کاژیلەیەکی دەم هەراش بخەیتە تای تەرازوویەکەوە؟

ـ ئەوە شتێکی ڕوونە کە نەمویستوە!

ـ ئەی چۆن حەز ئەکەی من خۆم لەگەڵ تۆ بەراورد بکەم؟! من لە بەرامبەر تۆدا لە کاژیلەیەکی دەم هەراش زیاتر نیم! ئەم کاژیلە لەڕە دۆنگ و چەوری بۆ ئەوان نییە. هەر فڕێی ئەدەنە دەرەوە. بەڵام ئەگەر تۆ بە بۆنەی دەمدرێژی منەوە تووش ببوایەتی، ئاخ... باشە تۆ بۆ باش تاوتوێی ناکەی؟ بۆ ورد و درشتی بەراورد ناکەی؟ ها؟!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ خۆت لە لای من بەکەم پیشان ئەدەی، تۆ! بەڵام هەر کارێک حەسێبی خۆی هەیە. تۆ خۆ برای من نەبووی، نیت! لەگەڵ من خزم و کەس نیت! هیچکارەی من نیت! بێگانەی، بێگانە!

ستار وتی:

ـ هەموو براکان خۆ نابێ هەر لە دایکێک کەوتبێتنەوە!

نەء! سەرەڕای ئەمەش. نا! گوڵمحەمەد هێشتاش دوودڵ بوو. لە کاتێکا خوێن لە ناوچەوانیدا ئەگەڕا، خامۆش بوو و سەری داخست. ستار، گوشاری دڕدۆنگی لە سەر پێستی عارەقکردووی تەوێڵی گوڵمحەمەد ئەبینی. بە ڕوونی ئەوەشی ئەزانی کە گوڵمحەمەد، ئەو پیاوەی کە خووی بنەماڵە و هۆز هێشتاش تێیدا بەهێز بوو، هێشتا بڕوای بە ئەو -ستار- نەکردووە. چ بگات بەوەی بە ڕێکوپێکی هەڵیبژێرێ!

شەمەل، هاتە ژوورەوە و پەیکەری قورس و تۆکمەی هاوێشتە سەر دۆشەکەکە و بە گلییەوە وتی:

ـ ڕۆژیش درێژ بووە! ڕۆژ بە ڕۆژیش خەریکە گەرمتر ئەبێ!

بە ڕاستیش، ڕۆژ چەند درێژ بوو؟ ئەتوت نایەوێ تەواو ببێ. کاژێر، خولەک، چرکە وەکوو گۆشتی کۆنبووی گا، قورس

و تەپیوون. خۆر لە هەڵاتنەوە تا داچوون، ئەڵێی بە کشاوترین تەوەری خۆیدا تێپەڕ ئەبێ. بێکارەکان لە ژوورەوە ماندوو و بێواز باوێشکیان ئەدا. بەڵام ئێوارە دواکەوتووە. شەو نایەت. گریمان هات! بەیانی وا لەڕێیە! تەنها سەبر یان بێخەیاڵی ئەتوانێ بە سەر شەوان و ڕۆژانی بێمانا، بە سەر بێوازی بەردەوامدا زاڵ ببێ. یاری سەرگەرمی، ڕیزێن بوو، دامەبوو و یاری کەڵاتی نادری. هەندێ جاریش قومار کە بەچاودێری شەمەل بەڕێوە ئەچوو. لە قومار کەمتر، تریاک بوو. کە ئەویش لە ژێر چاودێری شەمەل خان و لە هەندێ شەوی تایبەتیدا، بە نهێنی ئەکێشرا. سەرەڕای ئەمانەش ئەو هەمووە بیست و چوار کاژێر، بیست و چوار کاژێرە بە چی پڕ بکرێتەوە؟ کۆنەکارترین دامە بازەکان لە یەک دوو کاژێر زیاتر ناتوانن خۆیانی پێوە بخلافێنن. دوای ئەوە چی؟ خەو، ڕەنگە! بەڵام چەنێک خەو؟ پەرێشانی و نیگەرانی، ڕەنگە؟ بەڵام چەنێک؟ خۆ کەس خەیاڵی نییە شێت ببێت! پاشان! گاڵتە و گەپ و قۆشمەیی، ئەگەر تاقەتیان هەبوایە. پاشان، وتووێژی جیدی، ئەگەر نەبڕایەت و ئەنجامەکەی بەشەڕ و قرە کۆتای نەهاتبایەت. دیسانەوە. خەو. پاشان خەو و خەیاڵی بە ئازار. خەیاڵی ڕابردوو، داهاتوو، زەوی، ژن، جووت، دووکان، تۆو، قەرز، مەڕ، نەخۆشی، لێکۆڵینەوە، خولی زیندان، کات، نان، مناڵ، کار، وەرز، ماڵ، خەون! دیسانەوەش دەستی بێکار، لەشی تەمەڵ. خۆکێشانەوە. کاردانەوەی ناکات، نابەجێ. شەڕەجنێو. ڕوخساری زەرد. دەم پیسی. قاپ شۆردن. سفرە ڕاخستن. چا و سەبیلە!

«ئەو ئاگرەتم بەرێ!»

دیسانەوە شەو! دیسانەوە، ڕۆژ! دیسان ڕۆژی درێژ و تەمەڵ و قورس. باوێشک. سستی. بێهوودەیی. زەوی بێ پیاو. پیاوی بێ زەوی، بێ کار. دەستەکان سست. چاوەکان کز، بێ سۆما. قاچەکان بێواز. ڕێگە، بە خەسار. قسە، بۆ حەوا.

«مێشکت خواردم، قاپووز!»

دیسان، شەو! شەو، هەر چۆن بێ باشترە. خەو بۆ چەن کاتێک ئەترفێنێ. خەوە ئیتر. لە هەر کوێ بێ، هەر کەس بێ. خەونی ماڵەوەش، ڕەنگە تێکەڵی ببێ. یادی ساتێکی خۆش کە ئەیەوێ خۆی ون بکات و تۆ هەوڵ ئەدەی بە هەر دوو دەست ڕایبگرێ. یادی بزەیەک. یادی وتەیەکی خۆش. برایەکی دڵسۆزت هەبووە، ڕەنگە. خۆشکێک، بەڵکوو. ژنەکەشت، زۆر نەگونجاو نەبووە و، کچەکەت؟ ئەویش ئەگەر داوات لێ بکردایەت، پشتێکی بۆ ئەشێلای. بیرکردنەوە لە گەوجیەتیەکانی کوڕەکەشت هەر خۆشە. جەوانە ئیتر. کەللەی هەوای تیایە. گمیزی کەفی کردووە. تا ئەچیتە دەرەوە ئەبێ دەستی کچی بابایەک بدەی بە دەستیەوە.

«ئەی... لەو چاوپێکەوتنە نیوەچڵە!»

دیسان، شەو! بە پێشوازی شەوەوە ئەچی. بۆشایی نامۆی ئێوارە تێئەپەڕێ. خامۆشی بێ هۆ. ئاسمان لە سەروو چوار دیوارەکەوە تەنگ ئەبێتەوە. تەنگتر. دێتەوە یەک. دیوارەکان ئەڵێی سەر لێک ئەنێن. چەن ئەستێرەی سەرەڕۆ چرۆ ئەکەن. خۆڵەمێشی، تاریک ئەبێ. شەو دێ. دادێ. شەو لە هەموو لایەک دادێ. سێبەرە ڕەشەکان ئەڕژێتە ناو حەوشە.

«خەو... خەو!»

شێو و گەپ، تەواو بووە. گاڵتە و شۆخی ون بووە. ڕابواردن بە کابرای ئەفغانیش چارەسازی دەرد نەبووە. سفرە کۆکراوەتەوە. شەو داهاتووە و زار ئاواڵە، هەموو قووت ئەدات. پێ لە ناو گەرووی شەو. پێ لە ناو شەو. هەر کامە، باڵنجێک و پێخەفێک. هەر دەمێک، قسەیەک و باوێشکێک. جێگەکان، لای یەکەوە. لە نزیک یەکەوە. لە پاڵ یەکەوە. ڕێچکە ڕێیەک لە نێوان ڕیزی خەوتواندا. هەر کەس، لە سەر جێگەی شەوی پێشوو. بەلووچی ئەفغان، لە بەر پلیکانی ئاودەسدا. قسە، بێ قسە! ئارام ئەبن، زۆری پێ ناچێ ئارام ئەبن. پچەپچی بەر لە خەوتن، ئەبڕێ. دائەمرێتەوە.

«بخەوە! بخەوە برام. شەو زۆری لێ بە سەر چووە!»

شەو سینەی دائەدا بە سەر خەوتووەکاندا. نەرمەناسە و پرخەی خەو ناو هۆدەکەی پڕکردووە.

خامۆش، خەو. دەنگ، بێ دەنگ!

«هەمووان، ئایە خەوتوون؟»

نەء! چاوێک کراوەیە، هەندێ چاو کراوەن. دڵێک بێ ئارامە. کۆترێک خۆی بەدیواری قەفەسدا ئەدا. فڕینێکی شکاو. دلاوەر ئارامی نییە. ناتوانێ ئوقرە بگرێ. شەو بە ئاسمان و ئاسمان بە کەلیدەرەوە پەیوەند ئەدات. ماراڵ لە بەر چاویدا لەنجە ئەکا. تەنها کەلیدەر و ماراڵ. تەنها ماراڵە لە سەر بەستێنی سەوزەڵانی مێرگەکە. مارێک بە سەر سەوزەڵانیدا ئەخوشێ. مار هەڵدێ. شتێکی بێ فەرجام، کارێکی بێ ئاکام!

«بلا با ون بێت! ئەسپێکی کەحێل بوایە، سواری بە هەموو کەس نەئەدا!»

دلاوەر لێو ئەکرۆژێ. تل ئەدا. خەو، بێگانەیە. دڕکێک لەبری هەر تاڵە برژانگێک. پێڵوو، کەوشەنی دڕکەزی. ددان کپی سەر ددان. چفت. هەناسە قورس. ئازار، خۆزگە ئازاری لەش بوایەت! نا، تەن تەندروستە. گیان ئەسووتێ. لە ناو ئاگرە، دلاوەر، بڵێسەی ئاگر، لەپەسا ئەیگەزێ. ورووژاوە، دەستەکانی هەوڵئەدەن بەرزی کەنەوە، شەیتان چووەتە بن کلێشەی. ئوقرە ناگرێ. ئارامی نییە، نیازێکی ڕەش لە ناو مێشکیدا ئەسووڕێتەوە، مەلێکی ڕەش. ئەم باڵندەیە ناتوانێ لە بن ئەو گومەزە دەربکات. باڵندە ئەخولێتەوە. ئەسووڕێتەوە و باڵ لە دیوار ئەکوتێ. باڵندە ئوقرەی نییە. دلاوەر ئوقرەی نییە. بێ ئوقرەیی ئەیکوژێ. قەقنەسی سەر ئاگرە، چۆن ئارام بگرێ؟ تۆزێ بەرزەوە بوو. پرخەی شەمەل خان بەرزەوە ببوو. گوڵمحەمەد و ستار لە بن دیوارەکە، لە سەر جێگای خۆیان خەوتبوون. دلاوەر ددانی لە چیرەوە ئەهێنا:

«ئەم پینەچییە ملۆزمە بۆچی لەم کابرا سەگبازە جیا نابێتەوە؟!»

هەڵسا:

«شەڕ لە لایەک و شیوەن لە لایەک! با هەر بڵێن ئەو کارە پیاوانە نەبوو! من با ئەو بنێرم بۆ جەهەننەم، ئەوسا بە جەهەننەمی سیا. بەڵام چی بکەم؟ بەردێک، خشتێک، دارێک، چەقۆیەک خۆ نییە! بەس دەستم هەن. دەستی بەتاڵ. پەنجەکانم! ئەڕۆم. بە باریکە ڕێی قەراخ دیوارەکەدا ئەڕۆم. ئارام و بێ خشپە. وەک مێروولە. ئەگەر کەس زانی بەرەو ئاودەس لاری ئەکەمەوە. زانی ئەزم، نەیزانی دزم. دزی تووش نەبوو، پادشایە. کێ چووزانێ من چیم ئەویست؟ نیازکردن خۆ تاوان نییە. تا ئەوکاتەی پەلامارم نەداوە بە تاوان حەسێب ناکرێ. ئەگەریش دەستم پێی گەیشت ناهێڵم لە بن دەستم دەربچێ. ئەوسا با بۆم بنووسن و سزاشم بدەن. جا کێ چی پێخۆشە با بیلێت. من ئەیخنکێنم. ئەمشەو، ئەو گوڵمحەمەدە ئەکوژم. ئەبێ بیکوژم!»

ئارام و بێدەنگ گەیشتە سەری. نە قاپە ئاوێک وەرگەڕا و نە پێی لە دەستی کەس نا. گەیشتە سەری. خەوتبوو. لە سەر لا خەوتبوو و دەستی خستبوویە ژێر سەری و ئەژنۆی چەماندبۆوە. گردوکۆ خەوتبوو، خەونی شوانی. شوان، زیاتر لە زستاندا، لەژێر کەپەنک یان بەرەکەکەی خۆی ئەبێ وا خۆی کۆبکاتەوە کە هەموو لەشی داپۆشرێ. پارێزراوی کووڕانی با. بۆیە ئەو جۆرە خەوتنە ئەبێ بە شێوەی خەوتنی شوان. ناوچەوانی گوڵمحەمەد، بە تەواوەتی لە دەسپێک دابوو. دارێک یان خڕە بەردێک ئەگەر ببوایە، بە یەک زەبر، کاری تەواو بوو، بەڵام...

«کاتی دوودڵی نییە، پیاو! دوودڵ مەبە. بە مشت. مشتەکانت!»

ستار، وەک پشیلە بەرەو دلاوەر کە هەر دوو مشتی لێک گرێ دابوو و وەکوو پیک لە سەر سەری گوڵمحەمەد بڕدبوویە سەرەوە، بە پەلامارێک و شالاوێک، پاڵی پێوە نا بۆ سووچی دیوارەکە. بوو بە قریوە. گوڵمحەمەد ڕاستەوە بوو. خەوتووەکان

داچڵەکان. ستار و دلاوەر لێک ئالاّبوون و ئەتلانەوە. گوڵمحەمەد هەروا حەپەسابوو. غەڵبە غەڵب پەرەی سەند. جنێوی شەمەل تێکەڵ بە تەقەی پێی پاسەوانەکان بوو. پاسەوان دلاوەریان بردە دەرەوە و گوڵمحەمەد لە سەر جێگەکەی خۆی، دانیشت و پاڵی دایەوە.

جارێکیتر جنێوی شەمەل و پاشان بێدەنگی. غەڵبە غەڵب نیشتەوە. سەرەکان، جارێکیتر لە سەر سەرین. دوا پزیسکەی جگەرە دامردەوە. ئارامی جارێکیتر زاڵ بوو. بەلووچی ئەفغانی، ناسێکی خستە ژێر زمانی و سەری نایەوە. ستار لە سەر لا ڕاکشا و ئانیشکی کرد بە کۆڵەکەی سەری. گوڵمحەمەد ئەژنۆی گرتە باوەش و وەکوو سەگێک چەناگەی نایە سەر ڕەقێنەی ئەژنۆ و چاوی بڕییە شوێنێکی دوور. هیچکوێی نەئەبینی. بەس لە شوێنێکی نەدیو مۆر ببوویەوە:

«ئەمە، ئیتر لە باوەڕدا ناگونجیَ!»

ستار وتی:

ــ رابکشێی باشتر نییە؟

گوڵمحەمەد وەلاّمی نەدایەوە. نەی ئەتوانی وەلاّم بداتەوە. لێوەکانی لکابوو بە یەکدا. نەی ئەبیست، نەی ئەبینی. ئەتوت کەس لەگەڵ ئەوی نەبوو. تەنها بوو. لە هەموو کەس دابڕابوو. ستار، لەوە ئەگەیشت لەکاتێکی وادا نابیَ قسەی لەگەڵ بکات. بەلاّم قسەی لەگەڵ ئەکرد. ڕەنگە لە بەر ئەوەی کە خامۆشیەکەی گوڵمحەمەد ئەوی ترساندبوو. ترسی ئەوەی نەکا لەپڕ بدا لە سەری و هەموو شتێک تێک بداتەوە. هەستی ئەکرد ئەو خامۆشیە قورسە ناتوانیَ بەرەنجامێکی ئارامی بەدەمەوە بیَ. ئەو جۆرە خامۆشیانە، هەندیَ جار مەترسی گەورە ئەخەنەوە. باکی لە مەترسی نەبوو. بەلاّم لێرە و لەم بڕگە ناسکەدا، نەء! کات و جێگەی مەترسیکردن نەبوو. لەم کاتە کەمتەرخەمی ئاستەم بوو. مەترسی کردنی نابەجیَ. ژیرانە نییە، خۆ شێتکردنی

دلاوەر نابێ گوڵمحەمەد بورووژێنێ. نابێ ڕێگە بەو ڕقە ناکاتە بدات. ئەم خەرمانە وشکە نەئەبوا بە پریشکەیەک ئاگر بگرێ. ژێوان بوونی بە دوواوەیە ئەم هەڵچوونە ناکاتە. بۆیەش بوو ستار بە ئەنقەست ئەیویست گوڵمحەمەد بدوێنێ و بیخاتە قسە. دەروویەک بۆ دەربازکردنی ئەو هێزە کەڵەکەکراوە. ئەیویست و ئەبوا بیخاتە قسە. گفتوگۆی شەوانە. هەم ڕێگەی بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر خۆش ئەکرد. زەوی ئامادەی چاندنە. وەرد کراوە، تاوی مژیوە و ئامادەیە. کاتی چاندنە و نابێ دوای بخەی:

ــ هێشتاش بیری لێ ئەکەیتەوە؟

گوڵمحەمەد بە بێ گرنگیدان بە پرسیارەکەی ستار، وتی:

ــ ئەمەوێ شتێکت لەگەڵ باس بکەم!

ــ فەرموو، بڵێ!

گوڵمحەمەد، وتی:

ــ پیاو، خەریکە متمانەت پێ ئەکەم، بەڵام ئەمەش بڵێم. زمانم لاڵ. زمانم لاڵ؛ ئەگەر ڕۆژێک بۆم دەربکەوێ زمانت لەق بووە، بە سەری برام سەرت لە لاشەت جیائەکەمەوە. قبووڵ؟

ــ قبووڵ! قسەکەت بکە!

گوڵمحەمەد بێباکانە وتی:

ــ ئەمەوێ لێرە هەڵێم!

ستار ئەمەی ئەویست. سەرەڕای ئەوەش هیچی نەوت و بێدەنگ بوو. گوڵمحەمەد، لێی ورد بوویەوە و هەستت ئەکرد نیگای ئەلەرزێ. چاوەکانی دوو بڵێسەی پەرێشان، لە ڕوخساری ئارامی ستار چەقیبوون. تەنها وشەیەک، یەک وتەی بەس بوو:

«ئەرێ، یان نا!»

هەر کامیان ئەبێ با ببێ. بەس ئەم کابرا، ئەم کابرا وردیلە دەم بکاتەوە. بەس شتێک بڵێت... دە بڵێ دەی!

ستار دانیشت و بە سەیرکردنی گوڵمحەمەد، وتی:

ــ ئەمزانی!

ـ دەی؟ یارمەتیم ئەکەی؟!

ـ ئەی چۆن نایکەم!

گوڵمحەمەد دەستی بۆ ستار ڕاکێشا و دەستی خستە ناو دەستیەوە. دوو پیاو دەستی یەکدیان گووشی و تەوقەیان کرد و هەوڵیاندا یەکدی باشتر بیینن:

«بەیانی ئەبێ زمانی شەمەل خان تاقی بکەمەوە، هەر ئەم بەیانیە!»

ئەمە تیژترین بیرێک بوو بە مێشکی ستاردا هات. ستار، دەرفەتی هەبوو تا دەمەوبەیان بیر لە شەمەلی یاخووت بکاتەوە. جارێکیتر خوو و ڕەوشتی ئەو بخاتە بەرچاوی و بەش بە بەشی تاوتوێ بکات. دەرفەتی هەبوو ڕێگەکانی نزیک بوونەوە لە شەمەل بدۆزێتەوە. ڕێگەی نەرمکردنی. کە چۆن ئەتوانێ کار بکاتە سەری. ڕەگی خەوی کامەیە. بە چ بیانوویەک ئەتوانێ ئەم شتەی بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ باس بکات. لە چ ڕێگەیەکەوە شەمەل بەشدار بکات. چۆن ئەتوانێ ڕای بکێشێ؟ بە چ شێوەیەک؟ هەڵاتن لە زیندان دژوارە ئەگەر شەمەل ڕای لێ نەبێ. کە وا بوو، ئەبێ زیاتر لە چەم و خەمی بیرکردنەوە و ڕەوشتی ئەو ورد ببێتەوە:

«سەرکەشە. ئەیەوێ سەری بەرزبکاتەوە. نەء، سەری هەڵێناوە. لە ناو شار بۆخۆی بنەمایەکە. دەستەی هەیە و دەس ڕۆیشتووە. مفتە خۆرە، بەڵام بەردەماو خۆر نییە. ڕێز ڕاگرە. حەز ئەکات خەڵکی لە دارەتێکی ترس و شەرمدا لە بەردەمی سەردانەوێنن. حەز ئەکا دەستی، گەورەیی و توانایی و شانازی لێ بباری و حەزی لە بەخشندەییە. بەڵام خاوە وەرگرتن بە پێویستتر ئەزانێ. ئەیەوێ ناوی لەوە زیاتر پەڕەگر ببێ. حەزی لێیە ناوبانگی بەرزتر ببێتەوە. ناوداری بۆ سەرکەشی و بێباکی سوودی هەیە. سوود بە ئەندازەی ناوبانگەکەی، ناوبانگ دەستمایەی کاری ئەوە. بەڵام کاری چییە؟ کارەکەی هەر ئەمەیە ئیتر! ئەو جۆرە

کەسانە، خۆیان کارەکەیانن؛ خۆیان، ناوبانگیانن و؛ ناوبانگیان خۆیان! سەرەڕای ئەمەش شەمەل وای دەرئەخست کارێکی گرنگی لەبەرە. کاری گرنگی سیاسی و گشتی. کارێک کە بێگومان خۆیشی ئاگای لە وردەکارییەکەی نییە. بەڵام ڕاستیی شتێکی‌ترە. ئەوەی کە شەمەل و وەکوو ئەو، لە هەموو لایەکەوە تفاقیان پێ ئەگات بۆ ئەوەی بارەکەیان ببەستن. زیاتر لەوەی ئێستە هەیانە. شەمەل، لەمناوەدا خۆی ئەدۆزێتەوە. ئەم و ئەو، سفرەکەی ڕەنگین ئەکەن. هەرچەند ئالاجاقی لە پشتیەتی، ئەبێ بزانین لێرە لە چ بارودۆخێک دایە؟ هەڵبەت لێرەش سەر و گەردنێک لەوانی‌تر لە سەرەوەیە. خەتی ئەخوێننەوە و لێی ئەترسن. بەڵام هەرچی چۆن بێ لەم چواردیوارەدا گرفتارە و زۆری بۆ هاتووە. زۆر دێن بۆ سەردانی. کەموکووڕی نییە. خواردن و خەوی تەواوە. لە بەخشین و دەستگرتنیش کەم ناهێنێ. بەڵام، بتەوێ و نەتەوێ ژاکاوە. ئەم چاوانەی ئێرە بۆ بینینی ئەو کەمن. ناتوانێ مەیدان بگرێ و خۆی دەربخات. بۆیە دڵی تەنگە. بۆ لێکۆڵینەوەشی نابەن، مەبەستی پۆلیس ئەوەیە ماندووی بکات. ئەیەوێ لە سەرگەردانی و شپرزەیی و پەرێشانی‌دا ڕای بگرێ. ئەو هەوڵ ئەدا نەیخاتە خۆی. بەڵام ڕەنگ و ڕوخساری تاودەرەوەی دەروونیەتی. ژاکانی ناخ شتێک نییە بشاردرێتەوە. هەرچەند بە ڕواڵەت بێخەیاڵە و خۆگرە، بەڵام دەروونی هەژاوە. لەو هەوایەی تێیدا ژیاوە -ئارەقخواردنەوە و سەرپەرشتی قومارخانە و شیرەخانە و قاحبەخانەکان، سواربوونی فایتوون و نەڕاندن و خۆ بادان، وەڵامدانەوە بە ماستاوکردن و ماستاوکەران و کار ڕێکخستن- دابڕاوە. براکانی هەواڵیان بۆ هێناوە بازرگانەکان خەریکن یەکێکی‌تر لە بەرامبەر ئەودا قیت ئەکەنەوە. ئەم یەکەش کەسێکە سەربازی بە هەشت ساڵ تەواو کردووە(!) و تا حەز بکەی دڕ و شەڕانیە.

لە هەموو شتێک زیاتر، ئەم بابەتە شەمەلی هەژاندووە

و؛ بەر لە هەمووشت و پێش لە هەموو کارێک، ئەبوایە شاخی ئەم خەنیمە تازە پێگەشتووە بشکێنیێ! لەو کاتەوە کە شەمەل گیراوە، هەتا ئەمڕۆ، کابرا دووجار لە ناو شاردا بەزمی سازکردووە و ئاسایش نەیگرتووە. وا پێ ئەچێ ئەو ماستە موویەکی تیا بێ. ڕەنگیشە پاش تۆزێکیتر کە ناوی دەرکرد بۆ ماوەیەک بیهێنن بۆ زیندان و وای ڕێک بخەن بەرەنگاری شەمەل ببێتەوە. دوور نییە پشتیوانی بدەنێ و بە دەستی پڕەوە بیهێنن بۆ زیندان و شەمەل بە دەستی بەتاڵەوە. ئەوەندە بەسە ئەو تازەپێگەیشتووە چەند چەقۆیەک بدا لە شەمەل و بریندارى بکات. دەسبەجێ بڵاوی ئەکەنەوە کە شەمەل شاخی شکا! شەمەل تووکی وەری و، شەمەل گەڕبوو و پووکایەوە. خۆیشی ڕەنگە بیری لەم جۆرە ڕووداوانە کردۆتەوە؟ پێوەی دیارە. هەر ئێستەش چاوەکانی فڕەفڕیانە. نیگەرانیەکەی خەریکە ئاشکرا ئەبێ. ئەگەر لەوە زیاتر بمێنێتەوە، بە تەواوەتی ئەژاکێ. بن چاوەکانی شین هەڵگەڕاوە. گۆنای، لە بەر کەمی خۆر، ئیتر ئاڵ نییە و مۆر ئەکاتەوە. لەشی خەریکە دائەتەپێ. داوای میلی زۆرخانەی کرد بە قسەیان نەکرد. ڕوومەتی پەنەمیوە و قەڵەوبوونی بەردەوام خەریکە تەمەڵی ئەکات. جووڵە و بزووتنی کەمبۆتەوە. جێی تەنگە. خۆر کەمە، مەیدانی خۆ دەرخستنی شەمەل داخراوە. سێبەر، بەردەوام و ورە ڕووخێنە. ئێسکی دیوارەکان شێدارە. خشتە سوورەکان مڵۆزمن. هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکەکە ڕازیی ناکات. لە چوارچێوەی چوار دیوارییەکی تەنگەبەردا، نیگای دڕدۆنگی جووتیارەکان وەڕەزی ئەکات. چەند حەزی ئەکرد لات و لووتەکانی خوار شار ببینێ بە دەوریدا دێن و بەدرۆ پەسنی ئەکەن! چەند ئەتوانێ گوێ لە درۆ بگرێ و بەناچاری وای دەربخات حەزی لەو کڕنۆشانەیە؟ ئەو پیاهەڵگوتنەی بەهۆی نەگبەتی و گەداییەوە سەری هەڵێناوە و شەمەل خۆی لە هەموو کەس باشتر ئەزانێ ئەو کڕنۆشانە نرخی ئەو پاشەڕۆک و بەردەماوەیە خستوویەتە بەریان. لە دەرەوەی ئەم

چواردیوارە، شەمەل لات و لووتەکانی بۆ فەرمانبەری بەکار ئەهێنا. تەنانەت بۆ فەرمانبردنیش بەکاری نەئەهاتن. زیاتر بۆ سیخوڕی و هەواڵ کۆکردنەوە. لە چاوی شەمەلدا، ئەمانە مێش بوون. ئەو مێشانەی ززە زز ئەکەن و لە سەر زبڵ ئەنیشنەوە. شەمەل، لە کوێ تاقەتی ئەمانەی هەبوو؟ لە چەند خولەک زیاتر نەی ئەتوانی لەگەڵیان بدوێ. ئەویش بۆ ئەوەی بارێک بدا بە کۆڵیاندا. لەگەڵ جووتیارەکانیش هەروا. ئەویش بۆ ئەوەی قەپاڵێکیان لێ بپچڕێ. شەڕی ئەوان لەگەڵ ئاغەکانیان، هەراوهوریا و ئاژاوەیان هیچ نرخێکی بۆ شەمەل نەبوو. چونکە هیچی بۆ شەمەل تیا نەبوو. ئەو حەزی ئەکرد دوو ئاغە لە زیندان بوایەتن لە بڕی ئەو هەموو کڵاو و مێزەر بە سەرە! نەک لە بەر ئەوەی حەزی لە ئاغەوات بوو یان لایەنی ئەوانی ئەگرت، بەڵکوو لە بەر ئەوەی لە چاوی شەمەلدا ئاغە شیاوی ئەوەبوون لە سەر سفرەی شەمەلی یاخووت دانیشن. ئەم گوندییانە شیاوی ئەوە نەبوون. هەرچەند ڕێز و بایەخی لە لای ئەم کۆمەڵە خەڵکە پارێزراو بوو. بەڵام خۆی لە ناو ئەواندا نەئەبینی. خۆی بە بێگانە ئەزانی. بۆیە تەنها بوو و، تەنهایی ئەیژاکاند. ژاکاندبووی. دڵگیری کردبوو.

لە لایەکیشەوە، دەرەوە چاوی لێ دائەگرت. دەنگۆ هەبوو شارەوانی ئەیەوێ خۆی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ باجی ئەو بارانە وەربگرێ کە دێ بۆ شار. ئەمکارەش بە هاندانی جەنابی بەرپرسی ئاسایش ڕووی دابوو. ئەمەش واتە جێ لەقکردن بە شەمەل. چونکە پێشتر شەمەل -بەگوێرەی پەیماننامەیەکی ڕواڵەتی لەگەڵ شارەوانی- لە ڕێگای دارودەستەکەیەوە ئەو باجەی وەرئەگرت. کە وا بوو وردە وردە بڕوای بەوە ئەکرد ئەیانەوێ باڵی بکەن. خەریک بوو بڕوای بەوە ئەکرد کە بە پێی پلانێکی گەڵاڵەکراو -لە ڕاستیدا- دەست و پێیان بەستۆتەوە.

تێکڕای ئەم شتانە، ئەو هۆیانە بوون کە لە ئەنجامدا شەمەلیان ئەهەژاند. ناڕوونی پەروەندەکەشی ئەوەندەیتر ئازاری

ئەدا. پێیان نەئەوت تاوانی چییە؟ خۆ هیچی نەکردبوو! گوایە «شاخی لە شاخی سەرۆکی ئاسایش گیراندووە!» بەڵام کامە شاخگیران؟ شەڕەکە لە سەر چی بوو؟ جگە لە سەر بار و باج؟! لە ناو ڕاندا کاتێکە دوو بەرانی نامۆ بەیەک ئەگەن، سەرەتا سەرشاخ ئەبن. شاخ لە شاخی یەکدی ئەگیرێنن و خۆیان تاقی ئەکەنەوە و؛ پاشان بە شێوەیەک لەگەڵ یەک ڕێک ئەکەون. ئەگونجێن و ئەبن بە هاوڕێ. ئەبن بە هاودەست. ئەبن بە یەک. ئەوسا مەیدانی خۆ بادانیان بەرێنتر ئەبێ. بەڵام ئەم دووانە سەرەتای شاخ لێک گیرانیان بوو. سەرۆکی ئاسایش ویستوویەتی شەمەل سەردانەوێنێ و شەمەل وای نەکردبوو هیچ، بەڵکوو دەمیشی لێ کردبۆوە و سەرۆکی ئاسایشیش ئەوی خستبوویە زیندانەوە. یاری، هێشتا تەواو نەبووە و تا تەواو نەبووە خۆتی تێهەڵقورتێنە. دووبەرەکی قوڵتر بکە. شەمەل ئەبێ هەڵێ. ئەبێ پاڵی پێوە بنرێ ڕابکات و ئەمە گاڵتە هەڵناگرێ. تا لەوە تێبگات ئەم کارە لە بن سەری تۆدا بووە، شەمەلیان تەرە کردووە بۆ بەندەرعەباس یان بەرازجان.»

ـ شەمەل خان، هەموو شەڕ و قڕەی جەناب سەروان لە لایەک و ئەم کارە لە لایەک. بەر لەوەی شوێنی تۆ هەڵگرن، جەناب سەروانیان تەرە کردووە بۆ بەرازجان! هەتا ماوە ئەم سەرشۆڕییەی بۆ ئەمێنێتەوە. لە زیندانی ئەو هەڵاتوون. کێ هەڵاتووە؟ شەمەل خان و چەند کەسی تر! ئەمکارە ترس ئەخاتە دڵی ئەوانەشەوە خەریکن سەر هەڵئەهێنن. خۆیان لەوە ئەپارێزن لە بەرامبەر شەمەل خاندا بوەستن. چەند کەسێکی تریش ڕازی ئەکەم.

ـ وەکوو کێ؟

ـ یەکیان گوڵمحەمەد.

ـ ئیتر؟

ـ ئیتر؟ کێ چووزانێ؟ دنیا گەورەیە.

ـ چەن کەسن؟

ـ ئەگەر بتوانم دلاوەر ڕازی بکەم، ئەبن بە پێنج.

ـ دلاوەر؟! ئەتەوێ ئاگر و لۆکە بخەیتە پاڵ یەکەوە؟

ـ نیگەرانی ئەوە مەبە. ئەڵێن بەنی پچڕاو ئەگەر گرێی بدەی کورت ئەبێتەوە.

ـ بیرت لە ڕێگەکەی کردۆتەوە؟

ـ تا ڕادەیەک.

ـ چ ڕێگەیەک بۆ نموونە؟

ـ ئەم پشتە. پشت دیواری ئەم ژوورەی ئێمە، گەوڕی کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵایە. دالاندارەکەشی پیرەخاڵۆیە. خۆت ئەیناسی.

شەمەل، بۆ ساتێک ڕاما و وتی:

ـ ئێستە خەریکم تێ ئەگەم.

ستار وتی:

ـ بنی کام دیوار هەیە هەڵنەکۆڵرێ؟

شەمەل وتی:

ـ بە کام پاچ و قوڵینگ؟! پێم ناڵێی؟

ستار وتی:

ـ زۆرجار سەیری ئەو مەنجەڵەی مەشتی یاخووتم کردووە!

ـ کە چی؟ واتە بە مەنجەڵ؟!

ستار وتی:

ـ ئەمجار کە مەشتی یاخووت هات پێی بڵێ لەبری قەڵەمی گوێرەکە یەکێک لە کێردەکانی بخاتە ناو ئاوگۆشتەکە و بۆمانی بهێنێ.

شەمەل، تاوێک دڕدۆنگ بوو و پاشان وتی:

ـ کێرد! دیوار! بە ڕاستی چەتوون و زیرەکی تۆ، پیاو!

ستار هەڵسا و وتی:

ـ بەر لە چاوپێکەوتن من دلاوەر ئەبینم. بابە یاخووتت بینی، بیبرێنەوە!

پێش لەوەی ستار لە دەرگاکە بچێتە دەرەوە، شەمەل لە سەر دۆشەکە قەڵەو و نەرمەکەی جێی خۆشکرد و وتی:

ـ پێت نەوتم، تۆ پینەچیت یان عەیاری؟

بزەیەکی ئامێتەی شەرم، ڕوخساری ستاری ڕوونکردەوە و بە خێرایی چووە دەرەوە. لەوە زیاتر نەی ئەویست ئەو دارەتە خۆشە لە خۆیدا بپارێزێ. نەی ئەویست ڕێگە بە خۆی بدا لەوە زیاتر لەخۆی ڕازی بێ. لەوە تێگەیشتبوو کە لە خۆ ڕازی بوون، هەندێجار هەنگاوەکان سست و چاو کەم هەتەر ئەکات. ئەوی ئەزانی ڕێگەدان بەو حەزە، چاڵێکە لە بەر پێدا و بەردەوام قووڵتر ئەبێ. چاڵی لەخۆ ڕازی بوون، لە هەموو هەنگاوێکدا دەم ئەکاتەوە و ئەوەندەت نەزانی کەمت هێنا! ئەگەر یەکجار، بە پێخۆشبوونەوە تیێ بکەوێ؛ ڕۆچوون و زیاتر نوقم بوون تێیدا ئەبێ بە خوویەکی دڵپەسند. خوویەک کە ئەتخوات و، بە شەوقێکی مەستانەوە بۆ لای ئەچی و لەپەسا پێهەڵگری و توندی ئەکەی!

ستار، بە ناسینی ئەو حەزە شیرین و کاولکەرە، توانیبووی لەغاوێکی عارفانەی لێبدا و، بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی خۆپەرستیەوە، بەردەوام لەگەڵی لە ململانێدا بوو. خۆپاراستن لە گڕی شاراوە. خۆلادان لە ڕازیبوون و خۆ نەوازشکردن. بە خۆی سەلماندبوو خودپەرستی جۆرێک نەخۆشییە. نەخۆشینێک کە ئەگەر تووشی بوویت، ناتوانی خۆتی لێ دەربازبکەی. ئەگەر دەرفەتی بدرێتێ لە دەروونی مرۆڤدا باڵا بکێشێ. کوشندەیە. وەکوو خۆرە گیان ئەخوات، چونکە ئەم هەستە شیرینە؛ تەمەڵی و چاوەنواڕی، سستی و خۆدەرخستن، سووکایەتی و ناڕازیی بوون لە خەڵکیتری بە دواوەیە. جا ستار هەوڵیئەدا لە هەمان کاتدا کە هەستی بڕوابوون بە خۆی ئەپارێزێ، هەستی بڕوابوون بە وزە و توانای خۆی ئەپارێزێ، خۆی لەم «لەخۆ بایی‌بوونە» بە دوور

بگریّ. دەرفەتی بەم حەزە، بەم مارە نەئەدا.
لە حەوشە، بەرەورٍووی گوڵمحەمەد بوویەوە:
ــ لەگەڵ شەمەل باسم کرد. پێموابێ حەز ئەکا لەگەڵ تۆ بدوێ لە سەری. وریا بە نەی تەرێنی!
گوڵمحەمەد بەرەو ژوورەکە چوو و ستاریش بەرەو دلاوەر.
لەسەر سەکۆی دالانەکە. لە تەوقی لاوازی و سەرکزی خۆیدا، دلاوەر گرمۆڵە ببوو. پێ ئەچوو شەو نەخەوتووە. ئازار ناخی ئەکرۆژێ. شتێک لە دەروونیەوە هەڵئەقولا. لە سەگی ڕان ئەچوو، گورگ پەزەکانی بردبێ. بێزار لە خۆی. گیرۆدەی خەیاڵی بەژان و بێ ئەنجام. نەی ئەزانی چۆن و بە چ شێوەیەک ئەتوانێ گیانی خۆی ڕزگار بکات. تا بە ئەمرۆ خۆی لە تەنگانەیەکی وەهادا نەبینیووە. ئەگەر بەم جۆرە بەردەوام بوایە، کات و ساتەکان ئەیانخنکاند. شەرم لە خۆی و لە خەڵکی ئەیکوشت. خەڵکی نەک هەر ڕوویان پێ نەئەدا، لۆمەشیان ئەکرد بۆ ئەو کارەی بەشەو کردبووی. هەرچەند ئەگەر خۆیان لە جێی دلاوەر بوایەتن و جەربەزەیان هەبوایە، بە بێ بیرکردنەوە لە جوامێری، هەمان کاریان ئەکرد کە دلاوەر کردبووی. بەڵام ئێستە کە لە جێگەی ئەو نەبوون، خۆیان بە بوێر دائەنا و سەرکۆنەی ناجوامێرییەکەی دلاوەریان ئەکرد.
بەڵام دلاوەر نەک لە ناجوامێری بەڵکوو لە نەتوانایی خۆی شەرمەزار بوو. لەوە نارٍەحەت بوو کە نەیتوانیوە هیچ بکات. پەشیمان بوو. بەڵام نەک لە ناحەزی و دزێوی کارەکەی خۆی. پەشیمان بوو چونکە لە کارەکەیدا شکستی خواردبوو. پەشیمانی دۆڕان بوو. نەک پەشیمانی یاری. ئەگەر نەدۆڕایەت، دۆخێکیتری ئەبوو. ئەگەر نەدۆڕایەت خەڵکیش بە جۆرێکیتر سەیریان ئەکرد. چونکە بێلایەنەکان، هەمیشە لایەنی براوە ئەگرن! دلاوەریش ئەگەر براوە بوایەت ڕەنگە بەو جۆرە ژێوان و داماو لەو سووچەدا دانەئەنیشت. ئەم پەشیمانیە، بەڵام ئاوێتەی

سەرشۆڕی نەبوو. پەشیمانیەکەی سروەیەک بوو لای سەرووی سەرکەوتنەوە ئەهات. پەشیمانی لەو بابەتە، شانازی لەگەڵ بوو. پاڵەوانانە بوو. مێرانە بوو. نەک بەم جۆرە سووک و سەرکز کە بیرکەوتنەوەی گیانی کابرا ئەتەزێنیٚ. وای لێهاتبوو ئارەزووی ئەکرد، بۆ جێگەیەکی‌تر، بۆ زیندانێکی‌تری بگوێزنەوە. چونکە لێرە دلاوەر زیندانێکی لە ناو زینداندا بۆ خۆی دروست کردبوو و ئەمە ئوقرەی لە بەر ئەبڕی. لە لایەکەوە دیوارەکان هەناسەت ببڕن و لە لایەکەوە زیندانیەکان گیانت بگووشن. لە هەموو خراپتر خۆت بە سەر خۆتدا ئەڕووخێی. خۆت تاوی خۆتت نییە. وەکوو مەشکەی قوزڵەقوورت لە لایەکەوە دابنیشێی و چاوەڕیٚ بی بە نەقیزەیەک بتتەقێنن! بەرەنجامی چییە ئەمە جگە لەوەی زیاتر خەڵکت لیٚ تەرە بکات؟ ڕۆژ و شەو ئەگەر وا تێپەڕ ببیٚ، تۆ چیت لیٚ ئەمێنێتەوە؟

ــ هەر کەسی تر بوایەت بەوکارەی تۆ بەرامبەر بەو کردت، ئاوا بێدەنگ نەئەبوو. هەر کەسی تربوایەت بە جۆرێک داخی خۆی پیٚ ئەڕشتی، دلاوەر! بەڵام گوڵمحەمەد یەک وشەشی نەوت. داوایان لێکرد سکاڵا بنووسیٚ بەڵام ئەو گاڵتەی پێهات و بزەی هاتیٚ. لە بەرامبەر گەورەیی ئەو کابرایەدا تۆ چی ئەڵێی؟

دلاوەر، ئاوڕی دایەوە و سەیری ستاری کرد:

«دیسانەوەش ئەم زەرگەتەیە!»

ستار دەرفەتی نەدا گومان، لەوە زیاتر لە چاوەکانی دلاوەردا قەد بکێشیٚ. درێژەی بە قسەکەیدا:

ــ ئەمجارە ئیتر ئەتوانی سەیری گوڵمحەمەد بکەی. گوڵمحەمەد وەک برا بچکۆلەی خۆی لەگەڵ تۆ جولایەوە! بەڵام تۆ چی؟ هێشتاش ڕقت لێیەتی؟

دلاوەر بە دژواری وتی:

ــ ئەم کابرایە، هەم لێی بێزارم و هەم خۆشم ئەویٚ! هەم ڕقم لێیەتی هەم ڕێزم بۆی هەیە. نازانم، نازانم! کاتێکیش

ئەمویست بیکوژم، دیسانەوە خۆشم ئەویست. بەڵام بە کوشتنی ئەو، ئەمویست سۆز و میهری خۆیشم بکوژم. ئەوسا کە بینیم بەو جۆرە بە بێ داکۆکی خەوتووە، بۆ ساتێک لە دڵی خۆمدا گریام. بۆ ساتێک! هەستم کرد برای خۆمە. بەڵام زوو، دەسبەجێ لەو دارەتە خۆم دوور خستەوە، بۆ ئەوەی پەشیمان نەبمەوە لە کارەکەم. هەر ئەو کاتە دوو شت لە دەروونمدا شاخیان لێک ئاڵاندبوو. یەکیان دەستمی بەرزەوە ئەکرد بۆ ئەوەی لێیدەم و ئەوی تریان دەستمی گرتبوو و ڕێگەی لێ ئەگرتم. لەو ناوەدا گیرم کردبوو. دۆش دامابووم. بۆیەش بوو زوو هاتمەوە بە خۆمدا و بەر لەوەی ژێوان ببمەوە، ویستم لێیدەم، خافڵ لەوەی تۆ وەک پشیلە خۆت لە بۆسە ناوە!

ـ ئێستە چی؟ خۆت باشتر ئەزانی شەڕ و دوژمنی لەم شوێنە تەنگەدا ئاسان نییە. مرۆڤ بە تاق ئەکەوێتەوە، من ئەزانم تۆ کابرایەکی بەد دڵ نیت. من ئامادەم دیسانەوەش بکەومە نێوانتان و ئاشتتان بکەمەوە. ئەڵێی چی؟ ئەتەوێ لەگەڵ گوڵمحەمەد ببی بە برادەر؟

دلاوەر، هیچی نەوت.

ستار هەڵسا و وتی:

ـ شەو بەیەکەوە نان ئەخۆین. لە بیرت بێ لەوێ ئیتر کەللە ڕەقی نەکەی! من داوا لە گوڵمحەمەد ئەکەم هەڵسێ و دەست بکاتە ملی تۆ، باشە؟

دلاوەر، دیسانەوەش هیچی نەوت.

ستار، لە داڵانەکە چووە دەرەوە.

ـ چاوپێکەوتن! شەمەل خان، گوڵمحەمەد، نەجەف مووسا، عەلی ساڵح ئاوایی، نەوبەری دزمینی، قاسم...

وەردیان لە کونی دەربیجەکەوە ناوەکانی ئەخوێندەوە. ستار، تا هاتن و ڕۆیشتنی شەمەل و گوڵمحەمەد بەرەو دەرگای دەرەوە، لە سەر ڕێیان ڕاوەستابوو. وەک بڵێی ئەیویست بە بوونی خۆی

جەخت بکاتە سەر ئەوەی لێی دوابوون. گوڵمحەمەد و شەمەل کە تێپەڕین، ستار چووە ژوورەوە. لای عەبدۆس دانیشت و وتی:

ــ دڵگیر مەبە، خاڵۆ. ئاشتیان ئەکەمەوە!

عەبدۆس وتی:

ــ خوا بتپارێزێ. تۆ هەوڵی خۆت ئەدەی. بەڵام من لە دوارۆژ ئەترسم. ئەم باسە سەری درێژە، ستارخان. ئێمەی خێڵاتی ئەگەر کینەی یەکێکمان بەدڵەوە گرت بەمزوانە لە بیرمان ناچێتەوە. من لە کچەکەم ئەترسم ستار گیان. ئەوچی بە سەر دێ؟ مارالْ؟

ستار وتی:

ــ ئەو ڕۆژە هێشتا نەگەیشتووە، خاڵۆ. ئێمە با جارێ ئەو پەتەی کە پچڕاوە گرێی بدەینەوە؛ تا ئەو ڕۆژە هەزار شت ڕوو ئەدا. ڕەنگە دلاوەر و گوڵمحەمەد پێکەوە بوون بە برادەر و هاوڕێ! کێ چووزانێ چی ڕووئەدا؟

قاپووز، سەری هێنایە بەر دەرگاکە و وتی:

ــ چاو پێکەوتن. ناوی ئێوەشیان خوێندەوە. ستار و عەبدۆس.

ستار و عەبدۆس، شان بە شان چوون بۆ ژووری چاوپێکەوتن.

گوڵمحەمەد چۆک بە چۆکی بلْقیس و خانمحەمەد، لە سەر خشتە سوورەکانی عەرزەکە دانیشتبوو. عەبدۆس چوو بۆ لای خوشک و خوشکەزاکانی و لایانەوە دانیشت. ستار، چاوی گێڕا بەڵکوو شەمەل ببینێ. شەمەل نەبوو. بردبوویان بۆ ژووری تایبەتی. ستار، لە پشتی پەنجەرەکەوە یەکێک لە براکانی شەمەلی بینی لە ژووری نیگابانیەوە، بە سەلەیەک میوەوە هاتە دەرەوە و بەرەو بەرمیلی ئاوەکە چوو. ڕەنگە بۆ ئەوەی میوەکان بشواتەوە.

ئەکبەر ئاسنگەر، بەرامبەر ستار بوو. تەوقەیان کرد و دانیشتن. قەرەوێڵەکان پڕ بوون. لە بن دیوارەکە دانیشتن. ئەکبەر پاکەتێک میوەی هێنابوو. لای دیوارەکە دانینا و وتی:

ــ جەنابی فەرهوود پەیامی ناردبوو، بپرسم لە سەر چی

گیراوی؟

ــ خۆیت نەبینی؟

ــ نەء، پەیامەکە بە من گەیشتووە کە بێم و لێت بپرسم.

ستار وتی:

ــ بڵێ شتێکی گرنگ نییە. بە بیانووی شیرەکێشخانەی ئاتەش، بەڵام لە ڕاستیدا لە بەر گوڵمحەمەد. ئەیبینی؟ ئەوەتا، لای دایکی و براکەی دانیشتووە. ئەوەش عەبدۆسە، خاڵۆیەتی. تاوانەکەی ئەوەیە دوو جەندەرمەی سەرونگووم کردووە! دەی. خۆت چۆنی؟ هەواڵی مووسا؟

ئەکبەر ئاسنگەر وتی:

ــ لێرەیە، بەڵام نەمهێنا. لە ژن هێنانیش خۆی کشاندەوە.

ستار، وتی:

ــ دڵم بۆی تەنگ بووە، خۆزگە هێنابات.

ــ پەیامێکت ئەگەر هەبێ؟...

ــ نەء، بەس ئەمویست هەواڵی بپرسم. بڵێ هەینی بێت. ئەوانیتر چۆنن؟

ــ باشن. جارێ باشن.

ستار پرسی:

ــ جەنابی فەرهوود هێشتاش وتار بۆ خەڵک ئەدا؟

ئەکبەر وتی:

ــ بێکار نییە. سەرەتای مانگی تازەی فەرەنگی، بڕیارە خۆپیشاندانێکی گەورە بخەینە ڕێ.

ستار وتی:

ــ بناخە چی؟ ژێرخانی کارەکە؟

ئەکبەر وتی:

ــ من ئاگام لە ژێرخان و سەرخانی نییە!

ستار وتی:

ــ تۆ ئەم پەندەت بیستووە کە ئەڵێ: «خانوو لە بناغەوە

کاولستانە و ئاغە لە بیری نەخشی هەیوانە؟» کاری ڕووکەش! من هیچ ئەندازیارێکم نەدیوە بەر لە بناغە داڕشتن، بیر لە سپیکاری و نەخش و نیگاری باڵەخانە بکاتەوە!

ئەکبەر وتی:

ــ مەبەستت ئەوەیە جەنابی فەرهوود بەو جۆرەیە؟

ستار وتی:

ــ شێوازی گشتی بەو جۆریە. جەنابی فەرهوودیش ئیشتیای قسەکردنی فرە بووە. ئەو جۆرە وتار و قسانە تەنها خەڵک ئەورووژێنێ. بەڵام ئەم خەڵکە ورووژاوە کاتێکە دەست بدەنە کار، جگە لە هەراوهوریا، هیچ لە مێشک و دەستیاندا نییە. هیچ لە مێشکیاندا نەگۆڕاوە. بەس زمانیان تیژ بووە. بەڵام خۆ بڕیار وانەبوو ئێمە تەنها زمانی خەڵکی تیژ بکەین!

ــ واتە تۆ دژی ئەم شێوازەی؟

ــ من ڕەخنەم لە فۆڕم و کارکردەکەی هەیە. جەماوەر نابێ پشت ئەستوور بە ئاژاوە و هەراوهوریا باربهێنرێ. بناغەی بیرکردنەوەی خەڵکی ئەبێ بگۆڕدرێ، هاوڕێ! تا ئەو کارە نەکرێ، خەڵک کەرەسەیەکی خاون ئەتوانرێ بۆ ماوەیەک بە هەموو فورم و شێوەیەک دەربهێنرێن. وەکوو هەویرن. هەر کەس. هەر دەست و هەر هێزێک ئەتوانێ بیچمی دڵخوازی خۆی لەوان دروست بکات! بەڵام بۆ ئەوەی کە خەڵک بتوانن خۆیان، فورم و بیچمێکی تایبەت، لە خۆیان سازبکەن، ئەبێ خۆیان ببن بە خاوەنی هزر و بیرکردنەوە، بیرێک کە بتوانێ وەڵامدەرەوەی هەمووان بێت. ئەگەر جگە لەوەبێ، ئەمڕۆ گوێ لە وتارەکانی جەنابی فەرهوود ئەگرن و هووڕای بۆ ئەکێشن، بەیانیش یەکێکیتر. ئەم زمانە نەرمەش، ئەتوانێ بە هەموو بارێکدا بگەڕێ! خەوشی ئەمجۆرە وتاردانە، هەر ئەوەیە کە بە لایەنی چاکەی ئەژمێردرێ. خەڵکی بە شێوەیەک؛ هاتوون کە پێیان وایە ئەم بەیانیە حکوومەت ئەگرن بە دەستەوە! کڵاشچنێکم بینی ئەیوت: «تا کۆتایی ئەمساڵ،

ماڵی فلآنە بازرگان ئەبێ بە هی من!» خمگەرێکم بینی ددانی بۆ عارەبانە و قالیچەکانی فیسارە کەس تیژ کردبوو. ئایە ئێمە خەڵکمان بە مناڵ داناوە کە ئەمانەوێ بە نان و شیرینی فریویان بدەین؟ بۆچی نابێ ڕاستی بە خەڵک بڵێین؟ بۆچی نابێ چاو و گوێیان بۆ بینینی خوێن و بیستنی قریشکە و هاوار ئامادە بکەین؟ ئەگەر مەیدان بەتاڵە، ئێمەش ئەبێ سەما بکەین؟ ئەویش بە وتار و قسە و قسە؟! بەیانی ڕۆژ ئەو خمگەر و کلآشچنە کاتێکە دەنگی گوللەیان بیست و خوێنی گەرمی وەک خۆیان بینی ڕژاوەتە سەر عەرزەکە، ئایە حەقیان نییە بشەڵەژێن و سەریان لێ بشێوێ؟! ئایە حەقیان نییە بڵێن ئێمە بۆ کوژران ئامادە نەکرابووین؟ ئایە دیسانەوەش بە هیوای ماڵی فلآنە بازرگان و عەرەبانەی فیسارە ئەرباب لە سەنگەردا ڕائەوەستن؟ نەخێر! چونکە خانوو و عەرەبانە هەرچەندە بە بایی بن، ناگەنە نرخی خوێن! ئەی بۆ نابێ هەر لە سەرەتاوە خەڵکی بۆ کار و ڕەنج و ئارمانجی مەزنتر ئامادە بکەین؟ بە ڕای من ئەو جۆرە بەڵێن دانە بە خەڵکی، سووکایەتی کردنە بەوان. مەبەستم ئەوەیە ئەوانە نابێ وەکوو کەرەستە بەکار بهێنرێن. مەبەستم ئەوەیە ئامانج، جێگۆڕکێ بکات! لە کاتێکا وا نییە، مەگەر مەبەست ئەوە بێ کە خۆمان حوکمیان بە سەردا بکەین! ئایە ئێمە ئەمانەوێ -بەس- بە سەر خەڵکدا حکوومەت بکەین؟ یان ئەمانەوێ فێری خەڵک بکەین بتوانن بە سەر خۆیاندا فەرمانڕەوایی بکەن؟ ئەگەر بڕیار وایە گرووپێک بە سەر خەڵکدا حوکم بکەن، ئەوە ئیتر شەڕی بۆ چییە؟! من پێم وایە ئێمە ئەمانەوێ بە خەڵک بڵێین کە خۆیان چۆن ئەتوانن بە سەر خۆیاندا حوکم بکەن و ئەبێ ئەوە بزانن، تا چ ڕادەیەک ئەبێ لە خۆیان مایە دابنێن!

ئەکبەر پرسی:

ــ تۆ ئەڵێی ئەبێ...

ــ چاوپێکەوتن تەواو. نۆرەی ئەوانیترە.

هەڵسان. دەستیان لە ناو دەستی یەکدا، ستار بە ئەکبەری وت:

ــ هەواڵیان بپرسە. زوو دێمە دەرەوە. بە مووسا بڵێ ئەگەر ڕۆژی هەینی بێ بۆ ئێرە ببینم خراپ نییە.

ئەکبەر وتی:

ــ مووچەکەتم هێناوە. جەنابی ئەفشار وتی بیدەم پێت.

ستار. پەنجا تمەنی لێ هەڵگرت و وتی:

ــ ئەوی تری بدە بە مووسا، بە جەنابی فەرهوودیش بڵێ، من نامەوێ سەر ڕووتەکانی «ڕێکخراوی لاوان» بنێرێ بۆ مەڵبەندی من! هەروەها بڵێ جووتیارەکان، خەریکن دەستە دەستە ئاغاکانیان ئەکوژن. ئێمە ناچار نین و ناتوانین کارگەی دەستکرد و کرێکاری دەستکرد دروست بکەین بۆ ئەوەی لەگەڵ تیۆری یەک بگرێتەوە! ناشمەوێ ئەو سەر ڕووتانە بۆ پڕوپاگەندە بنێرێ بۆ مەڵبەندی من!

ــ چاوپێکەتن تەواو بوو. گوێت لێ نەبوو؟!

جیابوونەوە. ستار پاکەتە میوەکەی هەڵگرت و کەوتە ڕێ:

«با مووسا بێ، لەگەڵی باس ئەکەم. مووسا ڕەنگە بتوانێ پیرەخاڵۆی مامی ڕازی بکات یارمەتیمان بدات. مووسا ئەتوانێ لەو بەرەوە، بنی دیواری گەوڕەکە هەڵکۆڵێ... ئەبێ بتوانێ بە شەوێک کارەکە تەواو بکات. شەوێک تا دەمەو بەیان نابێ خنەخن بکرێ. ئەبێ بە نۆرە هەڵیکۆڵین. ئەوەندەی بەسە یەکەم خشت لە ناو ڕیزەکە دەر بهێنین. یەکەم خشت!»

بەلووچی ئەفغان لە سەر ڕێ بوو و بن چاوی ئەبریسکایەوە. ستار دەستی کرد بە ناو پاکەتەکەدا و نۆبەرانەیەکی خستە دەستی بەلووچەوە و تێپەڕی. پاش تۆزێک گوڵمحەمەدیش بە مەشکەیەکی بچوکی ماستەوە هاتەوە، چاوەکانی پڕبوو لە شادی. بە بێ ئەوەی پرسیاری لێکرابێ. وتی:

ــ کوڕ! بووم بە خاوەنی کوڕ!

ستار وتی:
ـ پێو قەدەمی خێر بێ. خانمحەمەدت ئاگادار کرد؟
ـ پێموت.
شەمەل خان بە جنێودان، خۆی کرد بە ژووردا و لەشە قورسەکەی هەڵدایە سەر دۆشەکەکە.
ستار پرسی:
ـ لەگەڵ کێتە، شەمەل خان؟
ـ لەگەڵ ئەم ئالاجاقیە کوسکەشە! وتوویەتی بەرپرسی تازەی ئاسایش ناناسێ و هیچی پێ ناکرێ! خوا نەکا گلۆڵەی پیاو بکەوێتە لێژی. ئەم دەس قووچاوانە ئەوەندە ڕوویان لەگەڵ پیاو خۆشە کە بە سەر پێوە بێ. بەڵام ئەوەندی قاچی خلیسکا... ئەڵێن ئەو ژنەتیوەش مردووە!
ـ مردووە؟!
شەمەل، وەڵامی نەدایەوە، پشتی دا بە جێوبانەکەوە. مەچەکی خستە سەر تەوێڵی و چاوەکانی داپۆشا. ستار تا ئەمڕۆ بیری نەکردبوویەوە مرۆڤ ڕەنگە لە مردنی یەکێکی وەکوو ئاتەش شادمان ببێ. بۆ ئەوەی شادمانییەکەی ئاشکرا نەبێ، لە سەری نەڕۆیشت و لێی گەڕا:
«پەروەندەی کوشتن! ئێستە ئیتر، شەمەل خان، ناچارە بۆ ڕاکردن لەگەڵ کەوێ!»
ستار دەستی گوڵمحەمەدی گرت، باییەکەی پڕ کرد لە میوە و هەڵسا. عەبدۆس خەریک بوو دلاوەری لەگەڵ خۆی ئەهێنا. کاتی ئاشتکردنەوەی دلاەر و گوڵمحەمەد بوو.

## بەندی سێیەم

ماندوێتیەکی بەردەوام، ئاوێتەی تووڕەییەکی بێ ئارام، بابقولی بونداری ڕەتاندبوو و یەکبەند تەشەری ئەهاوێشت:

ـ نەکا نانی گەنم داویە لە بن دڵت؟ ئەگەر پارووە نانی ئاسوودە نەیداوە لە بن دڵت بۆ لەپەسا لەقە ئەخەی؟! ئەو کارگەیەم من بە هیوای تۆوە دامەزراندووە، لە سەر بناغەی بەڵێنی پیرەخاڵۆ، ئەو سێ قەرانەی هەمبوو کردم بە سەرمایە. بەڵام ئەوەتانێ تۆ کارەکەت و سەرمایەکەی من بە گونیشت نازانی! قاچت لە شار نابڕێ. بەم دەس و ئەو دەس ڕات ئەکێشمەوە، دیسانەوەش خۆت نادەی بە دەستەوە. قاچێکت لە قەڵاچیمەنە و قاچێکت لە کاروانسەرای حاجی نورەڵڵا. نەکا هەر بە ڕاستی عاشق بوو‌بێتی! یان ڕاز و مرازێک لە کارتدا هەیە؟ لەمەوبەر ئەوەندە لاپرەسەن و سەربەگۆنگڵ نەبووی؟! متمانەت پێ ئەکرا. سەرت بەکارتەوە گەرم بوو. بەڵام ئەمساڵ، لە جەژن بەملاوە، چاو و دڵت لە لایەکی دیکەیە. ئەوەی باشە کە خۆت بارودۆخی من ئەبینی. ژنەکەم نەخۆشە و هیچی پێناکرێ. کوڕەکەمیان دزیوە و بردوویانە و نازانم لە خاکی ئەفغانستان لە چ ئەشکەوتێکدا شاردوویانەتەوە. ئەو کچەش، شێرۆ بە تەواوی پەرێشان بووە. ئەوەش مناڵەکان، ئەوەندەی کە پێویست بێ کارەکەیان فێر نەبوون. هەموو هیوای من بە تۆیە. تۆش ئەوەتا

وا دەرچووی! ئەی ئەو سەرمایەی من بۆ ڕەنگ و هەوریشم و نەخشە و قوزڵقورت و ژەهری مار خەسارم کردووە چی بە سەر دێ؟ هەروا ببێ بە بادی هەوا؟ خۆا پێی خۆشە؟ برام دڵسۆزی بۆ ماڵی خەڵکیش خۆی شتێکی باشە. تۆ بە چاوی خۆت بینیت بە چ بەدبەختیەک کابرای ئەفغانیم لە کێو دۆزییەوە و هێنام بۆ شار و دامە دەس حکوومەت؟ ئێستەش ئەبینی بە دوای کاری شەیدادا وەکوو سەگی پێ سووتاو لەم بەڕێوەبەرێتی بۆ ئەوی تر هەڵات هەڵاتمە. سەرم کردووە بە ماڵی هەموو دەمڕاستێکدا. دڵم خۆشە کارەکانم لە قەڵاچیمەن ئەچێ بەڕێوە. کەچی وانییە، خۆم قوڕم چووە بە سەردا و جەنابی مووساخانیش ئەوەتا لێرە لە شارە، لە ژێر داڵانی کاروانسەرای حاجی نوورەڵڵا خەریکە ئاوی سارد ئەخواتەوە. بەه بەه! چ جەوانێکی ئەرک ناسە! خوا ڕەحمەت لە باوکی من نەکا کە متمانە بە ئێوە ئەکەم. بە خەیاڵی خۆم زیرەک و چەقاوەسووم. کەچی سەیر ئەکەم لە ئاوێنەش سافترم. پەکوو! منالێکی بیست ساڵەش کڵاو ئەکاتە سەرم. ئاخ خ خ!

بوندار، ڕێگەی دەمکردنەوەی بە کەس نەئەدا. قۆپچەی یەخەی کراسەکەی کردبۆوە و عارەقەیەکی لینج بە ناوچەوان و لاجانگی‌دا بەرەو ڕیشە بۆرەکەی -کە دیار بوو دەرفەتی نەبوو بیتاشێ- بەڕێوەبوو و ئەخزایە ژێر ملی. ڕەگێژەکانی چاوی سوور ببوون و لالەغاوەی کەفی کردبوو. قەراخی مێزەرەکەی، ئەو شوێنانەی بە تەوێڵ و دەوری سەریەوە لکابوو، عارەقە و تۆز، چڵکن و شێداری کردبوو. دەمارەکانی پشت دەستی هەڵتۆقیبوون و بن نینۆکەکانی چڵک ڕەشی کردبوو. پێستی ناوچەوانی کە هەموو ساڵێک کۆتایی هاوین کراژی ئەخست هەر لە ئێستەوە تۆخی هەڵدابوو. دەست و پەنجەی لە تووڕەییدا ئەلەرزین. وا دیار بوو لەو ڕۆژەوە کە شەیدایان بردووە، ئارام و ئوقرەی نەگرتووە. ئەتوت شەپڵە لێی داوە. لێرەش لە شوێنێک بەند نەئەبوو.

دانیشتبوو، بەڵام ئارام نەبوو. لە بنەگەونێکی وشک ئەچوو خرابێتە ناو ئاگرەوە. ئەلەرزی و ئەسووتا.

پیرەخاڵۆ ناوچەوانی تێک نابوو. خۆڵی سەبیلەکەی تەکاند و فووی کرد بە مۆدنەکەی‌دا و خستیە بەرپشتوێنی. زەرکی ئاوەکەی هەڵگرت و بەر لەوەی بیخواتەوە فەرمووی لە بوندار کرد. بوندار بە بێ گوێدانە فەرمووی پیرەخاڵۆ. بە هەرەشە و زۆر بە دژواری وتی:

ـ بەو نمەکەی پێکەوە خواردوومانە پیرەخاڵۆ، من پڕکێشی ئاشنایەتی و هەڤاڵەتی تۆ ئەکەم. ئەگینا من لەو کەسانە نیم ڕێگە بدەم هەموو تازە پێگەیشتوویەک یاری بە ڕیشم بکات! من کابرایەکم بەزەییم بە تەرمی باوکی خۆمدا نایەت. پارە ئەدەم و کارم ئەوێ. تۆ لە زمانی من باشتر تێئەگەی. خۆت لەگەڵ ئەم ناکوڕەی خۆت قسە بکە. من بەس تۆ ئەناسم، تۆ دەستەبەری مووسای. چونکە تۆ ناردت بۆ سەر کارەکەی من. ئەگەر وا بڕوات، هەموو ڕۆژێک، پەنجا تا سەد تمەن زەرەر لە من ئەکەوێ. ئەم زیانەش کێ لەمنی ئەدا؟ کێ ئەبێ بیبژێرێ؟ کێ قەرەبووی ئەکاتەوە؟ دەبڵێ؟ کێ قەرەبووی ئەکاتەوە؟

پیرەخاڵۆ زەرکی ئاوەکەی دانا، دەوری دەمی بە لەپی دەست سڕیەوە و وتی:

ـ بە سەر چاو، بوندار. خۆم ئەینێرمەوە بۆسەر کار. زۆر چاکە، خاتر جەم. ئەزانم. تۆ زەبرت بەرکەوتووە. گرفتاری. ڕشتەی ژیانت گرێ پووچکەی تێکەوتووە. دڵت ئێشاوە. خۆت ئەخۆیتەوە. بەڵام خاترجەم، من هەق بە تۆ ئەدەم، بوندار. چی بکەین ئیتر؟ ڕۆژگارە ئیتر. خاترجەم، سەر و خواری زۆرە ئەم چەرخە بەدکردارە. خاترجەم! ئێستەش بۆ ئەوەی تەگەرە لە دڵتدا نەمێنێ -خاترجەم- ئەڵێم کە لە بابەتی شەیداوە نیگەران مەبە. ئەفغانەکان کاریان بەو نییە. خاترجەم. ئەویان تەنها وەکوو بارمتە ڕاگرتووە. هەر ئەوەندە. خاترجەم! ڕای ئەگرن

تا قڕەکەتان ببڕێتەوە. خاترجەم. تاڵە موویەکیش لە سەری کەم نابێتەوە. چونکە ئەوان ئەبێ کوڕەکەی تۆ بە سەلامەتی بدەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن پارەکەیان وەربگرنەوە. وانیە مەگەر؟ دەی، خاترجەم. واتە بە سوودیان نییە ئازاری ئەو بدەن. تا بە ئەمڕۆ شتی وانەبووە. مەگەر کابرا وتبێتی نایەوێ قەرزەکەیان بداتەوە. ئێوە خۆ شتی واتان نەوتووە: وتووتانە؟ نەء! بۆیە باشترین کار ئەوەیە، بە زووترین کات قەرزەکان وەربگریتەوە و پارەکەی ئەوان بدەیتەوە. پارەکەیانت کە دایەوە، کوڕەکەت پێ ئەدەنەوە. لەخۆڕا خۆت تووشی ڕەنجی بێ ئەنجام مەکە. سەبارەت بە مووساش دڵنیابە. خاترجەم. من خۆم ئەم یەک دوو ڕۆژە بەڕێی ئەکەمەوە بۆ قەڵاچیمەن!

بوندار، عارەقەی نێوچەوانی بە لفکەی مێزەرەکەی سڕی. دەستی برد بۆ زەرکی ئاوەکە و وتی:

ــ کامە قەرز پیرەخاڵۆ؟! کامە قەرز؟! خۆ من تریاکم نەداوە بەم و بەو تا پارەکەیان لێوەربگرمەوە. پارەی ئەفغانەکان لە لای من نییە، مامی خۆم! پارەی بازخانی ئەفغان لە گەرووی یەکێکیتردا گیری کردووە کە... ئەی داد و بێداد! من لەم ماوەدا تەنها دەلاڵی بێ مز و پارە بووم مامە گیان؛ دەلاڵی بێ مز و پارە! قەرزێکیشم بە لای ئەم وئەوەوە، ئەگەر هەبێ خۆ بەش ناکات! یەکیان ئەوەتا گوڵمحەمەدی کوڕی کەلمیشی. ئاخر خۆ من هەر لە لایەکەوە لێم نەقەوماوە.

ــ ئەزانم. ئەزانم، بوندار گیان!

ــ ئەی چی ئەڵێی؟ لەم ناوەدا تەنها من شەقم بەرکەوتووە. تەنها من! نامەوێ بیڵێم پیرەخاڵۆ، بەڵام ئاخر خۆ پارەی جنسەکە لە لای... لە لای... من نییە تا بیدەمەوە بە بازخان. تێ ئەگەی ئەڵێم چی؟!

ــ تێ ئەگەم. ئەزانم. خاترجەم!

ــ بەڵام بازخان لەمە تێ ناگا! چی بکەم من؟ لە لایەکیشەوە

قسەی کابرای ئەفغان نابەجێ نییە. ئەو جنسەکەی داوەتە دەس من و پارەکەشی لە من ئەوێتەوە. دەس دەس ئەناسێ! من چی بکەم؟ من ئەبێ مایەیەکم بە دەستەوە بێ تا بتوانم وەڵامی بازخان بدەمەوە، وانییە؟ بەڵام نیمە خۆ! نیمە. بازخانیش ئەو میرغەزەبە، جیهەن خانی سەرحەدی وەکوو شمری زووجەوشەن ئەنێرێتە سەرم. ئەو شمرەش کوڕە گەنجەکەم، دەسکە گوڵەکەم، لە بەر چاوی خۆم لە بیابان هەڵئەگرێ و لەگەڵ خۆی ئەیبا. دەردی دڵی خۆم بۆ کێ بڵێم، پیرەخاڵۆ! ئاخ! هەرئێستە ئەوەتانێ ڕاستەوخۆ لە ماڵی ئەرباب ئالاجاقیەوە هاتووم بۆ ئێرە. چی بڵێم، پیرەخاڵۆ؟! دڵم بووە بە کەباب!

نە گرگرتنی بوندار، نە بەدیل چوونی شەیدا، نە زیانی کار و کارگەی بابقولی و، نە دڵدانەوەی پیرەخاڵۆ هیچکامیان لە مووسادا کاریگەر نەبوون. تەنها شتێکە لە بیر و مێشکی مووسادا بوو، پلانەکەی کاروانسەرا بوو. بیچمی گەوڕ و شەو بوو. لە گوێی مووسادا، جگە لە دەنگدانەوەی ئەو پاچەی ئەدرا لە دیوارەکە، هیچ دەنگێکیتر نەئەبیسرا. بۆیە نەگوێی لە هاژەوهووژەی بوندار بوو و نە درێژدادڕییەکەی ئەوی لا گرنگ بوو. هەرچەند قسەکانی بوندار بڵێسەی سوود و زیان بوو. با بۆ خۆی هەر بیلێ و کەف بچەڕێنێ.

شەیداش هەروا. با ئەویش ماوەیەک سەختی بچێژێ. خاکی گەرمی کەویری بەردەڵان و بەندەن، بەڵکوو تۆزێ بای بن باڵە فشەکانی بخەوێنێ. ڕۆژگار، خۆ نابێ هەمیشە بە دڵی ئەو بێ. هەوراز و نشێوی هەیە. لەپڕ ببوو بە تەگەی ئەو قەڵاچیمەنە. سواری ملی هەموو کەس ئەبوو. تێر نەئەبوو. دواینەکەشی شێرۆ! ڕەنگە سواری ئەویش -ئەگەر ملی دابێ- بووبێت؟! کێ چووزانێ؟ ڕەنگیشە ملی دابێ. بە ڕاستی ژنیش گیانەوەرێکی سەیرە! ئەو کاتەی کە چاوی لە تۆیە، ئەتوانێ دڵی لای یەکی دی بێ. ئەوکاتەی وا دڵی لە لای تۆیە، ئەتوانێ چاوی لە یەکێکی

دی بێ. دەستی لە دەستی تۆدایە، بەڵام زمانی بە دڵخۆشی یەکێکیتر ئەجووڵێنێ. بە نووکی زمانی ختووکەی گیانی تۆ ئەدا، بەڵام بە سەری پەنجە بن پێی یەکێکیتر ئەخورێنێ. لە دەروونیدا، ئەڵێی پێچێکی نەکراوە، درۆیەکی خودایی، بڵێسەیەکی نەمر، شاردراوەتەوە! بڵێسەیەکی وەرجاوەند، درۆیەک کە بێزارت ئەکا؛ بەڵام دزێو نییە و لە بەر ئەوەی زۆر کۆنەیە و کەونارا، لەگەڵ خۆی ڕات ئەهێنێ. لە خاڵێک ئەچێ بەسووچی لێوەوە، جوانیشە و مڵۆزمیشە و هەمیشەش هەیە!

ڕاستەکەی ئەوەبوو کە مووسا نەی ئەتوانی ڕقی لە شەیدا نەبێ و ئێرەیی پێ نەبات. هەروەها نەشی ئەتوانی نکۆڵی لەوە بکات کە لەبنی بنی دڵیدا، دڵی بۆ شێرۆ لێی نەداوە. کە لێی ئەدا. بۆیە ئەوە ڕاست بوو ئەگەر دڵی بۆ شەیدا نەسووتێ و بە خەیاڵی شێرۆوە ددانی لە چیرەوە بهێنێ. ئەوەش جێی خۆی هەبوو لەبری هاودڵی و دڵ سووتان بۆ ماهدەروێش نەفرەتی لێبکا و ڕقی لێی ببێتەوە. لە هەموو گرنگتریش ئەوەبوو گوێ لە جرت و فرتە بێ مایەکەی بابقولی بوندار، ڕانەگرێ:

«بلا ئەوەندە بقیرێنی، تا گەرووی ئەتەقێ!»

مووسا، لەبنی سەکۆکە لە سەر عەرز دانیشتبوو؛ سەری داخستبوو و بە پەنجە لە سەر گڵە نەرمەکە هێڵی ئەکێشا.

هەینی، بەرەو ئێوارە ئەبوویەوە. هەتاو، خۆی لە حەوشەی کاروانسەرا سەر ئەخست بۆ سەربان، بۆ ئەوەی لەپڕ بدا لە شەقەی باڵ. چەند چوار پێی سست و ڕووت، لای دیواری گەورەکە بە کلک ڕاوەشاندن و گوێ لەقاندن مێشەکانیان دوور ئەخستەوە، کاروانسەرا بەتاڵ بوو.

ڕۆژی هەینی کڕین و فرۆش نییە، ڕۆژی هەینی، خەڵکی شار ئەبن بە سێ تێرە. یان لایەنگری مزگەوت و مینبەرن، یان حەزیان لە خواردنەوە و ڕابواردنە، یانیش پیاوی خێزان و مناڵن. بۆیە دەستەیەک لە مزگەوتی گەورە گیرۆدەن و بەرەو نوێژگە ئەچن.

دەستەیەک لە سەیرانگەی گردی خەسرەو و سەرڕێی شەملەق و، ئەوی کەشی لە ناو مناڵ و خێزانی خۆیانن. قەرەباڵخی و هات و هوریای ڕۆژانی ئاسایی، ڕوخساری گۆڕیوە. خەڵکی ئەمڕۆ، لەم کاتەدا ناتوانن لە کاروانسەرا بن.

نابێ و نابن. دەرگای کاروانسەراش بۆیە داخراوە. ئەو چوار دانە چوار پێیەش هی ئەو تاک و تەرا گوندییانەیە کە ڕێیان دوورە و بۆ کڕینی شەممە ماونەتەوە و شەو لە سووچی حەوشەی چاخانەکان یان لە سەر بانان ڕۆژ ئەکەنەوە. کە وا بوو ئەمشەو، بوندار ئەگەر بڕوات کە ئەڕوات، مووسا و پیرەخاڵۆ بە تەنها لە کاروانسەرا ئەبن.

ستار وتبووی:

«لەو شەوەدا ئەبێ کارەکە یەک لایەنە بکرێتەوە.»

هەمیش وتبووی:

«پاش نیوەشەو. دوا قوڵینگ تۆ لێی ئەدەی!»

هەروەها نیشانەی دابوو:

«دوو پیاو کە خۆت ئەیانناسی، لای ئێوارە دێن بۆ کاروانسەرا. خانمحەمەد و خانئاپۆ. ئەڵێن: هەواکەی چەند گەرمە. لە بیرت بێ ئەگەر نیوەشەو ویستیان ڕێگە بە هەرا و هوریای پیرەخاڵۆ بگرن. غیرەت نەتگرێ و کارەکان تێک بدەیتەوە!»

ستار، کاتی وتنی ئەم قسەیە، پێکەنیبوو.

مووساش بزەیەک کەوتە سەر لێوی و سەری هەڵێنا. بابقولی بوندار ماینەکەی لە حەوشەی کاروانسەراوە هێنابوو بۆ ناو دالانەکە و بەرامبەر مووسا وەستابوو. پیرەخاڵۆ وتی:

ــ تۆ بڕۆ بوندار. شەوت بە سەردا دێ. ڕێگەت دوورە. بەڵێنت پێ ئەدەم خۆم مووسا ئەنێرم. ئەینێرم ئیتر! تۆ کارت نەبێ، دەبڕۆ دەی!

بوندار وتی:

ــ ئەمەوێ بزانم پارەیەک شتێکی پێویست نییە پێی بدەم؟

پیرەخاڵۆ، لە مووسای پرسی:

ــ پارەت ئەوێ؟

مووسا سەیری پیرەخاڵۆی کردو وتی:

ــ پارەی خۆم کەوتۆتە لای!

بابقولی بوندار گەڵایەکی لە ناو جزدانەکەی دەرهێنا و دای بە مووسا:

ــ بیست تمەنیە. لە بیرت بێ. ئەینووسم لە سەرت!

ــ بینووسە.

بابقولی بوندار کە ئەیویست بە ئاشتی بڕوات، بە دەم بزەیەکەوە وتی:

ــ کاتێک سەری پەنجەی ئەهێنێ بە پشتی بیست تمەنییەکەدا، پێی خۆشە!

پیرەخاڵۆ تایەکی دەروازەکەی کردەوە. بوندار ماینەکەی بردە دەرەوە و وتی:

ــ ئیتر دووپاتی ناکەمەوە، خاڵۆ گیان!

پیرەخاڵۆ، دەرگاکەی بە دوایدا داخست و وتی:

ــ خاترجەم. زۆر چاکە، خاترجەم!

مووسا سەیری پیرەخاڵۆی کرد کە بەرەوڕووی ئەهات. پیرەخاڵۆ لە سەر لێواری سەکۆکە دانیشت و پرسی:

ــ بوندار ئیتر لێرە نییە. جا پێم بڵێ بۆ کارەکەت بەجێ هێشتووە و لە ناو شاردا ئەخولێتەوە؟! بۆچی؟

مووسا وتی:

ــ یەکەمیان ئەوەی کە بە ڕاستی تاقەتی کارکردنم نەبوو. دووەمەکەشی ئەوێ بەردەوام شەڕ و قڕەیە. قەڵاچیمەن بووە بە مەیدانی جەنگ. ئەو ڕۆژەی جیهەن خانی سەرحەدی و تفەنگچیەکانی ڕژانە قەڵا چیمەن، کێ چووزانێ ئەگەر منیش لەوێ بوایەتم وەکوو ماهدەرویشم بە سەر نەئەهات؟ بۆچی گیانی خۆم بخەمە مەترسیەوە؟ بۆ بە خوت و خۆڕایی خۆم

تیا ببەم؟ بە خۆشی کێوە؟ ببم بە قوربانی قڕەی نێوان بوندار و دووژمنەکانی؟ بەڵێ؟ بۆیەش بوو هاتم بۆ شار هەتاکوونێ دۆخەکە هێور ئەبێتەوە.

مووسا نەی ئەویست لەوە زیاتر درێژە بە گفتوگۆ لەگەڵ پیرەخاڵۆ بدا:

«ئەو پیاوانەی تۆزێ ئەگەڕێنەوە هەر هەموویان وان. فرەوێژن. هیچیشیان لەگەڵ ناکرێ. لێیان گەڕێ چییان پێخۆشە بیڵێن. هەر کەس بە کاری خۆی!»

هەڵساو وتی:

ـ من ئەچم نان و کەرە ئەکڕم و لای ئێوارە ئەگەڕێمەوە.

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ خۆم ئەڕۆم، تۆ پێویست ناکا...

مووسا، خۆڵی شەرواڵەکەی تەکاند و کەوتە ڕێ:

ـ خۆ نابێ تا خوا خوایەتی ئەکا هەر من نانی تۆ بخۆم. با جارێکیش بووە من دەس بکەم بە گیرفانمدا. ئەوە نییە موویەکم لە گاکە کردەوە!

ـ کە وا بوو چای و شتی وا لە دەرەوە نەخۆی. سەماوەرەکە پێ ئەکەم.

مووسا لە دەربیجەکەی سینەی دەروازەکەوە چووە دەرەوە. بە دوای خۆیدا دایخست و لای سووچی دیوارەکە وەستا.

ئێستە ئەبوا چی بکردایەت؟

ئەیزانی پیاوانی کەلمیشی بە ڕووناکی پێ ناخەنە ناو شار، سەرەڕای ئەوەش چاوەڕوان بوو. بێ ئەڤان نیگای بەملا و ئەولادا ئەگەڕان. نەی ئەتوانی ئارام بگرێ. ئەو کارەی لەبەری بوو کارێکی ساکار نەبوو. زۆر گەورە و پڕ مەترسی بوو. لەمەوپێش ڕەنگە زۆر لە لای دژوار بوو هەر بیریشی لێ بکاتەوە کە کارێکی ئاوەها ئاستەمی پێ بسپێرن. هێشتاش باوەڕی نەبوو کە ئەوکارە سەربگرێ و سەرکەوتوو بێ.

هەڵدانی سێوێک بۆ حەوا. بەڵام هێشتاش دڵی خۆش بوو. دڵخۆش بوو بەوەی کە کلیلی ئەوکارە بەو سپێردراوە. هەستی بە شانازی و گەورەیی ئەکرد. زیاتر بڕوای بەوە ئەهێنا، بووە بە پیاو. ئەتوت تازە چاوی بە خۆی کەوتووە. پیاوێکی تازەی ئەبینی.

کەوتە ڕێ. شەقامی بەیهەق و چاوی بڕییە خۆر داچوونی هەینی. دوا تیرێژی هەتاو؛ شەقام چۆڵ و دووکانەکان داخراو. ئەوەی هەبوو هەر ئەوەندە بوو. لای پلیکانەکانی مزگەوتی گەورە، تاک و تەرایەک ئەهاتن و ئەچوون. ئامادەی نوێژی شێوان و خەوتنان. کۆڕی مەوعیزە و ڕەوزە خوێندن پاش نوێژی هەینی بەڕێوە چوو بوو و کۆتایی هاتبوو ئەوبەری شەقام، لە بەردەرگای پۆلیس خانە، پۆلیسێک کێشکی ئەدا. چاخانەکەی لای دەرگای پۆلیسیش داخرابوو.

مووسا، بەرەو دەروازەی نەیشاپوور کشا، لە پاچنار تێپەڕی و پاش تاوێک لە پشت هەتیوخانەوە، لە شار دەرچوو. خزنەکەی مەلا هادی سەبزەواری. پیرێژنێک بە چارشێوی ڕەشەوە لە زیارتگە هاتە دەرەوە. مووسا هێشتاش نەی ئەزانی لە ناو گۆڕی مەزارەکەدا کێ خەوتووە. حەزی لە زانینیشی نەبوو. تێپەڕی. لێرە، دەرووی شار بەرەو کەلیدەر ئەکرایەوە. لای خوارەوە بەفرە چاڵەکان بوو. لای سەرەوە پەمپی نەوت بوو کە جەنابی فەرهوود بەڕێوەی ئەبرد.

پیاوانی کەلیدەر، لەم ڕێگەیەوە ئەبوا بهاتایەتن. ڕێ ئەمە بوو. مەگەر ڕوداوێک ناچاری کردبێتن لە ڕێگەی تەبەس، یان دەروازە عیراق، یان دەروازەی سەبریزەوە بێن بۆ ناو شار. پیاوان بەشەو ئەهاتن، بەشەو و ژوانگە، کاروانسەرا بوو. باشەو دابێ.

بانگ. مووسا بانگی شێوانی لە منارەی مزگەوتی پامنارەوە بەر گوێ کەوت. گەڕایەوە. کوێرە دووکانێک لە قەراخ شار کراوە بوو. مووسا کەرەی لە پیرێژن کڕی و کەوتە ڕێ. شەوی شار. گڵۆپی کز بە بە دارتێلەکانەوە. لە شەقامەوە بای دایەوە بۆ

ئیمامزادە. خەڵکی نەدار و هەژار کە بۆ نەزر و نیاز هاتبوون بۆ ئیمامزادە، ئەهاتنە دەرەوە و بەرەو ماڵەکانیان ئەچوون. گریان باری دڵ سووک ئەکات. مووسا بەناویاندا تێپەڕی و بەرەو کاروانسەرا چوو.

لەبەر دەرگای کاروانسەرا، دوو پیاو لای ئەسپەکانیان وەستابوون. دوو پیاو و سێ ئەسپ. خۆیان بوون. مووسا چووە پێشەوە. ڕوخساری چوارگۆشەی خانئاپۆی ناسیەوە. گۆنای خڕ و هەڵتۆقیو، چاوی بە قووڵاچوو و وشک. جارێک بینینی ئەو ڕوخسارە بەس بوو بۆ ئەوەی هەمیشە لە بیرت بمێنێ. لە تەکیەوە خانمحەمەد بوو. باڵابەرز و بەپارێز. مووسا سڵاوی کرد. خانئاپۆ دەستی نایە سەردەرگاکە و وتی:

ـ هەوا ئەمشەو چەندە گەرمە!

مووسا وتی:

ـ هەورەکان، هەورەکان ئەڕەونەوە.

پیرەخاڵۆ تای دەروازەکەی کردەوە. خانئاپۆ پێی نایە ناو دەرگاکە و تێپەڕی، دەسکەوساری ڕاکێشا و وتی:

ـ ئەزانم ناکاتیشە، پیرەخاڵۆ. بە گەورەیی خۆت بمانبەخشە.

پیرەخاڵۆ، هیچی نەوت. ئەسپەکان و پیاوەکان لە ناو داڵاندا ون بوون و دەروازە هاتەوە یەک و کیلۆنی خرا. خانئاپۆ ئەسپەکانی برد بۆ گەوڕ و گەڕایەوە بۆ ناو داڵان. لە سەر سەکۆکە لە بەر ژوورەکەی پیرەخاڵۆ دانیشت و زەرکەکەی پڕکرد لە ئاو، بە هەر دوو دەست هەڵیگرت و نای بە سەرەوە. مووسا کەرەکەی دا بە پیرەخاڵۆ و وتی:

ـ ئەبێ بڕۆم نانی ماڵی دەسبخەم، ئەچم بۆ گەڕەکی خمگەرەکان.

خانمحەمەد وتی:

ـ ڕاوەستە جەوان منیش لەگەڵت دێم. ئێمەش برسیمانە.

پیرەخاڵۆ و خانئاپۆ مانەوە، مووسا و خانمحەمەد ڕۆیشتن.

ـ لە جەمسەری کۆلانی خمگەرەکان نانی ماڵیان ئەفرۆشت. ئەگەر فریا بکەوتایەتین بەختمان یاربووە.

خانمحەمەد وتی:

ـ شەو من لای پیرەخاڵۆ ئەخەوم. ئاگادار بووە یان نا؟

مووسا وتی:

ـ مەگەر لە غەیبەوە پێی وترابێ! بەڵام نەکا لەپڕ بیخنکێنی، ها! پیرەخاڵۆ لە جێی باوکمە.

خانمحەمەد، پێکەنی:

ـ تۆ بۆ بابقولی بوندار کار ئەکەیت، وایە؟

ـ بەڵێ قاڵی بۆ ئەچنم.

ـ کە وا بوو، پیشەگەری و هونەرمەند؟

ـ بەڵێ ئیتر، تا ڕادەیەک.

ـ خانئاپۆ ئەڵێ تۆ زۆر جاران لەگەڵ یەکێک بینراوی. ئەو کێیە؟ چکارەیە؟

ـ ستاری پینەچی. ئێستە لەوێیە. لە زیندان. لەگەڵ گوڵمحەمەدە.

ـ ئەبێ زۆر لێهاتوو بێ، وایە.

ـ ڕاستەکەی نازانم چی بڵێم.

لای پیرێژنی نانفرۆش وەستان:

ـ دوو دانە نان، دایە.

ـ سییانیش بۆ من، پووری.

پیرێژنی سەبزەواری، پێنج نانی بە مووسا و کابرای خێڵاتی دا، پارەکەی وەرگرت و لە تاریک و ڕوونی شۆستەکەدا، کەوتە ژماردنی پارە. مووسا و خانمحەمەد وەرگەڕان و کەوتنە ڕێ.

خانمحەمەد وتی:

ـ قوڵینگم بۆ هێناوی وا لە بن شەڵتەکەدا. خۆت دەری بهێنە.

مووسا وتی:

ـ من قوڵینگم بۆ خۆم دابین کردووە. بیدە بە خانئاپۆ. ئەگەر کار دژوار بوو، ئەویش یارمەتی بکات.
خانمحەمەد وتی:
ـ بە قەد و باڵات نایەت ئەوەندە تیژ و وشیار بی! هەرچەند ئێوەی شاری لە مشک ئەچن. لە بنەوە کار ئەکەن. بنی تێرەکە کون ئەکەن. بەڵام ئێمە نا، ئێمەی بیابانی کارمان بە ئاشکرایە؛ وەک هەتاو ڕۆشنە. ناتوانین خۆمان بشارینەوە. جگە لە بیابان هیچکوێمان نییە. بیابان، هێڵ و هەراوە؛ بەڵام ئاشکرایە. دیارە. لە هەرکوێ بێت و هەر کارێک بکەی دیاری. بەڵام ئێوە وەکوو ئەم کۆڵانانەی شار، پێچەڵەپلووچن، بەڕاست پیرەخاڵۆ کلیلی دەرگای کاروانسەرا لە کوێ دائەنێ.
ـ لەبن سەری.
ـ لەتێکی دەرگاکە بکرێتەوە بەسمانە!
مووسا دەستی نا لە دەربیجەکەوە و کردیەوە. خانئاپۆ و پیرەخاڵۆ لای سەماوەرە تەنەکەکە دانیشتبوون. چا و سەبیلە. خانئاپۆ، کلاشەکانی داکەندبوو و بەنووکی کێردەکەی بنەکەی دەرئەدا و بە پەنجە قوڕ و زیخەکانی دەرئەهێنا و حەوای ئەدا.
خانمحەمەد، نانەکەی دانا و وتی:
ـ مەشکەی ماستەکەت لە کوێ دانا؟
خانئاپۆ وەڵامی دایەوە:
ـ هەر لەوێیە، لە بن شەڵتەکە.
خانمحەمەد مەشکەی ماستەکەی هێنا و لای نانەکە داینا. مووسا وتی:
ـ پێکەوە ئەیخۆین. ماستی ئێوە و کەرەی ئێمە. نانەکەشمان شەریکیە.
خانئاپۆ بە پێکەنینەوە وتی:
ـ ئاو و ئاگریش لە ئێوە.
مووسا هەڵسا و وتی:

ــ کە وا بوو من ئەبێ دۆخەواکە ساز بکەم. قەیناکە دەی من لە هەمووان بچوکترم و هەرئێستاکە بۆتان لێئەنێم.

خانئاپۆ ڕووی لە پیرەخاڵۆ کرد و وتی:

ــ خۆئاگات لێیە بابقولی بوندار ئاگر کەوتۆتە ناو شەرواڵەکەی؟ گوێت لێیە خانمحەمەد؟ ئەفغانەکان کوڕی ئاشناکەتیان بردووە. چاوت لێیە! ئەوەش پاداشتی خۆش خزمەتیەکانی. ئالاجاقی ئەوەندەی گیای سەوز گرت بە بەر دەمیەوە تا بە سەرەوە خستیە ناو چاڵ. ئەو جیهەنە ناپیاوەش گوڵە سەرتۆپەکەی بردووە. شەیدا.

خانمحەمەد لە دارەتێکی تووڕەیی و پێخۆشبووندا، ددانی لە چیرەوە هێناو وتی:

ــ ئەوەی کە چنار ئەدزێ، ئەبێ بیر لە جێگەکەشی بکاتەوە. کڕین و فرۆشی مەزن، زەرەری مەزنیشی بە دواوەیە، وتت کام کوڕی؟

ــ شەیدا.

پیرەخاڵۆ سەبیلەکەی دا بە خانئاپۆ و خزا بۆ لای سەماوەرەکە، چا بۆ مووسا و خانمحەمەد تێ بکات. پیاڵەی چاکەی خستە بەردەم خانمحەمەد. خانئاپۆ سەبیلەکەی دایەوە و وتی:

ــ تووتنەکەی کۆنە، خاڵۆ!

پیرەخاڵۆ، خۆڵی سەبیلەکەی داتەکاند و وتی:

ــ خاکەی تێکەڵە، بێ پیر!

دۆکولێوو لە سەر ئاگر بوو. پیرەخاڵۆ قاپی لە سەر سفرەکە دانا. خانمحەمەد و خانئاپۆ چوون بۆ حەوشە بۆ ئەوەی تۆز و خۆڵی سەر و قژیان بشۆن.

خانئاپۆ، ئاوی کردە دەمی، غەرغەرەی کرد، تفی کردەوە و پرسی:

ــ چی ئەڵێ جەوان؟ بارودۆخ چۆنە؟

خانمحەمەد سەیرێکی ناو دالانی کرد و وتی:

ـ کارەکەیان بە یەکێکی زیتەڵە ڕاسپاردووە. خۆشی عاشقی ئەو کارانەیە!

خانئاپۆ لە کاتی هەڵساندا، سەر و شانەی سووڕاند و لە شیوی بانی گەوڕەکەوە سەیری دیواری حەپسخانەی کرد و بەرەو دالان چوو. بەو نیگا کورت و خێرایە هیچی دەسنەکەوت. بان و دیوار. هەر ئەوەندە. بەڵام خانمحەمەد کە ڕووبەڕووی دیوارەکە بۆ دەموچاو شۆردن دانیشتبوو، گەڵاڵەی ساختمانی ناو زیندان لە مێشکیدا بوو و توانی بەر و پشتی کارەکە بەراورد بکات. زۆر کەم ڕێ ئەکەوت کێشک لە سەر بان دابنێن. سەرەڕای ئەمەش تێپەڕ بوون لە حەوشە بۆ ناو دالان ئەبوا زۆر بە هێوری و لەسەرخۆ بێ. بە سێبەری بن دیوارەکەدا، یەکە یەکە و نەرم و بێدەنگ ئەبێ بپەڕنەوە، وەکوو مار، بخوشن.

ئەسپەکان چی؟

خانمحەمەد بیری کردەوە، ئەسپەکان لەبەردەمی دالاندا بە ئامادەیی ڕائەگرێ لە دالانیشەوە تا بەردەرگا، زۆر نییە. هەروەها ئەیتوانی بە بێ هەراوهوریا ئەسپەکان بباتە ناو دالان. ئیترچی؟ ئەمێنێتەوە خودی پیرەخاڵۆ. ئەمکارەش لە ئەستۆی خانئاپۆ!

خانمحەمەد، مەسینە بەتاڵەکەی لای سەکۆکە دانا و دەست و ڕووی بە باڵی بەرەکەکەی وشک کردەوە. سفرە ئامادە بوو و خانئاپۆ بە سینەی دەستی خەریک بوو پیازێکی ئەشکاند. خانمحەمەد سەرکەوتە سەر سەکۆکە و لە سەر سفرە دانیشت. مووسا قابلەمەی دۆخەوای هێنا. پیرەخاڵۆ قوڵفەکانی قابلەمەکەی لە دەست کوڕەکەی وەرگرت و دۆخەواکەی کرد بە سەر نانە وردکراوەکانی ناو قاپەکاندا. دووقاپ بۆ چوار پیاو. دەست بۆ ناو قاپ.

پاشان چا. گەپ و گفتوگۆ و، پاشانیش خەو.

ـ دەی. کێ لە کوێ ئەخەوێ؟

خانمحەمەد، دەستی خۆی پێش خست:

ـ من کە لە دەرەوەی دالآن ئەخەوم. ئەمەوێ ئاسمان بە سەر سەرمەوە بێ.

خانئاپۆ تێگەیشت ئەبێ لای پیرەخاڵۆوە ڕابکشێ. بۆیە وتی:

ـ دیارە ئیتر، واتە ئێمەی پیرەمێردیش هەر لێرە جێگەیەک بۆ خۆمان ڕائەخەین.

ـ ئەی تۆ مووسا؟ دیسانەوەش لە سەربان؟

ـ بەیانی هەتاو ناهێڵێ بخەوم. منیش لە حەوشە لە لای نووسینگە، ئەخەوم.

پیرەخاڵۆ وتی:

ـ شوێنی منیش دیارە. هەر لێرە سەرم ئەنێمەوە، خاترجەم!

هەر کەسە و بە دوای جل و پێخەفدا کەوتە خۆ.

خانئاپۆ شەڵتەی ئەسپەکەی هەڵگرت و لە سەر سەکۆکە، لە بن دیوارەکە خستیە بن سەری و جگەرەیەکی داگیراند. پیرەخاڵۆ دۆشەکەکەی تەکاند و ئامادە بوو ڕابکشێ. مووسا جاجمە کۆنێک و گیوەکانی هەڵگرت و چوو بۆ حەوشە. خانمحەمەد ئەسپەکانی هێنا بۆ ناو دالآن و توورەکەی کا و جۆکەی بە سەریانەوە ڕێک کرد و جاجمێکی لە شەڵتەکە دەرهێنا و چوو بۆ بن دیواری گەوڕەکە و لای کورتانەکان، پەین و شیاکەکەی بە قاچ لادا و دانیشت.

شەو، بە سەر شارەوە بوو. کاروانسەرا لە بۆنی پەین و هەناسەی چوارپێدا خنکابوو. ئەستێرە، بە سەر سەرەوە ئەدرەوشانەوە. دەنگی پێ، کپ و ئەهوەن، وەک بڵێی بە سەر لباددا ڕێ ئەکات، بەر گوێ ئەکەوت. دەنگی ئەو پێیانەی لە خەیاڵی خانمحەمەددا نەئەگونجا! چەندە خۆش بوو کارەکان وەک ئەفسانە بچن بە ڕێوە. ڕەوان و شیرین و سەرکەوتوو. پیاڵەیەک شەراب، بێهۆش و کەمەند! حەسحەس مەست، دەرگاوانی بێهۆش و، عاشقی ئازاد. چەندە خۆش بوو کارەکان وەک ئەفسانە تێپەڕ بوایەت!

بەڵام وانەبوو، دەنگی پێی نامۆ، خانمحەمەدی ئازار ئەدا. جەنگی قوڵینگ و دیوار، بە بێ دەنگدانەوە نەبوو. کونکردنی دیوار سانا نەبوو. شەوی ناوەخت، سواربوون و لە شار دەرکەوتن، ئاسان نەبوو. سمی ئەسپ لە سەر بەردچن، خامۆشی ناناسێ. ڕەنگە شەو بشەلەژێنن. تیر و تفەنگ، ڕەنگە. لەزین هەڵدێران، خوێن، لە سەر بەردچنی شەقامەکە! بەرکەوتنی گوڵمحەمەد، بەرکەوتنی عاشق ڕەنگە؟!

ئەفسانە. خۆزگە ئەفسانە ئەبوو، ئەمکارە! پیاڵەیەک شەراب، بێهۆشی و کەمەند. حەسحەسێکی مەست، دەرگاوانی بێهۆش و، عاشقی ئازاد. خۆزگە ئەفسانە ئەبوو، ئەمکارە!

نە خانمحەمەد ئەیویست بخەوێ و نە خەو بە سەر ئەودا زاڵ ئەبوو. پانایی سەری نابوویە سەر کورتانەکە، مەچەکی لە سەر تەوێڵی دانابوو و چاوی لە ئاسمان بڕیبوو. هەندێ جار ئاوی دەمی قووت ئەدا و سێوکەی بن گەرووی سەروخواری ئەکرد و ئەهاتەوە جێی خۆی. لێو و ددان و پێڵووەکانی وشک بوون و هەستی ئەکرد کاکیلەکانی جووت بوون و پێکەوە نووساون. لەش ئارام -بەڵام شاراوە نەبێ- دڵی بێ ئارام بوو. دڵی لێی ئەدا. هەستی ترس و توانا لە دەروونی‌دا لێک ئاڵابوون. زیاتر لە ترس ڕێگەی بە توانایی خۆی ئەدا. فەرتەنەیەک لە پێش بوو، بۆیە نەئەبوا ڕێگە بە ترس بدات. بۆ ساتێکیش نابێ نە لەش و نەگیانی بدات بەدەست خەوەوە. نەیدابوو. ڕائەبوو، هەرچەند پاڵی دابوو بە کورتانەکەوە و ڕاکشابوو. ئەجووڵا، هەرچەند وا دیاربوو خەوتووە. ئەخرۆشا، هەرچەند خامۆش بوو. خولەک بە خولەک شەوی ئەژمارد و لەگەڵ چرکەکان هەنگاوی ئەنا. وەکوو ئەسپێک کە گوێی بۆ پێش لەرزەی بوومەلەرزە تیژ ئەکات، هۆش و گوێی لای ئەو دەنگە بوو کە ئەبوا لە بن دیوارەکەوە بەرز بێتەوە. ئەو دەنگەی کە ئەبوایە بانگی بکات. دەنگی نووکی خەنجەر لە سەر کلۆ. بەڵام ئەمکارە بەمزوانە جێبەجێ نەئەبوو، چونکە

شەو نەگەیشتبوویە نیوەی هێشتا.

پیاوی ژیر، لە شەوێکی وەهادا، نیوەی یەکەم پێڵوو لێک ئەنێ، چاوێک گەرم ئەکات و ئەوسا دەست بە کار ئەکات. بەڵام خانمحەمەد، ئەتوت ئەمشەو ژیر نییە. چونکە پێی وابوو لەو فەرتەنەیەدا، ئاوەز دەست و پێی مرۆڤ ئەبەستێ. ئاوەز ئەتخەوێنێ، خەو ئەتدزێ و دەمەوبەیان، ئاوەز ئەبینی لە بەرامبەرت ڕاوەستاوە و پێت پێ ئەکەنێ! ئەوسا تێ ئەگەی فریوت خواردووە، دۆڕاوی و بە درێخەوە لە خۆت ئەپرسی:

«یەک شەو خۆ هەزار شەو نەبوو! بوو!»

بۆیە، ئەگەر ئاوەز ئەمەیە، بڵێ با ون بێ!

نەء! شەوێک، هەزار شەو نەبوو. تەنانەت ئەگەر خەوی قورسیش ورووژمی بۆ چاوەکانی خانمحەمەد بهێنابا. چ بگات بەوەی خەو، خۆی تۆرابێ. وریابە. ڕێگە بە تەمەڵی مەدە. شەکەتی ناو ڕێ با لەلات بێ. ڕاژەندنی لەش لە سەر پشتی ئەسپ بە چاڵی و بەرزی بیاباندا با لەلات بێ. ماندوێتی لای خۆت ڕاگرە. ئەم میراتە هەزار ساڵەیە، ئەمشەویش با بمێنێ. بەڵام وریا! شەو هەر ئەڕوا. کار، لە بەر چاوت بەڕێوە ئەچێ. پەنجەکانت بتەقێنە. پاژنەی کلاشت هەڵکێشە. با پەنجەکانی پێت، گەرمای کلاشەکەت بیانگووشێ. مەترسە لەشەو کە چاوەکانتدا خۆی مەلاس داوە. بێخۆف، خانمحەمەد!

خانئاپۆ چی ئەکات؟

خانئاپۆ خەوتووە و خۆی داوەتە دەس فێنکی خاکی سەکۆکە. با بۆ خۆی بخەوێ. سەرە داوەکە خۆ لای ئەو نییە. ئەمەیان نەخراوەتە ئەستۆی ئەو. ئەی چ پێویستە کالانەی چاوەکانی لە ئارەزووی خەودا وشک بکات؟ پرخەی دێ. بەڵام تەمەڵی خەو نییە. بە هۆش و بە لەش، وەکوو گورگ تیژ و چالاکە. بە ئەماژەیەک قنج ئەبێتەوە، کلاش لەپێ و ئامادەیە، خانئاپۆ. نموونەی بڕوا بە خۆبوونە. بە پەنجەیەک بن پێی بخورێنە. سەرێک ڕائەوەشێنێ

و خۆی ڕائەتەکێنێ و دەسبەجێ زاڵ و وریا و چالاک؛ ئامادەیە. دەسپێشخەر مووسایە، ئەو ئەبێ بە ئەماژەیەک خانئاپۆ ڕاچەنێنێ. ئەو ئەبێ سەرتاپێ هۆش و هۆشیاری بێ. خەوی شەو لە مووسا حەرامە. لێی حەرام بێ. مووسایش هەرچەند گەنجە، بەڵام ئەتوانێ خەوی خۆی بزڕێنێ. خەیاڵی جەوان، بیابانێکە بەرفراوان. هەندێ شوێنی ون و نامۆی تێدایە. لەم لا و لەو لا، لە هەزار لاوە. مووسا. مووسا بە دزیکەوە خۆی بە هەموو کون و کەلەبەرێکدا ئەکات. لە پشت هەموو تەپۆڵکەیەکدا هەڵوەستە ئەکات. سواری ماینە ڕووت ئەبێ. پێ ئەنێتە نامۆیی شەو و لە گەڕانەکەیدا، لە حەوت زەریا ئەپەڕێتەوە. لە سەر لووتکەی قاف هێلانە ئەکا و چاو ئەبڕێتە چاوی ئەستێرە و بۆ خۆی ئەگەڕێ. خۆی لە ئەستێرەدا، لە ناو ئەستێرەدا ئەدۆزێتەوە. لەخۆی ئەگەڕێ. جەوانی! جەوانی!

مووسا پۆپکەی کردەوە. دەستەکانی خستۆتە بن چۆکی و چەناگەی لە چاڵی سینەی چەقاندووە. ئاولەمەیە و چاوەڕوانی لە دایک بوونی خۆیەتی. خەریکە ئامادە ئەبێ. چاوی کراوە و دڵی گەرمە. بیینای ڕێگەی خۆی و کاری خۆیەتی. وەها خۆی گرمۆڵە کردووە کە ماری کوبرا، کاتی خۆحەوادان بۆ بەرازەی وشتر. بەڵام فش فش -وەکوو ماری کوبرا- ناکات. هووژەی لە سینەیدا حەپس کردووە و لە بۆسەدایە. چاوەکانی چاودێری شەو ئەکەن، چاویان لە سێبەری شەوە. جووڵەی سم و کلکی چوارپێکان، دیوار و بانە خامۆشەکان سەیر ئەکات. بە خەیاڵ، نیوانی شەو شار ئەپێوێ. چەند پشتە بە سواری ئەسپ، هەڵاتن، گەیشتن. هەست ئەکا بیری ئەوەندە ڕێک و ڕەوان کار ئەکات و، حەسێب و ئەندازەکانی بەو ڕادەیە ورد و بەجێیە کە لە کاتی مافووره چنیندا پەنجەکانی وەها نەرم و چالاک بوون. هەر تاڵە بەنێک، تاڵی بیرێک و هەر پەنجەیەک ڕێبەری خەیاڵێک. تاڵەکان بیرەکان. تەونی تێکەڵ و پێکەڵ، بەڵام بەجێ و ناسک. بەجێ و ڕێکوپێک. هەموو شت

لەجێی خۆیدا. نەخشی سەر زەمینە. نەخشی فەرشەکە لە بەر چاوی مووسا دایە؛ نەخشەی شار و شەو، لە چاوانیدا ڕاخراوە. لێوەکانی ئەجوولێ. نەک بۆ خوێندنەوەی ڕەنگەکان، بەڵکوو بەپێی ڕاهاتن. خەریکە ڕیزەکانی کارەکە ڕەوان ئەکات. دووبارە و چەند بارە، چاوەڕوانی دەنگی دیوار. دیوار دەنگی دێ!

شەو، ئەبێ گەیشتبێتە نیوەی خۆی.

کاروانسەرا بێدەنگ ڕاوەستاوە. ئەڵێی هەڵوەستەی کردووە. ئەسپەکان گوێیان تیژکردووە. شەو، چاوەڕوانە؛ لە سەر پێیە، بە بێ جووڵە. بێ چاو و گوێ. شەو، شاخی دەرهێنا وە! ئەستێرەکان چاویان قووچاندووە. نیگایان وەرگێڕاوە! شەو، لە کوێر ئەچێ. لەشی دیوارەکان، بە دەم باوێشکەوە وشک بوون. مووسا ئەبێ ڕابێ. نەرم و چالاک، گەرم و بەگوڕ. خانمحەمەد خۆی هەڵساوە، خانئاپۆ بە ئەماژەی پەنجەیەک ڕائەبێ. گورج و گۆڵ. نۆرەی خانئاپۆیە. پشتوێنێک و چارۆکەیەک. پیرەخاڵۆ بە نەرمی هەناسە ئەدا:

«پیرەخاڵۆی ڕەبەن! لە سەر سفرەکەی نان و نمەکمان خواردووە. بەڵام چارە چییە؟ کارێکە و ئەبێ بکرێ. گوناحی ئێمە نییە، پیرەمێردی بێوەی!»

بەر لەوەی پیرەمێرد جووڵە بکات، خانئاپۆ بە چارۆکەکەی دەمی بەست. پاشانیش دەست و پێی و لە چاوتروکانێکدا پیرەخاڵۆ ئەخاتە ژوورەکە و دەرگای لە سەر دائەخات:

«کێ بەیانی بینیووە؟ با هەمووشت ئاشکرا ببێ. پیرەمێرد ئەو خەونەی بینیوێتی بۆ خەڵکی ئەگێڕێتەوە. ئەمشەویش بۆ خۆی شەوێکە بۆی!»

خانئاپۆ، نەرم و خێرا خۆی گەیاندە گەوڕ و یارمەتیدان. خانمحەمەد و مووسا خەریکی هەڵکەندنی دیوار بوون، شوێنێکی تایبەتیان نیشانە کردووە و پاچ لە سەر پاچ. ڕیزی خشتەکان دەرئەکەوێ. ئیتر پێویست بە قوڵینگ نییە. ئەتوانن خشتەکان

یەکە یەکە و بە بێدەنگ دەربهێنن. پاشان تەنگە و بەرتەنگەی ئەسپەکان. هەڵدانی شەڵتەکان و سوارکردنی لەغاوەکان. زۆر دژوارنییە. ئەسپ و ئاوزەنگی ئامادەیە، خانئاپۆ ئەچێ بۆ یارمەتی. دیوارکون بووە. کونێکی تەنگەبەر. خشتێکیتر. ئەودیوی کونەکە، چاوە ڕەشەکانی گوڵمحەمەد ئەدرەوشێتەوە. چەند خشتیتر. ئیتر بەسە. خشتێکیتر، نیمەیەک، خاکی کۆنە دائەڕووخێ. دڵەکان لەگەڵ خاکی کۆنە دائەڕووخێن. دەست و پەنجە خۆڵەکان لائەدەن. بەقەد پیاوێک. گوڵمحەمەد ئەبێ بە مار و لە کونەکەوە دێتە دەرەوە. شان و پشت و سینە و کاکۆڵ، هەمووی خۆڵاوی. جێگەی چاک و چۆنی نییە، دەستی ئەویتر ئەگرن و ڕای ئەکێشن. یەکێکیتر. دیسانەوە. دیسانەوە.

«ئەی ستار کوا؟»

مووسا چاو ئەگێڕێ. ستار سەیری ئەکا و بزەیەک لە سەر لێوێتی. بەو کابرایەی لە بەر دەمیەتی ئەڵێ دەمی ببەستێ. کابرا دەمی ستار ئەبەستێ. دەرفەتی پرسیار نییە. گوڵمحەمەد مەچەکی مووسا ئەگرێ و لە گەوڕەکە ڕای ئەکێشێتە دەرەوە. لە بن تاقی ناو دڵان، ئەسپەکان ئامادەن. خانمحەمەد لەغاوی ئەسپەکانی بە دەستەوەیە. پیاوەکان دێن بۆ ناو دالان، حەوت پیاو و سێ ئەسپ. کاتی چپەچپ نییە. مووسا لە سەری ناڕوات، دیارە ستار خۆی نەیویستووە بێت. خۆی وای بە باش زانیوە.

«ئەی بۆ وەستاوی؟ ساتەکان لەپەسا ئەمرن. شەو بەرەو کازیوەدا ئەکشێ. مەبە بە گرێی کارەکە مووسا! تۆ تیژایی درەوەشی؛ خۆت بچەقێنە!»

مووسا دەرگاکە ئەکاتەوە. شەقام دەست بەتاڵە. شەو، ئارام و چاوەڕێیە. تاک و تەرا سەگی بەرەڵڵا لە سەر شۆستەکە خولەیان دێ. شار، خامۆشە. مەکینەی کارەبا لەنێوە شەو زیاتر کار ناکات. شەو، ئامادەیە. پیاوەکان ئەچنە دەرەوە. شەو، کۆڵانیان پێ ئەدا، تاوێکیتر کار تەواوە. مووسا ئەگەڕێتەوە بۆ ناودالان،

کراسەکەی لەبەریدا دائەدڕێ و ئەیدا بە دەستی خانمحەمەدەوە:
ــ دەمم ببەستە. زووکە!
ــ چی؟
ــ دەمم ببەستە و خۆیشم ببەستەرەوە بەم کۆڵەکەیەوە. من دیسانیش کارم بە پیرەخاڵۆیە. زووکە.

جێی ڕامان نەبوو، لەوە زیاتر. خانمحەمەد لەش و دەمی جەوانەکەی بەست، برایانە شانەکانی گووشا و بە دوای هاوڕێکانی‌دا هەڵات:

«شەیتان ئەزانێ چی لە مێشکی ئەم بستە منداڵەدا هەیە؟!»

سمی ئەسپەکان لە سەر بەردچنی شەقامەکە، خامۆشی ناناسێ. شەش پیاو بە سواری سێ ئەسپ. لە سیلەی ئیمامزادەوە با ئەدەنەوە بۆ شەقامی ئەرگ. تا دەرەوەی شار و دەروازە تەبەس، لەغاوێک زیاتر نییە. بە تاوەغارێکی‌تر لە دیواری شار دوور ئەکەونەوە. شەوی کراوە و سروەی نەرم. دلاوەر لە تەرکی خان‌ئاپۆ، بەلووچ لە پشت تەرکی خانمحەمەد و شەمەل، لە پشت تەرکی گوڵمحەمەد.

ئەسپێکیان ووتووە و سوارێک. بەڵام نەک لەم تەنگانەی خۆف و هەڵاتنەدا. ئەبێ بە غار کەلاوەکانی قەراخ شار، بە سێبەری پچڕپچڕ و داڕووخاوی دیوارەکەدا جێ بهێڵن. ڕێی لاڕێ و قورسایی قەڵافەتی پیاوەکان، دوو بەرامبەر هەناسەی ئەسپەکانی قورس کردبوو. خان‌ئاپۆ لەبەرەوە. شەودێز، بێ ئوقرە بوو و نەی ئەتوانی ئەسپ و سوار لە پێش خۆیەوە ببینێ. بەڵام ڕێ، ناڕێ بوو و خێرایی قاچەکانی شەودێز بە پسپۆڕی کۆنە ئەسپی خان‌ئاپۆ نەئەگەیشتەوە. لەگەڵ ئەوەش شان بە شان و گوێ بە گوێی ئەسپە کوێتەکەی خان‌ئاپۆ ئەڕۆیشت. ئەسپی کشاو و تۆزێک لەڕێ خانمحەمەدیش خۆی ڕاکێش ئەکرد و لە لێواری قووڵکەیەکدا هەندێ جار سەرێکی ڕائەوەشاند.

خان‌ئاپۆ، لاڕێکەی وا هەڵبژاردبوو کە شان بە شانی ڕێی

نەیشاپوور بێ؛ بە قەراخی دەشتەکەدا، تا بگەنە پێچی گردی باغجەر، لاڕێکە زۆر ناخۆش نەبوو. لە پێچی گردەکەوە ڕێگە ئەبوو بە دووان. یەکیان شاڕێ و ئەوی کەشیان لاڕێی کێو و بەندەن، بگەیشتایەتنە ڕێگە شاخاوییەکە، دوو تەرکە ڕۆیشتن ئاسان نەبوو. زۆر کەم پیاوی خێڵاتی هەیە یەکێکی تری لە ئەسپەکەی زیاتر خۆش بوێ. کابرای خێڵاتی بۆی هەیە خۆی دابەزێ و زین و لەغاو بدات بە میوان. بەڵام ڕێگە نادا قورسایی دوو سوار بکەوێتە سەر ئەسپەکەی -ئەویش ئەسپی سواری- نەک ئەسپی بارکێش. بۆیە ئەبوا یەکێک دابەزێ و یەکیش بە پیادە بڕوات یان پێ بە پێی ئەسپەکە ڕابکات. سێ پیاو ئەبوایە لەگەڵ ئەسپەکان هەڵێن.

تا ئەم کاتە پیاوەکان بە بێ دەرفەتی قسەکردن، لە خامۆشی شەودا غاریان دابوو. کە گەیشتنە بن گردەکە، خانمحەمەد بەلووچی ئەفغانی دابەزاند. گوڵمحەمەد خۆی لە زینەکە دابەزی و دلاوەریش خۆی لە پشتی خانئاپۆوە هەڵدا خوارەوە. هەر کەس، خۆی هەڵیبژاردبوو. تیرهاوێژێک نەڕۆیشتبوون شەمەل لەغاوی ڕاکێشا و لە ئەسپەکە دابەزی.

ـ بۆ دابەزیت پاڵەوان؟ تۆ میوانی. سواربە!

شەمەل، لەغاوەکەی دا بە گوڵمحەمەد:

ـ نا گوڵمحەمەد. نا!

ـ چی بووە، مەگەر؟

ـ باشە من بۆ لەگەڵ ئێوە دێم؟

شەمەل، دارەتێکی تری هەبوو. گوڵمحەمەد تازە بۆی دەرئەکەوت کە کابرا بە درێژایی ڕێگەکە دڕدۆنگی ڕەتاندوویەتی. شەمەل. لە سەر تاشەبەردێک دانیشت.

گوڵمحەمەدیش لە لایەوە دانیشت و دەسکەوسارەکەی بە دەور دەستیدا ئاڵاند. بەلووچ و دلاوەریش دوورتر. خانمحەمەد و خانئاپۆ دوور نەکەوتنەوە. گوڵمحەمەد بە میهرەبانی پرسی:

ــ دڕدۆنگ بوویت؟

شەمەل، گەردی شەرم بە سەر قسەکانیەوە، سەری داخست و وتی:

ــ من پیاوی کێو و بیابان نیم، گوڵمحەمەد! من لێرە بم بە ئەندازەی مشکێکیشم پێناکرێ. نەء! من ناتوانم لەگەڵ ئێوە بێم. ئەگەر بێم ئەبێ هەتا سەر لەگەڵتان بم. ئاشناکانم، هەموویان لە شارن. من لەگەڵ ئێوە بێم بۆ چ کارێک؟ من پیاوی بیابان نیم، برام! ئێوە لەگەڵ دار و بیابان گەورە بوون. بەڵام من لەگەڵ چەقۆ و شەقام. من ئەبێ بگەڕێمەوە. ئەگەڕێمەوە!

ــ ئەگەڕێیتەوە؟!

ــ ئا! ئەگەڕێمەوە بۆ شار. یان هەر لەوێ خۆم ئەشارمەوە، یان خۆم ئەدەم بە دەستەوە. سەنگەر و مەیدانی من، هەمان شارە!

شان بە شانی شەمەل، گوڵمحەمەد لە سەر تاشە بەردەکە هەڵسا. شەمەل، دەستی برد بۆ گیرفانی و ئەو چەقۆیەی باوکی لە ناو مەنجەڵی ئاوگۆشتەکەدا بۆی ناردبوو. دەری هێنا و وتی:

ــ ئەم چەقۆیە، یادگاری من بێ لە لای تۆ. من بە ژێر دەستتدا تێ ئەپەڕم، گوڵمحەمەد.

گوڵمحەمەد، مشتی شەمەلی لە ناو هەر دوو دەستی ڕاگرت، گووشای و وتی:

ــ بەکاری خۆت زیاتر دێت پاڵەوان. یادی تۆ، یادگاری تۆیە.

شەمەل، وتی:

ــ من ئەمەوێ نیشانەیەکی من لە لای تۆ هەبێ. با، ئەم کاتژمێرەم لە لای تۆ بێ. من نەمکڕیوە. بەندەکەی زیوە. ڕۆژی جارێک بەو جۆرە قورمیشی بکە. کات پیشان ئەدات، باخۆم بیکەمە دەستت. ڕۆژێ ڕۆژگارێک کە لەم تەنگژەیە ڕزگارم بوو، پەیام بنێرە چیت پێویست بوو بۆت بنێرم. دەی، جارێ خواتان لەگەڵ!

گوڵمحەمەد وتی:
ــ بە خانمحەمەد ئەڵێم تا نزیکی باغجەر بتگەیەنێت. بیابانە و شەو... خانمحەمەد!
خانئاپۆ لە ئەسپەکەی دابەزی و هاتە پێشەوە. لەغاوەکەی دا بە دەست شەمەلەوە و وتی:
ــ ئەم ئەسپە ڕامترە. شەودێز متمانەی پێناکرێ.
گوڵمحەمەد وتی:
ــ سواربە پاڵەوان!
خانئاپۆ لەغاوی ئەسپەکەی گرت و شەمەل پەیکەری قورسی خۆی هەڵکێشایە سەر و لە سەر زینەکە دانیشت. گوڵمحەمەد، بازووی لای یاڵی ئەسپەکەی خانئاپۆ، ڕووبە ڕووی کوڕی یاخووت وەستا و وتی:
ــ ئەزانم پیاوێکی بەغیرەتی، بەڵام هەڵمەچۆ ئەگەر شتێک ئەڵێم. لە پێناوی ئەو نان و نمەکەی پێکەوە خواردوومانە، لە پێناوی ئەو ماوە کورتەی هەڤاڵەتیمان؛ ئەمەوێ قسەمان لە سەر ئەو کابرا پینەچییە یەک بێ: ئەوەی کە ئێمە دەست و دەممان بەستووە بۆ ئەوەی هەراوهوریا نەکا. نامەوێ دەستی ستار ئاشکرا ببێ. بەڵێن؟
ــ بەڵێن!
ــ ئەو گەنجەکەی ناو کاروانسەرایش هەروەها! لەگەڵ کاکم بڕۆ. ئەو تا لای چاخانەکەی باغجەر ئەتگەیەنێت و خۆی ئەسپەکە ئەهێنێتەوە، دەی ئیتر! کێو بە کێو ناگا، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ ئەگا. ڕەنگە دیسانەوەش یەکدیمان بینی. لە لایەن منەوە سڵاو لە باوکت بکە و پێی بڵێ کارێکی پیاوانەی دەرهەق بە ئێمە کرد! لە بیری ناکەین. زۆر حەیفە ئەو جۆرە پیاوانە ئەمرن!
شەمەل، نەیتوانی هیچ بڵێ. چەمایەوە بە سەر یاڵی ئەسپەکەدا، تەوقەی لەگەڵ گوڵمحەمەد کرد و دەسکەوساری

ڕاوەشاند.

گوڵمحەمەد کشایەوە. لە سەر تاشە بەردەکە دانیشت و ڕوانیە پەیکەری سوارەکان کە ون ئەبوون. خانئاپۆ لە گوڵمحەمەد نزیک بوویەوە و لای دەستی برازاکەیەوە دانیشت. دلاوەر، هەر لەویَ لە سەر تۆپەڵە خۆڵێک دانیشت و سەری داخست. بەلووچی ئەفغانی، هەروا لە سەر پیَ ڕاوەستابوو و بێدەنگ بوو. وا دیار بوو چاوەڕێیە دەرفەتی دانیشتنی بدەنیَ. گوڵمحەمەد پێی وت دابنیشیَ و پشوویەک تازە بکاتەوە. بەلووچ دانیشت و خانئاپۆ، بە باڵی چۆخەکەی بەر باکەی گرت و بە شەمچە جگەرەیەکی داگیرساند. دووکەڵی سیگارەکەی بە تۆپەڵ دایە دەرەوە و وتی:

ــ چەن باش بوو خۆی تێگەیشت کوڕی ئەو ڕیَ نیە و گەڕایەوە. ئەگینا ئەبوو بە ژانەسەر. ئەو جۆرە پیاوانە تەنها بە سواری پیاون. بازوویان بە نانی خۆڕایی هەڵمساوە. بۆ خواردن و خۆ بادان درووست بوون. ئەگەر بڕیار بوایە بە پیادە بێت، هەر لەویَ لە نیو فرسەقی شارەوە ئەگەڕایەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بۆ ئێمە خراپ نەبوو. جگە لەوەش، هەرئەوەندەی لەدەس ئەهات. ئەوەش خۆی ویژدانی ئەویَ. کاتێکە زانی ناتوانیَ تا سەر لەگەڵ بیَ، ڕاستیەکەی وت و نەیهێشت ببیَ بە سەربار.

خانئاپۆ، وتی:

ــ باشتر! ئەگینا ئەبوایە بیدەین بە کۆڵماندا و بەو شاخانەدا سەری بخەین.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بۆچوونەکەت دادگەرانە نییە، خانئاپۆ! ئەگەر ئەو نەبوایەت، کاری ئێمە جیَبەجیَ نەئەبوو. هەر کەسە و لە شوێنێک بە کارە. باوکی کابرایەکی خوێنتاڵە. ئەڵێن بەر لە بولشۆڤیکەکان عیشقابادی ڕووس لە بن دەسەڵاتیدا بووە.

خانئاپۆ وتی:

ـ یاخوت؟ یاخوت ئەناسم!

گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی دەم بە دەمەی لەگەڵ مامی نەکردبێ، بەلووچی ئەفغانی دواند و لێی پرسی:

ـ دەی، تۆ چی ئەکەی؟ ئەتەوێ چی بکەی؟ ئەڕۆیتەوە بۆ ئەفغان، یان لە لای ئێمە ئەمێنێتەوە؟

ـ لە ئەفغان ئیتر جێگەم نییە، براگیان، نانم بڕاوە. ئەگەر بگەڕێمەوە، لەدەس بازخان دەرناچم. ئەگەر لێرە پاروە نانێکم دەسکەوێ، ئەمێنمەوە تا بزانم چارەنووس چۆن ئەبێ. ئەگەر، لە ئەماندا بم، سەردار!

گوڵمحەمەد وتی:

ـ پاروە نانێک هەر دەس ئەکەوێ. ئێمە چیمان خوارد تۆیش ئەیخۆی. سەبارەت بە بابقولی بونداریش، پێموانییە ئیتر...

خانئاپۆ، قسەکەی گوڵمحەمەدی بڕی و بە بەلووچی ئەفغانی وت:

ـ گوڵمحەمەد خان بەوکارەی، دۆستایەتی خۆی لەگەڵ بابقولی بوندار پێشێل ئەکات. تۆ ئەبێ بتوانی ئەو خزمەتەی گوڵمحەمەد خان قەرەبوو بکەیتەوە!

بەلووچ، کە ڕیشەی تەڕی گیایەکی لە بن ددانیدا ئەجاوی، وتی:

ـ تا چ کارێک لەدەس من بێ، خان!

گوڵمحەمەد، هاتە خوارەوە، پشتی دا بە تاشە بەردەکەوە و بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی یەکلایی کردبێتەوە، لە دلاوەری پرسی:

ـ تۆ چی دلاوەر خان؟ پێ بە پێی ئێمە دێی؟

دلاوەر سەری هەڵێنا و وتی:

ـ نەخێر خان. من بە ڕێی خۆمدا ئەڕۆم!

گوڵمحەمەد، لە بن نیگای خانئاپۆدا بەرەو دلاوەر چوو. دلاوەر هەڵسا و مەیدانی گرت. گوڵمحەمەد وەستا و بە درێخەوە پێکەنی:

ـ ئەوە بۆ وا ئەکەی؟ پێت وایە بە تەنها گیرم لێ هێناوی؟! منت وا ناسیووە تۆ؟! پەکوو!

دلاوەر، لە کاتێکا هێشتاش پاشەوپاش ئەڕۆیشت، وتی:

ـ نا، خۆ! بەڵام مرۆڤ بۆچی بە گوریسی ڕزیوەوە خۆی هەڵواسێ بە ناو بیردا؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ من نامەوێ بە ناو بیردا هەڵتواسم، کەی من شتی وام وتووە؟ من تەنها لێم پرسیت. هەر ئەوەندە. ئێستە وەرە بۆ ئێرە، وەرە پێشەوە ئەمەوێ پەیمانێک ببەستین من و تۆ. وەرە پێشەوە. بەو نمەکەی پێکەوە خواردوومانە سوێند ئەخۆین!

دلاوەر وەستا. گوڵمحەمەد وتی:

ـ من وەکوو تۆ جەوان نیم. وەرە دەستت بدە بە من، وەرە!

دلاوەر، نەهاتە پێشەوە. بەڵام کاتێکیش گوڵمحەمەد چوو بۆ لای نەچوو بە دوادا. گوڵمحەمەد، سینە بە سینەی وەستا و وتی:

ـ دەستت بدە بە من!

دلاوەر، دەستی خستە دەستی گوڵمحەمەدەوە.

گوڵمحەمەد، وتی:

ـ ناڵێم لەگەڵ من ببە بە برادەر. نەء. ئەزانم کینەی تۆ پاک نەبۆتەوە. بەڵام ئەگەر ویستت لەگەڵ من دوژمنی بکەی لە ڕووبەڕووەوە وەرە. پیاوانە.

دلاوەر، بێدەنگ بوو. گوڵمحەمەد دەستی لە دەستی دەرهێنا و هاتەوە و لە سەر جێگەکەی پاڵی دایەوە بە تاشە بەردەکەوە. دلاوەر بە ئارامی کشایەوە و پاش تاوێک، لاڵ و خامۆش، لە ناو شەودا ون بوو.

گوڵمحەمەد ڕووی لە مامی کرد و وتی:

ـ گەنجێکی تۆکمە و بەجەربەزەیە. خوا بیپارێزێ!

خانئاپۆ، بە تەوسەوە وتی:

ـ مرۆڤ، ئەو دەستانەی کە ڕۆژێک بۆ کوشتنی شمشێر هەڵئەگرن بەو جۆرە بەرەڵڵا ئەکات؟ بەو جۆرە ئازادیان ئەکات؟

ـ عەشق بە زۆر و سۆز بەگوشار سەرناگرێ. بەدی نایەت. ئەتویست بە زەبر و زۆر سۆزی بۆ لای خۆم ڕابکێشم؟!

خانئاپۆ وتی:

سەرێکی هەموو کارەکان کەڵەگاییە. ئەمەت زانیوە؟ ئەو شەریکی تاوانە، ئەبوا لە ئاڵقەی کەمەنکێشی خۆتدا ڕایبگری!

گوڵمحەمەد، وتی:

ـ هەموومان لە پێناوی ئازادییەکەماندا، خۆمان خستۆتە مەترسیەوە. ئێستەش حەقی هیچمان نییە ئەو ئازادییە لەوی دی بسێنێتەوە. بلا هەر بە ڕێی خۆیدا بڕوات!

خانئاپۆ، بەو جۆرەی کەتەنها گوڵمحەمەد ببیسێ، وتی:

ـ ئەمانتوانی کاری لێبکێشینەوە، جەوان و لیهاتوو بوو.

ـ من ناتوانم بە زۆر کار لە کەس بکێشمەوە.

ـ ئەگەر ئەو چوو و خۆی گەیاندە زاڵگەی جەندەرمە، چی؟

ـ دلاوەر ئەو کارە ناکات!

ـ عیلمی غەیبت پێیە؟

ـ نەء. بەڵام بڕوام بە چاوەکانم هەیە.

ـ بەڵام تۆ، پێموابێ لە شتێکیتر ترسای.

ـ لە چی؟

ـ پاشان پێت ئەڵێم. ئەو ڕەشاییە خانمحەمەد نییە؟

خانمحەمەد بوو. بە سواری ئەسپێک و ئەسپێک بە دوایەوە. دابەزی.

ـ چیت کرد؟

خانمحەمەد وتی:

ـ گەیاندمە سەر ڕێ، بەڵام شتێکیشم دا بە گوێیدا.

گوڵمحەمەد بە پەرۆشەوە پرسی:

ـ نەکا بەتوندی قسەت لەگەڵ کردبێ؟

خانمحەمەد وتی:

ــ پێموت ئەگەر ویستت خۆت بدەیت بە دەستەوە ئەوە خۆت ئەزانی. بەڵام ئەگەر شوێنی براکەمیان پیشان بدەیت، ئەوسا... ئەی ئەو بەرانە سەر زلە کوا؟

گوڵمحەمەد، وتی:

ــ ڕۆیشت!

ــ هەڵات؟

ــ بۆچی هەڵبێ. ویستی بڕوات. ڕۆیشت.

ــ تۆیش لێیگەڕای بڕوات؟!

گوڵمحەمەد، وتی:

ــ خۆ یەخسیری من نەبوو، ئەو!

خانمحەمەد ددانی لە چیڕەوە هێنا و وتی:

ــ کاری وا ئەکەی تۆیش! کاری وا ئەکەی! چۆن ئەو مارەی کە جووتەکەت کوشتووە بەرەڵڵای ئەکەی؟! مەگەر نازانی ئاخرەکەی ژەهری خۆیت پێ ئەڕێژێ؟! کاری سەیر ئەکەی تۆیش!

گوڵمحەمەد هەڵسا، دەستی بە دەسکەوسارەکەوە گرت بە کەللەی زینەکەوە و وتی:

ــ ئەتویست ئەو مارە لەبەردەم هێلانەکەمدا دابنێم بۆ شەو نیگابانی؟ ئێوەش خەیاڵی سەیر ئەکەنەوە. سوار بن با بڕۆین!

بەلووچی ئەفغان، ئەمجاریش لەگەڵ خانئاپۆ سوار بوو.

شەو و لاڕێ. هەوراز و نشێو و تەپۆلکە و گرد و ئاودڕ. چەم و بەردەڵان و تەڕەکاڵ. ڕێ و ناڕێ. بە بێ دەرفەتی پشوودان. ڕۆینە، نەرمەغار، لۆقە و چوارناڵە. داوێنی کەلیدەر، بۆ لای ڕەشماڵ نا، بەرەو ڕان ئەچوون. ڕان مۆڵی دابوو و کاوێژی ئەکرد.

بەگمحەمەد و سەبراو، لای ئاگری کوانووی سێ کوچکە. سوارەکان گەیشتن. بەگمحەمەد خۆی حەوادایە باوەشی براکەی. گوڵمحەمەد سپەری سینەی برای لە ئامێزگرت. سەبرخان هاتە پێشەوە و دەستی خستە دەستی گوڵمحەمەدەوە. بە

دەور ئاگرەکەوە دانیشتن. کتری لە سەر بوو، شیریان دۆشی. تێگوشیوی گوورماست. لە هەموو هارتر کابرای بەلووچ بوو. ئەتوت چەند مانگە تێری نەخواردووە. لە هەموویان کلاتر، بەڵام لە هەموویان بە هەڵپەتر.

ریشاڵی نامۆی کازیوە. بەیانی ئەڕوا. پیاوەکان لە سەر سفرە کشانەوە.

ــ ئەمرۆ پشووی کێیە؟

بەگمحەمەد لە وەڵامی گوڵمحەمەددا وتی:

ــ دوێنێ نۆرەی سەبرخان بوو.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ چگوورەکەت لە چ دۆخێک دایە؟

بەگمحەمەد، بە شەرمەوە وتی:

ــ تا تۆ نەبووی، وا پێ ئەچوو ژێکەی چڕابێ. بەڵام ئێستە کۆکە. حەزت لێیە پەنجەیەکی پیا بهێنم؟

گوڵمحەمەد وتی:

ــ شوێنی بڕناوەکان ئەزانی؟

بەگمحەمەد، سەیرێکی کابرای ئەفغانی کرد و وتی:

ــ ئەزانم!

ــ بە غار بڕۆ بیانهێنە. ئێمە چاوەڕوانین.

ــ بۆچی ئێوە نایەن بۆ ڕەوەند؟

ــ نەء! جارێ نا.

ــ ئەی من چییان پێ بڵێم؟ بە دایکم، بە هەمووان؟

ــ هەر ئەمەیان پێ بڵێ، کارێکی پێویستترمان لەبەرە!

جێگەی لە سەر ڕۆیشتن نەبوو، بەگمحەمەد مووچی کێشا و ئەسپەکە ئاوڕی دایەوە. پێی لە ئاوزەنگی نا.

خانئاپۆ وتی:

ــ بۆ ئەم ئاشنایەشمان گۆپاڵێک شتێک بهێنە. کار جارێک ڕوو ئەدا!

بەگمحەمەد لەغاوی ڕاوەشاند و ڕۆیشت. سەبرخان چوو تەگەکەی خانئاپۆ بگێڕێتەوە بۆ ناو ڕان. خانمحەمەد هەروا داگیرابوو. خانئاپۆ پرسی:

ــ بیر لە چی ئەکەیتەوە؟

خانمحەمەد سەیری گوڵمحەمەدی کرد. گوڵمحەمەد بزەیەک لە سەر لێو وتی:

ــ دڵم بۆ کوڕی پوورمان تەنگ بووە، عەلیئەکبەری حاجی پەسەند!

ــ ڕێ بە ڕێ؟!

خانمحەمەد، ئاوڕی لە مامی دایەوە و وتی:

ــ ئەی چی؟ ئەتەوێ با هەواڵەکە بدا بەگوێیدا و ئەویش خۆی کۆ بکاتەوە؟ ئەو کەمتیارە ئەبێ بە شەو بخرێتە تەڵەوە، خانئاپۆ!

خانئاپۆ وتی:

ــ من لە ئێوە بە پەلەترم! بەڵام خۆ زانیوتانە پاش ئەوەی بووە بە سیخوڕ و ڕاپۆرتی لە گوڵمحەمەد داوە، تفەنگی لە دەوڵەت وەرگرتووە؟

خانمحەمەد وتی:

ــ تفەنگی وەرگرتووە، خۆ تفەنگچی وەرنەگرتووە!

خانئاپۆ وتی:

ــ خۆش خزمەتیەکانی هێشتا ئەوەندە زۆر نەبووە کە تفەنگچیشی پێ بدەن. بەڵام بۆ مارە بڕینی کچەکەی، مسۆگەر تفەنگچیش ئەهێنێ!

گوڵمحەمەد وتی:

ــ پیرۆز بێ! ئێمەش ئەبێ پێشکەشیمان لە بیر نەچێ!

خانمحەمەد، لە بەر خۆیەوە:

ــ نا پیاوی بێغیرەت! ماری لە باخەڵدایە. هێشتاش بۆم دەر نەکەوتووە ئەو هەموو فێڵەبازییەی لە کوێوە هێناوە؟

خانئاپۆ وتی:

ــ میری پێنج ڕۆژەیە. ئەو جۆرە خوێڕیەتیانە بەردەوام نابێ. پیاوێک کە دەگە لە هاوخوێنی خۆی بدا، هەرگیز ناتوانێ جێ بۆ خۆی بکاتەوە.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ بەڵام... ئەو کابرا پینەچییە لە مێشکم ناچێتە دەرەوە. نازانم! نازانم ئەمە ئیتر چ جۆرە گیانەوەرێکە؟! بلیمەتە! ڕاستیەکەشی ئەم خوایە چەند هەزار جۆر بەندەی هەیە. لە بیرتە کێ ئەڵێم، خانئاپۆ؟ هەمان کابرا وردیلەکەی شەوی نەورۆز لە کۆخەکەی خاڵە مەندەلوو بینیمان. ئەوەی کە لەگەڵ مووسای کوڕی خاڵە مەندەلوو هاتبوو... ئەو دووانە نەبوایەتن، هیوای هاتنە دەرەوەم نەبوو. بەڵکوو بتوانم ڕۆژێک قەرەبووی ئەو گیانبازییەیان بکەمەوە.

خانمحەمەد وتی:

ــ مرۆڤ باوەڕ ناکا. چ ئاڵەتێکی لێدەرچووە ئەم مووسایە؟!

سەبرخان وتی:

ــ ئەتانەوێ بخەون؟ من وردە وردە ئەبێ ڕانەکە بەرەو خوارەوە بکەمەوە. کتری و پیاڵەکانتان بۆ بەجێ ئەهێڵم.

ــ باشە!

ماندوێتی بەردەوام، پێڵووی پیاوەکانی قورس کردبوو. کابرای بەلووچ بەڵام، هەروا وەکوو بەرد لە سەر چۆک دانیشتبوو و بیری ئەکردەوە. سەبرخان، کیتەڵە و سفرەکەی خستە ناو توربێنەکە و پرسیاری کرد:

ــ بۆ ناخەوی سەردار؟ پەرێشان دیاری؟

بەلووچ وتی:

ــ پەرێشان نیم برام. چاوەڕێی بەیانی پاش کازیوەم نوێژەکەم بخوێنم. نوێژ، هێشتا حەڵاڵ نییە.

سەبرخان، توربێنەکەیدا بە شانیدا و وتی:

ــ کات و ساتێکی ماوە حەڵاڵ ببێ.

بەلووچ، بە خاک تەیەمومی کرد و پاشان لە سەبرخان نزیک بوویەوە و وتی:

ــ تۆ لەگەڵ ئەم خانانەدا خزمی، وایە؟

سەبرخان وتی وایە. کابرای بەلووچ وتی:

ــ پیاوێکی دڵپاکە. تەمەنی درێژ بێ، جوامێر و بەخشندەیە. ئەو کارەی دلاوەر بە ناپیاوی دەرهەق بەو کردی، ئەگەر بەرامبەر بە من کردبایەتی، تا خوێنم نەچەشتایەت دڵم ئارام نەئەبوو. بەڵام ئەم کابرایە... ئەوە چییە، پەزەکانت ئەڵێی گۆشتیان پێوە نییە.

سەبرخان وتی:

ــ پەزەکانی ئەفغانستان قەڵەوترن؟

کابرای بەلووچ وتی:

ــ ژیانی ئێمە بە ڕانەوە بەستراوە. ئەگەر پەز بەرەکەت نەکات ئیتر هیچ؛ ئەبێ قاچمان بەرەو قیبلە ڕابکێشین و بۆ خۆمان بمرین.

سەبرخان بەرلەوەی ڕانەکە هەڵسێنێ، لە کابرای ئەفغانی پرسی بۆچی و بۆ چ کارێک لە سنوور پەڕیوەتیەوە و بۆچی گیراوە؟

کابرای بەلووچ. وتی کە تفەنگچی بازخانە و بە فەرمانی ئەو هاتووە بۆ ئەمبەر بۆ ئەوەی قەرزەکەی بۆ وەربگرێتەوە. پاشان ڕووداوەکەی گێڕایەوە و باسی گۆدەرزی بەڵخی و بونداری کرد کە بە یارمەتی چەند جەندەرمە گرتوویانە و بردوویانە بۆ شار. پاشان باسی ئاشنایی خۆی لەگەڵ گوڵمحەمەد و ستاری پینەچی و عەبدۆس و دلاوەری کرد.

سەبرخان پرسی:

ــ ئێستە چی؟

ــ ئێستەش ناچارم هەر لێرە، لەم وڵاتە بمێنمەوە، لە

ترسی بازخان ئیتر ناوێرم بگەڕێمەوە. تفەنگەکەم فەوتاوە. ئەو تفەنگە بازخان دابووی بە من قەرزەکەی بۆ وەربگرمەوە. بەڵام... ئەوەتا کچەکەم لەوێ بارمتەیە. هەرچەند زاواکەم لەگەڵ دیلەکە گەڕایەوە بۆ ئەفغان. بەڵام من... من تا تفەنگێک دەسنەخەم ناتوانم بگەڕێمەوە. پێت وانییە نوێژ حەڵاڵ بووە؟

سەبرخان وتی:

ـ پێموابێ. بۆچی نا. هەوا خەریکە ڕوون ئەبێتەوە. نیازمەندی دۆعا!

سەبرخان ڕۆیشت ڕانەکە هەڵسێنێ. کابرای بەلووچ دەستی گرتبوو نوێژی ئەخوێند. خامۆشی کازیوە. خاک پاکیزە. سروە زەڵاڵ و زەنگۆڵەی ملی بەران. تەنهایی بەربەرین و بەتاڵی دڵ. پیاو، لە شیوی سافی گردەکەدا، نوێژ ئەخوێنێ. لەو هەموو بیابانەدا ئەتوت بەس ئەوی لێبوو. ڕانەکە لە پەسا دوور ئەکەوتەوە و کابرا هەستی ئەکرد، دەوروبەری چۆڵ و چۆڵتر ئەبێ. بەس باڵندەی دەمەوبەیان و ئیتر هیچ. نە ڕان، نە شوان، نە سەگ، نە سوار؛ کابرای بەلووچ و بەربەرینی بیابان. کابرای بەلووچ و ئاسمانی هەراو، هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی خوا.

کچی کابرای ئەفغان، ناوی سارا بوو. سارا بە بارمتە گیرابوو. لە لای بازخان. کابرای ئەفغان ئەگەر نەیتوانیبا بە دەستی پڕ بگەڕێتەوە ـکە نەی ئەتوانیـ سارا بە تاڵان ئەبرا. کابرای بەلووچ، لەو کچە زیاتر چی هەبوو؟

تفەنگێک! تفەنگێک بە نرخی کچێک. ئەم دووانە پێکەوە بوون یان نەبوون. تفەنگەکە ئەگەر تیابچوایەت، کچەش لە دەس چوو بوو. ئەوا تفەنگ نەمابوو. خۆی مابوو، خۆی و خۆی. بە بێ تفەنگ. خودی بێ نیشان بەڵام بە کاری چی ئەهات؟ خۆی ئیتر چی بوو؟ چی بوو؟ کاتێکە دەستت بەستراوە، چاوت بەستراوە، ڕێگەت بەستراوە، تۆ ئیتر کێیت؟ چیت؟ یەخسیری، یەخسیر! ئەمەندە و بەس. تەمەنێک یەخسیر بوویت. ئێستە یەخسیری

بە ئاشکراتر. نە بۆ مانەوە سەربەستی و نە بۆ ڕۆیشتن ئازادی. پینەیەکیت. زیادیت. بێگانەیت. نیشتمانت کوێیە، پیاوی غەوارە؟ ئەی تفەنگچی کوێر؟ پیاوی بەڵێن و ڕەوشت! لێرە، لە ژێر ئاسمانی کەلیدەر ڕاوەستاوی بۆ نوێژکردن و سروەی زەلاڵی بەرەبەیان ڕوخساری چەرمەڵەت نەوازش ئەکات. تۆ کێ بوویت؟ چی بوویت؟ پیاوی و بریندار. برینێک لە لەشتدا، برینێک لە گیانتدا. سارا بە تالان چوو؛ برینی گیان. شوێنی دار قەیسی بە ناوچاوتەوە، برینی لەش، برین گەرمە و بەسۆیە. دڵ سارد و بێجێیە. بێ ئوقرەیت و دابڕاو. غەم لە چاوتدا وشکەڵاتووە. لە خۆا ئەگەڕێی. بۆ شکاندنی تەنهایەکەت.

تۆ کێی، پیاو؟ دێتەوە بیرت کاروانێک، وشترەوانێک. پێستە و خوری بارکردووە. بەرەو هەرات ڕێ ئەکا. زەنگی کاروان زرینگەی دێ. جەوانی، عەشق لە ناوچەوانی ڕەشتاڵەتدا، جوانەمەرگ بووە. دایکی سارا بە بێ دەرمان کۆچی دوایی کرد. ئەوینەکەت چەند زوو کۆستی کەوت. زۆری نەخایاند شەوانی بڵێندی ئەوین. سارا، بوون و نەبوونت! ژیان پێکەوە ئەنێی، دەستمایە و پسووڵەی کار. تفەنگچی. سارا لە بارمتەی تفەنگدا جێ ئەهێڵی و تۆ ئەی ئەسپەشێ، لات وایە بۆ ئێوارە ئەگەڕێیتەوە. بۆ لای سارا ئەگەڕێیتەوە. سارا لەبری تفەنگ، نەکا لە ناو ڕێ لادەی بۆ لاڕێ. ئەوەندە بجووڵێ کە پێویستتە، لەغاوی تۆ، سارایە. ساراش، لە بن دەستی بازخان دایە. ڕیشت ناوەتە گرێوی ناپیاو. بەڵام ڕابە. خوای تۆ هێشتاش، لە هەوراز و نشێوی هێندووکوشدا، چاوی لێتە. ئەمەش دوو ڕەکاتیتر.

«السلام و علیک، السلام و علیک...»

کابرای ئەفغان، ڕووی وەرگێڕا. سوارەکان خەوتبوون. ئەسپەکان هەر لەو ناوە بە دەوروبەری سوارەکانەوە، ئەلەوەڕان. کابرا لای کەوانووەکە لە ژوور سەری گوڵمحەمەدەوە دانیشت. خانئاپۆ، شەڵتەکەی خستبوویە بن سەری. بریسکەی تفەنگ

-ئەو تفەنگانەی کاتی هەڵاتن، خانئاپۆ و خانمحەمەد بە نهێنی لەگەڵ خۆیان هێنابوو- لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا چاویان لە بەلووچ دائەگرت:

«نەحلەت لە شەیتان!»

دیسانەوەش بریسکانەوەی قۆنداخە تفەنگ! ئەیتوانی بە فرکەیەک تفەنگ بڕفێنێ، خۆی هەلداتە سەر پشتی شەودێز و وەک با بەرەو ڕۆژهەڵات باژوێ. لەوە دڵنیا بوو هەتاو لە ئاسۆی تایبادەوە سەر هەڵئەهێنێ. بەڵام. دوودڵ بوو، کابرا. خۆ خرابەیان لەگەڵ نەکردبوو؛ خۆزگە کردبوویان. گیری کاری لێرەدا بوو. شەرمی لە گوڵمحەمەد ئەکرد. نان و ئاوی پێدابوو. ئازادی کردبوو، متمانەی پێکردبوو. ڕزگاریی پێ بەخشیبوو و ئەمکارەی ئەو شیاوی ئەو کاردانەوەیە نەبوو. دەستخستنی تفەنگ و ئەسپ بۆ بەلووچ ژیانی بوو. بەڵام کابرا، نمەککگیر ببوو و نەی ئەتوانی و نەشی ئەویست پاروو لە سەر سفرەی گوڵمحەمەد بدزێ. خۆی بە میوان ئەزانی. بە منەتبار و، تا ئەو قەرزەی نەدایەتەوە، خۆی بە ئازاد نە ئەزانی. ئەگەر یەکجار، تەنها یەکجار بیتوانیایەت خزمەتێک بە گوڵمحەمەد بکات، خەیاڵی ئاسوودە ئەبوو. لەوەودوا ئەیتوانی بڕوات. بەڵام نەوەک بەو چەک و ئەسپەی لە گوڵمحەمەدی دزیبێ. جارێ ئەبوا فەرمانبەر و بێوەی بێ تا کاتی ئەگات. زۆری پێ ناچێ. بەو جۆرەی با لە گەڵای دار ئەدا، ژیانی ئەم کۆمەڵەش -بەو جۆرەی کابرای ئەفغان ئەیبینێ- سەقامگیر نەبوو و درێژەی پەیدا نەئەکرد. ئەوەندە بەس بوو، تەنها جارێک قاچی گوڵمحەمەد بخزێ و ئەو دەستی بگرێ و سەربە سەر دەرچن. قەرەبوو کردنەوەی چاکە. لەوەودوا ئەیتوانی داوای تفەنگ و ئەسپی لێ بکات و بگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندی خۆی.

ئاگرەکە، خەریک بوو دائەمرکایەوە. کابرای ئەفغان هەڵسا و باوەشێک دار و چیلکەی هێنا و ئاگرەکەی بووژاندەوە. تاوێکیتر خۆر هەڵئەهات و پیاوەکان هەڵئەسان. ڕۆژ، چی بە دەمەوە بوو؟

وا پێ ئەچوو، ڕووناکی بەدی ناکات! وای لە بیربوو، گفتوگۆی دوێشەویان بۆنی ئاشتی لێ نەئەهات. هەموو شتێک لە پێش بوو، جگە لە ئاسوودەیی. جگە لە دانیشتن لە قەراخی ئاو، یان ڕاکشان لە هۆدەیەکی ئارامدا. ڕوون نەبوو قرەی ئەمڕۆ چ ڕەنگ و ڕوخسارێکی ئەبێ؟! ئەیتوانی پێشبینی پەرێشانی بکات، بەڵام چەند و چۆنیەکەی لا ڕوون نەبوو.

ــ تۆ نەخەوتبووی بەلووچ ؟

دەنگی گوڵمحەمەد کابرای ئەفغانی داچڵەکاند:

ــ نەخێر خان، نەخەوتم.

ــ بۆ نەخەوتی پیاو؟ ئەمڕۆ ئەبێ هەموو بەڕێوە بین. چاوێکت گەرم بکردایەت!

ــ کێشکم ئەدا، خان. ئەترسام جەندەرمە بگەنە سەرمان.

ــ خەریکی خەجاڵەتمان ئەکەی. خۆ من شتێکی وام بۆ تۆ نەکردووە.

بەلووچ وتی:

ــ من ئەتوانم لە سەر ئەسپەکەم بخەوم. ڕاهاتووم، خان. لە ناو ڕێگە وەنەوزێک ئەدەم. چات بۆ تێکەم؟

ــ چی لەوە باشترە؟

بەلووچ، پیاڵەی چاکەی خستە بەردەم گوڵمحەمەد و وتی:

ــ هەڵیانناسێنیێ؟

ــ با بخەون تا براکەم دێتەوە. ئەوان لە من ماندووترن. چا بۆ خۆیشت تێ بکە!

گوڵمحەمەد وتی و هەڵسا و جلەکانی لەبەریدا ڕێک کرد:

ــ من ئەڕۆم لەم دەوربەرە ئالیک بۆ ئەسپەکان کۆ بکەمەوە. زوو ئەگەڕێمەوە.

کابرای ئەفغان هەڵسا، لەغاوی ئەسپەکە بۆ گوڵمحەمەد بگرێ. بەڵام شەودێز گوێی قیت کرد و سووڕا. گوڵمحەمەد دای لە قاقا و وتی:

ـ خۆت لاده تا تەختی نەکردووی. قەرە سواری بە بێگانە نادا.
کابرای ئەفغان خۆی کشاندەوە. گوڵمحەمەد سوار بوو و وتی:
ـ براکەمت بینی دێتەوە، هەڵیانسێنە.
کابرای ئەفغان وەرگەڕا و گوڵمحەمەد لە چاوترووکانێکدا، ون بوو.
«حەک لەو ئەسپە؟»
خۆر، لە بناری کەلیدەرەوە چاوی ئەترووکاند و ڕووناکی سووکەڵەی هەتاوی بەرە بەیان، بەرەگەی ڕوانینی کابرای بەلووچی ڕەنگ ئەکرد: چاندنی تۆو. جریوە جریوی باڵندە. فرەی کورت و شۆخ. سێبەری ئاوساوی گردەکان لای شانیانەوە. بازدانی تیرێژ بە سەر تەلەبەردا. ئاسمانی زەلاڵ لە نیگای تیشکدا. پەڕەگرتنی ڕووناکی. تاوێکیتر، دەشت و گرد و بیابان، دەست لە ناو دەست، پڕ ئەبوو لە خۆر، خەملاوی تیشک. کانیاوێک خۆزگە، شڵپە ئاوێک بە ڕوخساری ماندوودا.
خانمحەمەد هەڵسا و پێڵووە خەواڵووەکانی لە بەرامبەر هەتاودا داخست. بەلووچ بەیانی باشی لێکرد.
پیاڵەیەک چا بۆ خانمحەمەد:
ـ گوڵمحەمەد کوا؟
بەلووچ وتی:
ـ چوو ئالیک بهێنێ.
خانمحەمەد، سەیرێکی دەوروبەری کرد:
ـ کەس بەم ناوەدا تێنەپەڕی؟
بەلووچ وتی:
ـ ئەوەتا چەن کەس بەرەو ئێرە دێن.
خانمحەمەد دەستی نایە سەر شانی مامی. جووڵاندی و تفەنگی لە شەڵتە دەرکێشا.
کابرای بەلووچ وتی:

ـ ژنێکیشیان لەگەڵە.

خانمحەمەد هەڵسایە سەر چۆک و مژۆڵەکانی هێنایەوە یەک؛ لە هاتوان ورد بوویەوە. بڵقیس و بەگمحەمەد، بە دواشیاندا کەلمیشی بە سواری هێسرەکەی، خانئاپۆ، سەری هەڵێنا. خانمحەمەد وتی:

ـ خۆیین.

خانئاپۆ، سەری خستەوە سەر شەڵتەکە و خانمحەمەد تفەنگەکەی بەردا و چاکەی هەڵگرت. بەڵام هەروا ئەیڕوانیە کەسەکانی. بەگمحەمەد ڕاست و چەپ فیشکەدانی بەستبوو و برناوێکی کردبوویە شانی. لوولەی برناو لە بەر هەتاوی بەرە بەیاندا، ئەدرەوشایەوە. لە ڕۆینەی نەرمی ئەسپەکەدا، لۆی سەرپۆشەکەی بڵقیس، باڵی گاوانیەک بە حەواوە، مەلەی ئەکرد. خانمحەمەد پیاڵە بەتاڵەکەی دانایە عەرز و چوو بە پیریانەوە. بەگمحەمەد و بڵقیس لە ئەسپەکە دابەزین. بڵقیس بەهەڵەداوان هات و بەگمحەمەد لای ئەسپەکە وەستا، تا تفەنگەکەی تر لە زینەکە بکاتەوە. بڵقیس بە حەپەساوی بە سەر سەری خانئاپۆوە ڕاما:

ـ ئەی ئەو کوانێ؟ کوا گوڵمحەمەد؟!

خانمحەمەد، دایکی هێور کردەوە:

ـ لەمناوەیە. چوو برێ گژوگیا بهێنێ. ئەسپەکان لە دوێشەوەوە هیچیان نەخواردووە. بۆ دانانیشی؟ ئەوە خۆ قەلە ڕەشەشتان هێناوە!

بڵقیس ئەتوت تازە بیری ئەکەوتەوە نەوەکەی، کوڕەکەی گوڵمحەمەدیشی لەگەڵ خۆی هێناوە. دانیشت و مناڵەکەی لە پشتبەندەکە کردەوە و لە سەر خاکە نەرمەکە، لە پاڵ شەڵتەکەدا خەواندی. کابرای بەلووچ، سەیری منداڵەکەی کرد و پێکەنینێک، وەکوو عەرزی وشک کە شەقار ئەبات، ڕوخساری کردەوە و چاوە لێڵەکانی بریسکانەوە. بەگمحەمەد هات،

تفەنگەکانی لای دەستی خانمحەمەدەوە دانا. فیشەکدانەکەی کردەوە و لە سەر چۆک دانیشت. خانمحەمەد، سەیری باوکی کرد کە تازە ئەگەیشت و وتی:

ـ پیرەمێردتان بۆچی هێنا، ئیتر؟

بەگمحەمەد وتی:

ـ خۆی هاتووە. خۆ من نەموتووە بێت!

کەلمیشی گەیشت و لە هێسرەکە دابەزی. هەوسارەکەی بە ئارامی هەڵدایە سەر ملی چوارپێکە و هات بۆ لایان. خانمحەمەد، نیگای لە هەنگاوەکانی باوکی، جارێکی تریش خانئاپۆی ڕاوەشاند و وتی:

ـ هەڵسە! هەڵسە وەڵامی براکەت بدەرەوە. ئەوەتانێ!

خانئاپۆ بە سەر سکدا تلا و چاوی بڕییە کۆرپەکەی گوڵمحەمەد. پێکەنی، دەستی ڕاکێشا و منداڵەکەی هەڵگرت. بە پشتدا خەوت و منداڵەکەی نایە سەر سینگی و زمانی لێ دەرهێنا. کەلمیشی لە دوا هەنگاودا، بە بێ چاک و چۆنی وتی:

ـ دیسانەوە وەکوو گورگ لێرە خەوتوون، ئەی ئەو کوانێ؟ گوڵمحەمەد؟

بەگمحەمەد، لاڕێکەی پیشاندا و وتی:

ـ ئەوەتا، خۆیەتی. باوەڕ ئەکەی؟ گوڵمحەمەدە!

گوڵمحەمەد، مەڵۆیەک گیای لەبەردەمی دانابوو و شەودێز بە وێرغە ئەهات.

بڵقیس هەڵسا، نەوەکەی لە دەستی خانئاپۆ دەرکێشا و چوو بە پێشوازی گوڵمحەمەدەوە. نیگای گوڵمحەمەد لە سەر دایکی ئەبڵەق بوو. گیاکەی هەڵدایە خوارەوە و خۆشی لە سەر ئەسپەکە خستە خوارەوە. بڵقیس، کوڕەکەی لە سەر دەست بەرزکردەوە و گوڵمحەمەد دەستەکانی، دووباڵی هەڵۆی، بۆ وەرگرتنی کوڕەکەی کردەوە. گوڵمحەمەد، خەریک بوو کوڕەکەی، یەکەم منداڵەکەی سەیر ئەکرد. ئەتوت بڕوا بە خۆی و بە چاوی

خۆی ناکات. چی بوو و کێ بوو ئەم منداڵە؟ ئەمە چ بیچم و بەرۆکێک بوو ئەو منداڵە هەیبوو؟ هێشتا فورم و قەوارەی وەرنەگرتبوو. پارچەیەک گۆشت بوو، بە چەن کون و نیشانە بە ڕوومەتیەوە. ڕەنگە ئەوانە دەم و لووت و چاو و گوێ بوون؟! گوڵمحەمەد هەستی کرد هەتا ئێستە لە دارەتی ڕوخساری هیچ کۆرپەیەک ورد نەبۆتەوە. وای هەست ئەکرد ئەوە یەکەمجارە منداڵ ئەبینێ. بە توندی و لە سەر یەک سەیری ئەکرد، ماچی ئەکرد، هەڵی ئەخستەوە و ئەیگرتەوە و دیسان سەیری ئەکرد و تا -واتە- زمانی منداڵ وربگرێ گڤەیەکی بۆ کرد کە تا ئەم کاتە نە خۆی لە خۆی بیستبوو و نە دەوروبەرییەکانی لەویان بیستبوو. گوڵمحەمەد، وەها بە منداڵەکەوە خەریک ببوو وا پێ ئەچوو خەیاڵی نییە بیبڕێتەوە. بڵقیس کە وای بینی، چووە بەرەوە و لە کاتێکا منداڵەکەی لەدەست وەرئەگرت وتی:

ــ فریشکی منداڵەکەمت خست! بیدە بە من.

گوڵمحەمەد، دەستەکانی لە خۆشیان هێنا بەیەکدا و تازە چاوی بە کەلمیشی کەوت. چوو لە لای باوکیەوە لە سەر چۆک دانیشت و وتی:

ــ لە بیرم چوو... لە بیرم چوو بپرسم ناوی چییە؟ ناوی؟

کەلمیشی وتی:

ــ راوەستاین خۆت بێیتەوە و ناوی بنێی.

گوڵمحەمەد وتی:

ــ زۆر چاکە، هەر ئێستە ناوێکی لێبنێم؛ ئەرێ؟

کەلمیشی وتی:

ــ کات بۆ ناونان زۆرە. تۆ جارێ پێم بڵێ بزانم ئەو برنەوانەت بۆ چییە؟

گوڵمحەمەد، لە بن پرسیاری سەخت و سمێنەری باوکیدا، برا. شادی منداڵانە لەپڕ لە چاوی پەڕی و ناوچەوانی گرێی تێکەوت. تاوێک ڕاما و پاشان، وتی:

ــ بڕنەو بەکاری چی دێ؟ مەگەر چاوت لێ نییە من چۆن لە زیندان هاتوومەتە دەرەوە؟

ــ با ئەبینم!

ــ ئەی بۆ ئەپرسی؟! ئەگەر هەر ئێستە دەستەیەک جەندەرمە لە پشت ئەو گردەوە دەرکەون، ئێمە ئەبێ چی بکەین؟ لە سەر جێگەی خۆمان ڕاوەستین بمانکەن بە بێژنگ؟!

کەلمیشی، گرێیەک لە دەروونی‌دا، وتی:

ــ باشە من کە باوکی تۆم نابێ بزانم چ خەیاڵێک داویە لە سەرت؟

گوڵمحەمەد سەیری براکانی کرد و وتی:

ــ پێت وایە چ خەیاڵێکمان هەیە؟!... هیچ ! خەیاڵم هەیە مەڕداری بکەم. ئاو و لەوەڕی لەبار بۆ مەڕەکانم دەسبخەم و وەکوو هەموو خەڵکی بە دوای ڕۆزی خۆمدا بگەڕێم، چی‌تر جگە لەمە؟

کەلمیشی، پرسی:

ــ ئەی بۆ من دڵ بەگومانم؟ بۆچی؟!

ــ تۆ تووشی کەڵکەڵە و بەدگومانی بوویت، بابەگیان! ئەگەر منیش لە جێگەی تۆ بوایەتم، هەروام بیرئەکردەوە.

کەلمیشی پرسی:

ــ پێم بڵێ کوڕم، ئەتەوێ چی بکەی؟ بۆچی هەڵناسی بچینەوە بۆ ناو هەوار؟!

گوڵمحەمەد هەڵسا و لە کاتێکا ئەماژەی بە کابرای ئەفغان ئەکرد ڕەشمەی گیاکە بکاتەوە، وتی:

ــ ئەم قسانەی تۆ ئیتر خەریکە شێتم ئەکات! ئاخر خۆ تۆ مناڵ نیت کە ئەو قسانە ئەکەیت؟! من لە حەپس ڕام کردووە؟ تێم ئەگەیت؟!

بە بێ چاوەڕێ کردنی وەڵامی باوکی، وەرگەڕا و شەڵتەی ئەسپەکەی هەڵگرت، لە تەرکبەندەکەی بەست و لە کاتێکا

پشتی لەوانی تر بوو، وتی:
ــ ئەڕۆین!
پیاوەکان، یەک یەک هەڵسان، شەڵتە و تۆربێنیان لە پشتی ئەسپ بەست و ئامادە بوون. گوڵمحەمەد چۆخەکەی داکەند و فیشکەدانی لە خۆی بەست و بە خانمحەمەدیشی وت یەکێک لە بڕنەوەکان هەڵگرێ. خانمحەمەد تفەنگ و تاقمی هەڵگرت. کابرای بەلووچ ویستی پاشماوەی گیاکە بکاتە ناو شەڵتەوە. بەڵام خانئاپۆ بەری پێگرت و وتی:
ــ تا بیابان هەبێ، گیاش هەیە. بگرە ئەو تیکە نانە بخۆ، پیاو!
کابرای بەلووچ نانەکەی لە خانئاپۆ وەرگرت و خستیە گیرفانی. خانمحەمەد سوار ببوو، خانئاپۆیش پێی لە ئاوزەنگی نا. کەلمیشی ڕابوو و وتی:
ــ بابقولی بونداریش هاتبوو بۆ هەوار بۆ قەرزەکەی. وتی تا مانگێکیتریش ڕائەوەستێ. پاشان دێت، مەڕەکان دائەبڕێ و ئەیانبا!
گوڵمحەمەد، لەغاوی قەرەی هەژاوی ڕاکێشا، قەرە نیو سووڕێکیدا؛ پاشان وتی:
ــ بوندار! بوندار لێگەڕێ بۆ من! غەمی ئەوت نەبێ.
بەگمحەمەد، لە ئەسپی براکەی نزیک بوویەوە و وتی:
ــ منیش بەرە گوڵمحەمەد! بۆ هەر کوێ ئەچی...
گوڵمحەمەد وتی:
ــ سوار بە!
بەگمحەمەد، دەسبەجێ هەڵات بۆ لای ئەسپەکەی، پێی لە ئاوزەنگی نا و ڕووی لە باوکی کرد:
ــ ئەو کترییەش بۆ سەبرخان ببە بۆ لای ئاوەکە. خواحافیز!
کەلمیشی، یان وەڵامی خواحافیزی کوڕەکەی نەدایەوە، یان وا وتی کە بەگمحەمەد هیچی لێنەبیست. بڵقیس چوو بۆ لای

گوڵمحەمەد و جارێکیتر منداڵەکەی پیشانی باوکی دا و وتی:
ــ شەو چاوەڕێتان بم، دایکەکەم؟
گوڵمحەمەد، قامچیەکەی بۆ کوڕەکەی ڕاوەشاند و بە نەرمیی ڕایکێشا بە سمتی قەرەدا، پشتی چەماند و ئەسپەکەی غاردا. بە دوایدا، خانمحەمەد و خانئاپۆیش ئەسپیان تاودا. بەگمحەمەد بە کابرای ئەفغان، کە لە تەرکی ئەسپەکەی ئەو سوار ببوو، وتی:
ــ کەمەربەندەکەم مەگرە، کەمەرم بگرە، توند!
کەلمیشی ئەتوت بۆی دەرکەوتبوو لەوە زیاتر نەئەبوا سەربخاتە سەر برا و کوڕەکانی. تێگەیشتبوو جگە لە شکاندنی سنووری باوک و فرزەندی هیچی دەستناکەوێ. ئەوەتا بەچاوی خۆی ئەبینێ خراوەتە لاوە. کارکەنار کراوە، لەوەی ڕوو ئەدا و پیاوانی کەلمیشی لەگەڵ خۆی ئەبات. کارکەنار لە ڕەوەندی زیندوو و بەرەو ڕووی ڕووداوەکان. کارکەنار لە پێی ڕەفتار و دەستی کردار. ئەیبینێ لە پڕۆسەی کردار دابڕاوە. ئەبینێ، پیاوەکانی دەست و بازوون؛ پیاوانی چالاک و بزێون، پیاوانی نیگای تیژ و دڵی داخورپاون. پیاوانی تووش و تووشبوون. ئەمە وای لە پیرەمێرد ئەکردەوە زیاتر خۆی لە کاریان هەڵنەقورتێنێ. وای لێ ئەکرد کە دەس خستنە ناو کاریانەوە بێهوودەیە. بەڵام سووکبوونی خۆی، سەرکزبوونی خۆشی هەر ئەم کاتەی لێرە وەستابوو، نەئەتوانی لە بەر چاو نەگرێ. ئەیبینێ و بە ئاشکرا نیگای خۆی ئەیگەست. شتێک وەک زەرگەتە لکابوو بە دڵیەوە و سات بەسات، کات بەکات، ئەتوت ئەیگەزێ. ئەم زمان درێژییە، ئەم بێ ئۆقرەییەی کە لە خۆشەویستی باوکانەوە سەرچاوەی ئەگرت زێدەڕەوی بوو و نەی ئەتوانی خۆی ببەخشێ. نەی ئەتوانی لە ئازاری خۆی، کار دانەوەی ئەو ئازارەی بە خۆی ڕەوابینیوە ڕزگار بێ: بۆچی هاتبوو؟ بۆ؟ بۆ خۆی سووک کردبوو و هاتبوو؟ نەی ئەتوانی لەبەرامبەر ئەو دڵە ناسکەیدا خۆی ڕابگرێ؟ نەء! ئەیزانی کە نەیتوانیبوو. ئەوەی

ئەزانی عەشقی باوکانە، عەشق، چاوی ئاوەز کوێر ئەکات. بۆیە، ئەیزانی بۆچی دێت و هاتبوو. هەروەها، وەڵامەکەی ئەوانیشی بە ئاسایی نەئەزانی. بەڵام هێشتاش نەیئەتوانی لەوە تێبگات بۆ ناتوانێ باری حەز و خۆفی خۆی بخاتە چوارچێوەی وشە و دەری ببڕێ؟ نەی ئەتوانی لەوە تێبگات بۆچی ناتوانێ زمانی دڵی خۆی ئاشکرا بکات و ڕێگە نەدات خراپ تێبگەن. نەهێڵێ وەڵامەکەی ئەوان ئازاری بدات:

«ئەی پیاو! بۆ ناتەوێ بە خۆتی بسەلمێنی، کە دڵت بۆ گەنجەکەت خەریکە باڵ ئەگرێتەوە و خۆت پێ ڕانەگیراوە لە هەوار چاوەڕێ بی تا ئەو دێتەوە؟ بۆچی سۆز و عەشقی خۆت بە زمانی دژ و بە تووڕەیی دەرئەبڕی؟! ڕەنگی وتارت بۆ ئەوەندە نالەبارە؟ بۆ دەرفەت نادەی کۆرپەکەی دڵت، خۆی باوێتە باوەشی ڕۆڵەکەت؟ ئەمکارە کە وەکوو فڕینی باڵندە ڕاستگۆیانەیە، بۆ بە کارێکی جلْف ئەزانی؟ بۆ سۆزی گڕگرتووی درروونت ئەخنکێنی؟ گوڵی گیانت بۆ لە دڕکەوە ئەئاڵێنی؟ خۆشەویستیت بۆ بە توانجەوە دەرئەبڕی؟ کۆرپەی بەسۆزی گیانت بۆ بە پەڕۆکۆنی نەریت مەلۆتکە ئەکەی؟ ئازادی بکە، پیاو! خۆت ئازاد بکە، با چاوەکانت فرمێسک داباریێنن. بەدەمار مەبە، میهری خۆت یەخسیرمەکە. عەشق، حاشای پێ ناوێ! ڕۆیوە، ئەوەتانێ گوڵمحەمەد ڕۆیشتووە. بە بێ ئەوەی دڵە مەزنەکەت، شەوقی بینینی جگەرگۆشەی دەربڕیبێ! وا شەوق لە تۆدا قەتیس بووە. دەنگێکیتر لە سەر خەرمانی ساڵان. ئەو شتەی خەریکە لە دەروونتدا ئەبێ بە گەمرە. مەگەر تەنها سۆز نەگەنێ؟! هەرچەند ئەویش لە تەوقی ڕقدا ون ئەبێ. بەراوەژوو ئەبێ و ئەبێ بە ڕق. هەروەک ئێستە. وەک ئەوە وایە گوڵمحەمەدت نەبینیبێ. سەد جار بە ئازارتر لە نەبینینی. خۆزگە نەتدیبا! دڵت ئارامتر ئەگەر نەتدیبا. بە بینینی ڕۆڵەکەت جگە لە پەژارە چیت دەست کەوت؟ بە تێنوێتی هاتیتە سەر کانی و بە تینوێتی ئەگەڕێیتەوە!»

ـ بجووڵێ! مناڵەکەم تینوویەتی. ئەبێ بگەین بە ئاو.

بڵقیس، نەوەکەی لە پشتی بەست و هەوساری هێسرەکەی گرت. کەلمیشی هەوساری لە بڵقیس وەرگرت و کەوتە ڕێ:

ـ تۆ پێت وایە بۆ کوێ چوون؟ بەرەو کام لا؟ لە کام لاوە؟ لاڕێ!

ڕێ بە لاڕێدا ئەڕۆیشت. هیچ چاوێک نەئەبوا گوڵمحەمەد ببینێ. چاشتی نیوەڕۆش لە بەر چاخانە لایان نەدا. پارووە نانێک بە دەمەوە، بە سواری ئەسپ. ڕێ، ناوقەد بڕ. بیابان تا بیابان، لادانێکی کورت لە سەرچاوەی کارێزەکە. پشوویەکی کورت. نەک لە بەر خۆیان، گیا بۆ ئەسپەکان. ئەسپ بۆ ناو قامیشەڵان. کارێز ئاشنا، زەلیش ئاشنا. شەپۆل شەپۆل یادی ماراڵ، لە ناو مێشکی گوڵمحەمەددا. درێخی ئامێتە نەبوون. ڕاشەکاندنی گوێ و کلک و یاڵی ئەسپ، قەرە، ئەو ڕۆژە بێگانە بوو. هەتاوی سوور. مەنداو و لەشی ژنە. لەشی ڕووتی ژن. درێخی لە ئامێز نەگرتن. هەرچەند، ماراڵ ئیتر هی گوڵمحەمەد بوو. بەڵام درێخی ناکامیی بەرهەتاوی چەقی نیوەڕۆیش ببوو بە هی گوڵمحەمەد. تینوو لە کاتی خۆی زەرکی ئاوی پێگەیشتبوو؛ دەستی بەڵام بۆ وەرگرتنی زەرکەکە لەرزیبوو!

لە سەر شیوی گۆلاوەکە، گوڵمحەمەد ڕاکشابوو و بەلەکی دەستی لە سەر تەوێڵی دانابوو و لە قەراخ قۆڵی کراسەکەیەوە چاوی لە هەنگاوی چەقیوی هەتاو بوو. لای شانی ڕۆژئاوای ئاسمان، خۆر ئەتوت خەیاڵی داچوونی نییە. پیاوانی کەلمیشی چاوەڕێی ڕێ لە کوێری خۆردا. لاڕێ و چەند سواری چەکدار و غاردان لە ڕووناکی ڕۆژدا، هەموو چاوێکی ئەخستە گومانەوە. بۆیە، ئەبوا تا خۆر داچوون خۆ حەشاردان. تا خۆر ئەچووەوە بۆ ماڵەوە، هەل و دەرفەتێک بوو بۆ پیاوان. دەرفەتێک بۆ گفتوگۆ و خەیاڵ. ئەوانەی لە سەر گیاکە و لە بەر خۆردا خۆیان هەڵخستبوو و باوێشکیان ئەدا، ئەیانتوانی چاوێک گەرم بکەن. ئەوانەش کە حەزیان لە

دەمەتەقێ بوو، ئەیانتوانی زمان و چەناگە بجووڵێنن. ئەوەش کە خەیاڵ لێی نەئەگەڕا، ئەیتوانی هەزار جار نەخشە و پلانی کارەکەی هەڵسەنگێنێ.

بەلووچ و بەگمحەمەد خەوتبوون. خانمحەمەد و خانئاپۆ وتووێژیان ئەکرد و گوڵمحەمەد خەیاڵ هەڵیگرتبوو. داگیرکردنی یەک لە دوای یەکی مەیدانەکانی خەیاڵ. وەک سەردارێک کە لەمپەرێک تێک ئەشکێنێ و ناوچەیەکی تازەتر داگیر ئەکات، لەملا بۆ ئەولا، لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، لەم کێو بۆ ئەو قەڵا.

گوڵمحەمەد، هەرچەند نە بە مسۆگەری، بەڵام بە شێوەیەکی پێوار بۆی دەرکەوتبوو، لەمڕۆ بە دواوە ڕێگەی ئەو ڕێگەیەی دوێنێ نییە. هەوڵی ئەدا خۆی ڕابهێنێ زیاتر مێشکی بەکار بهێنێ. خەیاڵی خۆی زیاتر پەرداخت بکات و وردتر بیر بکاتەوە. ئارامی بەڵام، نەء! ئارامی و هێمنی ئیتر لەو دیاردانە نەبوون بیریان لێ بکاتەوە. ئاگر کۆڵەوەژی تێ ژەنراوە. خەرمان سەرتاپێ گڕە. دڵ نابێ لە دووی ئاسوودەیی بێ. تووڕەیی ئەبێ زیاتر بەکار بهێنی. دارێک ئەبێ بە دەستەوە بگرێ، چونکە کەند و هەڵدێر لە سەر ڕێیە. هەر هەنگاوێک هەڵدێرێکە. نەء، ئیتر نەی ئەتوانی ئارام بێ. لە مریشکێک ئەچوو لە غەمی هێلکەکردن دایە. هێلانەیەک، شوێنێکی هێمنی ئەویست. شەو. لە شەو ئەگەڕا. شەو قەڵای مێردانە شەو. شەو و بیابان، ئەیتوانی گوڵمحەمەد و یارانی بە نەوازش لە باوەشی خۆیدا بشارێتەوە. ئەیتوانی خۆی لە شەودا بشارێتەوە:

ـ «ڕاوەستە تا لەگەڵ شەو دیدار بکەی!»

پیاونی کەلمیشی، هەر هەمووی بۆ کارێک ئەچوون. ڕوویان بەرەو یەک لا بوو، بەڵام هەموو یەکجۆر بیریان نەئەکردەوە. قەڵاتی خویناڵ و عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، بۆ هەر کامیان واتایەکی تایبەتی هەبوو. هەموویان ڕەنگە، یەک بڕیار بوون بۆ کوشتنی عەلیئەکبەر؛ کوڕی حاجی پەسەند ئەبێ بمرێ. بەڵام

هەر کەسە و مەبەستێکی لەو کارە هەبوو. هەر کەس، لە هەمان کاتدا کە لەگەڵ هەمووان بوو. لەگەڵ خۆی بوو.

ڕەنگە ئەو کێماسیە بەرچاو بکەوێ کە هەر کامیان، لە هەمان کاتدا کە لەگەڵ ئەوانیترە، خۆی یەکەیەکی جیاوازە. ئەوە وایە. هەر مرۆڤێک بە هۆی ئەوەوە کە خۆی ئەتوانێ باژوێ، بیربکاتەوە، هەست بکات، خۆی بیەوێ، خۆی لەگەڵ سروشت و سۆزی خۆیدا دەستەویەخەیە؛ -هەر بەم هۆیەشەوە- یەکێکە لە هەمووان. هەر کامەش، بە هەمان هۆ کە بە یەکیتر و بەوانی ترەوە نەدووراوە، لەگەڵیان موتوربە نەکراوە، ویستی وای هەیە کە بە ویستی ئەوانی ترەوە نەبستراوە و گوێڕایەڵی ئەو ویستە گشتیە نییە. هەرچەند ئەویکە خزم و ئەوانیکە هاومەبەست بن. بەڵام هەندێ جار، خاڵی یەکانگیری هەیە لە نێوان ویست و خواستەکاندا:

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند ئەبێ بکوژرێ!

باشە، گوڵمحەمەد لەمکارە چی ئەویست؟ چی تێدابوو بۆ ئەو؟ کوژرانی کوڕی حاجی پەسەند چ ئاوێکی بە سەر ئاگری ئەودا ئەکرد؟ چی ئەویست و بۆچی ئەگەڕا لە کوشتنی خزمەکەیدا؟

عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، گوڵمحەمەدی پاڵ پێوە نابوو تا بن قەنارە. ویستبووی لە ناوی بەرێ. تەڵەی بۆ کوڕە پووری، گوڵمحەمەد دانابوویەوە. ئێزنگی نابوو بە ئاگرێکەوە کە گوڵمحەمەدی ئەسووتان. بۆچی؟ ئەوەندەی گوڵمحەمەد پوورزای ئەناسی ئەوەبوو کە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، بەندەی لەشی خۆی بوو. یەخسیری کۆکردنەوە و کەڵەکە کردن. خولامی لەشی پەرواری خۆی بوو. ئەمەش ببوو بەهۆی ئەوەی کە گوڵمحەمەد بە حکوومەت بفرۆشێ.

بە گومانی گوڵمحەمەد، کوڕی حاجی پەسەند ئەوە چووبوو بە مێشکیدا، کە بۆ ئەوەی بتوانێ سواری ئەم و ئەو ببێ، ئەبێ پاڵ بە حکوومەتەوە بدات! بۆیە بەرتیلی بە حکوومەت

ئەدا بۆ ئەوەی ڕەزامەندی و دۆستایەتیەکەی بکڕێ. ئەمکارە بۆ عەلیئەکبەری حاجی پەسەند دوو بەهرەی هەبوو. یەکەمیان ئەوەی کە لە فەرمانبەرانی دەوڵەت نزیک ئەبوویەوە و ئەکەوتە ژێر چەتری پشتیوانی ئەوان و لەگەڵیان ئەبوو بە هاودەست. لە لایەکیشەوە بەدەستی حکوومەت دڕکەکانی سەر ڕێگەی خۆی لا ئەبرد و بەهرەی کۆتایی بە دوای ئەم دوو شتەدا ئەهات. ئەیتوانی خۆی باشتر پەروەردە بکات. واتە خۆی، کە دەوەنێکی کورتە بالا زیاتر نەبوو، بەقەد درەختێک پەرە پێ بدا و پەل و پۆ بهاوێژێ. بە دوور لە دەست و تەوری مڵۆزم، خۆی بکات بە خەرمانێک. ئەو خەیاڵی باڵهاویشتنی لەسەردا بوو. ئەیویست ببێ بە چنارێک و لە دڵی خاکی زەعفەرانی و کەناری کەویردا ڕەگ دابکوتێ. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند کە لە ژیانی خێڵاتی دابڕابوو و خۆی نیشتەجێ کردبوو، ئارەزووی ئەوە بوو ببێ بە خانێکی گەورە. هەر لە خۆشەوە کچەکەی نەدابوو بە کوڕی بوندار. ئەم ژن و ژنخوازییە ڕێگەی بۆ خۆش ئەکرد لە ئالاجاقی نزیک ببێتەوە و پەیوەندیی لەگەڵ بگرێت. واتە خۆی لەگەڵ قەبەترین چنار موتوربە بکات. بە تواناترین ئەربابی ئەو مەڵبەندە.

عەلیئەکبەر بە هەموو بیانوویەک و لە هەموو جێگەیەک، هەوڵی ئەدا لە دەسەڵاتداران نزیک ببێتەوە. لەم ڕێگەیەشدا ئەوەندە چالاک بوو کە ئەیتوانی ئالۆزترین پەیوەندی ڕەگەزی و خوێنی خۆی لەگەڵ هۆزەکەی بە ئاسانی بپچڕێنێ. بە ئاسانی پچڕاندبووی. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لە کەلمیشیەکان بڕابوو هیچ، ئەگەر بیتوانیایەت پاپۆشی بۆ یەک بە یەکەیان درووست ئەکرد. ئەوەندەی کە توانیبووشی پاپۆشی بۆ یەک بەیەکیان درووست کردبوو. دواین کار و کاراترین کاریشی ئاشکرا کردنی تاوانەکەی گوڵمحەمەد بوو لای کاربەدەستانی حکوومەت. ئەو کارەی کە لە لای ڕوون بوو ملی گوڵمحەمەد ئەکا بە پەتی قەنارەوە. ئەیبا بۆ سەر دار.

بۆیە، کوڕی حاجی پەسەند ئەبوا بکوژرایەت. کوشتنی کوڕی حاجی پەسەند بۆ گوڵمحەمەد دوو ڕووی هەبوو. یەکیان ئەوەی کە ئاوێکی فێنک بوو گەرووی تینووی پێ ئەحەسانەوە. پاشانیش، هەڵکەندنی ئەو دڕکەی کە ئەیویست ببێ بە خەرمانێک. گوڵمحەمەد لەوە دڵنیا بوو لەمەو دوا، بە هەبوونی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند ناتوانێ بە بێ ترس بگەڕێ. ئەمە حوکمی بیابانە:

ـ لەمپەری سەر ڕێت گەسک دە!

گەڵمحەمەد لە لای مسۆگەر ببوو کە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، لەمپەری سەر ڕێیەتی:

«کە وا بوو، شەڕ جارێک و شیوەنیش جارێک!»

خانمحەمەد، لە گوڵمحەمەد گەورەتربوو. ڕەنگە ئەبوا لە براکەی نەرمتر بێ. بەڵام نەک هەر نەرمتر نەبوو، پێچەوانەش بوو؛ خانمحەمەد ئەکرا بە تووڕەیی نیشانە بکرێ. زەمینەی گیانی ئەتوت توورەییە. لە زەمین و زەمان توورە بوو. بە تەختی تەوێڵی ئەم تووڕەییەشەوە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بوو کە وەکوو مار دابووی بە پێی خانمحەمەدەوە. مەڕەکان خانمحەمەد لە سەر پردی هەوریشم دایبڕیبوو و هێنابووی. کوڕی حاجی پەسەند مەڕەکانی وەرگرتبوو و دەسبەدەس گەیاندبوویە لای بابقولی بوندار. کار ئاستەنگ ببوو. عەلیئەکبەر خۆی کێشابوویەوە و خانمحەمەدی تووش کردبوو. خانمحەمەد کەوتبوویە زیندان. بابقولی بوندار بەڕێی خۆیدا ڕۆیشتبوو و کوڕی حاجی پەسەند خۆی لکاندبوو بە حکوومەتەوە. جا کە وابێ، ددانەکانی خانمحەمەد چۆن خوێنی لێ نەتکێ؟

بەگمحەمەدیش تۆزێ تووڕە و تۆسن بوو. بەڵام نەک وەک برای گەورەیان خانمحەمەد. جیاوازی نێوان بچووکترین کوڕی کەلمیشی لەگەڵ گەورەترین کوڕی، لەو کینەیەدا بوو بەرامبەر بە کەسان پەیدایان ئەکرد. بەو ئەندازەیەی کە ڕق و

قین لە خانمحەمەددا قووڵ و ڕیشەدار بوو، لای بەگمحەمەد بە هەمان ئەندازە توند و تێپەڕ بوو. ڕق لە چاڵ و چۆڵی ڕوخساری خانمحەمەددا هێلانەی کردبوو. بەڵام ڕوخساری بەگمحەمەد وەکوو دڵی ساف بوو و دڵی وەک ڕوخساری جەوان بوو. بەدخوازیی هێشتا لە بەگمحەمەددا هێلانەی نەکردبوو. دڵی هێشتا بریندار نەکرابوو و نیگای چاوەکانی ڕۆشن و زەلاڵ بوو. بەگمحەمەد لەو کەسانە بوو کە بینەر بە بێ دریخ حەز ئەکا خۆشی بوێ. چونکە لە یەکەم نیگادا هیچ مەترسیەک لە سەر بینەر درووست ناکا. بە ڕواڵەت، هیچ کێماسیەک بە بەگمحەمەدەوە نە ئەبینرا. کێماسیی ئەو، پەسن و جوانی ئەو بوو. جوانیەکەشی کێماسی ئەو بوو. جوانی ئەو جەوانی و، کێماسی ئەو جەوانی! ئادەمیزاد، ئادەمیزادی کاڵ و بێ ئەزموونی خۆش ناوێ! کێماسی لە چاکەدا. جەوانی لە جەوانیدا و جەوان و عاشق بوو بەگمحەمەد. نەک عاشقی شت یان کەسێکی تایبەت. نا! ئەوین لە جەوانی ئەودا خۆی وەشێرابوو. ئەی ئەو، بە چ هۆیەک ئەیویست پوورزا بکوژێ؟ ڕقێکی ئەوتۆی لە کوڕی حاجی پەسەند نەبوو. بەڵام عەشقێکی مەزنی بە براکانی خۆی هەبوو. لە ناو براکانیشدا عەشقێکی گەورەتری بە گوڵمحەمەد هەبوو و ئەکرا بوترێ شەیدای برای خۆی بوو. بە ئەماژەیەکی گوڵمحەمەد، ئامادە بوو بە سەرەوە خۆی هەڵداتە ناو چاڵەوە. نەک هەر بۆ ناوچاڵ، ئامادە بوو سینەی بداتە بەر شمشێر. ئەی چۆن لەگەڵی بۆ شەڕگە نەچێ؟

بەڵام خانئاپۆ، جگە لەمە چی ئەویست؟ جگە لەوەی لەبەرچاو بوو، پیاوی کۆنەکار، خۆی ویستبووی گوڵمحەمەد بەو ڕێگەدا بڕوات. هاندەر و کردار بە دڵخوازی خانئاپۆ بوو. خان ئاپۆش، لەم ڕێگەیەدا، ئامادەی هەر کارێک بوو. ئەی بۆ لە شەڕدا نەبێ؟

بەلووچی ئەفغان؟ ئەو قەرزاری گوڵمحەمەد بوو و ئەیویست لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە. قەرەبووی بۆ بکاتەوە. هەر ئەوەندە. ئەم قەرزەش چەندە زووتر بدرایەتەوە، بار زووتر لە کۆڵی کابرای

غەوارە ئەبوویەوە. جگە لەوەش ئەو ناچار بوو لەگەڵیان بڕوات. ئایە باشتر نەبوو بە بێ قسە و بە ئارامی بە دوای گوڵمحەمەددا بڕوات؟

کە وا بوو بەو جۆرە بوو هەر کەس، هەرچەند لەگەڵ کەسان، بەڵام یەک کەس بوو، هەر کەس.

ــ تێرخەو بووی، بەلووچ!

بە دەنگی گوڵمحەمەد، بەلووچ قنجەوە بوو و دانیشت. پێڵووی هەڵگلۆفی و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. خۆر نەمابوو. تێکڕای بیابان سێبەر بوو. پیاوانی کەلمیشی، خەریکی توندکردنی تەنگ و بەرتەنگەی ئەسپەکانیان بوون. بەگمحەمەد، جەوەنەکەی لە سەرچاوە پڕ ئەکرد. گوڵمحەمەد قولاپی تێڕەکەی لە پاشتەرکی زینەکەی قەرە گیر ئەدا. خانئاپۆ تفەنگەکەی تاقی ئەکردەوە. خانمحەمەد سوار ببوو و ئامادە.

بەلووچ، هەڵات بۆ سەر جۆگەکە، ئەژنۆی نووشتاندەوە و ڕوخساری لە ئاوەکە هەڵژەند. دەستنوێژ. بەڵام کات تەنگ بوو و نوێژیش نەمابوو. بەلووچ بیری کردەوە لە سەر ئەسپەکە، نوێژ ئەخوێنێ. بەگمحەمەد جەوەنەکەی خستە ناو شەڵتەکەی و پێی لە ئاوزەنگی نا. بەلووچ هەلات بۆ لای بەگمحەمەد، کلکی زینەکەی گرت و خۆی هەڵکێشایە سەر. ئەم دووانە، درەنگتر لە سەر ئەسپەکە دامەزران. گوڵمحەمەد لە پێشەوە، خانمحەمەد و خانئاپۆ خەریک بوو پێی ئەگەیشتنەوە؛ بەگمحەمەد ئاوزەنگی ڕاوەشاند و قامچی لە سمتی ئەسپەکە ڕاکێشا.

ئەوا چوار ئەسپ ڕەویان خۆش کردبوو و سمیان ئەکوتا و خاکی ڕەش و پاکیان بە دوای خۆیاندا ئەکرد بە تۆز. چوار ئەسپ بە هەر بازێکیان نالبڕێک خۆڵیان هەڵئەکەند و بۆ پێشەوە ئەچوون. ئاسمان ببوو بە ڕەنگی ئەسپەکەی خانئاپۆ، خۆڵەمێشی و؛ زەوی لە ڕەنگی ئەسپەکەی خانمحەمەد. ئەگەر مانگەشەو بوایەت ئاسمان و زەوی ئەبوو بە ڕەنگی ئەسپەکەی بەگمحەمەد و شەو

ئەوسا کە بە گەوهەری خۆی بگەیەشتایەت ئەبوو بە هاورەنگی ئەسپەکەی گوڵمحەمەد.

چوار ئەسپی مین گرتوو و تێر. حەساوە و نەشە، داژووتن و پێشبڕکێیان بوو. بەڵام شەودێز، ڕێگەی بە پێشکەوتنی هاوپێکانی نەئەدا. خۆی هیلاک ئەکرد بۆ ئەوەی دوا نەکەوێ. تیژپێ و کەم گۆشتتر بوو. باریکەلە و جوانتر و ڕەسەن بوو. چەندین مانگ ئەبوو بێ سوار کەوتبوو و تازە سوارەکەی خۆی دۆزیبۆوە. مەستی دفرە و سەرخۆشی فڕین، بێزاری سستی و خاویی چەند مانگە، سمی ڕائەوەشاند و بەرد و خۆڵی هەڵئەدا بە حەوادا. قەرە، غاری نەئەکرد، بازی ئەدا. شان و باڵی سوارەکان لە بەر سروەی شەوی دەشتدا، سەمایان ئەکرد. شەو، لە پەسا پەلی ئەهاوێشت. بیابان خۆفی پەیدا ئەکرد. سواران و ئەسپان لە پەسا زیاتر لێک گرێ ئەدران. ئەبوون بە یەک و لەگەڵ تاریکی تێکەڵ ئەبوون و بەهەر سمێک پارچەیەکی چەرخی زەمانیان فڕێ ئەدا و بە غار خۆیان ئەکرد بە ناو شەودا. سەر و شانیان بە سەر کەللەی زیندا خەواندبوو، چاویان تیژ کردبوو، قاچەکانیان کەمانی کشاو؛ سوارەکان!

شەو، ئیتر ببوو بە ڕەنگی شەودێز.

قەڵای کۆنە، بە لای خوارووی زەعفەرانیەوە.

گوڵمحەمەد لەغاوی ڕاکێشا و قەرە نیو سووڕ بەرەو دوا هات، خەرمانەی تۆز و خۆڵ. پیاوەکان پشتیان ڕاست کردەوە. هەناسەیک. کۆبوونەوە. ئەسپەکان سەر لە لای سەر. گوێ لە لای گوێ. بەرامبەر یەک، بە دەور یەکەوە. پەڕەی لووتیان ئەفڕی. پیاوان گوێ بۆ وتار. گوڵمحەمەد سینەی لە تۆز ساف کرد و وتی:

ـ یەکڕاست ئەڕۆین، بەیەک غار. بە بێ پشوو. ئەوە قەڵاتی خوێناڵە!

لەغاویان شل کرد، بەرەو قەڵاتی خوێناڵ. بە شەو، قەڵات وەکوو شاخێک خۆیای ئەکرد. ئەگەر ڕۆژ بوایەت، دیوارەکانی

قاوەیی بوون. بەڵام بە شەو وا نەبوو. دیوار و بان و باڵەخانە، دەعبایەکی زەبەلاح بوو. دەنگی کوێری زەنگۆڵە، لە دوورەوە. لە کۆتایی شەودا، مەڕ لە لەوەڕ بوون. یان ڕانەکەی کوڕی حاجی پەسەند بوو لە گەوڕدا دائەمەزرێنران. عەلیئەکبەر، تەنانەت لەم شەوانەشدا، ڕان ئەکاتە ژوورەوە. دز زیاتر لە دز ئەترسێ! ڕەنگیشە نەهەموو ڕانەکە، بەڵکوو پەروارەکانی. وەڕینی سەگێک. لەوانەیە سەگەکەی ئەو بێ. کوڕی گوڵخانم، شوانی عەلیئەکبەر، سەگەکەی تێ کس داون. ئامادە!

پیاوان، تفەنگیان ئامادە کرد. عەلی ئەکبەریحاجی پەسەند، یان لە بەر هەیوانی باڵەخانە دانیشتبوو نێرگەلەی ئەکێشا؛ یان لە ناو گەوڕ بەوپەڕی حەزەوە بە ناو مەڕەکانیدا ئەگەڕا و دونگی هەڵئەسەنگاندن. ئەگەر لە باڵەخانە بێ، چالاکی و نەرمیەکی زیاتری ئەوێ. دزەکردنی بە ئەسپایی، بێ چرپەتر، نەک خاوتر. ئەگەر لە گەوڕیش بێ ئەوا ئەبێ هێرشی بکەنە سەر. پەلاماری لەپڕ لە هەر چوارلاوە. گوللە باران. کەمتیار تەوق دراوە.

مابووی بۆ دیواری کۆنە قەڵات، سەگە ڕەشەکەی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، بە وەڕە وەڕ هات بە پیریانەوە. کلکی هەڵێنابوو و دەمی کردبۆوە. کەفی ئەچەراند و چاوی داچەقاندبوو. کاتی وەستان نەبوو. سەگ با بوەڕێ! زەبری سمی ئەسپەکان سەگەکەی ڕائەدا، بەڵام دیسانەوەش بە هەمان قیرسیچمەیی ئەگەڕایەوە و پەلاماری قولاپەی سوارەکانی ئەدا و لەقەی سوارەکان بەر قەپۆزی ئەکەوت و تلی ئەکردەوە. بەڵام سەگەکە لە ڕوو نەئەچوو و تێهەڵئەچوویەوە.

بازێک و پەنای دیوارەکە. بڵیندایی دیوار تا سینەی پیاوێک. چاوەکان ئەیڕوانی بە سەر بەهاربەندەکەدا و بە ئاسانی کوڕی حاجی پەسەند و شوانەکەی حەمەڕەزای گوڵخانمیان ئەبینی. گەوڕ پڕبوو لە شەک و بەران، عەلیئەکبەری حاجی پەسەند بە قەڵافەت و گۆشتن، بە دژواری بە ناو مەڕەکاندا هەنگاوی

هەڵئەهێنا و بەرەو دەرگای گەوڕەکە ئەهات. وا دیار بوو بە سەر کردنەوەی ئاخوڕ و ئالیک تەواو بووە و بەرەو باڵەخانە ئەگەڕێتەوە. خانئاپۆ، بەگمحەمەد و خانمحەمەد لە سێ لاوە، دیواری گەوڕەکەیان خستە بن دەسەڵاتیان، گوڵمحەمەد و بەلووچ، بەردەرگای گەوڕەکەیان گرت. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لە بەر ڕووناکی فانۆسەکەی دەستی، تارمایی گوڵمحەمەد و کابرای هاوڕێی بینی و بە بێ ئەڤان قاچەکانی سست بوون و لەپڕ تەزی. ناباوەڕی لە سەر جێگەی خۆی وشکی کردبوو. ئەتوت خەون ئەبینێ. مۆتەکە بوو. بەڵام دەسبەجێ هەموو شتێکی لێ ئاشکرا بوو. کاتی هاتن و بەو جۆرە هاتن؟! سەیرێکی دەور و بەری کرد. سەر و شان و دەستی سێ پیاو لە سێلاوە. لە هەر لایەکیشەوە لوولەی تفەنگێک نیشانەی لێگرتبوو. کار تەواو بوو. سەرەڕای ئەمەش ئەبوا چارەیەک بکات. بەڵام کوانێ چارە؟ دەستی بەتاڵ چییان پێ ئەکرێ؟ بە بێ تفەنگ و بە بێ سەنگەر، لە بەر لوولەی تفەنگدا! بەڵام گیان، بە بێ دەرفەتی بیرکردنەوە، هەوڵی پاراستنی خۆی ئەدا. کاردانەوەیەکی خۆ بە خۆ. بەر لەوەی قریشکەی تفەنگ بەرزەوە بێ فانۆسی فڕێدا و بەرەو چوار دیوارەکەی سووچی گەوڕ -ئاودەس- هەڵات. بە سینگە خشکێ و بە ناو قاچ و قولی پەزەکاندا. تەقە. تەقە لە سەر تەقە. سێ بەران، بە باعەیەک تلانەوە.

بە دەنگی گوللە، گوڵئەندام و خەجۆ و ئەسلانی بوندار لە دەرگای خانووەکە هاتنە دەرەوە. گوڵمحەمەد ڕووی تێکردن و هەر لەوێ ڕایگرتن:

ـ دوور بکەونەوە ئێوە! پووری گیان، خۆت دووربگرە. بڕۆنە ژوورەوە! زوو! تۆیش کوڕی گوڵخانم، لە ناو مەڕەکان وەرە دەرەوە. تۆ بەخشراوی.

کوڕی گوڵخانم، بە دژواری هەڵسایە سەرپێ. داری شوانیەکەی داخست و ڕەنگی وەکوو مردوو، بە ترس و لەرزەوە

لە ناو گەوڕەکە هاتە دەرەوە. گوڵمحەمەد فەرمانی پێدا لە بن دیوارەکە بوەستێ. کوڕی گوڵخانم خۆی لکاند بە دیوارەکەوە و وشک بوو. تەقە!

گوڵمحەمەد، تفەنگەکەی بەرز کرد و هاواری کرد:

ـ بێدەنگ! گوللەکان خەسار مەکەن. بچن بیگرن.

خانمحەمەد لە سەر جێگەی خۆی ما. بەگمحەمەد و خانئاپۆ لە دوو لاوە خۆیان هەڵدایە ناو گەوڕەکە و چوونە پێشەوە. قاچەکانیان شارەزای ڕێکردن بە ناو مەڕدا. بە بێ هەڵپە و تلاندن و پێشێل کردنی مەڕەکان، تفەنگ لە سەر دەس، خۆیان گەیاندە بەر کونی چوار دیوارەکە. چوار هەنگاوی بمێنێ وەستان. خانئاپۆ نیشانەی لێگرت و تەقەی کرد. دووکەڵ لە دەرگای چواردیوارەکە بڵاو بوویەوە و کوڕی حاجی پەسەند ناڵاندی:

ـ سووتام، ناپیاوینە!

ڕەنگە سووتابوو. بەڵام لە هیچکەس ڕوون نەبوو کە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند لە جگەرییەوە، سووتاوە یان لە چۆکەوە. هەرچی چۆن بوو نەئەزانرا کوژرابێ. خانئاپۆ، جارێکیتر نیشانەی لێگرت و دوو گوللەی تری لە کونەکەوە هاوێشت بۆ ژوورەوە. دەنگی عەلیئەکبەر نەهات. گومان، پتر بوو. ئەگەر برینێکی کاریگەریشی بەر کەوتبێ، نابێ بەمزوانە هەناسەی لێبڕابێ. برینەکەش ئەگەر کاریی نەبووبێ، لانیکەم ناڵینێک، نیوە ناڵینێک ئەبوا لە دڵیەوە بهاتبا. بۆیە، گومان! ئەو بێدەنگیە نیشانەی چییە؟ واتە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند ئەوەندە خۆڕاگرە، گوللە لێی ئەدا و نووزە ناکات؟ یان چەنگیزە کە لە ناو فەردە خوریدا سەرنێزە لە بن پێی بچەقێنن و دەنگی دەرنەیەت؟

خانئاپۆ، عارەقەی ناوچەوانی سڕییەوە و پرسی:

ـ ئا؟ ئێوە ئەڵێن چی؟

گوڵمحەمەد وتی:

ـ ئەبێ دڵنیا ببین. ئەم ڕێوییە هەموو شتێکی لێ

ئەوەشێتەوە!
کابرای ئەفغانی شوێنی کاری خۆی دۆزییەوە:
ــ ئەمکارە بە من ڕاسپێرە، خان!
گوڵمحەمەد وتی:
ــ تفەنگی پێ بدەن!
بەگمحەمەد، تفەنگەکەی بۆ کابرای ئەفغانی هەڵدا. بەلووچ بە حەواوە پڕی دایە تفەنگەکە و بە نەرمی چووە بەرەو کونەکە. بەڵام دەسبەجێ بوو بە فەرتەنە. عەلیئەکبەری حاجی پەسەند توانیبووی لوولەی تفەنگەکە بگرێ و کابرای ئەفغانی ڕابکێشێتە ژوورەوە و بیدا بە عەرزدا و خشتێکی گەورە و پان کە ئامادی کردبوو بە زەبرێکی توند بکوتێ بە تەختی تەوێڵی کابرادا. کار و زۆران بە خێرایی تریشقە. عەلیئەکبەر، ببوو بە خاوەنی تفەنگێک. لە پشت تەرمەکە و لە بنی دیوارەکەدا، سەنگەری گرت و تەقەی لە تاریکی کرد. گوللە بە لای شانی گوڵمحەمەددا تێپەڕی و دای لە دیوارەکە. گوڵمحەمەد دەسبەجێ فیشەکێکی پێوە نا. عەلیئەکبەر جارێکیتر هاواری لێ بەرزبوویەوە.
گوڵمحەمەد وتی:
ــ شێوەکەت ئیتر کۆن بوو، پوورزا! تفەنگەکەت فڕێدە و وەرە دەرەوە. ئەگەر ئەتەوێ ئەو نیوەگیانەت بۆ دایکت ڕابگری. وەرە دەرەوە!
عەلیئەکبەر، وەڵامی گوڵمحەمەدی بە جنێو و گوللە دایەوە.
خانمحەمەد کە لە پەنای دیوارەکەوە خۆی نزیک کردبۆوە، ئەماژەی بە گوڵمحەمەد کرد بە قسە سەری عەلیئەکبەر گەرم بکات.
گوڵمحەمەدیش جارێکیتر وتی:
ــ ئەتەوێ لە ناو ئاودەس بمری؟! وەرە دەرەوە، ناپیاو!
کوڕی حاجی پەسەند وەڵامی نەئەدایەوە. وا دیار بوو وشیاری

کاری خۆیەتی و نایەوێ بە قسەوە بخلافێ و هەست و هۆشی خۆی بە قسە و دەمە دەمەوە خەریک بکات. باشیشی بۆ چوو بوو.

بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو. خانمحەمەد، چالاک وەکوو پشیلەیەک خۆی هەڵدایە سەربان و لوولەی برنەوەکەی لە سەر کونە تەنگەبەرەکەی بان ڕاگرتبوو.

ئەمە ئەو کارەبوو کە عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، پێش بینی نەکردبوو و لەپڕ تەرزەی گوللە بە سەریدا داباری. سەرمای دەشت! لەشە قورسەکەی عەلیئەکبەر هات بە لادا. تفەنگەکەی لە دەس داکەوت و لوولە ڕەشەکەی لە کونەکەوە کەوتە دەرەوە. کار کۆتایی. سەرەڕای ئەوەش ئەبوا وریابن، نەکا نیوەگیانێکی تیا مابێ؛ ئەوەندەی کە بتوانێ پیلکە بترازێنێ. بەگمحەمەد، لە بن دیوارەکەدا خۆی دا بە عەرزدا و بە خشکەیی چووە بەرەوە و دەستی برد بۆ لوولەی تفەنگەکە. لوولەی تفەنگ هێشتا داخ بوو. بەگمحەمەد تفەنگەکەی ڕاکێشا. بەڵام تفەنگ گیری کردبوو و نەئەهاتە دەرەوە. ڕەنگە عەلیئەکبەر نەی ئەویست تفەنگەکە بەربدات. ئەگەر وابوو ئەی بۆ تەقەی نەئەکرد؟ ئەوەش تەقە. گوللە بە نێوان هەر دوو پووزی خانئاپۆ دا تێپەڕی و بەرانێکی دا بە عەرزدا. دواین گوللە!

خانئاپۆ، لە ڕقا ئاگری گرتبوو وەک تۆپەڵە گڕێکی ڕقاوی پێی نایە سەر لوولەی تفەنگەکە، لوولەی تفەنگەکەی خۆی بردە ژوورەوە و خۆیشی بە سەر تەرمی بەلووچ دا پەڕیەوە و لە ناو کونەکەدا ون بوو. شوێن تەنگەبەر بوو و ناو چوار دیوارەکە پڕ بوو لە تاریکی و دووکەڵی بارووت. لەشی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند، بە سەر تفەنگەکەدا چەمابوویەوە. ناوچەوان و ئەژنۆی لە سەر خاک، لە بن دیوارەکە کەوتبوو. خانئاپۆ، بن باخەڵی عەلیئەکبەری گرت و بە سەر تەرمەکەی بەلووچ دا ڕایکێشا. خوێن لە لەشی کابراوە هەڵئەقوڵی و خاکەکەی

سوور ئەکرد. خانئاپۆ، دای بە سەر عەرزەکەدا و گوللەیەکی نا بە دڵیەوە. بەگمحەمەد تفەنگەکەی لە دەستی کوڕی حاجی پەسەند دەرهێنا و گوللەیەکی نا بە سکیەوە. خانمحەمەد، بە ئارامی لە بانەکە هاتە خوارەوە و دەمی برنەوەکەی نایە ناو دەمی عەلیئەکبەر و تەقەی کرد. تەقە و تەقە. گوڵمحەمەد لە تووڕەیی شێتانەی پیاوەکان هەڵچوو، قۆڵی خانمحەمەدی گرت و نەڕاندی:

ـ مەگەر کارگەی گوللەسازیتان هەیە، ئێوە؟ ئەوە بۆ وائەکەن؟ هەر کام لەو گوللانە بۆ کەسێک درووست کراوە، بۆ یەک کەس خۆ سەد فیشەک خەسار ناکەن! ئەیهۆ!

گوڵمحەمەد، بە بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکات، پاڵی پێوە نان و لە بەهاربەندەکە هاتنە دەرەوە. خەڵکی ناو دێ، لە بن دیواری باڵەخانەدا کۆببوونەوە. پیاوان ئەسپەکانیان هێنا و چوون بەرەو دالانی باڵەخانە. دانیشتوانی گوند زۆر نەبوون. خانئاپۆ، هەموویانی کردە گەوڕەکە. دایکی عەلیئەکبەر، لە کاتێکا کوڕی بوندار ڕایگرتبوو، مات و داماو حەپەسابوو:

«شمرانە! شمرانە!»

ماڵ، ئاشنا بوو. بەگمحەمەد لە پلیکانەکان سەرکەوت و چووە سەربانی باڵەخانە بۆ کێشک دان. خانئاپۆ لە بەردەم دەرگای ماڵەکە وەستابوو و ڕێگەی بە خەجۆ نەئەدا بڕوات. خانمحەمەد و گوڵمحەمەد لە باڵەخانە و هەموو کون و قوژبنی ماڵەکە گەڕان بۆ چەکەکانی پوورزا؛ ئەوەی خۆی هەیبوو و ئەوەی لە دەوڵەتی وەرگرتبوو. حەپەسانەکەی گوڵئەندام تازە بەری دابوو و شەپۆڕی بەرزەوە ببوو و ئەیویست ڕێگەی بدەن بڕوات کوڕەکەی ببینێ. خەجۆی کچی عەلیئەکبەریش شیوەنی ئەکرد. ئەسڵانی کوڕی بوندار، نەی ئەوێرا فزە بکات. خۆی لکاندبوو بە دیوارەکەوە و وشکەڵاتبوو. گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی شیوەنەکە دوور بخاتەوە، هات بۆ هەیوان و وتی:

ـ لێیانگەڕێ با بچنە سەر سەری. تۆیش کوڕی گوڵخانم وەرە سەر.

دایک و کچی عەلیئەکبەری حاجی پەسەند چوونە دەرەوە. خەجۆ بەرەو گەوڕەکە هەڵات و پیرێژن لە دەسکەندێک قاچی هەڵکەوت. ئەسڵان ترسا، بچێتە دەرەوە و ژێر باڵی گوڵئەندام بگرێ.

خانئاپۆ گوڕاندی بە سەر کوڕی بوندارددا بچێتە دەرەوە و یارمەتی خزمەکانی بکات. ئەسڵان بە ترسەوە چووە دەرەوە. بەڵام بەر لەوەی ئەو بە گوڵەندام بگاتەوە، کوڕی گوڵخانم پیرێژنەکەی بەرز کردەوە و دەستی دا بە دیواری بەهاربەندەکەوە، بۆ ئەوەی پێرێژنی کوێر بتوانێ خۆی بگەیەنێتە سەر تەرمی کوڕەکەی.

ـ غاردە، هۆی!

بە گوڕەی خانئاپۆ. کوڕی گوڵخانم خۆی کرد بە ماڵ دا و بە پلیکانەکاندا سەرکەوت. خانئاپۆ، خەڵکی ناو دێی هێنایە دەرەوە و تەمێی کردن ئاگایان لە خۆیان بێ. گوڵمحەمەد، چنگی لە قۆڵی شوانەکەی عەلی ئەکبەر چەقاند و داوای لێکرد شوێنی چەکەکانی پیشان بدا. کوڕی گوڵخانم، گوڵمحەمەدی برد بۆ پاشخان. بڕنەوێک، دوو قووتوو فیشەک، دەتیرێکی ڕووسی. خانمحەمەد چەکەکانی هەڵگرت و بردی بۆ ڕووناکیەکە. خانئاپۆ بە پەلە هاتە سەر:

ـ ئێستە چی؟ پاشان؟

گوڵمحەمەد بە شوانەکەی وت:

ـ بڕۆ جۆ بدە بە ئەسپەکان!

کوڕی گوڵخانم، بە فەرمانی گوڵمحەمەد ڕۆیشت. خانئاپۆ ئەیپرسی و ئەگەڕا.

گوڵمحەمەد پێی وت:

ـ چەکەکان لەوێیە. لای خانمحەمەد.

خانئاپۆ لە خانمحەمەد نزیک بوویەوە و وتی:

ــ دەی؟ دەی؟

لەگەڵیدا چاویشی بڕییە گوڵمحەمەد. گوڵمحەمەد وتی:

ــ شێو ئەخۆین و ئەڕۆین.

خانئاپۆ هیچی نەوت. جارێکیتر لە ناو ژوورەکاندا کەوتە گەڕان و بە شێوەیەکی ئاوێتەی شەوق و درێخ وتی:

ــ سەیر بکە چ دەموودەزگایەکی ناوە بەیەکەوە! ئەو قاڵیچانە ئەبینی؟ چینی، سینی وەرشەو. ئەو ئاوێنە عیشقابادییە سەیربکە! توخمی زۆڵ! هەموو بەیانیەک لە بەر ئەو ئاوێنەیەدا ئەوەستا و سمێڵی با ئەدا، دەبا بیخوا؟!

گوڵمحەمەد، سەیری خانئاپۆی کرد و وتی:

ــ دەس لە ژێر پیاڵەیەکیش نادرێ. مرخیان لێ خۆش مەکە!

گوڵمحەمەد، لە بن دیوارەکە دانیشت و لەوە زیاتر هیچی نەوت. گرێی لەشی ئەتوت کراوەتەوە و بەرەگەی خەیاڵی فراوانتر بووە. ڕوخساری ئارام و نیگای ڕوونەوە ببوو. ئارامی سەمەرەی ماڵی بێ خاوەن. ماڵی پوورزا ئەتوت گوڵمحەمەدی بردووە بۆ ڕابردوو. بۆ ئەو سەردەمەی لەگەڵ پوورزا ئەچوون بۆ وشتر لەوەڕاندن. ئەچوون بۆ ڕان، ئەو ڕۆژانەی بە دارەکانیان ماریان ئەکوشت. گرەویان ئەکرد کێ زۆرتر مار ئەکوژێ. بیری یارییەکانی بیابان. بیری ئەو ئێوارەیەی ئاسمان لەپڕ ناوچەوانی تێک نا. لای سەرەوە کردی بە شەستە و ڕەهێڵە. لافاو هەڵسا و ئەوان کە خافڵگیر ببوون، ئەبوا بە پەلە و خێرا، مەڕەکان بە شیوی چەمەکەدا سەربخەن. چونکە ئاوی ڕووبارەکە لە پەسا هەڵئەسا.

نیگای گوڵمحەمەد چەقیبوو. خانئاپۆ لە لایەوە دانیشت، پاڵیدا بە دیوارەکەوە و وتی:

ــ بەم خوو و ڕەوشتەوە تۆ هەتە بۆ پێشنوێژ باشی! مەگەر کوڕی حاجی پەسەند ئەم دارایییەی لە کوێوە هێناوە کە ئێمە نابێ دەستی لێ بدەین؟ لە ماڵی نەنکی؟!

ــ لە هەر کوێی هێنابێ، ئیتر هی ئەو نییە. هی هەتیوە.

هی نەوەی پوورمە. هی خەجۆە. پیاو خۆ لە سفرەی خۆی نادزێ!

ـ بەڵام گوڵە گیان! ئەم سفرەیە نانی زیادی تیایە! سەیری ئەو مەڕە پەروارانەت نەکرد؟ چەن مەن گۆشت و دوونگ بە قنی هەر کامیانەوە شەکەی دێ؟

ـ نیگات پاک بکەرەوە!

ـ ئاخر چۆن نیگام پاک بکەمەوە، تۆ پێم بڵێ؟ ئەمانە هەمووی هی دزیەتییە! منیش بەشم تێیدا هەیە. خانمحەمەدیش بەشی تێدا هەیە. ئێمە ئەو مەڕانەمان لە سەر پردی هەوریشم دابڕی و هێنامان و... تۆ ئەڵێی چی خانمحەمەد؟

خانمحەمەد کە لەبەردەرگا، لە ناو داڵانەکە بە شێوەیەک وەکوو نیگابان وەستابوو، قاچی خستە ژوورەوە و وتی:

ـ لە نێوان دوو ئازیزدا چی بڵێم؟! بەڵام من... ئەم خەنجەرە هەڵئەگرم. ناتوانم هەڵی نەگرم!

خانمحەمەد، خەنجەرەکەی بە بەرگە چەرمەکەیەوە لە سەر تاقەکە هەڵگرت و کردی بە بەر پشتوێنیدا. گوڵمحەمەد بۆ ئەوەی چاوپۆشی لە کاری براکەی کردبێ، بڕنەوەکەی ڕادێرا بۆ خانئاپۆ و وتی:

ـ فەرموو، ئەمەش بۆ تۆ. تێرت ئەکا؟!

خانئاپۆ. پێکەنینێک بە ڕوخسارییەوە بڕنەوەکەی لە گوڵمحەمەد وەرگرت و وتی:

ـ واتە تۆ دڵت ڕازی ئەبێ ئێمە ئەو پەروارە نازەنینانە بە هیوای خوا بەجێ بهێڵین و خۆمان بچین بە دوای ئاوارەیی خۆماندا؟

گوڵمحەمەد، ئیتر وەڵامی نەدایەوە. هەڵسا و چوو بۆ هەیوان و لە تاریکیەکەدا وەستا. لە بەردەمیدا، جگە لە شەو و دەشتی قاقڕ چی لێ نەبوو. شەو و کەویر، دەست لە ملان. فرمێسک، زەڵاڵی چاوی گوڵمحەمەدی داپۆشی. چەندە لەپڕ دڵی شکابوو؟! هەستی ئەکرد لە دەروونەوە دائەڕووخێ. ئەتوت تازە بە قووڵی هەستی بەوە ئەکرد کە پوورزاکەی خۆی کوشتووە!

شانەکانی بێ ئەڤان ئەلەرزین. بۆ ئەوەی ڕاشەکاندنی لەشی کەم بکاتەوە، ئانیشکی نا بە دیواری کون کونی بەر هەیوانەکەوە و چەمایەوە. نیگای کەوتە سەر ئەستێرەکە.

ڕۆژێکیان، ماوەیک لەمەوبەر، بۆ یارمەتی هاتبوو بۆ ماڵی عەلیئەکبەر. کوڕی گوڵخانم دەرگای لێ نەکردبۆوە. عەلیئەکبەر هەر لێرەوە، لە سەر ئەم هەیوانەوە، سەیری کردبوو. چاوی چەن قەڵەو بوون، عەلیئەکبەر! ئەو ڕۆژە، عەلیئەکبەر پیاوانە فەرمووی لە کوڕە پووری نەکرد. چای و نێرگەلەیەک. عەلیئەکبەر ئەیویست شێرۆ بهێنێ بۆ ماڵی خۆی، لە بری ژنی یەکەمی. بەڵام شێرۆ...

«جوانە مەرگ بێ، شێرۆ!»

شێرۆ ملی نەئەدا. ملی نەدابوو:

«نفرینت لێبێ شێرۆ!»

بۆنی خوێن!

شەو، بۆنی خوێنی لێ ئەهات. خوێنی گەرمی عەلیئەکبەر، کوڕی پووری.

شێرۆ ئەگەر ملی بدایە. شێرۆ ئەگەر ببوایە بە هۆی لێک نزیک بوونەوەیان، ڕەنگە ئاوای لێ نەهاتایەت:

«سەیرکە! پوورم، دایکی عەلیئەکبەر سەیر بکە! سەردۆلکە ئەخوێنێ و دێ. خۆی ئەڕنێتەوە پیرێژن. شیوەن ئەکا و قژی ئەڕنێتەوە، یەخەی دائەدڕێ و دێ. تەنهایە پیرێژن. لە مۆمێکی کوژاوە ئەچێ. سەیر بکە! خوا بکا قاچی هەڵنەکەوێ. هەڵکەوت! کەوت. هەڵسایەوە. ڕوخسارە چرچەکەی پیرێژن ئەبێ فرمێسک خووساندبێتی. چۆن، بیبینم؟ بە چ ڕوویەکەوە تەماشای بکەم؟ چۆن؟ هەزار جار نانساجی و کەلانەم لە پیرێژن وەرگرتووە. خوشکی بڵقیس. پووری گەورەم. گوڵەندام، گوڵەندام. دایکم! ون بوو، گوڵەندام. لە بن دالانەکەدا ون بوو. ئەبێ بای دابێتەوە بۆ سەر پلیکانەکان. کوێرە کوێر خەریکە سەر ئەکەوێ.

ناڵەکانی لە پێش خۆیەوە سەر ئەکەون. ناڵین و گریان و شیوەنی غەمگینی لە پێش خۆیەوە ئەگەنە بەرەوە. ماڵەکە دائەگرن؛ غەمناڵەکان، ماڵ پڕ ئەکەن. پڕ ئەبێ. ماڵ پڕ ئەبێ لە غەم. ماڵ پڕ بوو لە غەم.»

گوڵمحەمەد، دژوارتر لەوەی بیر بۆی بچێ، پشتی ڕاست کردەوە و وەرگەڕا. دایک، لاوازتر و پیرتر، لە چوارچێوەی دەرگاکەدا ڕاوەستابوو:

ـ گوڵمحەمەد، گوڵمحەمەد، بە بێ باقی دانەوە کوێرت کردم!

لەوە زیاتر، گوڵمحەمەد نەیتوانی دڵگریانی خۆی بە لەرزینی شان و گەروو و لە پشت چاوەکانی‌دا قەتیس بکات. تەقیەوە و پیاوانە گریا. نالاندی. نەی ئەتوانی خۆی ڕابگرێ. چووە پێشەوە، پووری لە باوەش گرت و شینی تێکەڵ بە شیوەنی پیرێژن بوو.

دڵ کە بشکێ. دڵی گوڵمحەمەد کە بشکێ، خانمحەمەد چۆن ئەتوانێ خۆی ڕابگرێ؟ ئەویش نەیتوانی و کەوتە شینگێڕان. خانئاپۆ، خۆی پێ نەگیرا. شیوەن لە ڕادەبەدەر بوو. هەڵسا و چوو بۆ هەیوان. بەڵام لێی نەئەگەڕان. گریان و لاواندنەوە لێی نەئەگەڕان. خانئاپۆ لە دۆخێک‌دا بوو ئەتوت بە پێی ڕووت لە سەر لمی داخ ڕاوەستاوە. خۆی نەئەگریا، بەڵام گریانەکان ڕایانئەژەند.

لەسەر بانیشەوە، لە سەر سەری خانئاپۆیشەوە، دەنگی گریان ئەهات.

بەگمحەمەد بوو ئەگریا. ئەمە ئیتر ئارامی لە بەر خان ئاپۆ هەڵگرت. لە هەیوان وەرگەڕا، ناو دالانەکەی بە دوو هەنگاو بڕی و سەرکەوت بۆ سەربان، تفەنگی لە بەگمحەمەد وەرگرت. جڵی ئەوی گرت و ناردیە خوارەوە:

ـ بڕۆ! بڕۆ تۆیش شینی خۆت بگێڕە!

بەگمحەمەد چوو بۆ پرسەکە. دەنگی پرسە، لە پرسەخانە.

پیرێژن بە کوردی سەردۆلکەی ئەخوێند، سینگی دائەدڕی و قژی ئەڕنیەوە:

ــ لە غەمی تۆدا پرچم ئەبڕمەوە، عەلیئەکبەرم! عەلیئەکبەرم، عەلیئەکبەرم!

براکانیش، هاودەنگی گوڵەندام، ناوی عەلیئەکبەریان ئەوتەوە و بە مشت ئەیاندا بە سینگیاندا.

پیرێژن دەنگی هەڵئەهێنا:

ــ عەلی گیان، عەلی گیان؛ عەلی گیان، عەلی گیان!

پیاوەکانیش، ئەیانوتەوە:

ــ عەلی گیان، عەلی گیان، عەلی گیان!

پیرێژن شەپۆڕی ئەکرد، دەنگی هەڵئەبڕی و ناوی کوڕەکەی تا هێز لە سینە و گەرووی‌دا بوو دووپات ئەکردەوە. براکانیش بۆ پووری خۆیان ئەسەندەوە:

ــ عەلی! عەلی! عەلی! عەلی...

ئەم شینگێڕییە تا کۆتایی شەو، تا هەزار شەو ئەیتوانی درێژە بکێشێ. بەڵام دەرفەت نەبوو. بەر لە ڕۆژبوونەوە ئەبوا شوێن ون بکەن.

کوڕی گوڵخانم خوانچەکەی هێنا. بەرخێکی بە ساخی برژاندبوو. گوڵەندام خوشکەزاکانی بانگ کرد بۆ نان خواردن. پیاوەکان، فرمێسک لە چاو، لە دەوری خوانچە دانیشتن. بەگمحەمەد، ڕانی مەڕەکەی بە دەست لێکردەوە، هەڵسا و چوو بۆ سەربان بۆ کێشک کێشان. خانئاپۆ، هاتە خوارەوە و لە لای خوانچە چۆکی دادا. کوڕی گوڵخانم، ئاوی هێنا. خان ئاپۆ، پاروو لە دەمی‌دا، وتی:

ــ کوڕی بوندار لە کوێیە؟

کوڕی گوڵخانم وتی:

ــ وابزانم هەڵاتبێ، خان! خەجۆ لە خوارەوە، بە تەنها لە

چێشتخانە دانیشتووە.

خانئاپۆ وتی:

ـ بڕۆ یەکێک لە ئەسپەکانی عەلیئەکبەر زین بکە بۆ خۆت. شێومان کرد ئەکەوینە ڕێ!

کوڕی گوڵخانم وتی:

ـ منیش؟!

خانئاپۆ، سەیرێکی نێوڕۆخی گوڵمحەمەدی کرد و وتی:

ـ تۆیش، پەروارەکان ئەبەین! بڕۆ پێڵاو و پووزەوانە هەڵبەستە، بڕۆ!

کۆتایی بەرگی چوارەمی کەلیدەر

# بۆ بەرگی ٥

١٥١٦
**کەیدەر**
بەرگی چوارەم


مەحموود دەوڵەت ئابادی
کەلیدەر
و: سیامەند شاسواری
٥